# گزینگ ٣٤

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، بەهاری ٢٠٠٢(١٣٨١)

- له بۆ ،نێو نەتەوەیی، کردنی کارەساتی ئەنفال
- ،بەخێر بێن بۆ کوردستان،
- کارەساتی هەڵەبجە و پەندەکانی
- له گڕەی ئەنفالەوە بۆ شنەی ئازادی
- ،سەلمان روشدی، و حەقیقەت له ئەدەبیاتدا
- سەروەری ڕۆشنبیرانی کورد و هەناسەی نەپساوی میدیا
- بزافی ڕۆژنامەگەریی کوردی له تورکیا له نێوان دووڕییانی ئازادی و تەنگژەدا...!!
- نامەیەک بۆ ئەسترید لیندگرین
- من، تۆ ناناسم، تا دەربارەت بنووسم!
- کارامەکان و ناکارامەکان
- وتووێژێکی خۆمانه لەگەڵ هونەرمەندی کورد: ،مەرزییە رەزازی(فەریقی)،
- ،فاتمۆکێ، پەیکەرێکی هەمیشە زیندوو
- که ئەکرەمی مام عەلی مرد!
- شێعر، کورته چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## ماڵئاوایی زانای ناوداری کورد: مەسعوود محەمەد

ڕۆژی ١ی ئاوریلی ٢٠٠٢، زانا و نووسەری ناوداری کورد مامۆستا «مەسعوود محەمەد» کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەوە «گزینگ» داخ و پەژارەی خۆی دەردەبڕێ و، لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵانی ئەدەبی و فەهەنگی و بەتایبەت خانەدانی ڕێزداری «جەلی زادە» سەرەخۆشی دەکا و هێوری و سەبووریی بۆ بنەماڵەی مامۆستای خوالێخۆشبوو، بەئاوات دەخوازێ.

مەسعوود محەمەد، ساڵی ١٩١٩ لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیا. لە ڕشتەی حقووق(قضایی) دەرسی خوێندووە و پاشان لە گەلێک بوارانەوە وەک: مەحامی(وەکیل)، نایب(نوێنەر) وەزیر و، ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد، چالاکی نواندووە و، بەتایبەت لە بواری خزمەت بە فەهەنگ و ئەدەبی کوردەواریدا جێ شەقڵی ئەو زانا ناوداره بۆ هەمیشە دیار و درەوشاوەیە. یادی بەخێر بێ و گڵکۆی پڕ لە گوڵ.

گزینگ

---

«ساڵی ١٩٤٦ کە زستانەکەی وەکوو هەموو زستانێک دەکەوێتە نێوان دوو ساڵان ئەویش هەروەها، لەو زستانەی نێوان خۆی و ١٩٤٧دا دیارییەکی بۆم هێنا: یەکیان ئەوەبوو کە لەو زستانەدا تەکلیف کرام بۆ ئەندامەتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، قبوڵیشم کرد بەڵام نەک بەو مەرجانەی ئەندامی پێ وەردەگیرێن چونکە وەزعی من ئەوە نەبوو لە کۆبوونەوان بەشدار ببم و نەشرە بڵاوبکەمەوە و حازربەدەست بم بۆ موزاهەرە... قەتیش لە تەحەمولمدا نەبووە پابەندی بەرپرسیاری کاری گەورە بم... بووم بە پارتی و بەس و ناویشم هۆشیار...

دیارییە ڕەشە نەحسەکەی تێک چوونی مەهابادیش لەو ساڵەدا بوو، بوونم بە ئەندام لە پارتی وەها ئاشکرا نەبوو بە ڕەهایی هەموو کەس پێ بزانێت، لەمەوە دوو کەسی چالاکی شیوعییەکان حەفتانە دوو جار یان پتریش سەریان لێ دەدام، هەر یەکە بە جودا. داوەت نەکرام بۆ حیزب بەڵام بەوپەڕی ڕوونی و ئاشکرایی یەوە لە گەڵم دەدوان، واش دەزانم بەلای کەمەوە یەکێکیان بە ئومێد بوو من خۆم داوا بکەم بە ئەندام وەربگیرێم. چالاکەکەیان لە ڕێی سیاسیی یەکسەرەوە دەیدواندم، ئەوی دیکە بە لای سەقافەتدا دەچۆوە. لە بیرمە جارێکیان بابای چالاک لە وتووێژدا گوتی: «دەبێ حیزب (ضبظ حدیدی)ی هەبێت» من گوتم: «(ضبظ حدیدی) کاتێک پەسەند دەبێت کە حیزب هەڵە نەکات». ئەم هاتوچۆوانە کەم و زۆر بەردەوام بوون هەتا بەرەو کۆتایی ١٩٤٨ کە (وثبە)ی تێدا قەوما. تێک چوونی مەهاباد ڕۆژێک بیسترا لە گەڕە دەعوەتی دەوڵەمەندێکی گەڕەکەکەمان بووم، لە حەج گەڕابۆوە. دوای نانخواردن خەبەر هات کە مەهاباد گیرا و... و... یەکسەر بە دوا ئەمەدا ئاغایەک گوتی: «بە سمێڵی ستالین». من بە دەنگ نەهاتم چونکە نە قەرزدار و نە وەکیلی ستالین بووم. مەلایەک لە موجازەکانی باوکم بە سمێڵە خنکەوە گوتی: «پێشەوا بوو بە پاشەوا». خۆم پێ نەگیرا، بێ ئەوەی ڕوو لەو بکەم هەرچی هاتە سەر زارم گوتم. قسەکانم زۆر ڕەق بوون بەڵام کەس ورتەی لە بەرەوە نەهات، مەلاکەش مەتقی[متەقی] نەکرد».

مەسعوود محەمەد

# گزینگ ـ ژماره ٣٤

بەهاری ٢٠٠٢ (١٣٨١)

## نێوەرۆک

لە بۆ «نێو نەتەوەیی» کردنی کارەساتی ئەنفال: ..........د. نووری تاڵەبانی ٤
«بەخێر بێن بۆ کوردستان»..................... و: قاسم رەیانی ٧
کارەساتی هەڵەبجە و پەندەکانی:.................. سەدیق بابایی ٨
فەلەستین: ........................... عومەر عەسری ١٥
لە گڕەی ئەنفالەوە بۆ شنەی ئازادی: ........... حەمەسەعید حەسەن ١٨
سەلمان روشدی و حەقیقەت لە ئەدەبیاتدا: ... دوکتور «صادق جلال العظم» ٢٤
.................. و: ئەنوەر سولتانی ـ
سەروەری رۆشنبیرانی کورد و هەناسەی ئەپساوی میدیا: ... جەزا چنگیانی ٣١
بزافی رۆژنامەگەریی کوردی لە تورکیا...: ............. فەخرەدین تاهیر ٣٤
نامەیەک بۆ ئەسترید لیندگرین: ............... و: ..... ق. رەیانی ٤١
«شەرەف ئەستاندنەوە کوردستان ئەستاندنەوەیە» ، وتووێژێکی خۆمانە لەگەڵ ٤٢
هونەرمەندی کورد: «مەرزییە رەزازی(فەریقی)» ، .......ئامادەکردن: مەرزە ـ
کلیپ: ..................................... جەعفەر کەریمی ٤٨
«فاتمۆکێ» پەیکەرێکی هەمیشە زیندوو: ............... ئارام بوداغی ٤٩
کە تۆم هەبوو (شێعر): ................... ئاسۆ بیارەیی ٥٠
چەند کورتەهۆنراوە: چەلی نانەوازادە، لە رۆچنی ئاواتەوە: .. ر. سەفەریانی ٥١
نامۆییم و وەرزی گلۆباڵ: م. پێنجوینی، گورگی بۆزی دڕندە: .... هاوار ٥٢
دوو هەناسە...: حەمە شوان شەریف، خۆمان خواردەوە: .... سەمیر دەسکۆ ٥٣
هەڵۆی خەیاڵ (لە یادی «ماملێ»ی هونەرمەندا): ..... سلێمانی عەبباسی ٥٥
کورتەچیرۆک: سەفەر: ....................کوردان کەریم مەحموود ٥٨
ناساندنی گۆڤاری مەهاباد: ..................... س. عەبباسی ٦٣
تەنزی کۆمەڵایەتی: ساڵی تازەیە نەورۆزە: .......... سیامەند شێخ ئاغایی ٦٤
حەمەسەعید حەسەن نووسەری گەلی: .................... تامان شاکر ٦٧
من تۆ ناناسم، تا دەربارەت بنووسم: ................ سەعید سەقزی ٦٨
کارامەکان و ناکارامەکان (ئاماتۆرەکان): ............... ئیدوارد سەعید ٧٠
کە ئەکرەمی مام عەلی مرد!: ......................... شاهۆ ٧٤
نامەیەکی فەیزوڵای کوڕی نەسروڵا (ساتیر): ............ ئەکرەم عەلی ٧٥
شەو کوڕێک لە سەر کێشەی ژنان: ..................... شاهۆ ٧٧
چاپەمەنی ............................................ ٧٨

چاپی سوێد، ئاوریلی ٢٠٠٢

ISSN 1104 - 3473

**بەرپێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە رێبازی بەرەوزووبردنی ئاستی ئەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی رێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناینێردرێنەوە.**

# لە بۆ «نێو نەتەوەیی» کردنی کارەساتی ئەنفال

د. نووری تاڵەبانی

بە لای ئێمەی کورد و چەند ڕێکخراو و کەسایەتییەکی مرۆڤدۆستیش لە ڕۆژئاوادا، کارەساتی ئەنفال یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە و بە شێوەیەک لە شێوەکانی تاوانی جینۆساید دەدرێتە قەڵەم، هەر بۆیە پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لێی بکۆڵێتەوە و بەرپرسیارانی ڕاپێچی بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی بکرێن تاکوو بە سزای خۆیان بگەن.[1] هۆی ئەم بۆچوونەیش، بەتایبەتی لای ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی وا بەر دەستی خەڵک و لایەنەسیاسییەکانی کوردستان کەوتوون کە لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی عێراقدا لە کوردستان دۆزراونەوە پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا. لە پاڵ ئەم دیکۆمێنتە زۆرانەی کە هەموو دەیسەلمێنن هێرشەکانی ئەنفال نەخشەیان بۆ کێشرابوو و بەرنامەیان بۆ دانرابوو لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە لە پێناو وێرانکردنی شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان و نەهێشتنی سەرچاوەکانی ژیانی خەڵکەکانی، ئێستا هەزاران کەسی تر کە بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون ماون و دەژین؛ دەتوانن ئەو تراجیدیایەی وا بە سەریان هاتووە بیگێڕنەوە کە دەکرێ وەکوو شایەت گوێیان لێ ڕابگیرێ لە لایەن دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتییەوە.

ئاکامەکانی ئەم تاوانە گەورەیە لە بەر چاومانە، بەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەوپەڕی ناخۆشییەوە تیا دەژین و، هەموو ڕۆژێک دێتەوە بەرچاویان لەبەر بزربوونی جگەرگۆشەکانیان و کەسوکار و خزمیان.[2] هەروەها ئەو کەسانەی وا بەم تاوانە هەڵساون ماون، بەشێکی زۆریان ئێستاش حوکمڕانی دەوڵەتی عێراق دەکەن کە ئەندامە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، بەڵام کەسانێکیش لەو بەرپرسیارانە لە ئەوروپا و ڕۆژئاوادا دەسووڕێنەوە و بەرگی «بەرهەڵستکاری»ی ڕژێمی عێراقیان لە بەر کردووە! ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتاییانەیش بە شوێن ئەو بەرپرسیارانەشدا بگەڕێین، بەشێکیان لە کوردستانیشدا دەدۆزرێنەوە کە لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ جلوبەرگی خۆیان گۆڕیوە، بەڵام خەڵکەکە بە ترسیشەوە بێت ئەنگوستیان بۆ درێژ دەکەن! ئەگەر بتوانین کارەساتی ئەنفال بخەینە چوارچێوەی شێوەیەک لە شێوەکانی تاوانی جینۆساید، ئەوا بەرپرسیارانی سوود لە "تەقادوم" ـ واتە کات بەسەردا چوون ـ وەرناگرن؛ چونکە تاوانبارانی جینۆساید، "تەقادوم" نایانگرێتەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر ٣٠ساڵیش تێپەڕبێ بە سەر ئەو تاوانانەی وا کردوویانە، ئەوا هەر دەکرێ ڕاپێچی بەردەم دادگایەکی ناوخۆیی یا نێودەوڵەتی بکرێن. هەر بۆیە هیچ لایەنێکی سیاسی توانای ئەوەی نییە بە فەرمانێکی حیزبی تاوانەکانیان بسڕێتەوە. ئێستا لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەژین نەک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە "پاپا"ی ڕۆم فەرمانی لێخۆشبوونی دەفرۆشت بە تاوانباران و کلیلی بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکردن!

هەروەها لە بۆ دادگاییکردنی بەرپرسیارانی ئەنفال لە بەردەم دادگایەکی نێونەتەوەییدا، پێویستە کارەساتی ئەنفال بخەینە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتییەوە تاکوو هەمان پرۆسەی قانوونی کە بۆ دادگاییکردنی بەرپرسیارانی ئەو تاوانانەی وا لە وڵاتی یۆگۆسلاڤیای پێشوو ڕوویاندا پەیڕەوی کراوە، بۆ تاوانبارانی ئەنفالیش بکرێت. لێرەدا دەبێ بڵێم کە چۆن لە قانوونی ناوخۆیی وڵاتێکدا پرۆسەیەک هەیە دەبێ پەیڕەوی پێ بکرێ لەلایەن ئەو کەسەوە کە دەستدرێژی لێکراوە بە هۆی کەسێکی دیکەوە یان زیانێکی پێگەیەندراوە بۆ ئەوەی بە مافی ڕەوای خۆی بگات، بە هەمان شێوە لە قانوونی نێودەوڵەتیشدا پرۆسەیەکی وا هەیە کە پێویستە پەیڕەوی پێ بکرێ لەلایەن دەوڵەتان و لایەنانی ترەوە، ئەگەر ئەم قانوونە پێشێل بکرێت. لە قانوونی نێودەوڵەتیشدا پرۆسەکە بە شکاتکردن و پاشان داوای لێکۆڵینەوەکردن دەست پێدەکا، لەگەڵ پێشکەشکردنی ئەو فاکت و بەڵگە و دیکۆمێنت و شایەتانەی کە پشتگیری لەو داوایە دەکەن. کەواتە ئێمەی کورد کە ئەو تاوانە گەورەمان لە ئەنفالدا لێکراوە، پێویستە هەموو ئەو فاکت و بەڵگانەی لە بەردەستماندا هەیە لە شێوەیەکی قانوونیی گونجاو لەگەڵ قانوونی نێودەوڵەتیدا ئامادەی بکەین، پاشان وەکوو داوایەک، بیخەینە بەردەست دەزگا نێودەوڵەتی و دەوڵەتان و ڕێکخراوان و پەرلەمەنتەرانی مرۆڤدۆستی جیهانی و، تیایاندا داوای دادگاییکردنی بەرپرسیارانی تاوانی ئەنفال بکەین لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا. قانوونی هەندێ وڵاتانی ئەوروپی وەکوو بەلجیکا و ئیسپانیا، ڕێگا دەدەن بە کەسانی پەیوەندیدار بە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، داوا لە دادگاکانیان بکەن ئەو بەرپرسیارانە دادگایی بکرێن.

بەڵام بۆ ئەوەی تەماشای داواکەمان بکرێت، دەبێ ئەو کردەوانەی وا دژ بە قانوونی نێودەوڵەتین و ڕژێمی عێراق کردوونی دەرحەق بە گەلەکەمان، لە سیغەیەکی قانوونیی وادا دابڕێژرێن کە تاوانی ئەنفال بە هەموو لایەنەکانیەوە بگرێتەوە. ئەو سیغە قانوونییەیش کە ئەنفال دەگرێتەوە، تاوانی جینۆسایدە کە تاوانێکی نێودەوڵەتی یە و، ئەم قانوونە بە ڕاشکاوی چەمک و شێوەکان و سزاکانی دەستنیشان کراوە لە

پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیدا.

بۆ ئەوەی بزانین کە ئەنفال شێوەیەکە لە جینۆساید و بەراوردیان پێکەوە بکەین، پێویستە چەمک و شێوەکانی جینۆساید زۆر بە کورتیش بێ دەستنیشان بکەین.

تاوانی جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتی یە، چونکە لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیدا شێوەکانی دەستنیشان کراون. ئەم پەیماننامەیە لە ٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨دا لە پاریس پەسەندکراوە بە ناوی پەیماننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید.[٣] لە ئاکامی ئەو تاوانانەی وا نازییەکان لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کردیان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمیتەیەکی پێکهێنا لە کەسانی قانووناس لە چەند دەوڵەتێکدا بەسەرۆکایەتی «René Cassin»ی فەڕەنسی کە مامۆستا بوو لە زانکۆی پاریس و زۆر دۆستی ژەنەراڵ دیگۆڵ بوو، لە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی قانوونێک بۆ دەستنیشانکردن و سزادانی جینۆساید. ئەو پرۆژە لە شێوەی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیدا، لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە پاریس کۆببووەوە، لە ٩ی دیسەمبەری ١٩٤٨ پەسەند کرا. لەم پەیماننامەدا شێوەکانی جینۆساید لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

١- فەوتاندن یان هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێک، ئایا نەتەوەیی بێ یان ئایینی یان ئەتنیکی، بە هەر جۆرێکیش ئەم تاوانە ئەنجامدرابێ: بە کوشتنیان، یان هێرشکردنی سەربازیی بۆ تەواوکردنیان، یان بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژیی دژیان، بێئەوەی تەماشای ژمارەی قوربانیان بکەین و ئایا لە کاتی جەنگدا کوژرابن یانا، لە کاتی ئاشتیدا؛ بەڵام پێویستە نیازی بە کۆمەڵ کوشتنی تیا بێ، هەرچەندێک بێ ئەنجامەکەی.

٢- بەربەندکردنی کۆمەڵێک لە زیادبوون و پێشکەوتندا، وەکوو دابڕینی ژن و پیاو لە یەکتر، یان دەرمانیان پێ بدرێ تا منداڵیان نەبێ، یان منداڵ لە دایک و باوک دووربکرێن، یان بە کۆمەڵ کۆچیان پێبکەن. بە کورتی هەر کارێک ببێتە هۆی زیادنەبوونی کۆمەڵێک و پاشان تەواوبوونیان.

٣- نەهێشتنی کولتوور و زمانی نەتەوەیەک بە پێی بەرنامەیەک، وەکوو قەدەغەکردنی زمان و کولتوور و دابونەریتیان، شێواندنی مێژووی کۆمەڵێک و نەهێشتنی تایبەتمەندییەکانی، یان وێرانکردنی شوێنەواری ئەو کۆمەڵە خەڵکە.

٤- دوا شێوەی جینۆساید ئابووری یە، وەکوو وێرانکردنی سامانی کۆمەڵێک، یان گەمارۆ خستنەسەریان بە مەبەستی برسی کردنیان، یان وێرانکردنی سروشت و ژینگە و شوێنەوارەکانی ئەو کۆمەڵە. ئەوەی وا بە یەکێ لەم جۆرە تاوانانە هەڵدەستێ دەشێ چەند کەس بن، یان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتێک بن، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا دەکرێ تۆمەتی بەرپرسیاریەتی تاوانی جینۆساید بخرێتەپاڵیان.

ئەگەر بەراوردێکی ئەو هەموو شێوانەی جینۆساید بکەین لەگەڵ ئەو تاوانانەی وا لە ئەنفال کراون، بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیان و کەرکووکدا، دەبینین تاوانەکانی ئەنفال چەند بەشێک لە بەشەکانی جینۆساید دەگرێتەخۆ، چونکە لە ئەنفالدا بە کۆمەڵ خەڵکی سڤیل کوژراون یان بێ سەروشوێن کراون، هەروەها لە ئەنفالدا بە کۆمەڵ خەڵک ڕاگوێزراون و بە هەزارەها گوند و کێڵگە و باخ و کانی و ئاوەدانی وێرانکراون. ئەم تاوانانەی ڕژێمی عێراق لە چەند ڕاپۆرتێکی نێونەتەوەییدا تۆمارکراون و لەو کتێبانەی وا ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بڵاوی کردوونەتەوە بە دیکۆمێنت خراونەتە بەرچاو. هەروەها چەند ساڵێکە ڕێکخراوی بریتانی (INDICTE) کە بارەگاکەی لە لەندەنە، خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگە و شایەتە بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی عێراق نەک تەنیا لە بەر ئەنفال، بەڵکوو لەبەر ئەو هەموو تاوانانەی وا ئەو ڕژێمە کردوونی و دەیکا لە عێراقدا، بەڵام کارەکانیان تاکوو ئێستا ئەنجامێکی بەرچاویان نەبووە. ئەگەر کارەساتی ئەنفال شێوەیەک یان چەند شێوەیەک بێ لە جینۆساید، بۆچی ئێمە کورد تائێستا نەمانتوانیوە ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی قانوونی و گونجاو بخەینە بەرچاوی ڕای گشتیی جیهانی و ڕێکخراوانی مرۆڤدۆست و پەرلەمەنتەران و ناوەندەکانی سەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی تاکوو بە ئاگایان بێنینەوە و ببنە ئامرازی جەختکردن لە سەر دەوڵەتان و دەزگا نێونەتەوەییەکان؟

بەلای منەوە یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی سەرنەکەوتنمان لەم بارەدا ئەوەیە کە تاوانەکانی ئەنفال تائێستا بە باشی نەخراوەتە ئەو قالب و سیغە قانوونییەوە کە سەرنجی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و دەزگانێونەتەوەییەکان ڕابکێشێ، وەکوو ئەو تاوانانەی کە لە دەوڵەتی پێشووی یۆگۆسلاڤیا و ڕواندا کراون. ئەو دەزگا و دەوڵەتانە کەوتنە ئامادەکردنی پرۆسەیەکی قانوونی بۆ تاوانکردنی ئەو کەسانەی وا تاوانی جینۆسایدیان کردووە لەو دوو وڵاتەدا لەبەر جەختی ڕای گشتیی جیهان کە بە باشی ئەو تاوانانەیان بۆ ڕوونکرابوونەوە و خرابوونە بەرچاوی. بە واتایەکی تر، ئێمەی کورد تائێستا نەمانتوانیوە کارەساتی ئەنفال بە باشی و بە پێی پرۆسەیەکی قانوونی بخەینە بەرچاو، تاکوو ڕای گشتیی جیهان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بە پۆزیتیڤانە تەماشای بکەن. ئەوەی تائێستا کراوە بەشی زۆری لە چوارچێوەی پروپاگەندەی سیاسیی دژ بە ڕژێمی عێراق تێنەپەڕیوە. لە ڕاستیدا کارە قانوونییەکە دەبێ خۆمان پێی هەڵستین. بەڵام بە هاریکاریکردنی ڕێکخراوانی مرۆڤدۆست و دۆستانی تری گەلەکەمان لە ئەوروپا و ئەمریکادا. ئەمە ئەرکی ئێمەی کوردە، چونکە تاوانەکە لە ئێمە کراوە و ئێستاش بەشێکی زۆری بەڵگەکان ـ بەتایبەتی شایەتەکان ـ لە کوردستانن. بەداخەوە دەڵێم ئەو دیکۆمێنتانەی وا لە ئەمریکان تاکوو ئێستا بەردەستی ئەو کەسانە نەکەوتوون کە دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن بۆ سەلماندنی تاوانی ئەنفال وەکوو تاوانێکی نێونەتەوەیی، واتە تاوانی جینۆساید. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە تاوانی ئەنفال هەرچەندە بە هێرشی سوپای عێراق و بە فەرمانی کاربەدەستانی ڕژێم ئەنجامدراوە. بەڵام هەموو دەزگا ئەمنی و موخابەراتییەکان و ئیستیخبارات و بەشێکی زۆریش لە سەرکردەی جاشەکانیش بەشداریان تێدا کردووە.[٤]

بەشێک لەو جاشانە کە بەشداریان کردبوو لە کوشتنی خەڵکی سڤیل و تاڵانکردنی دێهاتەکانیان، شانازیان دەکرد و بەبێ شەرمانە دەیانگوت لە هەندێ ناوچەی شاخاویی سەخت کە لەشکری عێراق نەیدەتوانی بیگاتێ ـ بەتایبەتی لە دەڤەری بادینان ـ، ئەوان بەو شاخانەدا سەردەکەوتن

**تەنیا ئەنجومەنی ئاسایشیUN دەتوانێ بڕیاری دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بدات بۆ دادگاییکردنی بەرپرسیارانی ئەو تاوانانەی دژ بە قانوونی نێودەوڵەتی دەدرێنەقەڵەم.**

تاکوو ئەو گوندانە بسووتێنن و تالآنی بکەن بۆ ئەوەی سەرۆکەکانیان چەند (نۆتێکی) ئازایەتی وەربگرن! لە گەرمیاندا بەشی زۆری مەروماڵاتی خەڵکە ئەنفالکراوەکان، جاشە کوردەکان دەستیان بە سەرداگرتن و خەلکەکەش دەیانناسن و دەزانن چۆن ئاواکران.

تاوانەکانی ئەنفال دەچنە چوارچێوەی بەندی دووەمی پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ سەبارەت بە جینۆساید، بەلآم پێویستە خۆمان هەوڵ بدەین بە شێوەیەکی قانوونییانەی گونجاو لەگەڵ قانوونی نێودەوڵەتیدا بیخەینە بەرچاو.

بەداخەوە تاکوو ئێستا تەنیا ئەنجومەنی ئاسایشیUN دەتوانێ بڕیاری دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بدات بۆ دادگاییکردنی بەرپرسیارانی ئەو تاوانانەی دژ بە قانوونی نێودەوڵەتی دەدرێنەقەڵەم. هەموو دەزانین لەبەر پەیوەندی سەرانی ڕژێمی عێراق بە چەند دەوڵەتێکی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش کە مافی (ڤیتۆ)یان هەیە و بەرژەوەندیی ئابووری فراوانیان لەگەڵ عێراقدا هەیە، بڕیاردانی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێم، کارێکی ئاسان نییە. بەلآم ئێمە دەتوانین سوود لە تەجرەبەی میللەتانی تر وەربگرین کە ئەوانیش بەر لافاوی جینۆساید کەوتبوون. لەوانە ئەرمەنەکان کە توانیویانە قەناعەت بە چەند پەرلەمانێکی ئەوروپی بکەن تاکوو تاوانی قەتڵ و عامکردنی ئەرمەنەکان لە لایەن سەرانی حکوومەتی عوسمانییەوە لە ساڵی ١٩١٥دا بە شێوەیەک لە شێوەکانی جینۆساید بدرێتەقەڵەم. ئێمە دەتوانین بە بەڵگە و شایەت بیسەلمێنین کە نەک تەنیا ئەنفال، بەڵکوو وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوند و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و دەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کوردی فەیلی و بەرپاکردنی سیاسەتی پاکسازی لە ناوچەی کەرکووک و ناوچەکانی تری کوردستان کە لە ژێر دەسەلآتی ڕژێمن، هەموویان چەند شێوەیەکن لە شێوەکانی جینۆساید.[5] هەتا پەیماننامەی (ڕۆم) سەبارەت بە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی هەمیشەیی جێبەجێ نەکرێت، تەنیا ڕێگایەک بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی عێراق بە بڕیارێکی ئەمجومەنی ئاسایش دەبێ.

تاکوو ئەو سەردەمەی باری نێودەوڵەتی لەبار دەبێ بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی عێراق، پێویستە ناوەندێکی سەربەخۆ لە کەسانی شارەزا دابمەزرێت، لە کورد و قانووناسانی ئەوروپی و ئەمریکی، تاکوو خەریکی کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بێت، لەگەڵ تۆمارکردنی شایەتی ئەو کەسانەی بەر شالآوی ئەنفال کەوتوون، تاکوو (لایحە/گەلآلە)یەکی تۆمەت خستنە پاڵی سەرانی ڕژێمی عێراق ئامادە بکات. بەلآم پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لێبکەن و هاوکاری لە گەڵدا بکەن و، هەر یەکەیان بەشداری بکەن لەو بودجەی بۆی تەرخان دەکرێ، چونکە کارەکە گەورەیە و پێویستە پسپۆڕ و شارەزایانی تریش لە بواری قانوونی نێودەوڵەتیدا بەشداری تێدا بکەن لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستاندا.

٢٠٠٢/٠١/١١

**ژێرنووسەکان:**

١) لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ دوو ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەلآتی ناوەڕاست دەکەم، کە یەکەمیان لە گەڵ ڕێکخراوی جیهانی: پزیشکانی مرۆڤدۆست لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣دا لە ئەمریکا بلآویان کردووەتەوە لە ژێر ناوی :
The Anfal campaign in Iraqi Kurdistan, The Destraction of Koreme
لە گەڵ ڕاپۆرتی هەمان ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ کە ئەمیان بە تێروتەسەلترەوە باسی تراجیدیای ئەنفال دەکا بە دیکۆمێنتەوە. ئەم دوو ڕاپۆرتە هەردووکیان لە شێوەی کتێب بلآوکراونەتەوە. ڕاپۆرتی دووەم کراوە بە عەرەبی و پاشان بە کوردیش لە لایەن مامۆستایان کاک سیامەند موفتی زادە (چاپخانەی خاک، سلێمانی ١٩٩٩) و کاک جەمال میرزا عەزیز (گۆڤاری "هاڤیبون"، بەرلین، ٢٠٠٠) بە چاپ گەیەندراون.
هەروەها لێرەدا دەبێ ئاماژە بکەم بۆ نووسین و کتێبەکانی نووسەری عێراقی «کەنعان مەکیە» و چالاکییەکانی «ڤان دێر ستۆیل» نوێنەری تایبەتی UN بۆ سەرپەرشتیکردنە سەر باری مافی مرۆڤ لە عێراقدا کە بە بەردەوامیباسی ئەنفال و ئاکامەکانی کردووە لە ڕاپۆرتەکانیا کە ئامادەی کردوون بۆ ٩ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلآیەتی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ژنێف)، لەگەڵ هەوڵەکانی «لۆرد ئێڤیری» سەرۆکی پەرلەمەنتەرانی مافی مرۆڤ لە ۆەرلەمانی بریتانیادا.

٢) لە ساڵی ١٩٨٩دا «زیاد»ی برام کە کارگێڕی کارگەی چنین بوو لە هەولێر، ڕۆژێکیان شتێکی بۆ گێڕامەوە کە هەرگیز لە بیری ناکەم. «زیاد»بە پێچەوانەی فەرمانەکانی دەزگای ئەمنی هەولێر، پیرەمێردێکی لە ئەنفالکراوەکان دامەزراندبوو بە مووچەی ڕۆژانە وەکوو پاسەوانی بیری ئاوی ناو کارگەی مافووری هەولێر. گوتی: جارێکیان بە سەردان چوومە ئەو کارگەیە تەماشام کرد ئەو پیرەمێردە لە لای بیرەکەوە دانیشتووە و بە ئەسپایی دەگری، بەلآم هەستی پێنەکردم تا لێی نزیک بوومەوە، ئەوجا چاوەکانی سڕییەوە و لە بەرم هەڵسا. کە پرسیاری هۆی گریانەکەی لێدەکا، لە پێشا ئینکاری دەکا و پاشان پێی دەڵێ: «مامۆستا سێ کوڕ و دوو کچم لە ئەنفالدا بزرن، غەمی کوڕەکانم نییە، بەلآم من و دایکەکەیان شەو و ڕۆژ بۆ کەنیشکەکان دەگرین چونکە نامووس گرانە..» کە قسەکانی بۆ گێڕامەوە منیش فرمێسکەکانی چاوم پێ ڕانەگیرا.

٣) لە ساڵی ١٩٧٠دا، واتە هەژدە ساڵ پێش کارەستی ئەنفال، لە گۆڤاری (القضا) کە ئۆرگانی سەندیکای دادیاران (پارێزەران)ی عێراق بوو، باسێکم بە زمانی عەرەبی بلآوکردەوە لە ژێر دێڕی "جریمە الاباده البشریه Le Crimede ginocide"، ژمارە٣، ئاب ـ ئەیلوولی ١٩٧٠. هەتا ئەو سەردەمەیش ئەو سەندیکایە نەکوتبوە ژێر ڕکێف و دەسەلآتی حیزبی بەعسەوە، کەسیەتی ناوداری دیمۆکرات عەبدولوەهاب مەحموود سەرۆکی ئەو سەندیکایە بوو. بە لای منەوە ـ بێ ئەوەی بکرێت ئاماژەی بۆ بکەم ـ ئەو تاوانانەی وا ڕژێمی بەعسی لە ساڵی ١٩٦٣دا کردبوونی، لەگەڵ تاوانەکانی ڕژێمەکانی پاشتریش لە کوردستاندا بە شێوەیەک لە شێوەکانی جینۆسایدم دەزانین. لەم باسەدا بە درێژی باسی لایەن و شێوەکانی جینۆسایدم کردووە، لەگەڵ هۆیەکانی قەبوڵکردنی پەیماننامەی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، هەروا دەستنیشانکردنی لایەنە لاوازەکانی ئەو پەیماننامەیە. هەر سەبارەت بە جینۆساید، تەماشای نامیلکەیەکی د. مارف عومەر گوڵ بکە لە ژێر دێڕی: "*جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا*"، یانەی کوردی (میدیا) لە هۆڵەندا لە ساڵی ١٩٩٧ چاپی کردووە، لەگەڵ نووسینەکەی د. ئەمیری حەسەنپوور، "*بەرەو تێگەیشتن و بەربەرەکانی کردنی ئەنفال*"، گۆڤاری **ئەنفال**، ژمارە١، ٢٠٠٠، سلێمانی(ل ١٠-٢٠).

٤) لەو پرۆگرامانەی وا لە سەر ئەنفال لە کەناڵی سەتەلایتەکانی کوردستان بلآودەکرێتەوە، زۆرجار دەبینین کەسانی ئەنفالکراوەکان باسی جاشەکان زیاتر دەکەن تاکوو لەشکری عێراق ق دەزگا سەرکوتکەرەکانی تر.

٥) د. نووری طالبانی، *الجرائم التی ارتکبها النظام العراقی ضد الشعب الکردی تدخل ضمن مفهوم جریمه الاباده*، کراس طبع من قبل دار باباکرکر للنشر، السلیمانیه ١٩٩٨.

# «بەخێر بێن بۆ کوردستان»

## بەشێک لە عێراق خۆشحاڵە ـ ئۆتۆنۆمیی بەبێ سەددام

مەڵبەندی ژێر دەستی پێشمەرگان وەک ناوچەی کورد لە باکوری عێراق هەرگیز ئەوەندە خۆش نەبووە. مەیدانی فوتباڵی «فەرەنسۆ حەریری» لە ناوەندی شاری هەولێر لە نێوان جەنگەڵێک لە جەرەسەقیل و بۆڵدزێردا هەڵکەوتووە، ئیسکلێتی ساختومانی نوێ سەریان بەرز کردۆتەوە و مزگەوتێکی مەزن لە حاڵی سازکردن دایە. لە درێژایی جادەدا هۆڵێکی دوورودرێژی مەرمەڕچنکراو هەڵکەوتووە کە ناوەندی نیشاندانی بەرهەمەکانی شەریکەی"LG" و ناوەندی ئینتەرنێتە و، هەروەها ترافیکیش لە دەرەوە تژی ماشێنی "بێ ئێم وێ"، "لەند کرۆزێر" و "مێرسێدێس بێنز"ە. لە بان دەروازەی مەیدانی فوتباڵ تەبلیغاتێکی گەورەی مەکدۆناڵد بە دەست کێشراوەتەوە.

«فەوزی حەریری» کوڕی بناخەدانەری ستادیۆمەکە دەڵێ: لە راستیدا هێشتا لێرە مکدۆناڵدمان نییە، بەڵام ئێمە تەنیا توانیمان وێنەکەی بکێشینەوە.

کوردستانی عێراق شوێنێکی بە پەلە ڕاپەڕێندراوە. ١١ساڵ لەوەپێش کوردان بۆ یەکەمجار لە مێژوویی خۆیاندا، سەربەخۆییەکی نیوچەڕەسمییان لەگوێن ئەزموونی هەرێمێکی ساختە و دەستکردی بەغدا بەدەستهێنا و، ئەوان لێبڕاوانە خەریکن ئەو ئەزموونە بە سەرکەوتن بگەیەنن. لەوانەیە مەکدۆناڵدیان نەبێ، بەڵام هەولێر لە ئێستاوە بەسازکردنی ئەوانە خۆی ڕاناوە: ساختومانی لە مەرمەڕسازکراوی بانکی ناوەندی (گەڵاڵەکراو لەلایەن ژنێکی کوردەوە)، ئاکادێمی کوردیی، ئەنستیتووی دێمۆکراسی، پارکێکی بەرین و ئامفی تیاتر کە تێیدا مۆسیقاژنەکانی ناوچە موسیقی باخ و موسیقی کلاسیکی کوردی لێدەدەن. دیارە لە چاو ئەو بیست و پێنج ساڵ شەری دەورەییەدا کە ٤٠٠٠ لە سەرجەمی ٥٠٠٠ گوند و شاری کوردستان بە دەست ئەرتەشی عێراق وێران کراوە، سەرکەوتنی زۆربەرچاو بەدیهێنراوە. هەڵبەت، ئەو سەرکەوتنانە ڕاڕاییەک لە مەڕ دوورنمای شەڕێکی نوێ لەتەک سەددامدا دەخولقێنن.

«ئەسرین بەرواری» دەرسخوێندووی زانکۆی هارواردی ئەمریکا] وەزیری ئاوەدانکردنەوە و پەرەسەندن دەڵێ:

ـ ئێمە لێرە بەراستی شتێکمان دروست کردوە، سەرەڕای هەموو مەترسییەک. ئێمە زۆرشتمان هەیە لە دەستی بدەین.

بەڵام کوردان، هەروەها زۆر شتیشیان هەیە وەدەستی خەن. حکوومەتی ئێستای کورد، کە ١٥ ٪ی دانیشتووان و خاکی عێراق پێکدێنێ، جادەیەکی ساکار بەرەو تورکیای دەبەستێتەوە و یەکیتریش بەرەو ئێران بۆ هەموو جۆرە موعامەلەیەک. لەو دواییانەدا تورکیا ژمارەی ئەو لۆرییە بارییانەی بەرە سنوور تێدەپەڕین کەم کردۆتەوە، زەنگی خەتەرێک کە دەتوانێ کوردستان بخنکێنێ ئەگەر هەر ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێ. هەر ئێستاکێ ئەرتەشی عێراق لە ١٢مایلی دوو شاری هەرە گەورەی کوردستان سەنگەری لێداوە و، دەتوانێ زۆر بە هاسانی بە تۆپان لێیانبدا. تەنیا هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە ناوچەی قەدەخەکراودا، پێشی سەددامیان لە ڕاونانی کوردان بەرەو بەرزاییەکان گرتووە، هەر وەک لە ساڵی ١٩٩١دا ئەو کارەی کرد و ١٨٠,٠٠٠ کەسی کوشت.

مەسعوود بارزانی، ڕێبەری پارتی دێمۆکراتی کوردستان، یان پدک، کە دوو لە سێی خاکی کوردستانی لە ژێر دەستدایە، دەڵێ: ئێمە لە بارودۆخێکی مەتمانەدا نین. داهاتووی ئێمە بە عێراق بەستراوەتەوە، بەڵام عێراقێکی دێمۆکراتیک و فیدراڵی کە ئێمە تێیدا هاووڵاتیی پلە دووهەم نەبین. لە زۆر بارانەوە، کوردستان ئێستا بە ئەندازەی ڕاگەیاندراوێک لە سەربەخۆیی دوورە ـ کوردستان خاوەنی ئەرتەش، ئاڵا، ئیزگەی تەلەویزیۆن، پرۆگرامی خوێندن و زمانە، وێڕای تابلۆی «بەخێر بێن بۆ کوردستان»ی سەر سنووریش. بەڵام لە هەمان کاتدا، کوردەکان دراوی عێراقی بەکاردێنن ـ هەڵبەت دیناری پێشووی سەددام، چاپکراو لە وڵاتی سویس ـ هەروەها ئەو پاسپۆرتە عێراقییانەیان پێیە کە لە پێش ساڵی ١٩٩١ دا ماونەتەوە و ناوی خۆیانی تێدا دەنووسن.

کوردستان بە تەواوی چیکڵدانەی دێموکراسی نییە، پارتی و ڕەقیبەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان حکوومەت و ئەرتەش کۆنترۆڵ دەکەن. ئەو حیزبانە ئیدیعا دەکەن ناچارن پاش چوار ساڵ شەڕی ناوخۆیی بەخۆیاندا بچنەوە، بەڵام هێندێک گیرو گرفت هەر ماوە. هەرئێستا پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو هەیە کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش دەگرێتەوە، یەک لەوانە وەک حیزبی کۆمونیستی کوردستان. کەمایەتییەکانیش وەک تورکمان و ئاسۆرییە مەسیحییەکان بەرنامەی تەلەویزیۆنیی خۆیان و کورسی دەستەبەرکراوی پەرلەمانییان هەیە. ڕەفیق، مامۆستایەکی خانەنشین لە بەغدا کە لە ساڵی ١٩٩٢وە هاتووەتەوە کوردستان دەڵێ:

ـ بیربکەوە بزانە عێراق دەیتوانی ببێتەچی ئەگەر وەک کوردستانی لێهاتبا. بەشێک لە داڕێژەرانی شەڕ لە واشینگتۆن هەرئێستا خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەن.

وەرگێڕانەوە: **قاسم ڕەیانی**

Newsweek, March 25, 2002.

# کارەساتی هەڵەبجە و پەندەکانی

سەدیق بابایی

کـارەسـاتی تاڵی قـڕکـردنی شـاری هەڵەبجـە، یەکـێک لە کـارەسـاتە سامناکەکان بوو کـە ویژدانی مرۆڤـایەتی بریندار کرد. بێگومـان دەبێ چاوڕوانی ئەوەش بین کە کارەساتی ئەوتۆ لێرە و لەوێ، لە ئەم گۆشە یان ئەو گۆشەی جیـهـاندا دووپات و چەندپات بێتـەوە ئەگەر ئازدیخوازان و مـرۆڤـدۆسـتـان نەتوانن هۆیەکـانی ئەم چەشنە ڕووداو و کـارەسـاتانە بنبڕبکەن. هەرواتریش دووپاتبوونەوەی کارەساتی هەڵەبجە لە گۆشەیەکی دیکەی کـوردسـتـاندا بێ ئەم لاو و ئەولایە، ئەگەر هێـزە سیـاسـیـیـەکـانی کـوردسـتـان لە پێناوی ڕاسـتکردنەوەی هەڵەکـان و دۆزینەوەی شـارێگەی سـەرکـەوتن بە چاوێکی ڕەخنەگـرانە و ڕۆحـێکی شـۆڕشگێـڕانە بە ڕابردوویاندا نەچنەوە و، ئەگەر دڵسۆزانی گـەلەکەشمـان بە لێکۆڵینەوەی ورد و بەچوون بە ناخی ڕووداوەکەدا، ڕاستییە هەمەلایەنەکان بە مەبەستی پێشکەشکردنیان بە نەسلەکانی داهاتوو دەستنیشـان نەکەن. کەوابوو لە سـەر ئەم باوەڕە دەتوانین بلێین، لەم بوارەدا هەرچی زیاتر حـەول بدرێ و هەرچی زیاتر بگوترێ و بنووسرێ، جێی خۆیەتی و، لە هەمان کاتیشدا بە جێگەیاندنی ئەرکێکی نیشتمانی یە.

لای هەمـوـوان ئاشکرایە کـە تاوانبـاری سـەرەکی و بکەری ئەو تاوانە گەورەیە ڕێژیمی بەعسی عـێراقـە. دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ قـەڵاچۆکردنی کـورد و سـڕینەوەی بنچـینە و فـاکـتـەرەکـانی پێکهـاتەی نەتەوەیی لە کـوردسـتـاندا، لە هیچ کـردەوەیەکی دزێو خـۆیان نەپاراسـتـووە و، ئەوەی پێیان کرابێ بێ سڵەمینەوە کردوویانە. بەڵام هەمووی ئەوانە نابنە هۆی ئەوەی، کە هەڵە و کەمـوکـوڕییـەکـانی خـۆمـان بشـارینەوە و پاسـاویان بدەین. لە لابەلای ڕووداوەکـانی کـورددسـتـاندا، شـوێنپێ و ئاسـەواری کەمتەرخەمیی و هەڵە و تەنانەت تاوانی گەورەی هێزە کوردییەکان دیارن و، بە سووک وئاسانی لە سڕینەوە نایەن. زۆرجاران هەڵوێست و کردەوەی نادروست و دوور لە تێبینی و لێکدانەوەی هێزە کوردستانییەکان بوونەتە ڕێگاخـۆشکەری دوژمنان، بۆ دابەزاندنی پیلانە گـڵاوەکانیان بەرانبەر بە گـەلەکـەمـان. دیارە لێکۆڵینەوە لە سـەر کـارەسـاتی هەڵەبجـە لە دەسـتنیـشـانکردنی هەڵە و کـەمـوکـوڕییـەکـان و دۆزینەوەی کـەلێنو کـەلەبەرەکـانی نێـو بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازی کـورد، نە تەنیـا بە مـانا و مـەبەسـتی هێـرش بردنە سـەر هێـز و ڕێکخـراوەکـانی کـوردسـتـان و، کـەمکردنەوە و کـەمـڕەنگکردنی دڵسـۆزی و و فـیـداکـاری ڕۆڵە ئەمـەگناسـەکـانی گـەلەکـەمـان نیـیـە، بەڵکوو بە مـانا و مـەبەسـتی وشـیـارکـردنەوە و ڕێگا بەستن لە دابەزاندنی پیلانی نوێتری دوژمنان لە هەر لیباس و و بە هەر ناو و عینوانێکەوەیە.

سـەرەتا با بە قـسـەکـانی کـاک نەوشـیـروان مـسـتـەفـا ئەمین لە کـتـێبی (خولانەوە لە ناو بازنەدا) دەست پێبکەین:

"کارێ کە بۆ حکومەتێکی بەهێز بۆ لەناوبردنی گەلێکی بچوک (حەڵاڵ) بێ، بۆچی بۆ گـەلێکی پچـوک کـە لە مـەترسی لە ناوچون دا بێ، ئەبێ (حەرام) بێ؟".[1]

"٢. لە ئەنجـامی پێـوەندیەکـانی چەند سـاڵی ڕابردوودا لەگـەڵ هەمـو لایەنەکـانی جود بە کـردەوە تێ گەیشت بوین هەتا لەگەڵ ئێـران نەگـەینە ڕێککەوتنی سیـاسی، ناتوانین لەگەڵ لایەنەکانی جـود ئاشت ببینەوە و، شەڕی ناوخۆ هەر درێژە ئەکێشێ. ئێـران تەنیا لایە ئەتوانێ کۆتایی بەم شەڕە بێنێ".[2]

سەرەڕای ئەم پاسـاودان و تیـۆری تاشینە بۆ پێوەندنی گرتن، یان باشترە بڵێین سەرسپاردن بە دەسەڵاتدارانی ئێران، کاک نەوشیروان وەک لە بیری چووبێ، بەڕێزیان نوێنەری هێـزی چەپی شـۆڕشگێـڕە کـە خـوازیاری ڕزگارکردنی گەلی کوردە لە ژێر دەسەڵاتی بەعس و سەرجەمی داگیرکەرانی کوردستانە، لە ئیشارە بە کردەوەی بێبەزەییانەی بەعسییەکاندا دەڵێ:

"لەم هەلومەرجە سەختەدا، زۆرجار دانیشـتوانی دێهاتەکان لەگەڵ کادر و لێپرسراوەکانی یەکێتی دا بە ڕاشکاوی ئەدوان و، ئەیانوت «ئەمەی ئێوە ئەیکەن شێتیە. لەگەڵ لایەک ڕێک بکەون ئێران بێ یا عێراق!». ئەمە قسەی ناخی درونیان بو".[3]

کاک نەوشیروان لە درێژەی نووسراوەکەیدا بەم شێوەیە باسی هێز و توانای خۆیان دەکات:

"دوای فـەتحی یەک [ ١٠/١٠/٨٦ (واتە ڕۆژی قـوڵکێش کـردنی هێـزەکـانی ئێـران بۆ لێـدانی دامـەزراوە نەوتیـیـەکـانی کـەرکـووک ـ س. ب]ئیتر ئێران لە یەکێتی نزیک کەوتەوە و لە توانای جەنگیی یەکێتی و نفوزی لە ناو کورد و ئاگاداری لە سەر هێزە چەکدارەکانی عێراق، باشتر تێگەیشتن...

لە تەشرینی یەکـەمی ٨٦دا مـام جەلالیـان دەعـوەت کـرد. ... لە سنوورەوە پێشوازیەکی ڕەسـمیی و گەرمیـان کردن. لە تاران، جگە لە مـوحسـینی ڕەزایی، جـێگری فـەرمـاندەی گـشـتی سـپـای پاسـداران و، مـوحـسـینی ڕەفیقدوست، وەزیری پاسداران و، سەرانی سپا، هاشمی ڕەفسنجانی شی بینی بو..".[4] کـە لە درێژەی ئەو سـەفـەرەدا ڕێککەوتننامـەیەک مـۆر دەکرێ.

بەم چەشنە ناوەڕۆکی نووسـراوەکـەی کـاک نەوشـیـروان دەریدەخـا کـە ئێرانییەکان شووتیان بە شەرتی چەقۆ کڕیوە، توانای جەنگی و ئاگاداری وزانیـاری گـەیاندن لە سـەر چەند و چۆنی هێـزە چەکدارەکـانی عـێـراق، ئێرانییەکان ڕازی دەکات، حیساب لە سەر ینک بکەنەوە. لەو ڕابیتەدا

سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە وا تە مام جەلال بۆ تاران بانگهێشتن دەکرێ، وێڕای پێشوازیی گەرم بەرپەرسانی حکومەت ئامادەی چاوپێکەوتنی دەبن و هەرواتر ڕێکەوتن نامەشی لەگەڵ ئیمزا دەکەن. هەرچەند بە قسەی کاک نەوشیروان "لە دوایین حسابی قازانج و زیان دا، کەڵکوەرگری یەکەم لە قازانجەکانی هەمیشە هەر لایەنە بەهێزەکە ئەبێ و، زەرەرمەندی یەکەم لە زیانەکانی هەمیشە هەر لایەنە لاوازەکە ئەبێ".[٥]

بە وتەیەکی تر، ینک دەبێ ئاگادار بووبێ، هەم لە فەتحی یەک (بردنی هێزەکانی ئێران بۆ کەرکووک)، هەم لە وەلفەجری ١٠ (کارەساتی هەڵەبجە)، وە لە سەرجەمی پێوەندییەکاندا لەگەڵ ئێران، دۆڕاوی بێ ئەملاوئەولا هەر ئەوان واتە ینک دەبن. سەرەڕای ئەوە دەبێ ئەم دۆڕانە هەروا درێژەی هەبێ. جا ئیتر ئەم پێوەندییە تەنانەت ئەگەر بڕواش بەوە بکەین کە یەکێک لە مەبەستەکانی ینک لەو بوارەدا، ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەرەی (جود) بووبێ و، سەرکردایەتی ینک باوەڕیشی بەو ئاشتبوونەوەیە بووبێ، لە پێناوی چ قازانج و مەسڵەحەتێکدا و، بە پێی کام لێکدانەوە و لە سەر چ فتوایەک بە ڕاست و حەڵاڵ زانراوە و دەزانرێ، هەر کاک نەوشیروان و هاوڕێیانی دەزانن وەڵامدەر دەبن. هەرچەند گەلی کورد، ڕاستی و حەڵاڵیی ئەو پێوەندییەیان لە هەڵەبجەدا تەجرەبە کرد و، شەڕی نوخۆیی چەندین ساڵە و، لە ئاکامدا دابەشبوونی کوردستان و پێکنەهاتنی ئێستای ینک و پدک سەلماندیان، ئەو ئاشتییە لە سەر چ بنەمایەکی ڕاست و باوەڕێکی پتەو بە سوڵح و ئاشتی و ئاسایش پێکهاتبوو!!

نووسەری (خولانەوە لە ناو بازنەدا)، لە درێژەی حەولدان بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکا وێڕای قامکدانان لە سەر هەڵە و تاوانەکانی خۆی و هێزەکەیدا، بە هێنانەوەی بەڵگە لە سەر زاری بەرپرسانی حکوومەتی عێراق باشتر خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە کە کردەوە و کردارەکانی ئەوان چۆن لە جیاتی خاوکردنەوەی حکوومەت و پێشگرتن لە ئەنفال، دابەزاندنی پیلانەکە پێش دەخەن!

"... هاتوچۆی دەیان هالیکۆپتەری ئێرانی بۆ سەرکردایەتی یەکێتی، کاربەدەستانی عێراقی زۆر ترساندبوو. وەکو (عقید رکن ولید) بەڕێوەبەری بەشی سێهەمی ئیستیخباراتی عەسکەری، کاتی گفتوگۆ لە بەغداد بۆی باس کردم، یەکێ لە هۆکانی پەلەکردن لە هێرشی ئەنفال، ئەو هاتوچۆ زۆرە بو کە هالیکۆپتەرەکانی ئێران بۆ بەرگەڵویان ئەکرد. ئەوان وایان زانی بو ئێران چەکی ستراتیجی و گرینگ و کاریگەر و پسپۆڕ و شارەزا ئەگوێزێتەوە بۆ ناوچەکە..

مەبەستی سیاسییان، تێکدانی (مبادرە)کەی د. موکەڕڕەم تاڵەبانی [داوای سەددام بۆ وتووێژ ٨٨/٠٢/٢٢] بو کە هێشتا لە سەرەتادا بو، لە ڕاستی یش دا وەهایان تێک دا هەرگیز هیچی لێ سەوز نەبو.

مەبەستی سپاییشیان، ڕاکێشانی هێزەکانی عێراق بو بۆ ئەم ناوچەیە..

... صەددام و سەرکردایەتی بەعس دڵنیا بون کە: ساڵی ١٩٨٨ ئێران لە مەیدانی جەنگ دا تەواو بوە، لە بەر ئەوە بەشێکی گرینگی تەقەلای جەنگیی خۆیان بۆ کورد تەرخان کرد و، کەوتنە جێبەجێ کردنی زنجیرەی لەشکرکێشییەکانی (ئەنفال) کە جوڵانەوەی چەکداری کوردیان شکاند".[٦]

هەرچەند سیاسەتمەدار و سیاسیکاری بە ئەزموونی ئێمە ئاگاداری ئەوەیە، کە هێزی جەنگی ئێران هەرەسی هێناوە و ئەوە بووەتە هۆی دەست ئاواڵەیی هێزەکانی عێراق بۆ پەلاماردانی کوردستان و، هەرچەند لە نیازخراپیی ئێرانییەکان دڵنیایە، بەڵام بەو حاڵەش پەنایان بۆ دەبات و پشتیان پێ دەبەستێ!

"لەگەڵ زۆربونی گوشاری دوژمن بۆ سەر ناوچەکەی ئێمە، مەترسی ئەوە زیادی کرد کە جەیشی عێراق ناوچەکەمان لێ داگیر بکا و، گیرانی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی یش ئەبو بە هۆی هەرەس هێنانی بەرگری لە ناوچەکانی کەداو، لە ئەنجامدا هەرس هێنانی بزوتنەوەی چەکدار لە کوردستانی عێراقدا. ئەبو بە هەر جۆرێ بێ کاری بکەین جوڵانەوەکەمان لە ڕوخان ڕزگار بکەین. بۆئەو مەبەستە داوامان لە ئێران کرد پارێزگاری هەندێ لە شاخەکانی پشتی ناوچەکەی ئێمە لە پەلاماری جەیشی عێراق بگرنە ئەستۆی خۆیان...".[٧]

بەم شێوەیە بەشێک لە خاکی نیشتمان بۆ ڕزگاری لە دەست دوژمنێک، بەدوژمنێکی تر دەسپێرن! هەر ئەو دوژمنەی وەک نووسەر دەڵێ: مەبەستی لە یارمەتیدان ڕاکێشانی هێزەکانی عێراق بو بۆ ئەو ناوچەیە.

"نەخشەی ئازادکردنی هەڵەبجە لە مێژ بو ئامادەکرابو. فەرەیدون و د. فوئاد لەو کاتەدا لە ئێران بون. داوامان لێ کردن پەلە لە جێبەجێ کردنی بکەن. بۆ ئەوەی ئەگەر عێراق بارەگاکانی سەرکردایەتی داگیر کرد، شوێنێکی تری هەبێ بۆی بچێ و بارەگای لێ دابنێ".[٨]

کەوابێ هەر لە سەرەتادا، پەلاماری هەڵەبجە بە مەبەستی ڕزگارکردنی خاک و خەڵکی ناوچەکە نەبووە، بەڵکوو جێگر و میراتگری ئەمیرەکانی بابان لە پێناوی دابینکردنی بارەگای تازەدا هەڵەبجەیان قوربانی کرد!

لە ژێر کارکردی ئەم شێوە پێوەندی و بۆچوونانەدا لە نیوەشەوی ٢٣/٢٤ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی (١٤/١٥ی مارسی ١٩٨٨ی زایینی)دا، واتە ٣٦-٣٧ سەعات پێش مەرگەساتی هەڵەبجە، عەمەلیاتی هاوبەشی هێزەکانی ئێران و ینک و حسک بە مەبەستی داگیرکردنی شاری هەڵەبجە دەست پێکرا، سەرەتا یەکەکانی تۆپخانەی ئێران بە ئاوری یەکجار بەرین و قورس و خەستی خۆیان توانییان:

١- توانای هەر چەشنە دەستکردنەوەیەک لە یەکەکانی تۆپخانەی عێراق ببڕن و بە تەواوی بێدەنگیان بکەن.

٢- زیانی گیانیی بەرچاو لە هێزەکانی عێراق بدەن و زۆر شپرزەیان بکەن.

٣- ڕێگای گەیشتنی هێزەکانی عێراق لە سەید سادق، سلێمانی، دەربەندیخان، کەلار و شوێنەکانی تردوە بە هەڵەبجە، بە مەبەستی یارمەتیدانی هێزە گەمارۆدراوەکانیان ببڕن. سەرکەوتوویی یەکەکانی تۆپخانەی ئێران تەنیا لە قورسی و بەرینی ئاوریاندا نەبوو، بەڵکوو بەشی زیاتری دەگەڕایەوە سەر دیقەتی ئاورەکەیان، کە ئەوەش هۆی تایبەتی هەبوو.

یەکێک لە فەرماندەرانی پێشمەرگەی ینک (کاک ئەگبەر) ماوەیەک پێش کارەساتی هەڵەبجە بانگهێشتن دەکرێ بۆ سەقز، لەوێ کاک نەوشیروان پێی دەڵێ، دەبێ لەگەڵ پازدە پێشمەرگەی باوەڕپێکراو و شارەزای ناوچەی هەڵەبجە، سێ کاربەدەستی قەرارگای ڕەمەزان لەگەڵ خۆیان بەرن بۆ مەنتەقەی هەڵەبجە و تا تەواوبوونی ئیش و کاریان پارێزەر و چاوساغیان بن.

سێ ئەفسەرە ئێرانییەکان لە ژێر حیمایەت و پارێزگاری و چاوساغیی پێشمەرگەکاندا، دەتوانن لە چەندین ڕۆژدا بە تەواوی ناوچەکەدا بگەڕێن و، تێکڕای پایگا و یەکەکانی هێزەکانی عێراق لە ناوچەکەدا، بۆ

تۆپخانەکایان گەرابەندی بکەن. ڕوون و ئاشکرایە کە مەئمووریەتی کاک ئەگبەر و هاوڕێیانی و ئەو سێ لێپرسراوەی قەرارگای ڕەمەزان تەنیا نموونەیەک لە زنجیرە هەنگاوە هاوبەشەکانی نیزامییانی ئێران و ینک و حسک بووە بۆ ئامادەکردن و ڕەخساندنی زەمینەی عەمەلیاتی هەڵەبجە.
کەمتر لە یەک حەوتوو پێش شەڕی هەڵەبجە، کاک (ک) بەرپرسێکی پێشمەرگەی حدکا لە ناوچەی هەورامان دەڵێ: "بە پێی ئاگاداری ئێمە، بەم زووانە ناوچەی هەڵەبجە تا پردی زەڵم لە لایەن ینک و ئێرانەوە پەلامار دەدرێ. پردی زەڵم وەک تەنیا ڕێگای گەیشتنی هێزی عێراقی بە ناوچە، وەکوو هەدەفێکی یەکجار گرینگ لەبەرچاو گیراوە".[9]
دیارە شوێنی ناوبراو شارێگای پێوەندی هەڵەبجە لەگەڵ سلێمانی و ناوچەکانی ترە.
کاک (ک) لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە وەزعی ئێوە لە ناوچەکانی نێوان هەڵەبجە و نەوسوود، واتە لە خەتی پێشەوە و بەرانبەر بە هێزەکانی ئێران، وە بە بوونی سەدان ژن و منداڵی بێدیفاع چی لێ دێت، دەڵێ: "بڕیاری حیزب مانەوە، خۆڕاگری و بەرەنگاری ڕاگەیێندراوە".[10]
ناوچەی هەڵەبجە و بیارە وتەوێڵە کە دەکەوێتە سەر سنووری دەستکرد لەگەڵ ئێران، بەدرێژایی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی، لە بەرەنگاری و خۆڕاگریدا بەرانبەر بە هێرش و دەستدرێژیی دوژمنانی سەربەستی و ئازادی و ڕزگاری، دەوری تایبەتیو گرینگی هەبووە.
پاش هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێک لە ئامانجە گرینگ و بنەڕەتییەکانی ڕێبەری ئێرانی ئیسلامی (ئیمام خومەینی) و بەشێکی زۆر لە بەرپەرسان، کە لێبراوانەش حەولیان بۆ دەدا، دابەزاندن و جێگیرکردنی بنەما و هێڵی فیکری ئەو کۆمارە (بیری شیعەگەریی تایبەت بە خۆیان)، وەک سەرەتا لە ناوچە و پاشان لە جیهاندا بە گشتی بوو. لە بەڵگەنامەکانی جاسووسی (کوردستان ١)دا هاتووە:
"بۆ بەرگری لە بەرێکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ عێراق ئەو حکوومەتە دەستی بە پلان دانان کردووە".[11]
دوا بە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ناوچەکانی پاوە لە دیوی ئێران و، هەڵەبجە لە دیوی عێراق، لە سەر ئەساسی بڕوای ئایینی خۆیان، ئەم حکوومەتەیان بە دامەزرێنەری عەدل و داد و یەکسانی و برایەتی و بەدیهێنەری ئاواتەکانیان دەزانی. لەگەڵ ئەوەدا بەشێکی تری خەڵک بە ئاشکرابوونی بێ پرێنسیپی و پاشگەزبوونەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە بەڵێنییەکانیان و دەرکەوتنی سەرەتای سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەش، بڕوا و متمانە و هیوایان بە ڕژێم نەما. کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی کەڵکی لەو دوو بەرەکییە وەرگرت و، توانی بڕوای ئایینی موسوڵمانانی ناوچە وەک چەکێکی کاریگەر بۆ دەستێوەردان و تێکدان و دابەزاندنی پیلانەکانی بەکاربێنێ. کاربەدەستانی ئێران پاش پاوە، لە ناوچەی هەڵەبجەدا، بە هۆی بوونی بەرپەرسانی ئایینی لە لایەک و، زەخت و زۆری و توندوتیژی لە ڕادەبەدەری ڕژێمی عێراق لە لایەکی ترەوە، لەبارترین وباشترین زەمینەیان بۆ گەیشتن بە مەبەستە گڵاوەکانیان بەدیکرد.
لەساڵەکانی ٨٦-٨٧ و ٨٨دا، دژایەتی لەگەڵ ڕژێمی عێراق گەیشتبوە ئەو ڕادەیە کە بەرنوێژانی مزگەوتەکانی هەڵەبجە بە ئاشکرا و نیوە ئاشکرا، خەڵکیان دژی حکوومەتی ناوەندی هاندەدا. پشتیوانی ئێرانییەکان وێڕای مەیدانداری بەرینی پێشمەرگە و، دەوری گرینگیان لە ڕەوینەوەی ترسی خەڵک و بەرپرسانی ئایینی لە ڕژێمی عێراقدا هەبووە، ڕادەی بەشداری بەرچاوی خەڵک لە وتارەکانی نوێژی هەینی، شێوە سەرهەڵدانێکی دژبەرانەی گشتی لە گەڵدا بوو. لە ئێوارەوە و بە درێژایی شەو هێزی پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواوی بە سەر ناوچەکەدا هەبوو، لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژدا ئاسەواری دەسەڵاتی حکوومەت دەردەکەوت.
ڕژێمی بەعسی عێراق وێڕای کۆسپی شەڕ لەگەڵ ئێران و سوریە، لەگەڵ کۆسپی بەرهەڵستی و دژایەتی خەڵک ڕووبەڕوو بوو. حکوومەتی عێراق لەو وەزعەدا لەگەڵ ئەوە کە بە بیانووی تەقەی پێشمەرگە لە پێگە و هێزەکانی، گەڕەکەکانی گوڵان و کانی ئاشقانی لە شاری هەڵەبجە تەخت کرد، لە هەلێک دەگەڕا تا وەک مارێکی بریندار جەستەی ئەم شارە ڕاپەڕیوە ژاراوی بکات.
هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پاش ٨ ساڵ شەڕ( ٨٠ تا ٨٨) لەوپەڕی داماویدا چەقیبوون و چیدیکە نە ئارەزووی لە ملکردنی کلیلی بەهەشتی «خومەینی»یان لا مابوو، نە هێز و توانای درێژەدانی شەڕ و، نە باوەڕ بە ئیمدادی غەیبی!! ئەوەش لە حاڵێکدابوو کە نە لە ڕێگای کەربەلاوە بە قودسی شەریف گەیشتبوون و، نە پاکسازی (وەک خۆیان دەیانگوت) کوردستانیان بە ئەنجام گەیاندبوو!! پێشمەرگەکانی حدکا توانیبوویان بە ئازایەتی و فیداکاری کەم وێنەی خۆیان شاری نەوسوود هەر لە سەرەتای شۆڕشی تازەی کوردستانی بندەستی ئێرانەوە تا کارەساتی هەڵەبجە، وەک ناوچەیەکی ئازاد بپارێزن، دیارە ئەوە لە سەر دڵ و جەستەی مەلا دڵڕەشەکان ببوو بە گرێیەکی بە ژان و زامێکی قووڵ.
نەبوونی توانای درێژەدانی شەڕ و قەیرانی قووڵی ناوخۆیی لە لایەک و، زەختی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بیروڕای گشتیی ناوخۆ، ناوچە و جیهان بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە بێ ئاکامە لە لایەکی ترەوە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بە ناچاری هێنابوە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ هەرچی زووتر تەوقی ئاگربەس لە مل بکەن، بەڵام ئەوە لەو شەڕایەتەدا ئاسان نەبوو، چون دەبوو لانیکەم وەڵامێکیان سەبارەت بە نەگەیشتن بە ئامانجەکانیان لەو شەڕەدا، بۆ ئۆمەتی (حزب الله) و بنەماڵە کوژراو وبێسەروشوێنەکان هەبێ.
ئەگەر خومەینی پاش قۆناغی یەکەمی شەڕ، واتە پاش پاککردنەوەی خاکی ئێران لە هێزەکانی عێراق، بە دوای عەمەلیاتە سەرکەوتووەکانی (٨٦-١٩٨٣)دا، لە سەر داوای سەددام و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی ناوچە و جیهان ئاگربەسی ڕاگەیاندبا، دەیتوانی بەشێکی زۆر لە ویستەکانی بەسەر عێراقدا بسەپێنێ. بەڵام بە پێداگرتن لە سەر درێژەدانی شەڕ و، لە ئاکامدا لەکیسدانی ئەو هەلە بە نرخ و مێژووییە و قوربانیکردنی سەدان هەزارگیان و ژیان ، ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە ڕووی زەعف و ناچارییەوە بە ڕاحەتی نە دەگونجا و پێویستی بە زەمینەی لەبار هەبوو. حکوومەتی ئێران بۆ ئامادەکردنی ئەو زەمینەیە و، بۆ دەربازبوون لەو وەزعە دژوارە، پێویستی بە سەرکەوتنێکی کتوپڕ لە یەکێک لە بەرەکانی شەڕدا هەبوو. تا بتوانێ لە قورسایی تەئسیری مەنفی ئەو شکانە لە سەر (امت همیشه در صحنه) کەمبکاتەوە و لە جەوێکی بڕێک لەباردا، جامی زەهری ئاگربەس نۆشی گیان بکات. ئێرانییەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان، دەبوو ناوچەیەک بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیات هەڵبژێرن کە زۆر موناسب بێ و لە سەرکەوتنی عەمەلیاتەکەیاندا دڵنیایی تەواویان هەبێ. لە وەزعێکی ئەوتۆدا بوو، کە هەڵەبجە وەک لەبارترین

شوێن بە دانیشتووەکانییەوە کرا بە قوربانی دەربازبوونی ڕێبەری موستەزعەفانی جیهان لە زەلکاوی شەڕی بێ ئاکام و، پاراستنی دەسەڵاتی مەلاکان لە ئێران و خزمەتکارە وەفادارەکانێن لە کوردستاندا.

ئێرانییەکان پاش لێکدانەوەیەکی ورد، هەڵەبجەیان بۆ دابەزاندنی پلانەکەیان دیاری کردبوو. کە دیارە لەوبارەوە زۆر سەرکەوتووبوون و لەبارترین ناوچەیان هەڵبژاردبوو، با بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە سەرنج بدەینە ئەم خاڵانە:

١- هەڵکەوتنی هەڵەبجە لە سەر سنوور و جێگیربوونی هێزەکانی ئێران لە بەرزاییەکانی زاڵ بە سەر ئەم شارەدا.

٢- ئامادەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، هەروەها بەرپەرسانی ئایینی و دەست و پێوەندەکانیان بۆ هەر چەشنە هاوکاری لەگەڵ ئێرانییەکان.

٣- ڕاسپاردەی ئایەتوڵڵاحەکیم بۆ فەرماندەرانی شیعەمەزهەبی عێراقیی جێگیر لە ناوچەی هەڵەبجە، بە مەبەستی ڕازیکردنیان بە هاوکاری یا لانیکەم بەرەنگارینەکردنی هێزەکانی ئێران.

٤- بوونی بنکە و مەقەڕات و ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی حدکا و بنەماڵەکانیان لە نەوسوود، قەڵاگا، خەندانەکەڕ، تەختەی جام، دەرەتفێ، هاوارەکۆن، هاوار و ڕێشاو، واتە لە مەنتەقەیەک لە نێوان هەڵەبجە و خەتی دیفاعی هێزەکانی ئێران، کە ئەمە بۆ ئێران، مانای (یەک فیشەک و دوو نیشانە)ی هەبوو، گرتنی هەڵەبجە یانی گرتنی نەوسوود و دەوروبەر، واتە دوورخستنەوەی هێزەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سنوورەکانی ئێران.

٥- کوردبوونی دانیشتووانی هەر دوو دیوی ناوچەی عەمەلیات. هەروەک پاشان بۆ هەمووان دەردەکەوت، گیان و ژیانی ئەم خەڵکە نرخێکی بۆ دانەنرا (لە هەر لایەک بکوژرێ بە قازانجی ئیسلامە).

٦- گرینگیی ستراتیژیکی ئەم ناوچەیە بە هۆی نزیکی بە بەنداوی گەورەی (دەربەندیخان)ەوە.

هێزەکانی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی لەباری ناوچەکە بۆ عەمەلیاتی نیزامی (خاڵەکانی باسکراو)، بە پێشەنگی و چاوساغی و هاوکاریی کەم وێنەی یەکێتی نیشتمانی، حسک و ڕێبەرە ئایینییەکان تا سەعاتی ٣ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٣٦٦/١٢/٢٤(٨٨/٣/١٥) تەواوی پێگەکانی عێراقیان لە شوشمێ ڕا تا پردی زەڵم گرت و، سەعاتی ٤ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە تەسلیم بوونی بێ بەرەنگاریی پادگانی هەڵەبجە، تەواوی ناوچەکەیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

دەکرێ هۆیەکانی ئەو سەرکەوتنە کتوپڕە، بەکورتی لەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاوبکرێن:

١- ئاشکرابوونی ڕادە و شوێن و وەزعییەتی هێز و پێگەکانی عێراقییەکان لای ئێرانییەکان.

٢- غافڵگیرکردنی ناوەندەکانی تۆپخانە لە بەڵخە و دەڵەمەڕ، وە هەروەها ناوەندی فەرماندەری لیوا لە بەڵخە پێش دەستپێکردنی شەڕ و، بڕینی ئیمکانی هەر چەشنە یارمەتی بە خەتەکانی پێشەوە لەو ناوەندانە. دیارە لە ژێر سێبەری هاوکاری و شارەزایی پێشمەرگەکاندا ئەو هەلە بۆ ئێرانییەکان ڕەخسا.

٣- هاوبەشیی ئایینی بەشێکی زۆری هێزە عێراقییەکانی جێگیر لە ناوچەدا لەگەڵ ئێرانییەکان و ڕێبەرەکەیان ئیمام خومەینی.

شیاوی باسە کە حکوومەتی عێراق بە پێی سیاسەتی خۆی، ڕۆرجار هێزە شیعە مەزهەبەکانی لە ناوچە سوننی نشینەکان و، بەپێچەوانەوە هێزە سوننییەکانی لە ناوچە شیعەکاندا جێگیر دەکرد.

٤- کاریگەری ئاوری دەقیق و خەستی تۆپخانەی ئێران.

٥- هاوکاری و بەشداریی چالاکانەی هێزی ناوخۆیی کە زانیاری و ئاگاداریی باشی لە سەر دوژمن و خەڵک هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوری فاکتەرەکانی سەرەوە ئینکار ناکرێ، بەڵام دیسان گیرانی هەڵەبجە بە زیاتر لە ١٢ فەوج (گوردان)ی تەیار بە جۆرەها چەکی سووک و قورسەوە تەنیا لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا سەیر بوو. مەسەلەکە سەیر و سەمەرەتر خۆی دەنوێنێ، ئەگەر دەوری ١٢ فەوجەکەی عێراق لە گەڵ دەوری پێشمەرگەی هێزی شاهۆی حدکا پێکەوە بەراورد بکەین. ژمارەی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ (ئەوانەی کاتی هێرشەکەی ئێران لە ناوچەکەدا حازر بوون)لە فەوجێکی عێراق کەمتر بوو. ئەو ژمارە کەمە لە ٢٤ سەعاتدا دوو جار هێرشی هێزەکانی ئێرانیان بە گلدانەوەی ٨٠ مەیت تێکشکاند. دەسکەوتی پێشمەرگەکان بریتی بوو لە ٨٠ قەبزە کلاشینکۆف و ژێ٣، ١١ قەبزە بی کەی سی و ١٠ قەبزە ئارپی جی. ئەو چەک و چۆڵانە وێڕای ژمارەیەکی تریش بۆ یەکێتی نیشتمانی بە جێ مان، کە بەرپرسەکانیان کاک حامدی حاجی غالی و کاک قادر کۆکۆیی لە باتی ماڵئاوایی و پێزانین، ئەم ڕێگایەیان دەخستە بەردەم کادر و پێشمەرگە بەجێماوەکان و ژن ومنداڵەکانیان:

١- ببن بە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی.

٢- بچنە نێو لیستەی ئەندامەتی قەرارگای ڕەمەزانەوە.

٣- سەربەخۆ و لە سەر مەسئولیەتی خۆیان تەسلیمی ئێران ببنەوە.

ئەوە گۆشەیەک لە دڵسۆزی هێزی ڕزگاریدەری کوردستان بۆ پێشمەرگەی بەشەکەی تر (ڕۆژهەڵات) لە کاتی تەنگانەدا بوو!

باسکردنی زیاتر لە سەر چۆنیەتی گیرانی هەڵەبجە و ئەوەی کە هێزەکانی ئێران چۆن هاتن، لە چ تاکتیک و تەڕفەندێک کەڵک وەرگیرا و یارمەتی پێشمەرگە لە چ ئاست و بوارێکدا ڕێکخرا، نە لە تاڵیی و قورسایی ئاکامی کورد تەزێنی ئەو عەمەلیاتە کەمدەکاتەوە، نە لە نادڵسۆزیی و خیانەتی بەشێک لە ئەندامانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە بوون بە داردەستی هێزەکانی ئێران.

ئەوە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ وبۆ کورد ببێتە ئەزموون، شێوەی پێوەندی حیزب و سازمانە کوردستانییەکان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاماجی هەمیشە دوژمنکارانەی ئێرانییەکان لەو بوارەدایە.

ڕاستی دەبێ چ ئامانجێکی پیرۆز پاڵی بە ئەم هێزە کوردییانەوە نابێ، هەروا سووک و ئاسان سنووری شۆڕشگێڕی بشکێنن و ببن بە داردەست و یارمەتیدەری هێزێکی بێگانە لە داگیرکردنی وڵاتەکەیاندا؟

دەبێ بە چ هیوایەک و لە پێناوی کامە بەرژەوەندی گەلدا ئەرکی کەواسووری پێش لەشکری دوژمنیان گرتبێتە ئەستۆ؟

ئەی ئەوان نەبوون کە لە وێژەی شۆڕشگێڕانەی خۆیاندا باسی دەوری خراپی «موشیری حەمەی سلێمان»یان دەکرد؟

جیاوازیی کارەکەی موشیر و هینەکەی ئەمان جگە لە بەرفراوانی تاوانەکەی ئەماندا، لە چیدا بەدیدەکرێ؟

داخوا قەت بیریان نەکردبێتەوە، کە ئاکامی یارمەتی خومەینی کۆنەپەرست بەکورد لەم بەشەی کوردستاندا لە ئەوەی حکوومەتی پەهلەوی باشتر

نابێ؟
ئاخۆ شەوق و زەوق و ئارەزووی گەیشتن بە دەسەڵات وای لێنەکردبوون، کە مەنتیقی پێوەندیی گونجاو و بەرانبەر لەگەڵ نۆکەرایەتیو ژێردەست بوون تێکەڵ بکەن؟

لە ئاکامی ئەو چەشنە پێوەندییەدا وێڕای شەهیدبوون و بە تاڵانچوونی هەڵەبجە، بناغەی جاشایەتی بێ سنوور دامەزرا. لە درێژەی لە سنوور ترازانی جاشایەتیدا بوو، سەدان نیشتمانپەروەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ترسی دەسەڵاتداران و خوێنمژانی ئێران پەڕیوەی بەشە ئازادکراوەکەی کوردستان ببوون، یان کوژران، یان دزران و یان بە زیندوویی تەحویلی ئێران درانەوە.

دژایەتی و ناڕەزایی لە ئاست ئەو کردەوەیەی دژی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی گەلی کورد، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش مەرگەساتی هەڵەبجە، هەم لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا و هەم لە ناو ڕیزەکانی ینکدا سەریان هەڵدا. بۆ نموونە قادر خەبات فەرماندەری تیپی گەرمیانی ینک، پاش گرتنی ڕەخنەی توند لە سەرکردایەتی یەکێتی بە گشتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی یەک و بەرپرسی یەکەمی عەمەلیاتی هەڵەبجە (شەوکەتی حاجی موشیر) بەتایبەتی، وێڕای پێشمەرگەکانی تیپەکەی، بە ناڕەزایی ناوچەکەی بە جێهێشت.

دەربڕینی ناڕەزایی زیاتر تەشەنەی کرد، تا ئەو جێگایە کە بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی یەکێتی دەستیان لە تێکۆشان هەڵگرت، یان لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ژیانی ئاساییان گرتەپێش، یان ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەر.

هەڵەبجە، قوربانی سیاسەتی چەوتی یەکێتی نیشتمانی، حسک و کەسایەتییە ئایینییەکان، هەر لە سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە تا شەڕی شارقڕان، بنکەی سووری کۆمەڵە بوو. بەشێکی زۆری مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە وێ پێکهاتن. ڕێکخستنی کۆمەڵە لە هەڵەبجەدا، یەکێک لە ڕێکخستنە بەرین و قایمەکان لە باشووری کوردستان بوو،

ڕەنگە زۆر کەس لە بیریان مابێ کە ینک، لە پاش شکستی پرۆسەی گفتوگۆیان لە گەڵ عێراق، داوایان لە خەڵک کرد بە مانگرتن لە ئیش، بێزاری خۆیان لە سیاسەتی شەڕخوازانەی عێراق دەربڕن، دیسان ئەوە هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان بوون کە لەو بوارەشدا دەستپێشخەر و ڕچەشکێن بوون.

لە هەڵەبجەی قوربانیکراودا بەشێکی گەورە لە جاشەکانیش باش بوون. لە سەر داوا و ڕاسپاردەی ڕێکخستنی یەکێتی، پێشمەرگەیان لە ماڵی خۆیان حەشاردەدا، برینداریان تیمار و تەداوی دەکرد و بە چەند ڕۆژ جارێکیش تەقەیەکیان ساز دەکرد بە مەبەستی:

١- بردنەسەری ورەی خەڵک و قورسایی ینک و شۆڕش لای جەماوەر و حکوومەت.

٢- کزکردن و شکاندنی ورەی حکوومەتییەکان.

٣- پاشەکەوت کردنی فیشەک و تەقەمەنی و، ناردنی بەشێکی بۆ پێشمەرگە و فرۆشتنی بەشەکەی دیکەی بە قازانجی گیرفانی خۆیان.

ئاخۆ حکوومەتەکەی ئێستای هەرێمی سۆران لە بیریان مابێ، کە هەموو شەوێک لە تەواوی گەڕەکەکانی هەڵەبجەدا چەند حەمام گەرم ڕادەگیران بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بتوانن کاتی هاتن و تێپەڕین لە شار، خۆیان بشۆن و بحەسێنەوە؟ لە ئاکامی سیاسەتی نادروست و هەڵوێستی ناڕەوای ئالاهەڵگرانی ڕزگاری کوردستاندا، تائێستاش بەشێک لە خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە، هەمان بنکەی سووری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ژێر حاکمیەتی کۆنەپەرستانەی دەستکردی خومەینی و ئایەتوڵلاکانی قوم دایە و، لایەنگرە کوردەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەسپی تێدا تاو دەدەن. یەکێتی نیشتمانی بە دوای شکستێکی گەورە لە هەڵبژاردنی شارەوانی لە هەڵەبجە، لە بنکەی سووری کۆمەڵەی ڕەنجدەران، لە ناوەندی سەرهەڵدانی مەفرەزە سەرەتاییەکان، بە ڕەنگێکی زەرد و کۆڵەبارێک شەرمەزاریی پاش شکان، دۆڵکێش بەرەو پاتەختی بابان کشایەوە.

بۆ هەرچی زیاتر ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی بە قڕدانی خەڵکی بێدەرەتان و مەحکووم بە فەوتانی هەڵەبجەی بەختوەرگەڕاو لە بۆمبارانی کیمیاییدا، ئیشارە بە وتە و وتاری بەرپەرسان و حەولی بێ ئەنجامیان بەمەبەستی کەمکردنەوەی تاوانەکانیان پێویستە.

"لە سەرەتادا هێزی ئێرانییەکان، جگە لە چەند ئەفسەرێکی پێوەندی، بەشداری گرتنی شاری هەڵەبجە نەبون. تەنانەت جادەی تەوێڵە ـ نەوسودیشیان داخست بو، نەیان ئەهێشت هاتوچۆی پێ دا بکرێ. دوای بۆمبارانی کیمیایی ئێمە خۆمان داوامان لە ئێران کرد کە ڕێگاکەی نەوسود بکەنەوە و، بگەنە فریای خەڵکی هەڵەبجە".[١٢]

نووسەر چاک دەزانێ کە ئەو ئیدعایە ناتوانێ ڕاستی ڕووداوەکە بگۆڕێ، ڕاستییەکان زۆر لەوە ئاشکراتر و زەقترن کە بە ئاسانی چەواشە بکرێن. ئەنگی خەیانەت بەگەل لەبیرکردن نایەن. ڕاستە کە کارەساتی هەڵەبجە بە دەست حکوومەتی توانباری بەعس ئەنجام دراوە، بەڵام کاک نەوشیروان و، نووسەری «کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە»، شەوکەتی حاجی موشیر، وەک ڕێگا خۆشکەر و بەشداری ڕاستەوخۆی ئەو جەنایەتە سامناکە ناتوانن خۆیان لە چاوی وردبینی خەڵک حەشار بدەن.

"١. هێزە کوردیەکان: یەکێتی، پارتی، حسک، بزوتنەوەی ئیسلامی، هێزی سەرەکی ڕزگارکردنی هەڵەبجە بون، هێزی ئێران لە سەرەتای کارەکەدا شتێکی ڕەمزی و مەعنەوی بو تا دوای بۆمبارانی کیمیایی".[١٣]

پێویستە بە بەڕێزیان بگوترێ:

١- هەڵەبجە ڕزگار نەکرا، شەهید کرا.

٢- وەک جەنابیان دەفەرموون، دەبێ هێزەکانی ئێران تەنیا بەناردنی ئیمدادی غەیبی بەشداریان کردبێ. ئەگەر هێزەکانی ئێران ڕاستەوخۆ لە عەمەلیاتی هەڵەبجەدا بەشدار نەبوون، ئەو لەشکرە گەورەی عێراق کە بە دیل گیرا (بە قسەی ڕەفسنجانی: ٤ هەزار کەس) بۆ و لە کوێڕا وا بە خێرایی گەیێندرایە ئێران؟ نەکا ئەو ٤ هەزار دیلەش فرۆشرابن، واتە ئاودیو کرابن؟

ئەو تۆپخانەیە کە تەواوی ناوچەکەی، هەر لە شوشمێ ڕا تا ئەو لای زەڵم، بۆ ماوەی ٢٤ سەعاتان بێپسانەوە خستبوە ژێر ناورێکی خەست و بەرین و، ناوەندەکانی تۆپخانە و هێزەکانی عێراقی شڕ و شپرێو کرد، ئەگەر هی ئێران نەبووبێ، دەبێ هی حسک بووبێ و ساختی کارخانەکانی گردەنازێ! دەنا مەلا عەلی موعجیزەی نواندووە! ناڵێم هی یەکێتی نیشتمانی بووە، چونکە کاک نەوشیروان دەڵێ:

"ئەوسا [ ١٠/ ١٠/٨٦ ڕۆژی پەلامارданی دامەزراوە ئەوتییەکانی

کەرکووک بە چەکی قورس، س.ب] لە ناو هەمو هێزەکەی ی ن ک دا چەند کەسێکی کەم بەکارهێنانی هاوەنیان ئەزانی و، کەسێکی تێ دا ئەبو کاتیۆشا و، سامی ٧ و، ساروخی دژی تانک بزانێ...»[١٤].

نووسەر هەر لە نێو بازنەدا دەخولێتەوە و لە کۆششی کەمکردنەوەی تاوانی یەکێتی لە کارەساتی هەڵەبجەدا دەڵێ:

"ئەوانە ڕزگارکردنی هەڵەبجەیان کرد بە هی خۆیان و، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێراندا هەرا و هوریایەکی ئەوەندە گەورەیان خولقاند بەهانەی دا بە عێراق بێ پونگانەوە [پرینگانەوە] بۆمبارانی کیمایی بکات".[١٥]

نووسەر ئیتر لە بیری چووە کە ئێرانییەکان لە عەمەلیاتی هاوبەشی (فەتحی یەک)یشدا (٨٦/١٠/١٠) هەمان هەڵلا و هەنگامەیان وەڕێخستبوو. بە پێی ئەزموون دەبوو یەکێتی ئەوەی زانیبا کە لە عەمەلیاتی هەڵەبجەشدا ئەوە بە زیاتریش دووپات دەبێتەوە، چونکە حکوومەتی ئێران لە سەردەمی عەمەلیاتی هەڵەبجەدا، هەروا کە پێشتر باسکرا، زیاتر نیازی بە هەرا و هوریا هەبوو. ئێرانییەکان بەو هەرا و هوریایە وێڕای کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و ناڕەزایی لە ناوخۆی ئێراندا، ترسیان وەبەر حکوومەتی عێراق نا و هانیان دا کە هێزێکی زیاتر لە کوردستاندا کۆبکاتەوە و لە دابەزاندنی پیلانەکانیدا دژی گەلەکەمان پەلە بکات. ئەنگێزەی ئێرانییەکان لە عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان هەر ئەوە، واتە دابینکردنی قازانج و مەسلەحەتی خۆیان و نابووتکردنی کورد بووە.

کاک نەوشیروان لە بیری دەچێ کە نووسیویەتی:

"هێزەکانی یەکێتی شەوی ١٣-٨٧/٤/١٤ چالاکیەکی پێشمەرگەیی گەورەیان لە ناوچەی چوارتا ئەنجام دا،...

جەیشی عێراق لە تۆڵەی ئەم هێرشەدا، سەرەتا ڕۆژی ٨٧/٤/١٥ بە خەستی کەوتە کیمیابارانی هەمو ئاواییەکانی: بەرگەڵو، هەڵەدن، ئاوەژێ، کانی تو، چنارێ، نۆڵچکە...و،".[١٦]

ئەگەر بیانووی عێراق بۆ بۆمبارانی کیمیایی، وەک کاک نەوشیروان ئیدیعا دەکا، هەرا و هوریای ئێران بایا، نەدەبوو عێراق ئەو دێیانە بۆمبارانی کیمیایی بکات، چونکە هەرچەندە وەک باسدەکرا ئێران لەو عەمەلیاتەشدا بە تۆپخانە هاوکاری کردبوو، بەڵام خۆ نەیکردە هی خۆی و هەرا و هوریاشی لە سەر ساز نەکرد.

گومان لەوەدا نییە کەس هەبێ ئاگای لە هەڵوێستی حکوومەتی بەعس بەرانبەر بە کورد نەبێ و نەزانێ ئەو حکوومەتە بۆ پاکتاوکردنی ئەو گەلە، دەستی لە هیچ نەگێڕاوەتەوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەدا خۆ نابێ بیشارینەوە کە ئەنفال (یان لانیکەم پێشخستنی ئەنفال) و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە باشووری کوردستان، پاش قۆڵکێشکردنی هێزە ئێرانییەکان بۆ ئەو ناوچەیە دەستیان پێکرد.

ئەگەر عێراق، وەک کاک نەوشیروان دەڵێ، بۆ بۆمبارانی کیمیایی لە بیانگ و بیانوو گەڕابێ، لای یەکێتی نیشتمانی بە ئاسانی وەچنگی کەتوون، یەکێتی زۆرجاران بێ گرینگیدان بە زیانی دژکردەوەکانی عێراق لە سەر گیان و ژیانی خەڵک هەڵوێستی گرتووە و جووڵاوەتەوە، دەنا هەرگیزاوهەرگیز گیرۆدەی ئەو داوانە نەدەبوو.

ئەگەر قازانج و بەرژەوەندی خەڵک لە سەرووی بەرنامەکانیدا جێیان بگرتبایە، پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوە و، پاش ئەو هەموو زەبرلێدانەی ئێران لە کورد بە ناوی یارمەتی و لە لیباسی دۆستایەتیدا، هۆی درێژەدان و قووڵترکردنی ئەو پێوەندییە زیانبارە دەبێ لە چیدا ببینێ؟

خەڵکی هەڵەبجە بە تەجرەبە دەیانزانی کە دژکردەوەی حکوومەتی عێراق، بەرانبەر بەو هێرشە بەرەورووی ئەوان دەبێتەوە، هەر بۆیە ویستیان لە یەکەم سەعاتەکانی پاش گیرانی هەڵەبجە بەرەو شوێنەکانی تر خۆیان دەرباز بکەن.

بۆمبارانی شارۆچکەی نودشە (پشتی جبهەی ئێران و یەکێتی) ڕۆژی ٢٣ی ڕەشەمە واتە ٨٨/٣/١٤، چەند سەعاتێک پێش دەستپێکردنی شەڕەی هەڵەبجە واقیعی بوونی ترسی خەڵکی هەڵەبجە زیاتر دەسەلمێنێ. بەداخەوە حەولی زۆری خەڵکی هەڵەبجە بە جێگایەک نەگەیشت و ڕێگایان پێنەدرا خۆیان دەرباز بکەن.

ئەگەر بەرپەرسانی ئەو هێزانە مەستی بادەی هاوپەیمانی لەگەڵ حکوومەتی مەلاکان و سەرکەوتنە هاوبەش و هەڵەبجەکوژەکەیاان نەبان و، تۆسقاڵێک بیریان لە خەڵک ودڵڕەقیی کاربەدەستانی بەعس کردباوە، دەیانتوانی خەڵکی هەڵەبجە لەو کارەساتە سامناکە نەجات بدەن. لە سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٦٦/١٢/٢٤-٨٨/٣/١٥ ٩کاتی گیرانی یەکسەرەی هەڵەبجە) تا نزیکی سەعاتی ١١.٣٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٦٦/١٢/٢٥-٨٨/٣/١٦ (کاتی تەقینەوەی یەکەم بۆمبی کیمیایی)، ١٩.٣٠ سەعات ماوەیەکی کەم نەبوو بۆ ئەوەی کە دانیشتووانی هەڵەبجە لە فەوتان ڕزگار بکرێن.

ئەگەر ڕێگا درابا، خەڵک دەیتوانی لانیکەم خۆی گەیاندبا سازان، هاوار، بناری هەورامان، هاوارەکۆن، دەرەتفێ و تەنانەت ئەودیوی سنووریش. ئەوە لە حاڵێکدا خەڵک بە پێیان ڕێگای بڕیبا، دەنا بە سەیارە (هی خەڵک و دەستکەوت لە جەیش) دەکرا بەشێکیش لە سەروەت و سامانی لێقەوماوان دوورخرێتەوە.

ڕەنگە مەبەست لە ڕێگا نەدان بە چۆلکردنی شار ئەوەبووبێ کە بە مانەوەی خەڵک، ناوچەکە سیمای ناوچەی ئازادکراو بە خۆوە بگرێ و ئیدارەکەشی بدرێ بە یەکێتی و ببێتە نوختەگۆڕانێک لە خەباتی تازەی کوردستانی عێراقدا.

لە درێژەی پیلانەکەدا هێزەکانی ئێران ـ دوژمنی خوێنیی گەلی کورد ــ لە تۆڵەی (خوڕەمشار/خرمشهر)دا کەوتنە تالانی شاری شەهیدی هەڵەبجە، هێزە کوردستانییەکاندا بە بەشداریکردن و هاودەستی لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە تالانی هەڵەبجەدا، پەڵەیەکی ڕەشی ئەنگینیان لە مێژووی کورددا تۆمار کرد.

دەبێ وەک ئەمانەت باس بکرێ، کە بەشێک لە پێشمەرگەکان نەتەنیا دەستیان بۆ ماڵی لێقەوماوان نەبرد، بەڵکوو دژی ئەو کردەوە دزێوەش ڕاوەستان کە بەداخەوە هەڵوێستەکەیان کرپاری نەبوو (ئاو لە سەرچاوەوە لێڵ بوو).

شەوکەتی حاجی موشیر و حامدی حاجی غالی و قالە کۆکۆیی و بەرپرسانی تر هەرکامەیان بۆ تالان و برۆ، شەبەکەی تایبەت و سەربەخۆیان هەبوو.

لە نێو ئەندامانی مەڵبەندی ١ی ئەوکاتەی یەکێتیدا، مامۆستا ساڵح ناوێک هەبوو کە سەرەڕاای کەم دەسەڵاتی، بێزاری و دژایەتی خۆی لە دزی و تالان نەدەشاردەوە. ناوبراو ئەو ڕۆژانە نێردرابوو بۆ (تاوێرە)، فارس گوتەنی بە دووی نۆکە ڕەشەدا.

ئەگەر بگوترێ کە بەشێک لەو بەناو شۆڕشگێڕانە کارەساتی هەڵەبجەیان

پێ خۆش بوو ـ بۆ ئەوەی شارەکە چۆڵ بکرێ و ئەوان بە ئاسوودەیی و بە دوور لە چاوی زیندووی خەڵک خەریکی چەپاوی خۆیان بن، لە ڕاستییەوە دوور نەبێ. وەک دیتراش ئەو شارە گەورەیە لە ماوەیەکی کورتدا ڕووت و قووت کرایەوە.

ئاشکرایە کە جاش و پاسدارەکانیش وەک پیشەی خۆیان و پشت ئەستوور بە پەیام و بڕیاری ئیمام، دەستیان لە دزی و چەپاو و شڕەخۆری کورت نەما، تەنیا لەوەدا نەبێ کە وەک بەرپرسە گەورەکان شارەزای شار و شوێنی پارووە گەورە و چەورەکان نەبوون.

خومەینی لە گەرمەی شەڕی هەڵەبجەدا بە هۆی پەیامێک وەبیری ئۆمەت و هێزەکەی هێنایەوە، کە عێراقی بەعسی لە خوڕەمشاری ئێران چی بە سەر خەڵک هێنا و خاکی شارەکەی بە توورەکە کێشا، تا تاڵان و بڕۆی لەشکرەکانی بکەوێتە خانووی عیبادەت و تۆڵە ئەستاندنەوەی ئیسلامییەوە. دیارە پێویست بە بیرهێنانەوە و تەئکیدی ئیمام نەبوو، لەشکری ئیسلام نەتەنیا دەرسی خۆیان لەو بوارەدا لە بەربوو، بەڵکوو دەستی لەشکرەکانی چەنگیز و تەیموورییشیان لە پشتەوە شەتەک دابوو.

بەرپرسی سپای پاسداران لە پاوە، فەرماندەری تیپی (حمزە سید الشهدا)، فەرماندەری پاوە پاسدار «حری»، فەرماندەری تیپی ٤ی (بعثت)لە کرماشان «شعبانی»، فەرماندەری گوردانی (نبی اکرم) پاسدار «شوهانی» و جێگرەکەی «علی بخشی» و، دەیان بەرپرسی گەورە و بچووکی دیکە بەشیان لە غەنیمەتی وڵاتی کوفر پێبڕا.

بەشێک لەو تاڵانانە بە ئامبولانس نەقڵی شوێنی تایبەت بە بەرپرسانی ئێرانی دەکرا. هێندێکیان بە کامیۆنی تایبەت بە گواستنەوەی گۆشت و جەنازە، تەلەفزیۆن و کەلوپەلی بە قیمەتیان ڕەوانەی شارەکانی خۆیان دەکرد. ئیتر ماشێنی برازیلی و تویۆتا و... خۆتا ئێستاش لە شارەکانی ئێران فرەیان دێ.

«علی بخشی» جێگری گوردانی (بنی اکرم)، بە لۆری؛ کڵاشی دەستچنی ژنە زەحمەتکێشەکانی هەڵەبجەی بۆ شارەکەی خۆی دەنارد.

فەرماندەری گوردانی (بدر) مەڕو ماڵاتی تاڵانکراوی لە گوندێکی نێوان پاوە و کرماشاندا بۆ بەخێوکردن بە خزمەکانی سپارد.

فەرماندەرانی گوردان و گروهانەکانی (بدر، قدر، فجر) ناڕازی بوون لە بەشەکانیان. «ڕەفیقدوست» وەزیری ئەوکاتەی سپای پاسداران ڕۆژی ١٣٦٦/١٢/٢٩بە لیباسی کوردییەوە لە هەڵەبجەدا چاوەدێری تاڵانچییەکانی دەکرد و دەستووراتی پێویستی بۆ پاکتاوکردنی شار دەدانێ. ڕۆژی دواتریش «میر حوسێنی موسەوی» سەرەک وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران بە هەلیکۆپتەر هاتە ناوچەکە.

تاڵان بە بردنی ماشێن، پارە، زێڕ، کەلوپەلی ماڵان، شتومەکی دوکان و بەگشتی سەروەت و سامانی خەڵک کۆتایی نەهات، داربەرق (حەموودی کارەبا) و کونتینەری شارەوانی شارەکەشیان ئاودیو کرد.

ئەوجارە نۆرە گەیشتە تاڵانی یارمەتی وڵاتان و دامودەزگای خێرخوازیی نێونەتەوەیی کە بۆ لێقەوماوان نێردرابوو.

هێندێک خێوەتی مۆدێرن کە تەختی نووستن و شتی لەو بابەتەیان لە گەڵدا بوو، هەرکە گەیشتنە ناوچەکە، لە نێوان بەرپەرسە ئێرانییەکاندا دابەشکران (ئەوان لە هەڵەبجەییە لێقەوماوەکان زیاتر پێویستییان پێیان بوو)!

بۆ فریودانی خەڵکی سادە و ساویلکە، هێندێک کەلوپەلی کەلوکۆم و شتی بێ کەڵکی خەڵکیان (کە تاڵان کرابوو) لە شوێنێک بە ناوی (ساڵۆنی داپۆشراو) لە پاوە ڕاگرت تا بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان.

دوای ڕاپەڕین و گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ کوردستانی ئازادکراو، کێشە و جەنگ و ئاژاوەی زۆر لە نێوان خەڵک و چەپاوچییە خۆماڵییەکاندا سەری هەڵدا، لەو کاتانەشدا هەر حەق بە چەکدارەکان درا، لە بەر ئەوەی کە چەکیان پێبوو و لە دەستکەوتەکانی شۆڕش پارێزگارییان دەکرد!

هاودەستی بەرەی شۆڕشی کورد لەگەڵ ئێران بەگشتی و،کارەساتەکەی هەڵەبجە (تەلەفاتی گیانی و تاڵان) بە تایبەتی، ئاڵۆزی، نارەزایی و ڕق و بێزاری ڕەوانیان لە نێو خەڵک و ڕیزەکانی شۆڕشدا پێکهێنا.

سەرکردایەتی یەکێتی، بە مەبەستی دیتنەوەی ڕێگایەک بۆ سووک کردن و پاساودانی تاوانەکان و، لە ئاکامدا هێورکردنەوەی ئەو وەزعە ئاڵۆزە و خۆ دەربازکردن لەو قەیرانە کۆنفرانسێکی گرت.

بۆ بەرگری و ڕێگرتن لە شڵەژاوی زیاتر و تەقینەوە و دەمکوتکردنی ڕەخنەگران، کاسە و گۆزەکەیان دە سەر چەند کەسێکدا شکاند و بەو شێوەیە مەسەلەکە ماسماڵی کرا. شەوکەتی حاجی موشیر(بەرپرسی مەڵبەند)، قالە کۆکۆیی و دوو سەرتیپ بە تاوانبار ناودێر کران و هەر یەک بە ٦ مانگ تا یەک ساڵ دوورخرانەوە (هەڵپەساردن) لە ڕیزەکانی یەکێتی سزادران و بڕایەوە. خوا هەڵناگرێ بۆ سزادراوەکان مۆڵەتێکی باش بوو قاڵکردنی دەستکەوتەکانیان!

کاک شەوکەت لە سەر بڕیاری سزادانەی خۆی دەڵێ: "ئەم جارەش ئەبم بە بەلاگەردانی یەکێتی و مل بۆ بڕیارەکە ڕادەکێشم، ئەگینا دیارە کارەساتی هەڵەبجە بەرهەمی کام سیاسەتە و، ئەو سیاسەتە پەسندکراوی کێیە و کێ بە شارێگای سەرکەوتنی دەزانێ"[17].

با ئەم تەجرەبەیە وێرای یاد و بیرکردنەوەی هەڵەبجەی شەهید، وەک زەنگوڵەی وشیاریی نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان، قەت زرینگەی لێ نەبڕێ.

٢٠٠٢/٢/٢٥ ـ ئاڵمان

**سەرچاوەکان**

١) *خولانەوە لە ناو بازنەدا* ـ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨، **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، ١٩٩٩، چاپ و بڵاوکردنەوەی: مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان. لاپەڕەی ١٠٢.
٢) ـــــــــــ، ل ١٠٢.
٣) ـــــــــــ، ل ١٠١.
٤) ـــــــــــ، ل ١١٢.
٥) ـــــــــــ، ل ١١٢.
٦) ـــــــــــ، ل ١٤١.
٧) ـــــــــــ، ل ١٤٤.
٨) ـــــــــــ، ل ١٤٥.
٩) یادداشتەکانی خۆم، ساڵی ١٣٦٦(١٩٨٨).
١٠) ـــــــــــ، ...
١١) اسناد لانە جاسوسی(کردستان١)، شمارە٣١، ص ١١.
١٢) *خولانەوە لە ناو بازنەدا*...، ل ١٤٦.
١٣) ـــــــــــ، ل ١٤٦.
١٤) ـــــــــــ، ل ١٠٩.
١٥) ـــــــــــ، ل ١٤٦.
١٦) ـــــــــــ، ل ١٢٦.
١٧) یادداشتەکانی خۆم، ساڵی ١٣٦٦(١٩٨٨).

# فەلەستین

عومەر عەسری

**فەلەستین** یان عەرزی مەوعوود، بەو سەرزەمینە دەگوترێ کە لە باکوورەوە بە سوریە و لوبنانەوە نووساوە، لای ڕۆژئاوای دەریای مەدیتەرانەیە و، لە باشوورەوە دەگاتە سەحرای سینا و ڕۆژهەڵاتیشی بەحری مەیتە. ڕووبەرەکەشی بەر لە دابەشبوونی لە کاتی یەکەم شەڕی عەرەب و ئیسرائیل (١٩٤٨-٤٩)دا ٢٧٠٠٠کیلۆمیتری چوارگۆشە بوو کە دوای ئەو شەڕە کرا بە سێ ـ چوار کوتەوە.

فەلەستین لە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستاوە، جێگای مشتومڕ و پێکدادانی قەوم و قەبایلی جۆراوجۆر و، دەوڵەتانی ئاشوور، بابل، ئێران، ڕۆم و عەرەب و، شوێنی تێکهەڵنەنگوتن و وێککەوتنی دین و مەزهەبەکان بووە، هەتائێستاکەش ئەو شەڕ و هەرایەی تێدا نەبڕاوەتەوە!

ئەو سەرزەمینە لە ڕیوایات و حیکایەتەکانی تەوڕاتدا بە عەرزی مەوعوود، عەرزی موقەدەس و کەنعان ناودێرکراوە. تەوڕات دەڵێ: «ئیبراهیم لە تەمەنی ٧٥ ساڵەییدا دەگەڵ سارای خێزانی و برازایەکی بە ناوی لووت، لە حەڕڕان، شارێکی عێراقی ئێستاوە چوونەتە ئەو سەرزەمینە. لەوێ خودا پێی ڕاگەیاندووە: کە من ئەو عەرز و خاکە دەبەخشم بە نەوە و نەتیجەکانی تۆ. ئیبراهیم و هاوڕێکانی بە هۆی قاتی و قڕیی و ویشکەساڵییەوە کەنعانیان بە جێهێشتووە و ڕوویان کردۆتە وڵاتی میسر. چونکە سارا ژنێکی زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوو، ئیبراهیم دەترسا بەخیلی پێبەرن و تەماحی تێبکەن و، لە سۆنگەی ساراوە بیکوژن، لە لای خەڵک دەیگوت سارا خوشکمە! سەرەنجام لە ڕێگای ساراوە سەروەت و سامانێکی زۆریان وەسەریەکنا و گەڕانەوە بۆ کەنعان. تەوڕات دەڵێ: چونکە سارا نەزۆک بوو و ئیبراهیمیش دەوڵەمەند و وەجاخکوێر بوو، سارا هاجەری کەنیزی میسریی خۆی، دا بە ئیبراهیم؛ خودا کوڕێکی پێدان و ناویان نا ئیسماعیل (باوە گەورەی عەرەبەکان). پاشان ئیبراهیم لە تەمەنی دە ساڵەییدا، لە ساراش کوڕێکی تری بوو ناویان نا ئیسحاق (باپیرەی جوولەکەکان). کەواتە جوو و عەرەب ئامۆزان.

بە پێی ڕیوایەتەکانی تەوڕات، خودا بۆ ئەوەی ئیبراهیم ئیمتیحان بکا و ڕادەی بڕوا و ئیمانی تاقیکاتەوە دەستووری پێدا، ئیسحاق سەر ببڕێ و بیکاتە قوربانی (لە ڕیوایاتی قورئاندا لە جێگای ئیسحاق، ئیسماعیلە)، بەڵام پاش ئەوەی ئیبراهیم بە ڕاستی ویستی ئەمر و فەرمانی خودا بەجێبهێنێ، فریشتەیەک لە ئاسمانەوە پێی ڕاگەیاند دەست ڕاگرێ و کوڕەکەی سەر نەبڕێ. چونکە بە ئەمری خودا لە غەیبەوە بەرانێکیان بۆ هەناردبوو تا لە جیاتی کوڕەکەی بیکاتە قوربانی.


لە تەوڕاتدا نووسراوە: کاتێ سارا و هاجەر وەکوو دوو هەوێ تووشی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی هاتن و، حەوانەوە و پێکەوەژیانیان دژوار بوو، ئیبراهیم لە ژێر فشاری زۆری سارا و بە ئەمری خودا، هاجەر و منداڵەکەی ئیسماعیلی هەڵگرت و بردنیە (بئر شبع). لە ڕیوایاتی قورئاندا چوونەتە مەککە و، لەوێ گیرساونەتەوە کە پاشان ئیبراهیم بە یارمەتی ئیسماعیل، کەعبە (ماڵی خودا)ی بیناکردووە.

بە گوێرەی ڕیواتەکانی تەوڕات، بەنی ئیسرائیل وەرەسە(تۆرەمە)ی یەعقووبن. ئەو نێوەشیان لە یەعقووبەوە وەرگرتووە. تەوڕات دەڵێ: کاتێک یەعقووبی کوڕی ئیسحاق دەگەڵ برایەکی خۆی بە ناوی عیسو لە سەر مەزنایەتی و جێنشینیی باوکیان تووشی ناکۆکی و کێشە و هەرا ببوون، یەعقووب کەنعانی بەجێهێشت و چۆوە حەڕڕان. لە ڕێگادا خودا لە خەویدا وەعدەی پێدا ڕۆژێک لە ڕۆژان بیگێڕێتەوە بۆ کەنعان و، پێیگوت: تۆرەمەی تۆ پەرەدەستێنن و دنیا دادەگرن و دەبنە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ گەلانی تر. پاش چەندین ساڵ خودا لە سەر وادەی پێشووی خۆی ئەمری پێکرد: بگەڕێتەوە بۆ کەنعان. یەعقووب بە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە گەڕاوە بۆ کەنعان و، خودا پێیڕاگەیاند: لە ئەمڕۆوە ناوی تۆ ئیسرائیلە (واتە خودا بەدەسەڵاتە).

تەوڕات دەڵێ: یەعقووب لە کەنعان زۆری سەختی و کوێردەوەری هاتەڕێ، کچیان زگپڕ کرد. هەردووک چاوی کوێر بوو. کوڕەکانی بەخیلیان بە یۆسف (براچووکەی خۆیان) برد. دزیان و فرۆشتیان (لە ڕیوایاتی قورئاندا: خستیانە بیرێکەوە و لای باوکیان گوتیان لە مەزرا خەریکی مەڕ لەوەڕاندن بوو گورگ خواردی، کراسە خوێناوییەکەشیان هێناوە بۆ یەعقووب. کاروانچی یۆسفیان دۆزیەوە و بردیان لە میسر هەرزانفرۆشیان کرد. یۆسف لە میسر هەڵیدا و دەسەڵاتێکی زۆری وەدەستهێنا و بوو بە خەزێنەداری شای میسر...).

یەعقووب لە تەمەنی ١٠٣ساڵەییدا، بە هۆی قاتی و قڕیی و ویشکەساڵی لە کەنعان و، ناردنی کوڕەکانی بۆ کڕینی دەغڵودان لە میسر، خەبەری مانی یۆسفی زانی. سەرەنجام لە سەر داوای یۆسف، یەعقووب بۆ خۆی و هەموو قەوم و قەبیلەکەی چوونە میسر. بەنی ئیسرائیل ٤٠٠ ساڵ لە میسر مانەوە، وەچەیان لێکەوتووە و پەرەیان ئەستاند و وڵاتیان داگرت، سەروەتێکی زۆریان وەسەریەکنا و لە ئاکامدا کەوتنە بەر قەهر و غەزەبی فیرعەون و، بوون بە بەردە و ژێردەستە؛ هەتا موسا بە ئەمری خودا ڕێبەری و ڕێنوێنی کردن و، لە ژێر چنگی فیرعەون ڕزگاری کردن. پاش ٤٠ ساڵ سەرگەردانی هاتنەوە کەنعان و داگیریان کردەوە.

فەلەستینییەکانیش لە دەوروبەری ١٠٠٠-١٢٠٠پ.ز، لە جەزیرەکانی دەریای ئێژەوە هاتوونەتە کەنعان. هاتنی ئەوان هاوکات بووە دەگەڵ گەڕانەوەی بەنی ئیسرائیل بە ڕێبەرایەتی موسا بۆ ئەوێ. هەر لەو ڕۆژگارەوە، کێشە و ململانێی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە دەستی پێکردووە. بەنی ئیسرائیل هەموو شەڕ و کوشتار و داگیرکەرییەکانی خۆیان بە





دەلایلی ئاسمانی و ئەمر و فەرمانی خودا و یارمەتی مەلائیکەوە پاساو دەدەن! تەورات فەلەستینی بە زاڵم و دڵڕەق ناو دەبات! کتێبی سموئیل پێغەمبەر و سەرتاپای کتێبی پادشایان، باسی شەڕی نێوان فەلەستینی و بەنی ئیســـرائیلە و دەڵێ: خـودا مـەلائیکەی ناردۆتە یارمـەتی بەنی ئیسرائیل.

بەنی ئیســرائیل لە دەورەی داوود و سولەیمان پێـغـەمـبـەردا، دەوڵەت و دەسەڵاتێکی باشیان لە ناوچەکەدا هەبوو. بۆ یەکەمجار داوود فەلەستینی تێکشکاند و، ئۆرشلیمی گـرت و کردیە پایتـەختی دەوڵەتی ئیسرائیل. پاش خۆشی کوڕەکەی سولەیمان پێغەمبەر، یەکەم مەعبەدی لە ئۆرشلیم بیناکـرد. بەنی ئیـســـرائیل دوای مـەرگی ســولەیمان، دەســەڵات و یەکێتـییـەکەیان نەمـا و بوون بە دوو بەشەوە: ١) وڵاتی ئیسرائیل کە ناوەندەکەی سامرە بوو، ٢) وڵاتی یەهوود لە ئۆرشلیم.

ساڵی ٧٤٠ پ.ز، سەلمانسـەری سـێـهـەم، پادشای ئاشوور پەلامـاری ئیسرائیلی دا و، پاش کوشتوبڕێکی زۆر، ٦٠هەزار کەسی برد و لە وڵاتی ماد بڵاوی کردنەوە. سـاڵی ٧٢٢، سـارگـۆنی دووهەم پادشای ئاشوور وڵاتی ئیسـرائیلی گرت. سەناخریب جـێنشینی سارگۆنیش ساڵی ٥٩٥ وڵاتی یەهوودی گرت و کاولی کرد. ساڵی ٥٨٥، بەختونەسر، شای بابل ئۆرشلیمی وێران کرد و فەلەستینی خستە سەر وڵاتی بابل. ئاشووری و بابلی دەیان هەزارکەسیان لە بەنی ئیسرائیل بە دیل گرت و لە وڵاتی ماد و عەرزی دووچۆماندا بڵاویان کردنەوە.

بە دامـەزراندنی دەوڵەتی هەخامـەنشی لە لایەن کـورووشـەوە (٥٣٩پ. ز)، بەشـێـکی زۆری جـوولەکـە ئاوارەکـان گـەڕانەوە بۆ فـەلەســتین. عیبادەتگاکەیان بیناکردەوە و دینی حەزرەتی موسا جارێکی تریش برەوی پەیداکـردەوە و، توانیـان دوو سـەدەی تەواو بە بێ کـێـشـەو قـڕە لە فەلەستیندا ژیانێکی ئاسایی بەرنەسەر.

پاش ڕووخانی دەوڵەتی هەخامەنشی بە دەستی ئەسکەندەری مەکدوونی لە سالی ٣٣١ پ.ز، بەنی ئیسرائیل کەوتنەوە بەر هێرش و پەلامـار و ڕاونان. لە دەورەی سلووکییـەکاندا دینی یەهوود قـەدەغـەکرا. دوایی لە ئاکامی شۆڕش و ڕاپەرینگەلێکی یەک لە دوای یەکدا، توانیـان ساڵی ١٦٨ پ.ز، دەوڵەتێک «موکابی» بۆخۆان پێکەوە بنێن. سـەرەنجام لە سۆنگەی کێشە و ناکۆکی ناو خۆیاندا، پۆمپیووس سەرداری ڕۆمی لە ساڵی ٦٣دا، پەلامـاری دان و فـەلەسـتینی داگـیـر کـرد (لە دەورەی دەسەڵاتی ڕۆمدا بوو کە حەزرەتی عیسا لە بەیتوللەحم لە دایک بوو).

بەنی ئیسرائیل لە خەباتی دژی داگیرکەران ڕانەوەستان، هەتا تیتیووس ئیـمـپـراتۆری ڕۆم سـاڵی ٧٠ی زایینی بەیتـولموقـەدەسی ی وێرانکرد و فەلەستینی خستە سەر وڵاتی ڕۆم و، هەموو بەنی ئیسرائیلی لێ وەدەرنا و بە دنیادا بڵاوی کردنەوە.

پاش دابەشبوونی ئیمپراتۆری ڕۆم لە ساڵی ٣٣٠ زایینیدا، فەلەستین کرا بە ئەیالەتێکی ڕۆمی شەرقی: بیزانس. چەند جار لە نێوان ڕۆم و ئێراندا دەسـتـاودەسـتی پێکرا و، سـاڵی ٦٣٦ زایینی کـەوتە ژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتی ئیـسـلامـیی عـەرەبی. عـەبدولمەلیک خـەلیـفـەی ئەمـەوی (قبە السـخـرە)ی لێ بیناکـرد. وەلیـدی کـوڕی عـەبدولمەلیک یش (مـسـجـد الاقـصی)ی دروست کـرد. لە شـەڕی نێـوان مـوسـوڵمـان و مـەسـیـحـیـدا (مەشهوور بە شەڕی سەلیبی) لە سەدەی یازدە و دوازدەی زایینیدا، دوو سێ جـار ئەمـبـەر و ئەوبەری پێکرا. سـاڵی ١٢٤٦ زایینی تورکـانی خـوارەزمی داگـیـریان کـرد. لە سـاڵی ١٥١٦ تا ١٩١٧ زایینی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو.

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی ١٩دا، هەستی نەتەوایەتی و بیری گەڕانەوە بۆ عەرزی مەوعوود (سەهیۆنیزم) لە نێو ڕێبەرایەتی یەهووددا شکڵی گرت. ئەگـەرچی ئەوکـات هەمـوو لایەکـیـان لە سـەر گـەڕانەوەیان بۆ فـەلەسـتین یەکـدەنگ نەبوون. ئۆگـانـدا، ئارژانتین، ئەمـریـکا و سـوریەش وەک ئالتـرناتیـو لایەنگرییـان هەبوو. بەڵام لە کـۆنگرەی دووهەمی سـاڵی ١٩٠٥دا، زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە، لایەنگری گـەڕانەوە بۆ فـەلەسـتین بوون.

لەو ڕۆژەوە بە گـەرمـە دەسـتیـانکرد بە گـەڕانەوە بۆ فـەلەسـتین. ئەوانەی دەهاتنەوە لە لایەن سـەرمـایەداران و کـۆڕوکـۆمـەڵە سـیـاسـیـیـە یەهوودییەکانەوە زۆرترین یارمـەتی دەدران و هەمـوو ئیمکاناتێکیـان لە ئیـختـیار دەنرا، هەتا باشترین زەوی فەلەستینییەکان بکڕن و ئیجارەی بکەن. ڕۆژ لە ڕۆژ نفـووسـیـان لە زیادبووندا بوو. تەنگیـان بە خـەڵکە خۆجێییەکان هەڵچنی! بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە ساڵی ١٩١٤، ٩٤٪ دانیشـتووانی فەلەستین غـەیرە یەهوودی بوون، کەچی سـاڵی ١٩٤٧ لە کۆی ١،٨٦٧،١٢٠ی دانیشـتـووانی ئەو وڵاتە، ٦٠٠،٠٠٠یان جوولەکە

بوون و، لە کاتی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل(١٩٤٨)یش بوونەتە ٧١٧,٠٠٠ کەس. لە ساڵی ١٩٤١ هەتا ١٩٦١ زەوی ژێر دەسەڵاتی جوولەکەکان، لە ٩٢٨ کیلۆمیتری چوارگۆشەوە بۆتە ٣,٢٤٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە! لە ١٩٤٨ هەتا ١٩٦٠ نزیکەی ١,٢٥٠,٠٠٠یەهوودی لە ١٠٠ وڵاتی دنیاوە کۆچیان کردووە بۆ فەلەستین.

شەڕی یەکەمی جیهانی ئەگەر بۆ هێندێک لە نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانی خێرێکی هەبووبێ، بۆ دوو گەلی کورد و فەلەستینی بوو بە سەرەتای بێبەشی و چارەڕەشی و، لەت و کوتبوونیان. لەوشەڕەدا، فەلەستین لە ژێر چنگی تورکانی عوسمانی هاتەدەر و کەوتە ژێر سەرپەرستی و چاوەدێریی بریتانیاوە. فەلەستینییەکان چاوەڕوانی ئاکامی شەڕ و سەرکەوتنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بوون، بەڵکوو ئاوڕێکی بەخێریان لێبدەنەوە. کەچی لە جەنگەی شەڕدا لە ساڵی ١٩١٧، بریتانیا بڕیاریدا: لە زووترین کات جێگایەک بۆ یەهوودییەکان لە سەر عەرزی فەلەستین دیاری بکات!

ئەو بڕیارە و کۆچی بەلێشاوی یەهوودییەکان بۆ فەلەستین و، دەستە وەستانی کۆڕی نەتەوەکان(عصبەالامم)، بوونە هۆی چەندین مانگرتن و ڕاپەڕینی خوێناویی یەک لە دوای یەکی فەلەستینییەکان و، سەرەنجام بریتانیا ساڵی ١٩٣٩ بەرنامەیەکی دەساڵەیی بۆ حەلی کێشەکە پێشنیار کرد کە کاکڵەکەی بریتی بوو لە: ١) دروستکردنی دەوڵەتێکی یەهودی ـ فەلەستینی لە سەر عەرزی فەلەستین؛ ٢) ڕاگرتنی فرۆشی زەویوزار بە یەهوودییەکان و؛ ٣) هێنانەوەی ١٠٠,٠٠٠جوولەکەی تر بۆ فەلەستین (لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٩ هەتا ١٩٩٤٤) و، لەوە بەدوا بەبێ ئیزنی فەلەستینییەکان مافی گەڕانەوەیان نەبێت.

ئەگەرچی بەرنامە دەساڵەییەکەی بریتانیا نەیدەتوانی دوو گەلی فەلەستینی و یەهوودی ڕازی کات، دیسانیش بە هۆی بەرپابوونی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هەر لە سەر کاغەز مایەوە و، کێشەکەشی بە ئاڵۆزاوی و حەلنەکراوی هێشتەوە. جوو و فەلەستینییەکانیش لە ماوەی شەڕدا لایەنی بەرەی دژی فاشیزمیان گرت و تارادەیەک دەستیان لە شەڕ و پێکدادانی ناوخۆیی هەڵگرتبوو.

کوشتاری بەکۆمەڵی پتر لە شەش میلیۆن جوو بە دەستی ئاڵمانی نازی لە ماوەی شەڕی دووهەمدا و هاتنە مەیدانی ئەمریکا وەک هێزێکی گەورەی نیزامی، سیاسەتی دۆست و پشتیوانی جوو، تەرازووی هێزی بە قازانجی سەهیۆنیزم گۆڕی. لەلایەک جوولەکەکانی دانیشتووی ئەمریکا، بۆیەکەمجار ساڵی ١٩٤٢ لە کۆنفرانسێکدا خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهوودی بوون لە سەر عەرزی فەلەستین! لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتووەکان لە ژێر فشاری کۆڕ و کۆمەڵی لایەنگری یەهوودییەکان و، بە پێشنیاری ئەمریکا و شووڕەوی لە ساڵی ١٩٤٧دا، بەرنامەیەکی تازەی بۆ حەلی کێشەی جوو و فەلەستین تەسویب کرد، کە بریتی بوو لە: ١) کۆتایی هێنان بە سەرپەرستیی بریتانیا لە ئۆکتۆبری ١٩٤٨دا؛ ٢) پێکهاتنی دوو دەوڵەتی یەهوودی ـ فەلەستینی لە سەر عەرزی فەلەستین و؛ ٣) بەیتولموقەدەس وەک شوێنێکی نێونەتەوەیی ئیدارەبکرێ.

ئەگەرچی ئەو تەرحە، هەتا ئێستاش تەنیا ڕێگا چارەی مومکینە بۆ بڕانەوەی کێشەی هەزاران ساڵەی سەر عەرزی فەلەستین، بەڵام ئەوکات فەلەستینییەکان بە هومێدی یارمەتی و پشتیوانی هێزی زۆر و بۆری وڵاتانی عەرەبی، پێی ڕازی نەبوون و، ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانیش نەیتوانی بەرنامەکەی خۆی بەڕێوەبەرێ. ئێستاش ئیسرائیل لە وەها باروودۆخێکدا نییە کە بە هاسانی بۆ ئاوەها تەرحگەل و ڕێگاچارەیەک مل ڕابکێشێ.

هەرچەند، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستاکەش، پێشڕەوانی گۆڕەپانی ئەو خەباتە خوێناوی و پڕکارەساتە درێژخایەنە، هەر فەلەستینییەکان خۆیانن و بەس. ئەوانن بوونەتە دەستەچیلەی ئاگری شەڕەکە و دەیان هەزار شەهیدیان داوە. ماڵیان کاول و وڵاتیان داگیر کراو و خۆیان دەربەدەرن، بەڵام وڵاتانی عەرەبیش هەتا ئەو جێگایەی بۆ پەز زەرەری نەبووبێ و لە خۆیان ڕادیبێ، یارمەتی ماڵیی فەلەستینییەکانیان داوە. زۆرجاریش دەگژ جوو ڕاچوون و لەگەڵی بە شەڕ هاتوون. بەڵام هەموو شەڕەکان بە قازانجی دەوڵەتی ئیسرائیل تەواو بوون!

یەکەم شەڕ لە ساڵی ٤٩- ١٩٤٨ (لە کاتی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بوو)، کە جوو تێیدا سەرکەوت و باشووری بەیتولموقەدەسی داگیر کرد. دووهەم شەڕ(١٩٥٦)، ئیسرائیل بە یارمەتی بریتانیا و فەڕانسە پالاماری میسری دا لە کاناڵی سوئێز. سێهەم شەڕ کە مەشهوورە بە شەڕی شەشڕۆژە(١٩٦٧)، ئیسرائیل بە یارمەتی ئەمریکا دەوڵەتەکانی میسر، سوریە و ئۆردۆنی تێکشکاند و سەحرای سینا (میسر)، بەرزاییەکانی جۆلان (سوریە)، باریکەی غەززە و ڕۆژهەڵاتی بەیتولموقەدەسی لە ئۆردۆن داگیر کرد. شەڕی چوارەم (١٩٧٣) میسر و سوریە بە دوو قۆڵی هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل.

لە کاتی هەریەک لە شەڕەکانی یەهوودی و فەلەستیندا، ڕێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان، هەوڵی ڕاگرتنی شەڕەکە و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی بۆ بڕانەوەی کێشەکە داوە و، هەر جارەش قەتعنامەیەکی دەرکردووە. بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل هەتا ئێستاکەش هیچیەک لەو قەتعنامانەی بە تەواوی بەڕێوەنەبردووە. چی بە قازانجی خۆی بووبێت رعایەتی کردووە و ئەوەی کەڵکیشی بۆ گەلی بەشخوراوی فەلەستینی تێدا بووبێت، پشتگوێ خراوە و بەڕێوەنەبراوە و، کەسیش بە جووی نەگوتووە پشتی چاوت برۆیە! دەڵێن: «ئاوی زاڵم سەر بەرەو ژوور دەڕوا». بە کورتی: دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، نەزم و قانوون و دار و لەلە هەر بۆ گەلانی بندەست و وڵاتانی بێدەسەڵاتە و، نەزمە نوێ و جیهانییەکەی ئەمریکاش زۆری خێر نەداوە!

**سەرچاوەکان:**
١) قورئانی پیرۆز.
٢)تەوڕات.
٣) منجد الغە.
٤) تاریخ ایران
٥- درباره فلسطین (تاریخچه و سیر تحولات).

تێبینی: ئەو دوو تەرحەی لەو نووسراوەیەدا هاتووە، لە ڕۆژنامەی (DN, Sön 14 April 2002, A7) خوازراوەتەوە ـ گزینگ.

# له گرەی ئەنفالەوە بۆ شنەی ئازادی

سێ نووسینی: حەمەسەعید حەسەن

## ١) له گرەی ئەنفالەوە بۆ شنەی ئازادی

شەوان گەلێ کەس کە دەیان دی وا مولازم موحسین بە پیکاب و پرۆجێکتەرەوە لە دوایانەوەیە، یان بەرەو رووبان دێ، بۆ ئەوەی خۆ لە گێچەڵی بپارێزن، وەک سەرخۆش خوار دەڕۆیشتن، ئەویش هەندێ جار هاواری دەکرد: دەویتینە، رێک برۆن! من چەند جارێ تووشی هاتووم. رۆژێکیان لە شەقامی ئیبراهیم پاشا، گۆڤارێکی ‹ئەقلام›م بە دەستەوە بوو، لە دوو توێیدا زەرفێک هەبوو، نووسینێکی بۆ پۆستکردن ئامادەکراوی تێدا بوو، گوتی: ئەوە چییە؟

گوتم: مەقالەیەکی ئەدەبی یە.

گوتی: دەترسم مەنشووراتی سری بێ.

شەوێک رایگرتین و لە هاورێکەمی پرسی: تۆ چیت؟ ئەویش گوتی: ئینسانم. مولازم موحسین بە تووڕەییەوە پێی گوت: چما من ئاژەڵم! ئەو شەوە زۆری سووکایەتی پێ کردین.

***

چەند هەڵەیە تەنیا گرینگی بە نێوەڕۆک بدەی، هێندەش هەڵەیە دەق لە جیهانی دەرەوە داببڕی و تەنیا بایەخ بە پێکهاتەکانی بدەی. چەند هەڵەیە هەموو هەوڵت بۆ پێوەندیی نێوان دەق و واقیع تەرخان بکەی، لای کەم هێندەش هەڵەیە هەموو هەوڵت بۆ پێوەندیی نێوان وشەکانی نێو دەقەکە تەرخان بکەیت، خەناوکەی دەق بپچڕێنیت و مووررووی هەر وشەیەکی لە زیندانێکدا بەند بکەی، لە بازنەی دەقەکەدا خۆت زیندانی بکەیت و پێت وابێ دەق سەربەخۆیە و هیچ پێوەندییەکی بە دەرەوەی خۆیەوە نییە. چونکە بە هەردوو بارەکەدا گرینگترین شت کە لایەنی هونەری دەقەکەیە، فەرامۆش دەکەی. چونکە دەق هاوزەمان ناوەوە و دەرەوەیە، هەڵەیە تەنیا سەرنجی دەرەوەی بدەین، ناکرێ تەنیا ناوەوەی ببینین. با دەق هەمیشە پێوەندیی نێوان خودی داهێنەر و دەرەوەش بەرجەستە بکا، لێ کە شیعرێک بەسەر دەکەینەوە، گرینگترین پرسیارێ کە پێویستە وەڵامی بدەینەوە، شیعر بوون یان نەبوونی دەقەکەیە. کە چیرۆکێک دەخوێنینەوە، گرینگترین پرسێ کە ئاوڕی لێ بدەینەوە، هونەری بوون یان نەبوونی چیرۆکەکەیە. لە کن نووسەر گرینگ نووسینی بەرهەمێکی تازە نییە، گرینگ داهێنانی شتی نوێیە. ئەرکێکی سەرەکی رەخنەگریش ئەوەیە دەرک بەو لایەنە نوێیە بکا.

چونکە لە هەر دەقێکدا شێوە و نێوەڕۆک پێوەندییەکی هێندە قووڵ و پتەویان لە نێواندایە، جیاکردنەوەیان مەحاڵە، چونکە دەق یەکەیەکی هونەری یە و دەستنیشان کردنی سنووری نێوان شێوە و نێوەڕۆک تێیدا لە توانا بەدەرە، بۆیە رەخنەگر کە دەقێک بەسەر دەکاتەوە، خوێنەر هەست ناکا، لە کوێدا باس باسی شێوەیە و لە کوێدا رووناکی لەسەر نێوەڕۆکە. لە دەقی ئەدەبیدا لایەنە هونەرییەکانی بەرهەمەکە و جیهانبینی داهێنەرەکەی، دوو شت نین، یەکێکن.[١]

وەک چۆن هەموو کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەموو زمانێکیش لایەنی تایبەت بە خۆی هەیە و مەرج نییە پۆشاکی تیۆرییە نوێیەکان هەمیشە پڕ بە بەری زمان و ئەدەبی ئێمە بن. هەندێ لەوانەی لە سۆنگەی ئەوەوە دژی مارکسییەکان بوون، کە واقیع لەبەر چاو ناگرن، هەنووکە خۆیان بێ رەچاوکردنی واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری، تووتی ئاسا ئەو تێزانە دەڵێنەوە کە لە واقیعێکی تەواو جیاوازەوە سەریان هەڵداوە.

رەخنەگر بە دڵنیاییەوە ئەو شتانە ناڵێتەوە کە لە مێژە ئامادەن، گومان دەکات و پرسیار دەورووژێنێ، هەر بەو دوو باڵەش دەکارێ زیندانی ئایدۆلۆژیا جێ بهێڵێت و ئاسمانی مەعریفە تەی بکا. رەخنەگر لاسایی ناکاتەوە، ئاخر لاساییکردنەوە هەمیشە وەچەی شێواوی لێ دەکەوێتەوە. رەخنە نە خوێندنەوەیەکی رووکەشانەیە، نە بەسەرکردنەوەیەکی لووتبڵندانە، لەوانەی لەبری رۆشنکردنەوەی بەرچاوی خوێنەر، هێندەی تر بە تەمومژی زاراوەی نامۆ و بە دەربڕینی ئاڵۆز ئاسۆی بینینی لێڵ دەکەن.

***

ئێمبێرتۆ ئێکۆ دەڵێ: ئەگەر قەرار بێ، فلان کارەکتەرم لە فیسار شارۆچکە، لە وێسگەی شەمەندەفەر بۆ کڕینی رۆژنامەیێ دابەزێ، سەردانی ئەو شارۆچکەیە دەکەم، بزانم ئیمکانی وەستانی شەمەندەفەرەکە و کڕینی رۆژنامەکە هەیە. ئەوە بە زەقی بە نۆڤلێتی «مولازم تەحسین و شتی تریش»ەوە دیارە[٢]، کە فەرهاد پیرباڵ لە ژیانیدا نە پێشمەرگایەتی

کردووە،[3] نە حیزبایەتی، دەنا لە باسی چالاکی و کاروباری پێشمەرگە و ڕێکخستندا و تەنانەت لە نووسینی ناوی دەزگاکانی شۆڕش و حیزبیشدا، هەڵەی هێندە زەقی نەدەکرد. من ئەوە بە لایەنێکی لاوازی ئەو نازانم کە لە حیزبایەتییەوە دوور بووە، لێ ئەوی سەبارەت بە هەر بابەت و لە هەر بوارێکدا بنووسێ، دەبێ بە شارەزاییەوە بێتە گۆڕەپانەوە. ئایا هیچ جەنەراڵێ توانیوێتی لە تۆلستۆی باشتر باسی جەنگ بکا؟

(نازناوی حیزبی. مولازم تەحسین و... ل ۱۰۹) نازناو: ئیسمی دەلەعە، ناوی نهێنی، ناوی حیزبی یان ناوی حەرەکی ڕاستێ. (دادگای شۆڕشی ناو گوند ل ۸، ڕێکخراوی پێشمەرگان ل ۲۲، سەرکردایەتی شۆڕشی پێشمەرگەی شاخ ل ۳٤، دەزگای ڕاگەیاندن و بەشی نهێنییەکانی شۆڕش ل ٤٤، مەکتەبی نهێنییەکانی حیزب ل ۹٤)، ئەم دەزگایانە کە زادەی خەیاڵی فەرهادن، نەشارەزایی وی نیشان دەدەن.

عەرەقی فەل ل ۹۷، مولازم تەحسینمان پێ ئاودیوی شاخ بکەن ل ۱۱٤، عارەقی فەل و دەربڕینی ئاودیو، دوای ڕاپەڕین داهاتن. ئاودیو مەبەست لە هەناردنی شتومەکە بۆ کوردستانی دیوی ئێران، نەک شاخ. پیاوانی مۆساد ۱۹۷۲/۷/۸ «غەسان کەنفانی»یان تیرۆر کرد، نووسەرێکی کورد لە چیرۆکێکیدا کە گوایە پێش ئەو ڕووداوە نووسیوێتی، باسی لە تیرۆرکردنی کەنفانی کردبوو، ڕەخنەگرێک بۆ قۆشمە پێی گوتبوو: دەشێ سەر بە مۆساد بی، ئەگەر نا چۆن پێش تیرۆرکردنی کەنفانی، ئاگاداری ئەو پلانە بووی! فەرهادیش دەبوو ئاگاداری ئەوە بووایە کە ئەو باس لە ڕووداوەکانی دە ساڵێ پێش ڕاپەڕین دەکا. ڕاستە چیرۆکنووس مێژوو ناگێڕێتەوە، لێ ئەگەر مێژووی شێواند، خوێنەر متمانەی پێ ناکا.

بانقە حکوومییەکەی شار ل ۱۰۰، لە سلێمانی بانکی ئەهلی نەبووە. ئەوی بەیانیان لە دووکانەکەی نزیک چێشتخانەی عەلی سوور دەخورێ ماست و هەنگوین نییە، وەک نووسەر لە ل ۷۳ دا بۆی چووە، قەیماغ و هەنگوینە. هەنگوینەکە ناکرێتە قاپێکی سەربەخۆوە، لەگەڵ قەیماغەکەدا، پێکەوە دەکرێنە سەر قاپێکی پان. ئیبراهیم پاشا (ل ۷۵) گەڕەک نییە، شەقامە.

***

ژاک لاکان زۆر بایەخ بە ڕۆڵی زمان لە گەشەسەندنی خوددا دەدا. ئەو پێی وایە منداڵ تا دەسەڵاتی بەسەر زمانێکدا نەشکێ، نابێتە خودێکی تەواو و هەر منداڵێ نەخوازێ فێری زمانێک ببێ، ناساغە و نابێتە ئەندامێکی چالاکی نێو خێزان، یان کۆمەڵ. چونکە تەلاری چیرۆک بە کەرەسەی زمان ڕۆ دەنرێ، بۆیە مەرجی یەکەمی نووسین، بەسەر زماندا زاڵبوونە، بە تایبەتی چیرۆک دەبێ بە زمانێکی پوخت بنووسرێ، ئاخر ئێمە لە ڕێی چیرۆکەوە فێری زمانێکی ڕەوان دەبین.

«کاتێ باجی بنار لەگەڵ ئەختەر یەکانگیری یەکتر دەبوونەوە» (ل ٥١)، یەکتر زیادەیە. «مولازم تەحسین داخوازی دەستم دەکا» (ل ۹۱)، داخوازیم یان داوا، یان خوازبێنیم دەکا، ڕاستێ، «دەستم»ی ناوێ. «شاخ و داخی ئەنگوستەچاو» (ل ٦۸)، ئەنگوستەچاو، کە بە مانای تاریک و نووتەک دێ، بۆ شەو دەشێ، نەک بۆ شاخ. «کورتەک و شەڵوارە مرادخانییەکەی لەبەر نەبوو» (ل ۷۱)، مرادخانی، تەنیا جۆرە کورتەکێکە، شەڵوار نییە. «بە درێژایی نۆڤلێتەکە تووشی یەک ڕستەی شیعری هاتم: چاوەکانی هێندە ڕوون و گەش و پاک بوون، هیچ ترس و گومانێکی تێدا نەدەشاردرایەوە» (ل ۱۲۱)، ئەویش لە ڕووی ڕێزمانەوە هەڵەیە، ئاخر «گومانێکیان» ڕاستە. «تەیری پووت عاشق بە داری زەقنەپووت» (ل ٤۲)، ڕاستییەکەی تەیری گوڵ عاشق بە داری زەقنەبووتە. «هەی هەناویان بە خوێنی داتەکاو بێ» (ل ۱۳۱)، هەناری داتەکاو ڕاستە. «ئەختەر لەسەر ئاو و ئاگر چاوەڕێی وەڵامێتی» (ل ۱۰۱)، تەنیا لەسەر ئاگر ڕاستە، ئاخر ئەگەر ئاوی تێ کەوت، ئاگرەکە دەکوژێتەوە. «کتێبەکانی ڕۆزا ئەهرەنبورگ و سیمۆن دی بوڤوار و ئەنجیلا دیڤزم بۆ هێنابووی» (ل ٥۳)، ڕۆزا لۆکسمبورگ ڕاستە.

لە هەندێ شوێندا نۆڤلێتەکە کاریگەرێتی شیعری شێرکۆ بێکەسی پێوە دیارە. «هەر لە ناو دەرگا جوامێری لە هەمبێز گرت» (ل ٤۳)، شێرکۆ لەو شیعرە جوانەیدا کە بۆ جەمیل ڕەنجبەری گوتووە، دەڵێ:

«هەر لەبەر هەیواندا باوەشی پیا دەکەم».[4] لە گەلێ جێی تردا، بە تایبەتی کە جوامێر سەردانی ئەختەر دەکا، شوێنپەنجەی ئەو شیعرە دیارە و خوێنەر لە هەندێ شوێنی دیکەی نۆڤلێتەکەدا هەست بە کاریگەرێتی شیعری (لە شەوێکدا)ش، کە ئەویش هەر هی «شێرکۆ»یە،[5] بە تایبەتی کە تەحسین تەرمی پێشمەرگە بە نێو شاردا دەگێڕێ، دەکا.

***

«لەسەر داخوازیی جوامێر دەرپێ داکەندنی بەردەوامی من، بووە شێوەیەکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینی» (ل ۳۱)، ئەمە جێی بڕوا نییە و خوێنەر گومان لە ڕاستگۆیی نووسەر دەکا. «ئەوی پارە و زێڕی بە قادسییەی سەددام بەخشی با، دەبوو بە شۆڕشیشی دابا» (ل ۳٤)، من شایەتی ئەوەم کە هاوینی ۱۹۸۳ لە بالیسان، لە مەڵبەندی چوار، پیاوێکی هەولێری هاتە کن مام جەلال و پێی گوت: توانای ئەوەم نییە ئەو پارەیەی ئێوە داوام لێ دەکەن، بدەم. مام پێی گوت: چەندت بە قادسییەی سەددام داوە، دەبێ هێندەش بە قادسییەی جەلال بدەی.

پێشمەرگە، گەلێ کاری دزێوی کردووە، لێ هەگیز TNT ی لە نێو عەرەبانەی شێلمفرۆشدا جێ نەهێشتووە. من ئەگەر چی دەیان جار ڕەخنەی توند و تیژم لە پێشمەرگە گرتووە، لێ پێم وایە پاژنەی کەوشی بەدرەوتارترین پێشمەرگە، لە تاجی سەری ئابڕوومەندترین ئەفسەری لەشکری داگیرکەر بڵندترە. فەرهاد کە بەراوردی لە نێوان جوامێری پێمیم و تەحسینی ئەفسەردا کردووە و هەندێ جار تەحسینی جوانتر نیشان داوە، بە هەڵەدا چووە، بەڵام کەس مافی ئەوەی نییە لەسەر ئەو هەڵەیە سەنگەری لێ بگرێ، یان پەلی بداتە دەست دادگای تەفتیش.

نووسەر لەسەر زاری (بنار)ەوە دەڵێ: «هەر کەسێ دزییەک بکا، حیزبییەک بکا، کچێک هەڵبگرێ، پیاوێک بکوژێ، لە عەسکەری فیرار بکا، کچێک بکاتە ژن، دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە» (ل٦۷ و ٦۸). فەرهاد دەبوو، ئەو قسانەی لەسەر زاری مولازم تەحسینەوە درکاندبا، یان هیچ نەبێ، کارێکی کردبا ڕەعنا کە گوێی لەو قسانە دەبێ، سووکە داکۆکییەک لە شۆڕش و پێشمەرگە بکا، کە نە ئەمیانی کردووە، نە ئەویان، دەشێ خوێنەر لە نیازخاوێنیی نووسەر بکەوێتە گومانەوە.

جێی سەرنجە سێ چیرۆکنووس کە دووانیان چیرۆکیان بۆ قادسییەی سەددام نووسیوە و یەکێکیان پێوەندییەکی ئاشکرای لەگەڵ بەعسدا

هەبووە، لە ئاستی فەرهاد، کە ڕابردووی ئەگەر پرشنگداریش نەبێ، تاریک نییە، کەوتنە لێدانی لافی شۆڕشگێڕێتی و فرۆشتنی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە.

* * *

ئەو تەکنیکانەی فەرهاد نۆڤلێتەکەی پێ نووسیون، کە لە فرەدەنگی: زاڵ نەبوونی دەنگی نووسەر، پشت بە کۆمەڵێ چیرۆکبێژ بەستن، گێڕانەوە لە ڕوانگەی جیاوازەوە، دابەشکردنی لاپەڕەکە و بە پەرەلێل نیشاندانی بەسەرهاتەکاندا خۆیان دەبیننەوە، تەکنیکگەلێکی دێرین و، نەک هەر گەلێ چیرۆکنووسی بێگانە پێشتر وایان نووسیوە، بەڵکوو تەنانەت لە ئەدەبی کوردیشدا پێڕەو کراون. حەمەفەریق حەسەن، چیرۆکی (جیهانێکی تایبەتی ـ ١٩٨٢)[٦]بەو تەکنیکانە نووسیوە. شیاوی گوتنە هەر هەمان نووسەر، هەمان ساڵ لە چیرۆکی (دووربین)[٧]دا ڕەوتاری مولازم موحسینیشی داوەتە بەر ڕووناکی.

«موپاسان» لە چیرۆکی (مەدموسێل فیفی)[٨] دا باسی فەرەنسای ساڵانی (١٨٧٠ ـ ١٨٧١) کە لە ژێر دەستی بروسیادا بوو، دەکا. مەدموسێل فیفی، ئەفسەرێکی دەنگناسکی، ڕووخسار ژنانەی ئەڵمان دەبێ و خۆی بەسەر «ڕاشیل» دا، کە ژنە لەشفرۆشێکە با دەدات و سووکایەتی بە سەرجەمی خەڵکی فەرەنسا دەکات. ژنەی لەشفرۆش خوێنی دێتە کوڵ، نەک هەر لەشی خۆی ناخاتە بەر دەستی، بەڵکوو دەیکوژێ و هەڵدێ. هەندێ شتی هاوبەش لە نێوان چیرۆکەکەی موپاسان و نۆڤلێتەکەی فەرهاددا هەن، لێ جیاوازیی سەرەکییان ئەوەیە، مەدموسێل فیفی لووتکەی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەیە و مولازم تەحسین ... نموونەی ئەدەبی خۆ بە دەست دوژمنی داگیرکەرەوە دانە.

لە ڕوانگەی «ئاڵتۆسێر»ەوە برێخت دەیویست بینەر لە تەواوکردنی شانۆگەرییەکاندا بەشدار بێ. چیرۆکنووسێکیش ڕێز لە زیرەکی خوێنەر بگرێ، هەموو شتێ ڕوون ناکاتەوە، هەندێ کلیل جێ دەهێڵێ و کردنەوەی گەلێ دەرگا بە خەیاڵی خوێنەر دەسپێرێ. فەرهاد، خوێنەر بە کەسێکی کاڵفام دەزانێ و هەموو شتێکی بە درێژی بۆ باس دەکا. چیرۆکنووس هەیە قسەی وا دەخاتە سەر زاری کارەکتەرەکانی کە لە ئاخاوتنی وان ناچێ، بۆ نموونە، بانگوشێک وەک زانا دێنێتە قسە و مامۆستایەکی زانکۆش وەک بێسەوادێک! خەوشی فەرهاد ئەوەیە هەموو کارەکتەرەکانی بە چاوپۆشین لە پاشخانی کۆمەڵایەتی و فیکرییان هەر بە هەمان توانای دەربڕین و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە دەپەیڤن.

* * *

«ئەدونیس» پێی وایە: «هەموو هونەرێکی ڕاستەقینە، سەر بە ماڵی چەپە». «غەسان کەنفانی»ش دەبێژێ: «ئەو ڕەوتەی خاوەنی هونەرێکی ڕاستەقینە نەبێ، هەر چییەک بێ، چەپ نییە». هەر بەرهەمێ بە ڕاستی هونەریی نەبێ، شۆڕشگێڕانەش نابێ. وەک چۆن هاوارهاوار، نەڕەنەڕ و دروشم بڵندکردنەوە نە دەکەونە خانەی هونەرەوە، نە دەکارن خزمەت بە شۆڕش و کۆمەڵ بکەن، هەرواش بە سووک سەرنجدانی خەباتی نهێنی و بە شێواندنی تێکۆشانی پێشمەرگە، هونەر لە دایک نابێ. «جاسم الرصیف» لە ڕۆمانە دوو بەرگییەکەیدا (الفصیل الثالث ـ ١٩٨٢ـ ١٩٨٣)[٩] کە بە مەبەستی بە ناڕەوا نیشاندانی خەباتی ڕەوای کورد

**«غەریب پشدەری»یان بۆ بارەگای بەعس بانگ کردبوو، بەعسییەک ئەسکەملی بۆ دانابوو، بەعسییەکیش چای بۆ هێنابوو. دواتر پێیان گوتبوو. مامۆستا غەریب، تۆ پیاوێکی بەڕێزی، پێمان خۆشە ببی بە بەعسی. ئەویش گوتبووی: نابم، با هەر بە بەڕێزی بمێنمەوە. ئەها ئێستا کە بەعسی نیم، بەعسییەک کورسیم بۆ دادەنێ و بەعسییەکی دیکەش چام بۆ دەهێنێ، ببمە بەعسی، دەبێ لێرە یان کورسی دابنێم، یان چا بهێنم.**

نووسیبووی و وەک نموونەی باڵای ئەدەبی قادسییەی سەددام ڕێزی لێ نرا، هەر هێندەی فەرهاد ڕووی گەشی خەباتگێڕانی کوردی دزێو نیشان دابوو. فەرهادی بە ئەدەبی فەرەنسایی ئاشنا! دەبوو شوێنپێی موپاسان هەڵبگرێ و چیرۆکی لە بابەتی دادە فیفی بنووسێ، نەک لاسایی «ئەمجەد تۆفیق»ێکی بەعسی بکاتەوە کە لە کۆچیرۆکی (چیای سپی)دا، ژنی کوردی لە زەلکاودا نیشان دابوو. خوازیارم کەس لەم خوێندنەوەیەی من، بەد حاڵی نەبێ و بە گرتنی لایەنی ئەوانەی لێک نەداتەوە کە بە ناوی کوردایەتی و خەباتی چینایەتییەوە، بازرگانی بە خوێنی خەڵکەوە دەکەن. من ئەگەرچی نۆڤلێتەکەی فەرهاد پەسەند ناکەم، لێ ئەگەر هەر کێشەیەکی بێتە پێش، هێندەی بۆم بکرێ بە گژ نەیارانیدا، کە دوژمنانی ئازادیی بیروڕا دەربڕینن، دەچمەوە.

* * *

مام جەلال لایەنی دوژمنانی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری و (مولازم تەحسین...)ی فەرهادی نەگرت، لێ دەنگی خۆی خستە پاڵ نەیارانی (قەسیدەی ئەنفال)ی عارف قوربانی. تۆ بڵێی لەبەر ئەوە بێ، ئەوان بێ لایەن و ئەم سەر بە ینک بوو!

«غەریب پشدەری»یان بۆ بارەگای بەعس بانگ کردبوو، بەعسییەک ئەسکەملی بۆ دانابوو، بەعسییەکیش چای بۆ هێنابوو. دواتر پێیان گوتبوو. مامۆستا غەریب، تۆ پیاوێکی بەڕێزی، پێمان خۆشە ببی بە بەعسی. ئەویش گوتبووی: نابم، با هەر بە بەڕێزی بمێنمەوە. ئەها ئێستا کە بەعسی نیم، بەعسییەک کورسیم بۆ دادەنێ و بەعسییەکی دیکەش چام بۆ دەهێنێ، ببمە بەعسی، دەبێ لێرە یان کورسی دابنێم، یان چا بهێنم.

دەشێ من هەڵە بم و هی ئەوە بێ، موکری و پیرباڵ، ڕەخنەیان لە یارانی مام گرتووە، لێ «قوربانی» یارانی پەیامبەری داوەتە بەر تیری ڕەخنە. مام جەلال لەوانە خۆش دەبێ کە ڕەخنە لە یارانی خۆی دەگرن، لێ یارانی پەیامبەر و هەڵگرانی باوەڕی ڕەسەنی ئیسلام لەسەروو ڕەخنەوە دەبینێ.

* * *

کە چیرۆکنووس بە ڕاستگۆیییەوە باسی ژیان و ئەزموونە تایبەتییەکانی

کارەکتەرەکانی لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەکا، متمانەی خوێنەر بە دەست دەهێنێ. ڕاستگۆیی بەرجەستەکردنی واقیعە بەو شێوەیەی داهێنەر دەیبینێ، نەک بەو شێوەیەی کە هەیە، یان هەبووە، لێ نووسەر هەمیشە دەبێ بە دەستپاکییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکاندا بکا، ئەگەر نا ناتوانێ بەرهەمێکی هونەری بخوڵقێنێ. مەبەست لە دەستپاکی ئەوە نییە کە نووسەر بە موو لە واقیع و ڕووداوەکان لا نەدا، ئاخر ئەگەر وای کرد، ئەوی دەینووسێ، هەر چییەک بێ، ئەدەب نییە، چونکە لە دایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی بێ مامانی خەیاڵ، مەحاڵە. لێ ئەوی زەلکاو وەک (کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو) وێنە بکێشێ، هاوزەمان فەقیر خەیاڵی خۆی دەسەلمێنێ و متمانەی خوێنەریش دەدۆڕێنێ. ڕاستە ئەوی نووسەر وێنەی دەکێشێ، دەبێ جیهانێک بێ، لە واقیع و خەون، لێ لە واقیع تێپەڕاندن، هەڵۆیەکە بە گۆڕینی موحسین، بۆ تەحسین و ئاسۆی قومری بۆ ئاکۆی قومری (ل ٦٧)، ڕاو ناکرێ.

***

برێخت دەڵێ: «کە کارەکتەرێ ڕەوتارێک دەنوێنێ و لێی پاشگەز دەبێتەوە، لەبەر ئەوەیە کە ئینسان مەرج نییە لە دوو هەڵوێستی وەک یەکدا بە هەمان شێوە مامەڵە بکا. بەردەوامبوونی خود بە هەمان شێوە ئەفسانەیە. ئینسان ناوبەناو لەتوپەت دەبێ و سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە». [10] دەق کە وەک «لاکان» بۆی چووە، وەکوو خود، پارچە پارچە و دابەش بووە، کەچی لە مولازم تەحسین... دا هیچ ناکۆکییەک بە ڕەوتاری کارەکتەرەکانەوە دیار نییە. دەقەکە نە لە هیچ بێدەنگ بووە، تا خوێنەر بیهێنێتە قسە، نە ڕێی بۆ وەرگر خۆش کردووە تا شارەزاییەکی پوخت و دروست سەبارەت بەو سەردەمە پەیدا بکا، کە ئاوڕی لێ داوەتەوە. تۆ بڵێی ئەمە کارکردی ئایدۆلۆژیا بێ، کە خود بە نەگۆڕ نیشان دەدات، ڕۆڵی زمان لە گەشەکردنی خوددا سەرکوت دەکات و گەرچی بە ڕووکەش وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، لێ ڕاستییەکەی بە تەمومژی وەهم، حەقیقەت دەشارێتەوە.

ئەگەر شارەزای مێژوو نەبین، بەسەر حاڵی حازردا زاڵ نابین. ئەدەب ئەگەر پشت بکاتە ڕاستگۆیی لەبری ئەوەی کۆمەکمان پێ بکا، چەواشەمان دەکا. دەشێ ئەوی فەرهاد نووسیوێتی ئەوە نەبێ کە ڕەخنەگر باسی دەکا، بەڵام ئەمە شتێکی چاوەڕواننەکراو نییە، ئاخر نووسەر هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەقەکەیدا، ئیدی هیچ دەسەلاتێکی بەسەریدا نامێنێ. لە هەموو چیرۆکێکی جواندا هەندێ لەو شتەی کە بە دوایدا دەگەڕێم و نازانم ناوی بنێم چی، دەبینمەوە، لە (مولازم تەحسین و شتی تر)یشدا هیچم لەو شتە نەدۆزییەوە.


**سەرچاوە و پەراوێز**

١- **محمد دکروب**، *تساؤلات امام الحداثە و الواقعیە فی النقد العربی الحدیث*، دار المدی ٢٠٠١ دمشق.

٢- **فەرهاد پیرباڵ**، *مولازم تەحسین و شتی تریش*، نۆڤلێت، ١٣٤ لاپەڕەی باریک، بنکەی گەلاوێژ، چاپخانەی داناز ٢٠٠١ سلێمانی.

٣- ئاشنایەتی فەرهاد لەگەڵ پێشمەرگەدا تەنیا هەر هێندە بوو، کە ساڵی ١٩٨٤ سەروەختی وتووێژ بە نێو پێشمەرگەدا ملی ڕێی هەندەرانی گرت.

٤- بەرگی یەکەم لە دیوانی شێرکۆ بێکەس، شیعری میوان(٣٧٣)، ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤.

٦- *نووسەری کورد*، ژمارە ١٠، خولی دووەم ١٩٨٢، بەغدا.

٧- نووسەری کورد، ژمارە١١، خولی دووەم ١٩٨٣، بەغدا.

8- Maupassant Guy, *de Fröken Fifi och andra noveller*. 1960, Stockholm

٩- جاسم لە کەناروێ سەرباز بوو، هەر ناوی یەکە سەربازییەکەی ئەوێشی کە لە الفصیل الثالث ی هێزێک بوو، لەو ڕۆمانەی نابوو. هەر ئەو سەروەختە باسێکم( ل ١٠٠ و ١٠١ ی ژمارە ٦٤ی *ڕۆژی کوردستان* دا بلاو کرابووەوە) سەبارەت بەو ڕۆمانە و یەکەمین چیرۆکی کوردی کە گۆرانی بۆ قادسییەی سەددام دەگوت، نووسی؛ وەلێ جێی داخە، ڕێکەوتی ١٧/ ١٠/ ١٩٨٥ ڕۆژی هاتوچۆ قەدەغەکردن و پشکنینەکەی سلێمانی، لەگەڵ بابەتێکی دیکەدا کە تێیدا بەراوردم لە نێوان بەعس و حیزبەکەی هیتلەردا کردبوو، بوون بە خۆراکی ئاگر.

١٠- **کاترین بیلسی**، *الممارسە النقدیە*، ترجمە: سعید الغامدی، ص ١١٨، دار المدی ٢٠٠١ دمشق.


## ٢) هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی کۆن

ساتیرنووس ئەگەر خاوەنی مەسەلەیەک نەبێ، دەبێتە قۆشمەچی. هونەری ساتیرنووسین، لە هونەری نووسینی ڕەخنە، شیعر و چیرۆکی ئاسایی دژوارترە، ئاخر ساتیرنووس وێڕای هەموو خەسڵەتەکانی ڕەخنەگر، شاعیر، یان چیرۆکنووس، دەبێ خوێنیشی شیرین بێ. [1]

کە هاوینی ١٩٣٣ گۆران شیعری (گۆڕان) لە ئینگلیزییەوە دەکاتە کوردی، (بێکەس)یش لە ژێر کاریگەرێتی ئەو شیعرە جوان تەرجومەکراوەدا، هۆنراوەیەک دەنووسێ. [2]

بێکەس دڵی بڕوای نەدا خامۆش بێ
لە بەستەیا کوردستان فەرامۆش بێ،
لە ڕووی شیری ڕووتا وەستا و نەڕانی
ئازادیی ویست بۆ گەل و نیشتمانی [3]

گۆران لە دێسەمبەری ١٩٦٠ دا بە شیعرێک یادی بێکەس دەکاتەوە و پێی دەڵێ: «تا داری ئازادی بەستەی سەر زاری کورد بێ، تۆ زیندووی». یەکێک لە شیعرە جوانەکانی گۆران، دەقی (هاوڕێم بێکەس)ە، کە بۆ کۆچی دوایی ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕەی گوتووە:

شاعیرێک بوو، فەننان بوو
ئەدای خوڕ، خرۆشان بوو،
بە شیعری جوان نەڕانی
بە یادی کوردستانی [4]

بەهاری ١٩٨٣ کە بەعس (یەکێتیی نووسەرانی کورد) هەڵدەوەشێنێتەوە و شێرکۆی کوڕی بێکەس، دەچێتە ڕیزی یەکێتییە کارتۆنییەکەی ڕژێمەوە، هۆگری کوڕی گۆران، لە ژێر کارکردی ئەو ڕووداوە بۆ ئەو

چاوەڕواننەکراوەدا و بە زەبری ئەو هاوڕێیەتییە قووڵەی نێوان باوکیان، ساتیرەشیعرێک بۆ شێرکۆ بێکەس دەڵێت، تێیدا گۆرانی کوڕ، چەند دێڕێک لە شیعری (هاوڕێم بێکەس)ی، گۆرانی باوکەوە، دەخوازێ، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

### هاوڕێم شێرکۆ

مێشکم ئینتەلای تووش بوو
ئەوەندەی شیعر تێ چوو
شیعری جەنابت قوربان
ئەی شاعیری میهرەجان
شێرکۆی کوڕی بێکەس بووی
کاک فایەق هەر تۆی بەس بووی
بە پێچەوانەی باوکت
نوێخواز و نوێهەوەس بووی
هەم قۆز و قارەمان بووی
هەم شیک و میهرەبان بووی
بۆ هۆنراوە و هونەرت
تاجت خستە سەر سەرت
شێری کۆڕ و مەیدان بووی
بە سەلیقە فەننان بووی
ئەدای خوڕ خرۆشان بووی
لە هەموو کوردستانا
لەناو بیرئازادانا
ئیشارەتیان ئەکردی
زوو زوو ناویان ئەبردی
کەچی ناوەکەت زڕا
گلۆپ بووی، بووی بە چرا
چرا بووی، بووی بە گومرا
لە پێرار و پارەوە
نرخت هاتە خوارەوە
ئیستیمارەت ئیمزا کرد
بۆ مچە و عەزەی مەلا٥
باوکی خۆتت لە بیر چوو
بووی بە نۆکەری کابرا
ئەرێ حەیفت نەکرد، برا؟

هۆگرگۆران ١٩٨٣ سلێمانی

#### سەرچاوە و پەراوێز


١- محمد دکروب، *تساؤلات امام الحداثه و الواقعیه فی النقد العربی الحدیث*، ص ١٨٥ ، دار المدی ٢٠٠١ دمشق.
٢- محەممەدی مەلا کەریم، *دیوانی گۆران*، بەرگی یەکەم ل ٤٣٧، بەغدا ١٩٨٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق.
٣- هەمان سەرچاوە، شیعری یادی بێکەس. ل ٣٣٩.
٤- شیعری هاوڕێم بێکەس، ل ٨٣، هەمان سەرچاوە.
٥- مچە: مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم. عەزەی مەلا: هێژا عیززەدینی مەلا مستەفا (د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ).


* ناونیشانی ئەم باسە، لە یەکەمین دێڕەشیعری (یادی بێکەس)ی گۆرانەوە وەرگیراوە.

هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆنی عومرە
بۆیە فرمێسک لە چاویایە ئەم شیعرە



دایکی سۆلاف (نووسەر و شاعیر) : ١٩٦٥

### ٣) هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی کۆنتر

کە نووسەرێکی لە ڕژێم نزیک، بە ئاگاداریی هێژایان «سەلام مەنمی» و «زایەر ئەحمەد سەوز»، سەروەختی چلەی مامۆستا «سادق بەهادین»، لە دهۆک گوتی: لقی سلێمانیی نووسەران هەر خەریکی یاپراخ خواردنن، گوتم: یاپراخ خواردن لە کورسی بۆ بەعسی دانان، باشترە. ئاخر ئەو ئەنتی یاپراخە بە بەر چاوی تیژی خۆمەوە، کورسیی بۆ بەعسی دانابوو. ئەمە بێجگە لەوەی لقی سلێمانی ئەوسا لە لقەکانی دیکە چالاکتر بوو.
دە ساڵێک بەر لە ئێستا «غادە سەممان» ئەو نامە دڵدارییانەی بڵاو کردەوە کە لە «غەسان کەنفانی»یەوە پێی گەیشتبوون. «محەممەد دەکرووب» پێی وایە ئەدەبی عەرەبی نامەی دڵداریی لەوانە جوانتر نووسراوی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوی ع. ح. ب (محەممەد حسێن بەرزنجی) بۆ یاپراخەکەی دایکی سۆلافی نووسیوە، ناکەوێتە خانەی شیعری دڵدارییەوە، ئاخر بە (خوشکێ) دەست پێ دەکا، وەلێ من هەر مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیم لە سەبری خان وەرگرت.
لە شیعری کلاسیکدا شابەیت هەیە، (خاڵێ، بە لای لێوییەوە، دەناڵێ)،

شاوێنەی ئەم شیعرەیە کە ع. ح. ب بە زمانێکی هێندە ئاسان نووسیویە، نە ڕەمزێکی تێدایە تا هەوڵی شیکردنەوەی بدەم و نە دیوی ناودوەی هەیە تا پێیدا شۆڕ ببمەوە. لەو شیعرانە نییە کە تەڵەت بۆ دەنێنەوە و خۆیانت لێ دەشارنەوە. لایەنی هەرە گەشی ئەم شیعرە کە هیچی لەو دیو وشەکانییەوە حەشار نەداوە، تا من ئاشکرای بکەم، ئەوەیە هەر ڕووداوێک ناگێڕێتەوە، بەڵکوو ڕووداوێکیشە.

ڕاستە شیعر دەنگی تاکە کەسێکە و مەرج نییە وەک ڕۆمان بۆ خەڵکێکی زۆر بپەیڤێ، لێ ئەمە بەو مانایە نییە بریتی بێت لە وێنەی سەیری بە تەمومژ دەورگیراوی لە تێگەییشتن بەدەر. بەشێکی گرینگی ئەو بەرهەمانەی بە نێوی شیعری نوێوە بڵاو دەکرێنەوە و کەس لێیان تێناگا، لە ساختە لە خوێنەر کردن بترازێ، هیچی دیکە نین. «پرۆمیتیۆس ئاگری لە خوداوەند دزی و پێشکەشی خەڵکی کرد، هەندێ شاعیری خۆ بە نوێخواز زان، دەڵێی شیعر بۆ خوداوەندەکان دەنووسن، ئەگەر نا خەڵکی سەر زەوی لە زمانیان تێدەگەیشت». ئەوانەی بە ئومێدی بردنەوەی داهاتوو، پشت دەکەنە ئێستا، لە وەهمدا دەژین. کە شیعر لە خەیاڵێکە و خوێنەر لە خەیاڵێکی دیکە، ئەوە هۆی ئەوەیە شاعیر بە چاوی ڕاستەقینەی خۆی سەرنجی دەوروبەری نادا، بۆ ئەوەی شیعر و خوێنەر لێکتر دانەبڕێن، دەبێ شاعیر هانا بۆ چاوی خۆی ببا.

غەسان کەنفانی دەڵێ: «هەندێ جەردەی شیعر پەیدا بوون، ئەوی چێژ لە شیعریان وەرنەگرێ، بەرهەمیان بە تازەگەری و شۆڕشی شیعری نەناسێت و داکۆکییان لێ نەکا، بە جاهیل، کۆنەپارێز و دواکەوتووی نێوزەد دەکەن. من بە ڕاشکاوی دەڵێم: لەو شیعرانە تێناگەم و بە وڕێنەی گەنجێکیان دەزانم، تووشی چەپاندن هاتبێ و ئارەزووی تۆمارکردنی وڕێنەی هەبێ».[1]

تازەگەری لە شیعردا، ئەگەر پێبەند نەبێ بە تازەگەریی کۆمەڵایەتییەوە، هیچ واتایەکی نابێ. لاساییکردنەوەی کوێرانەی ئەزموونی گەلێکی دیکە، کە زادەی زەمینەیەکی جیاوازە، درەختێکە زڕ. شتی تازە، گەرچی لە سەرەوەختی کێشە، ململانێ و شەڕ لەگەڵ شتی باودا ڕەگ دادەکوتێ و گەشە دەکا، وەلێ بۆ خۆ نوێکردنەوە، پێویستی بە ڕەخنە لە خۆ گرتنیش هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەدا، ئەم دەقەی ع. ح. ب گەرچی زنەیەکی ڕوون و تەنکە، نەک زەریایەکی قووڵی پڕ لە نهێنی، لێ گەلێ لەو وشە ڕیزکراوانەی بە ساختە بە شیعری قووڵ و گران بەسەر خوێنەردا ساغ دەکرێنەوە، شیعرترە.

## داوەتی یاپراخ

خوشکێ
لە زۆر شتا سەرپشکێ
لە یەکێتیی نووسەران
بەڵێنی دا بە یاران
لە کام گۆشت قەڵەو و چەورە
بکا داوەتێکی گەورە.
بە بڕیاری گشت
داوەت لەسەر یاپراخ نیشت.
بەڵێندەر وەکوو بەیداخ
چووە ژێر باری یاپراخ.
یاپراخ
دەستکردی شۆڕەژنێکی گوستاخ
دەوری درا
ئەنگوستی پێوە خورا،
بەڵام ئاخ
ئەم یاپراخە ئەگەر
دەگەیشتە سەر لوتکەی شاخ
سەر ئاو و بەر سێبەر
ئەوسا ئاخ
وەک گەوهەری شەوچراخ
پڕ دەبوو
لە شادمانی و ئارەزوو
ئەوسا
باشتر بە دڵەوە دەنووسا
بەڵام ئاه ئاخۆ قەت
دڕندە و دێو
ئەدەن دەرفەت
یاپراخ بگاتە لوتکەی کێو؟

*

سەبری خان
ئافرەتێکە میهرەبان
نازناوی
وەک شاعیرێک ناسراوی
دایکی سۆلافە
ناڵێم وەک ژنە جافە،
وەک وان بە لافوگەزافە
بەڵام پەریی پشت کێوی قافە.
ئەم ئافرەتە
نە کورت و نە کەڵەگەتە
مام ناوەند تەمەنە
بۆنخۆش وەک یاسەمەنە
خاڵێ
بە لای لێوییەوە دەناڵێ
دەڵێی دیەنی دڵگیری خاچە
هەردەم چاوەڕێی ماچە.

ع. ح. ب ١٩٨٠ سلێمانی

١- محمد دکروب، *تساؤلات امام الحداثه و الواقعیه فی النقد العربی الحدیث*، ص ٢٠٢ و ٢٠٣، دار المدی ٢٠٠١ دمشق.

# سەلمان روشدی و حەقیقەت لە ئەدەبیاتدا

دوکتور «صادق جلال العظم»

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەنوەر سوڵتانی

**سەرەتای وەرگێڕ**

ئەم وتارەی وا ئێستا تەرجەمە کوردییەکەی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەری کورد، عەرەبێکی موسوڵمانی خەڵکی سووریا نووسیویە و پاشان وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فارسی. من لە ڕاستیدا تەرجەمە فارسییەکەم کردۆتە کوردی.
هۆی کارەکەی من ئەوەیە کە وتارێکی ڕوونکەرەوە و بە ڕێوجێ یە و لایەنی ئەدەبی کتێبی «ئایەتە شەیتانییەکان»ی خستۆتە بەرباس و بەلای مەسەلەی ئایین و بیروبڕوای خەڵکدا نەچووە.
من کە هەستم دەکرد گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودالە مەسەلەی هەڵسەنگاندنی کارەکانی سەلمان روشدی خاڵی بووە و کەس هەوڵی نەداوە بە چاک یان بە خراپ ئاوڕ لە مەسەلەیەکی وەها جیهانگر بداتەوە، بە خوێندنەوەی وتارەکەی «صادقجلال العظم» هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە دەکرێ بێ ئەوەی خۆ لە لایەنی ئایینی مەسەلەکە بدەی، بچیە سۆراغی لایەنی ئەدەبی کارەکەی روشدی و ناوەرۆکی بیر و بۆچوونی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئەو شی بکەیەوە.
وەرگێڕانی وتارەکە لەلایەن منەوە، نیشانەی پەسندی هەموو بۆچوونەکانی «صادق جلال العظم» نییە، بەڵام لام وایە وەک نووسەرێکی عەرەبی موسوڵمان لە ناو کۆمەڵگایەکی عەرەبی ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم و گەرمە بازاڕی فەتوای کوشتنی روشدی دا، توانیبێتی تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕاستییەکان لە ژێر پەردە دەربهێنێ و لایەنی بەرزی ئەدەبی کارەکانی سەلمان روشدی بخاتە ڕوو. ئەوی منم، ڕێزی زۆرم بۆ بیر و بڕوای ئایینی خەڵک هەیە و بە هیچ شێوەیەک نامەوێ تێکەڵاوی مەسەلەی ئایین و ئەو بابەتانە بم وا بە دوای کتێبی «ئایەتە شەیتانییەکان» دا هاتوون. تەرجەمەی وتارەکە تەنیا بۆ دەرخستنی لایەنی ئەدەبی کارەکانی سەلمان روشدی یە و بەس، لەگەڵ نووسەری وتارەکەشدام کە "نابێ کارێکی ئەدەبی بە پێوانەیەک جگە لە پێوانەی ئەدەبی بپێورێ".
ئەم وتارە لە ڕاستیدا کورتکراوەی کتێبێکە بە ناوی «سەلمان روشدی و حەقیقەت لە ئەدەبیاتدا» کە دوکتور «صادق جلال العظم» ـ مامۆستای زانستگەی دیمەشق بە عەرەبی نووسیویە و «محمد ایروانی» وەرێگێڕاوەتە سەر فارسی و لە فەرەنسا بڵاوی کردۆتەوە. گۆڤاری فارسی «چشم *انداز*» ی چاپی پاریسیش کورتەیەکی ناوئاخنی کتێبەکەی لە بیچمی وتارێکدا بەچاپ گەیاندووە. من هەردوو سەرچاوەکەم لە بەردەست دایە. بەڵام وتارە کورتکراوەکەم کردۆتە بنەمای تەرجەمەی کوردی. ئەوە ئێوە و ئەوەش وتاری جلال العظم.

▲▲▲

**وا هەیە بتوانن هەموو گوڵەکان بخەوتێنن بەڵام ناتوانن پێش بە هاتنی بەهار بگرن.**

«پابلۆ نیرۆدا»

بەهاری ساڵی ١٩٨٩ بوو. لە سەفەرێکی زانستی بۆ ئەوروپا و ئەمریکا دەگەڕامەوە دیمەشق و تێگەیشتم هەندێ لە هاوکارانی زانستگە و هەروەها نووسەران و ڕووناکبیرانمان کاتێ باسی ڕۆمانی «ئایەتە شەیتانییەکان»ی سەلمان روشدی دەکرێت (و قسەی فەتوای جیهانگیری ئایەتوڵلا خومەینی و ئەو خەڵاتە داراییە دێتەگۆڕێ کە بۆ کوشتنی نووسەرەکەی دابین کراوە و بە دۆلاریش نەبێ نادرێت)، دەست و پێی خۆیان وندەکەن و زمانیان دێتە وەستان.
سەرسوڕمانم لەوە بوو کە من و ئەو هاوکار و ڕووناکبیرانە پێکەوە بەشداریی بەخاک ئەسپاردنی دوکتور «حوسێن مروەت»مان کردبوو و چەند هەفتەیەکیش دوای ئەو پێکەوە مەیتی شەهیدێکی تر ـ واتە دوکتور «مەهدی حامیل» مان بە کەسەری زۆرەوە بەڕێکردبوو ـ کە ئەویش هەر

بەو چەشنە گوللانە کوژرابوو. لە هەردوو ڕووداویشدا ئەو هاوکار و برادەرانەم داکۆکییەکی بە تینیان لە مافی ژیان بۆ نووسەر و یەکەم مافی ئەو ـ واتە ئازادیی بنووسیان دەکرد.
ئەوان هەروەها لە لایەنگریکردنی مافی مرۆڤ (عەرەب و ناعەرەب) دەدوان و هێزی لایەنگریی ئیستیبدادی سیاسی و بەرچاوتەنگیی ئایینی... و هەوڵدان لە پێناو تێرۆرکردنی خاوەنبیر و نووسەر و ڕووناکبیرانی بێ دیفاعیان مەحکووم دەکرد.
سەرسوڕمانم زیاتر بوو کاتێ وەبیرم هاتەوە ئەو دەمەی وا «ناجی العلی» کاریکاتێریستی فەلەستینی تێرۆرکرا، هەر هەمان ئە وهاوکار و برادەرانەم بۆی گریان، تێرۆرەکەیان مەحکووم کرد و جیا لەو ڕێزەی لە کارەکانیان گرت، بە شان و باڵی بوێریی، ڕەخنەگری و هەڵوێستنواندنی دلێرانە و قەڵەمی ساتیرئامێزی ئەویاندا هەڵدەگوت.
بە هۆی ئەو دوو ڕوانینە ناتەبایەوە، گەلێک جار لە خۆم دەپرسی چۆن دەبێ کەسانێک کە بەو شێوەیە داکۆکییان لە نووسەرێکی بێ دیفاع و مافی ژیان و ئازادیی بنووسەکەی دەکرد یاخود گاڵتەیان بە هەوڵی لەناوبردنی خەلکانی تر دەهات و سەرکوتکرانی بیر و کوشتنی خاوەنبیر و هونەرمەندانیان دەدایە دواوە، وا ئێستا لە بەرانبەر ڕۆمان و هەروەها چارەنووسی نووسەرێکدا کە بە ڕۆژی ڕۆشن و هەردەم هەڕەشەی مردنی لێدەکرێت، بکەونە دوودڵییەوە و زمانیان بگیرێت؟
... گرینگترین خەڵکانی ڕووناکبیر، ڕۆژنامەنووس، ڕەخنەگر، تەفسیرنووس و زانستگەیی ئێمە، هێرشیان کردۆتە سەر کتێبێک کە هەرگیز نەیانخوێندۆتەوە! بۆ نموونە، دۆست و هاوکاری خۆم «ئەحمەد بەرقاوی» بە لێبڕاوییەوە بێ ئەوەی سێودووی لێبکات، حوکمی سەلبیی خۆی لەمەڕ «ئایەتە شەیتانییەکان»و نووسەرەکەی دەردەکات لە کاتێکدا کە خۆی بە ڕاشکاوی دەڵێ ڕۆمانەکەی نەخوێندۆتەوە و لە هەندێ نیستگەی ڕادیۆیی نەبێ لە هیچ سەرچاوەیەک هیچی سەبارەت بە کتێب و نووسەرەکەی نەبیستووە، تەنیا چەند ڕستەیەکی لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەدا خوێندووەتەوە.
بەڵام هەر ئەو ـ کە تەنانەت دێڕێکی لە کتێبەکە نەخوێندووەتەوە، لە هێرشە توندوتیژ و سەنگوسووکنەکراوەکەی خۆی ئاکامای ئەوە وەردەگرێ کە: «ئەم ڕۆمانە، هەندێ ڕستە و عیبارەتی بێ بایەخ و هیچ و پووچ و دوور لە عەقڵ و ئەخلاقی ئەوتۆی تێدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی عەرەب ـ چ خاوەنئیمان و چ خوانەناس، ناچاربێت هەڵوێستی ڕەخنەگرانە و دوژمنانەی بەرانبەر وەربگرێت». ناوبراو، تاوانی «منداڵبوون، نەفامی، بەرچاوتەنگی و بێ عەقڵیی» دەداتە پاڵ ئەدیبێکی وەک سەلمان روشدی.[١]
دڵنیام ئەگەر خوێندکارێکی پۆلی دووی زانکۆی ئەدەب لە دیمەشق، بابەتێکی توێژینەوەی بدایە دوکتور «بەرقاوی» و تێیدا لە سەر بنەمای ئەوەی هەندێ شتی «لەم یا لەو ڕادیۆ» بیستووە یاخود لە سەر ئەساسی هەندێ زانیاریی پەرش و بڵاو لەمەڕ کتێبێک (هەرچەشنە کتێبێک بێت)، لەم یا لەو گۆڤار و ڕۆژنامەدا خوێندبێتەوە، داوەرییەکی وا توندوتیژی بکردایە کە خۆی لێرەدا کردوویەتی، هیچ وەڵامێکی وەرنەدەگرتەوە جگە لە نمرەی صفر و سەرکوتکرانێکی زۆر لە لایەن دوکتورەوە. لەبەر ئەوەی تەنانەت لە زانستگە عەرەبییەکانیشدا بەم شێوەیە کتێب هەڵناسەنگێنن!
من ئەو مەسەلەیە لە خوێنەر ناشارمەوە کە بە خوێندنەوەی وتاری دوکتور بەرقاوی تێگەیشتم کە ئەدەبیاتی «چاک» لە خەیاڵی ئەودا ـ وەک جاران، بریتی یە لە ئەدەبێک کە داکۆکی لە «حەقیقەت و یەکسانی و گەل و سۆسیالیزم و قارەمانیەتی و مرۆڤ»[٢] بکات، ئینجا ترسی زۆرم لێنیشت. هەر بە ڕاستیش ترسم لێنیشت لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتو دوکتور بەرقاوی لە حکوومەتی دوارۆژی فەلەستیندا ببێتە وەزیری فەرهەنگ و لە جانتاکەیدا پرۆگرامێکی ئەدەبیو فەرهەنگی ئامادەکراوی ئەوتۆی هەبێت، ئەوسا داهاتووی فەرهەنگ لە فەلەستین دەبێ چ بێت؟ بۆ مەگەر ژیان فێری ئەو ڕاستییەمان ناکات کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم چەشنە قاڵبەدارژاوە فەرهەنگییانە و گەڵاڵەی پرۆگرامی پێنج ساڵە بۆ ئەدەب و بیر و هونەر و شیعر لە دەوڵەتێکی نوێباودا نییە؟
لەلایەکی دیکەوە، «هادی ئەلعەلەوی» برادەری خۆم گەیشتۆتە ئاکامی ئەوەی کە "«ئایەتە شەیتانییەکان» بریتی یە لە کارێک کە لە پلەی هەر ئەو کارانە دایە وا ڕۆژهەڵاتناسان دەیکەن و هەر ئەوانیش سەلمان روشدیان خستۆتە داوی نووسینی کتێبەکەوە» بە شێوەیەک کە «شتێکی وای نووسیوە کە تەنیا ڕۆژهەڵاتناسێکی قوتابی قەشە لامانس دەیتوانی بینووسێت» و هەروەها ئەوەی کە: «ئەم کتێبە لە شێوازی ئەدەبیاتێکی سیاسیدایە کە ئێمە لە نووسراوە صەهیۆنیستییەکاندا دەیانبینین".[٣]
من ئێستاش پێمخۆشە وا بیر بکەمەوە کە ڕەخنەگر و خاوەنبیرێکی پێشڕەوی بە جەرگ وەک هادی ئەلعەلەوی پلەی لەوە بەرزتربێت کە ڕێبازێکی فریوکارانە و ساویلکانەی ئەوتۆ بگرێتەبەر، کە تێیدا هەرچییەک کە جێگەی پێخۆشبوونی ئێمە نەبێ بدرێتە پاڵ پیلانی صەهیۆنیزمی جیهانی و هەر ڕەخنەیەکیش جێگەی پەسندی ئێمە نەبوو، بە «ئیستیشراقی»ی مەلعوون و تەئسیراتی یاخود بە هاودەست و قوتابییەکانی ئیستیشراق دابنرێت. ئێمە ئەم چەشنە بۆچوونە ـ چ لە سیاسەت و چ لە کولتوور و بیردا، هەڵدەگرین بۆ کەسانێک کە ناسیاوی هەموو لایەکمانن.
هەروەها، لەو باوەڕەدام کە ئەگەر «هادی ئەلعەلەوی» ڕۆمانەکەی بخوێندایەتەوە هەرگیز داوەرییەکی وا سووک و بێ پایەی نەدەکرد. من، لە سەر بنەمای خوێندنەوەی وردی کتێبەکە و بە گشتی کارەکانی سەلمان روشدی، پێمخۆشە بە «هادی ئەلعەلەوی» برادەرم بڵێم کە ڕۆمانی ئەم دواییەی سەلام روشدی هیچ پێوەندییەکی بە «ئیستیشراق»ەوە لە واتا سەلبییەکەیدا نییە و هەڵوێستگرتنەکانیشی بێ پێوەندن لەگەڵ قەشە لامانس و کەسانی تری وەک ئەو.
خوێندنەوەی وردی «ئایەتە شەیتانییەکان» ئەو ڕاستییە بە «هادی ئەلعەلەوی» و خەڵکانی تر دەسەلمێنێ کە سەلمان روشدی بەرپەرچی دابەشبوونی مێتافیزیکی جیهان بە سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەداتەوە (بۆچوونێک کە لە کاری ڕۆژهەڵاتناساندا دەیبینین و بە گوێرەی ئەو خەسڵەتی ڕۆژئاوایی لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتدا بەخاوەن پلەیەکی بەرزتر دادەنرێت و دەگوترێ کە لە ئەزەلیشەوە هەروەها بووە).
هادی ئەلعەلەوی بە چاوی خۆی دەبینێ کە سەلمان روشدی چۆن

**من دەمەوێ بەو ڕەخنەگرە بڵێم کە دوای ئەو «کردەوە ئیسلامی»یە، ئیتر نە پێویست بە پیلانی صەهیۆنیستی هەیە و نە سەرمایەداریی جیهانیش مەجبوورە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە و گەیاندنی بە «دوورترین شوێنەکانی جیهان» پارەی خۆی سەرف بکات، لە بەر ئەو ڕاستییەی کە هێزە دەمارگیرە ئیسلامییەکان ئەم ئەرکەیان بە باشترین شێوەی خۆی ڕاپەڕاند!**

ڕەخنەیەکی ساتیری و توندوتیژ لەو خواستەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسەکانی دەگرێت لە پێناوی پاراستنی «مەعنەوییات و دیاردەی ئەفسووناوی و سەمەرە و ئیستیبدادی ڕۆژهەڵاتی»دا و چۆنیش گاڵتە بەو گەنجە ئەوروپاییانە دەکات کە بە هۆی تێرییەوە خەریکن لەبەر یەک بپچڕێن و بە هۆی وەڕەزییەوە دەچن بۆ هیندوستان تا لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی کە بەڕاستی لە باری ڕوحی و مەعنەوییەوە ئاوساوە و تەنانەت بای کردووە بەڵام لە باری خواردنەوە برسی یە و لە باری کۆمەڵایەتییەوە تێکشکاوە و لەباری سیاسییەوە ملکەچە و لە باری ئابوورییەوە بەستراوەتەوە، بتوانن «بۆشایی ڕوحیی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە».

لە لایەکی دیکەوە، دەزانین کە «لامانس» بۆ نموونە دەمارگیرییەکی زۆر بۆ زنجیرەی (بنی امیه) دەنوێنێ تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی کە ئەوان بەرانبەر بە بزووتنەوەی جەماوەریی و ئەو خەڵکەی وا دژ بە ڕژێمی ئەمەوییەکان خەباتیان دەکرد و لە بەرانبەر زوڵم و زۆریی ناسراوی ئەواندا دەوەستان و دژ بە زوڵم و ملهوڕییان خۆڕاگر بوون و دوژمنایەتییەکی توندوتیژیان دەنواند.

ئەگەر سەرانسەری کتێبی «ئایەتە شەیتانییەکان» بپشکنی، کەمترین ئاماژەیەک بەو مەسەلانەی تێدا نابینی کە قەشە لامانس پێیانەوە خەریک بووە و دەمارگیری بۆ کردوون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەلمان ڕوشدی (و ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان)، پشتگیریی ڕۆژهەڵات دەکەن بەڵام نەک هەموو ڕۆژهەڵاتێک بە شێوەی موتڵەق، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتێک کە بۆ ئازادبوونی خۆی لە چنگی نەزانی و ئەفسانە و خورافات و هەژاریی و دیکتاتۆریی نیزامی و شەڕی تایفەیی و ئایینی خەبات دەکات و ئایەوێ درێژە بە ژیانێک بدات کە کەوتۆتە پەراوێزی ژیانی هاوچەرخەوە ـ واتە ڕۆژهەڵاتێک کە بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخ و هەلومەرجی ڕاستەقینەی خۆی بۆچوونێکی ڕەخنەئامێزی هەیە و هەوڵدەدات بە شێوەیەکی عەینی دواکەوتوویی خۆی بدۆزێتەوە و لە داهاتوودا لە چنگی «شەرمەزاری»ی ئەمڕۆ ڕزگاریی بێت...

نووسینەکانی ڕوشدی، لە دوا بۆچووندا، لایەنگریی ڕۆژهەڵاتی کۆڵنەدەرن نەک ڕۆژهەڵاتی ڕەزامەندیی ڕوحی بە بیابانێکی درۆ و خورافات و نەزانینەوە.

ئێستا ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدات کەسێک کە کتێنێکی نوێباو، ڕۆشنکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بەرزی سەبارەت بە «ئەبولعەلای مەعەڕڕی» نووسیوە و ناوی ناوە «هەڵبژاردەی ناچارییەکان ــ ڕەخنەی دەوڵەت و دین و گەل»، چۆن دەبێ لەوە تێنەگات کە هەر هەموو نووسینەکانی سەلمان ڕوشدی دەکەونە خانەی «ڕەخنەی دەوڵەت و دین و گەل»ەوە؟[4]

ڕەخنەگرێکی تر ـ کە هەڵبەت ئەویش ڕۆمانی «ئایەتە شەیتانییەکان»ی نەخوێندۆتەوە، دەڵێ: «لایەنی پیلانی صەهیۆنیستی کاتێ دردەکەوێ کە دەبینین کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و صەهیۆنیستەکان بۆ ئامادەکردن و وەرگێڕانی کتێبەکە بە زمانی جیاواز و بڵاوکردنەوەی خێرای لە دوورترین شوێنەکانی جیهان چ هەوڵێکی بێ وچان و بەربڵاویان دا و هەر بۆ ئەم ئامانجەش چ یارمەتییەکی بەرفراوانی دارایی لەلایەن سەرمایەدارە مەزنەکانەوە تەرخان کرا... هتد.[5]

لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی فریوکارییەکی کۆن و ساویلکانەی خەڵک دەبینەوە کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی سەرکۆنەکردنی خەڵکانی ترەوە بەرپرسیایەتی لە سەر شانی خۆی دابماڵێ، لە کاتێکدا بەرپرسیایەتی ڕاست لە ئەستۆی کەسانێکە کە سەر لە نوێ دابونەریتی سووتاندنی کتێبی ناحەز بە خۆیان کردەوەباو و بە ناوی ئیسلام و لە ڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەوە «سەلمان ڕوشدی»یان بە ئیعدام مەحکووم کرد.

من دەمەوێ بەو ڕەخنەگرە بڵێم کە دوای ئەو «کردەوە ئیسلامی»یە، ئیتر نە پێویست بە پیلانی صەهیۆنیستی هەیە و نە سەرمایەداریی جیهانیش مەجبوورە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە و گەیاندنی بە «دوورترین شوێنەکانی جیهان» پارەی خۆی سەرف بکات، لە بەر ئەو ڕاستییەی کە هێزە دەمارگیرە ئیسلامییەکان ئەم ئەرکەیان بە باشترین شێوەی خۆی ڕاپەڕاند!

دەزانین کە ئەم چەشنە زەینییەتە ـ کە هەوڵی فریودانی ئاپۆرەی خەڵکی تێدا دەدرێت، زۆرجار لە قاڵبی پرسیاری دروشم شێوەی «تێرۆریستی» و لە پێشەوە «تاوانبارکەر»دا خۆ دەنوێنێ وەک ئەوەی کە بگوترێ «بۆچی ئەمڕۆ لەم بارودۆخە تایبەتەدا»؟

ئەم چەشنە پرسیارانە، ڕاستەوخۆ نیشاندەری پیلانێکی ئاڵۆز و «دەستی پشت پەردە»ن و بەم شێوەیە، بەرگری لە پرسیاری دیکە دەکەن و بە تاوانی خەیانەت هەموو چەشنە هەوڵێک لە پێناوی درێژەی وتووێژدا مەحکووم دەکەن و هەموو دەنگێک لە گەروودا دەخنکێنن. ئەم نموونەیە بخەنە بەرچاو کە دەڵێ: «بۆچی ئەوروپا بۆ ڕزگارکردنی سەلمان ڕوشدی هەستایە سەر پێ بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستینییەکان هەڵنەهێنایەوە؟»[6]

بێگومان بۆ لایەنەکەی تر هیچ شتێک لەوە هاسانتر نییە کە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم پرسیارە، پرسیارێکی عەوام خەڵەتێنی دروشم شێوەی بەهێزتر بێنێتە کایەوە و بڵێ: «بۆچی ئیسلام بۆ بەرەنگاریی کتێبێک (کە دەگوترێ پووچ و بێ کەڵکە)، ڕاپەڕی بەڵام کاتێ پێتەختێکی عەرەبی و ئیسلامی بە ناوی بەیروت لە لایەن ئیسرائیلەوە داگیرکرا، هیچ چەشنە کاردانەوەیەکی نەنواند؟»

دوکتور «کاظم موسەوی» بە مەنتیقێکی ئەوتۆوە سەیری کتێبی «ئایەتە شەیتانییەکان» دەکات و وتارەکەشی بە هەمان پرسیار دەست پێدەکات:

«ئایا ئامانجی ئەم ڕۆمانە چییە؟ چ ڕاسپێرییەکی تێدایە؟ بۆچی بابەتەکە ئێستا هێنراوەتەپێشێ؟ بۆچی لە بارودۆخی ئێستادا بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ بابەتەکە هەڵسوکەوت دەکرێ؟»[7]
لە وتارەکەدا دەردەکەوێ کە ئامانجی پرسیارەکان ئەوە نەبێ کە بوار بۆ ڕاگەیاندنی ڕوانگەیەکی جیددی نێو پرسیارەکان خۆش بکات یاخود هەوڵێک بێت لە پێناوی دۆزینەوەی وەڵامی ڕەخنەیی، ئەدەبی یا سیاسی. بەپێچەوانە، تەنیا ڕاگەیاندنێکی دروشم شێوەیە بۆ ئەوەی نیشان بدات کە پیلان و دەستی نهێنی (و ترپاکی دیکەی لەم چەشنە ـ کە هەندێ ڕووناکبیری عەرەبی ئەمڕۆ خوویان پێگرتووە)، بەردەوام چالاکی دەنوێنن.
وتاری دوکتور موسەوی هیچ خاڵێکی جیددی یا غەیری جیددی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە تێدا بەرچاو ناکەوێ و بە هیچ شێوەیەکیش ناوەرۆکی «ئایەتە شەیتانییەکان» ناخاتە بەرباس.
ڕەخنەنووسی ناوداری میسری ـ «غالی شوکری»، ناوی ١٣ کەس لە نووسەران و ڕووناکبیران و پیاوە ئایینییەکان (یەک لەوان «ڕەجاء نەققاش») دەبات کە هەرکام بە شێوەیەک تەفسیری ڕۆمانەکەی «سەلمان ڕوشدی»یان کردووە یا خراپەیان گوتووە یاخود بە خراپیان لە قەڵەم داوە و هێرشیان کردۆتەسەری. لەو ١٣ کەسە، تەنیا دوانیان ڕۆمانەکەی خوێندبووەوە (کە یەکیان ڕۆژنامەنووسی ناودار «ئەحمەد بەهائەددین»ە).[8]
بۆ من جێگەی کەسەرە کە ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرێکی وەک «ڕەجاء نەققاش» ئەوەندە پلەی نزم بێتەوە کە دژ بە ڕۆمانێک حوکم دەربکات کە هەرگیز نەیخوێندۆتەوە و بەوەی تاوانبار بکات کە «ڕوخساری چەپەڵی ڕۆژئاوا لە لای گەلانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی دەرازێنێتەوە» و بەتایبەت بڵێ ڕۆمانەکە ئەو میللەتانە بە «وەحشیەت، دواکەوتوویی، مەیلی "بەدەوییەت" و ڕقبوونەوەیان لە پێشکەوت و شارستانیەت» تاوانبار دەکات.[9]
«ڕەجاء نەققاش» لەو خاڵەش تێنەگەیشتووە کە «ئایەتە شەیتانییەکان» هیچ چەشنە پێوەندییەکی بە «بەدەوییەت»ی گەلانی ڕۆژهەڵات یان کێشانی ڕەسمی ئەوان لە ڕۆژئاوا و شتی ئەوتۆوە نییە لەبەر ئەو ڕاستییەی کە بە ئاشکرا نموونەیەکی جوانە لە ئەدەبی شارنشینی لە شارە گەورەکان و ژیانی ڕۆژانەیان بەتایبەت لە شاری «بەمبەئی» و لەندەن. ئایا لە «بەمبەئی» و لەندەن هیچ «بەدەوییەت»ێک هەیە کەسێک بیەوێ تەسویری بکات؟ ڕوشدی وەک ڕۆماننووسێک هەر ئەوکارەی لەگەڵ «بەمبەئی» یا «شارە ئاشکرا و نهێنییەکان» کردووە کە «بالزاک» وەک ڕۆماننووس لەگەڵ پاریس و «چارلز دیکێنز» لەگەڵ لەندەن و «جیمز جۆیس» لەگەڵ دوبلینی پێتەختی ئیرلەند یا «نەجیب مەحفوظ» لە گەڵ قاهیرەی کردووە.
هەروەها لام وا نییە ئەحمە بەهائەددین «ئایەتە شەیتانییەکان»ی بە وردی خوێندبێتەوە ـ ئەو حوکمانەی وا دژ بە ڕۆمانەکە دەری کردوون ڕاستییەکی ئەوتۆ دەردەخەن (دەنا چۆن دەبێ ئو حوکمە بێ بایەخەی هەڵسەنگێنین کە تەنیا لە نووسەرسانی پلە سێ و چوار چاوەڕوان دەکرێت؟). ناوبراو دەڵێ: «ئەوە کتێبێکی بوودەڵەیە و لە ڕوحێکی

**ڕەخنەنووسی ناوداری میسری ـ «غالی شوکری»، ناوی ١٣ کەس لە نووسەران و ڕووناکبیران و پیاوە ئایینییەکان (یەک لەوان «ڕەجاء نەققاش») دەبات کە هەرکام بە شێوەیەک تەفسیری ڕۆمانەکەی «سەلمان ڕوشدی»یان کردووە یا خراپەیان گوتووە یاخود بە خراپیان لە قەڵەم داوە و هێرشیان کردۆتەسەری. لەو ١٣ کەسە، تەنیا دوانیان ڕۆمانەکەی خوێندبووەوە (کە یەکیان ڕۆژنامەنووسی ناودار «ئەحمەد بەهائەددین»ە)**

نەخۆش سەری هەڵداوە کە [خاوەنەکەی] بە هۆی فرۆشتنی ڕوح و کەلەپووری نەتەوایەتی خۆیەوە، خۆی دۆڕاندووە».[10]
لە نموونەیەکی کاری دیکەی نووسەردا دەگوترێ: «ڕۆمانی ڕوشدی نیشانەی بێگانەبوون لە خۆ و دوورکەوتنەوە لە هیندی بوون و ژیانی پێشوویەتی» و بەختەوەرە کە بۆتە ئینگلیسی.[11] کەسێ کە ئیدعای ئەوە دەکات گوایە ڕوشدی لە هیندی بوونی خۆی دوور کەوتۆتەوە هیچی لە هونەری نووسەریی ڕوشدی نەزانیوە و کەسێک کە لای وایە ناوبراو لە کۆتایی «ئایەتە شەیتانییەکان» دا لە «ئینگلیسی» بوونی خۆی شادمانە، دەبێ ڕۆمانی کەسێکی تری لە جیاتی ڕۆمانی ڕوشدی خوێندبێتەوە لەبەر ئەوەی کە «ئایەتە شەیتانییەکان» بەوە کۆتایی پێ دێت کە «سەلاحەددین چمچە والا (سەلمان ڕوشدی)»، دەگەڕێتەوە بۆ هیندوستان و باوکی خۆی و شاری بەمبەئی و دۆستە هاوولاتییەکەی سەردەمی لاویەتی خۆی واتە «زینەت وەکیل» دەناسێتەوە.
لە بیرمان بێت کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە ـ لە ماوەی ژیانی غەریبی نێو ئینگلستاندا «سالادین چامچا»یە بەڵام دوای ئەوەی بڕیاری گەڕانەوەی یەکجاری بۆ هیندوستان دەدات، ڕوشدی ناوە ئەسڵییەکەی خۆی پێ دەبەخشێتەوە (ئەوەش ئاماژەیەکی ئاشکرا و گرینگە) واتە دەیکاتەوە بە «سەلاحەددین چمچە والا». جگە لەو خاڵە، دوابەشی ئایەتە شەیتانییەکان (کە فەسڵێکی شاعیرانە و گەلێک سەرنجڕاکێشە)، باسی مردنی باوکی چمچە و ئاشتبوونەوەیان لە گەڵ یەکتر دەکات و لە ڕاستیدا وەسفکردنی مردنی باوکی ڕوشدی و خولقاندنەوەی فەزایەکە وا سێبەری خستبوە سەر ئەو ڕووداوە و گەڕانەوەی هەست و عاتیفەیەک کە ئەودەم سەری هەڵدابوو. ڕوشدی لە یەکێ لە وتارەکانیدا دەڵێ: [ئەو وێنەیە] وەبیرم دێنێتەوە کە دۆخی ئێستام غەریبییە و دۆخی پێشووم نیشتمان ـ گەرچی نیشتمانێکی ون لە شارێکی ون و لە غوباری سەردەمێکی وندا». ئینجا خۆی بە «بەمبەئی» دەشوبهێنێ و دەڵێ:
"«بەمبەئی» شارێکە بێگانەلە وڵاتێکی ئازادکراودا بنیاتیان نا و منیش سەردەمێکی زۆر لە شوێنێکی دوورەدەست مامەوە و هیچی نەمابوو ببم بەو شتەی وا ئەوان دەیانویست بەڵام سەرەنجام باوەڕم بەوە هێنا کە منیش خاوەنی شارێکم کە دەبێ وەری بگرمەوە و مێژوویەکم هەیە کە دەبێ هەوڵی چاککردنی بدەم".[12]
بەڵام پاڵەوانێکی دیکەی «ئایەتە شەیتانییەکان» ـ واتە جبرەئیلی

**کارەکانی سەلمان روشدی لە چوارچێوەی «نوێخوازی»دا دەگونجێن و ئیسلامیش ئازادییەکی تەواو دەداتە مرۆڤی خاوەنبیر و ئەدیب و ڕەخنەگر. پێغەمبەر خۆی بانگەوازی کێ بەرکێی بە گوێچکەی خەڵکدا دەدا و قورئانیش لە خەڵک دەخوازێ هەوڵبدەن نموونەی وەک ئەو بێننەوە:**

فریشتە، لەبەر ئەوەی توانای نەبووە نەخۆشی غەریبی خۆی چاک بکاتەوە، بۆ گەیشتن بە ئاشتبوونەوەیەکی قووڵ و ڕاستەقینە لەگەڵ هیند و شارەکەی خۆی، نەیتوانیوە بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بێت، عاقیبەت لەناو دەچێت، لەباری نەفسی و عەقڵییەوە لەبەر یەک دەچێ و پاشانیش شێت دەبێ و خۆی دەکووژێ.

گومان لەوەدا نییە کە روشدی (وەک میلیۆنەها خەڵکی تر)، ڕێگەی غەریبی گرتۆتەبەر بەڵام ئەگەر وەک ئەو کەسە بوایە کە «ئەحمەد بەهائەددین» بە خەیاڵیدا هاتووە واتە لە غەریبییەکەی خۆی ڕازی بوایە، ئیتر ڕۆمانەکانی ـ وەک ئێستا هەن، نەدەبوونە خاوەن هێز و ئەویش نەدەبوە خاوەنی ئەو گرینگییەی کە ئێستا پێی گەیشتووە و تا ئەو ڕادەیە لە هەموو شوێنێکدا باسی لێوە نەدەکرا. کەوابوو، ئەوەی وا روشدی خولقاندوویەتی، تەنیا ئەدەبی سوننەتی ئینگلستان نییە کە هەم کورت و هەم بەرز بێت.

لە کۆتاییدا، ئەم خاڵەش زیاد بکەم کە ئەحمەد بەهائەددین لە زۆربەی ئەو وتارانەدا کە لەمەڕ «ئایەتە شەیتانییەکان»ی نووسیون، فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی ـ کە بە ناوی ئیسلامەوە دەرچووە، مەحکووم نەکردووە و لە بەرانبەر دنەدانی بە ئاشکرای کاربەدەستانی ئێران بۆ کوشتنی نووسەرێکی تاقەکەس ـ کە بە هەموو لایەکدا بڵاویان کردۆتەوە، بێدەنگ ماوەتەوە.[١٣]

ئایا ئەمانە پێشێلکردنی ئەو بنەمایانە نین کە ئەحمەد بەهائەددین بە بوونی ئەوان ناوی دەرکردووە؟ ئایا واتای ئەوە ناداتەوە کە ناوبراو بەرپرسایەتی لە بەرانبەر ئەو بنەمایانەی خستبێتە پشت گوێ کە ئێمە هەموومان دەمانەوێ نووسەرێکی وەک ئەو و ڕۆژنامەنووسێکی عەرەب لە پلە و پایەی ئەودا بەردەوام بێت لە پارێزگاری کردنیان و بە جیددی وەریان بگرێت؟

ئێستا، من دەمەوێ لە بەرانبەر هەوڵی هەڵبژێراوانی ڕووناکبیرانی عەرەب کە «باس»ی کتێبێکی گرینگیان کردووە (کتێبێ کە بە شێوەیەکی بێ وێنە لە هەموو جیهاندا ئاڵۆزی پێکهێناوە بەڵام ئەوان لە پلەیەکی گەلێک نزم و کەم و بە ڕوانگەیەکی پڕ لە غرووری بە تاڵ و درۆئامێزەوە خوویان داوەتێ)، چ ئاکامێک وەربگرم؟

وەڵامی من لە سەر ئەو قسەیەی «جاحظ» دەبێت کە دەڵێ:

«ئێرانییەکان خاوەنبیریان هەیە و هەر قسە یاخود ئامانجێکیان هەبێ بەرهەمی بیرێکی قووڵ و هەوڵدان و کاری سەربەخۆ و هاوبیری و هاوکاریی و درێژەدان بە بیرکردنەوە و خوێندنەوەی کتێبە. یەکەم کەسیان زانیارییەکی هەیە، دووهەمیان دەیگێڕێتەوە و سێهەمیان شتێک لەوی دووهەم زیاد دەکات تا دەگاتە ئەوەی کە بەرهەمی بیری یەکەم کەس دەگاتە دواکەسیان. بەڵام عەرەب هیچی نییە جگە لە قسەی خۆ ڕست و کوت و پڕ ـ دەڵێی ئیلهامێک لە کاردایە؛ کەس زەحمەت بە خۆی نادا و خۆی تووشی سەخڵەتی ناکات، بیری ناخاتە کار و یارمەتی لە کەس وەرناگرێ و سەرجەمی خەیاڵی خۆی دەخاتە سەر قسە و پێداهەڵگوتنی ڕۆژی شەڕ یا ئەو دەمەی وا لە سەر چاڵاوێک و لە کاتی ئاوهەڵگواستندا شەڕی خەڵک بکات یا بانگ لە وشترەکەی بهێڵێ یاخود خەریکی تێکگیران و چەلەحانێ بێت و نوقمی شەڕ و خەبات بێت. بەم پێیە، هیچ ناکات جگە لەوەی خەیاڵی خۆی بخاتە سەر قسەی کورت، یا قۆناغێک کە ئامانجی ئەوەیە بیگاتێ، ئینجا مەفهوومە و بە سەریدا دەبارێ و وشەیەکە وەک باران لە دەمی شەستە دەکات. ئەو، خۆی لە بەرانبەر قسەی خۆیدا بە بەرپرس نازانێ و بەرپرسایەتیش فێری منداڵانی ناکات».[١٤]

واتە نووسراوەکانی سەلمان روشدیی عەجەم[١٥]، بەرهەمی هەوڵ و کاری سەربەخۆ و هاوبیری و هاوکاری و بیرکردنەوەی قووڵ و ڕەنج و زەحمەت و خوێندنەوەی کتێب و کەڵکوەرگرتن لە بیرە و هتد...، لە کاتێکدا هێرشی ڕەخنەگرانی عەرەب دژ بەو و ڕۆمانەکەی، «کاری خۆڕست و کوت و پڕ و خەیاڵ بردنەسەر قسە و ڕەجەزی ڕۆژی شەڕە». زیاد لەوانە، لە ناو هەموو قسەی گوتراو و نووسراوی دژ بە روشدیدا هیچ نیشانەیەک لە «ڕەنج و سەخڵەتی و کەڵکوەرگرتن لە بیر و موتاڵای کتێب نابینرێ و هەر بۆیەشە کە "چەمک" و وشە، وەک باران شەستە دەکەن». «بە بێ ئەوەی هیچکام لەو چەمکانە، بەرپرسایەتی و پابەندییەکیان بۆ دروست بکات. بەم پێیە، کەسێک کە لە «وەحشیگەری» نزیکترە، دەبێ مەیلی زیاتریشی بەرەو «بەدەوییەت» ببێ و ڕقی لە «پێشکەوت» و «شارستانیەت» ببێتەوە ـ بێگومان ئەوانەش تاقمی ڕەخنەگرانی عەرەبن نەک سەلمان روشدی.

دیارە من ئەوانم بە پێوانەی سەردەمی «جاحظ» پێواوە ـ نەک بە پێوانەی سەردەمێک کە ئەوان لایان وایە تێیدا دەژین یاخود سەردەمێک کە پێیانوایە دەبێ کردەوەیان بەو گەز و جاوە بپێورێ. بەڕواڵەت نەک هەر قسەی «جاحظ» بەڵکوو وتەی «حەدیقە بنولیەمان»یش ئەوان دەگرێتەوە کە دەڵێ: «ئێمە قەومی عەرەبین؛ بەرەوپێش دەچین، دەگەڕێینەوە دواوە، زیاد دەکەین، کەم دەبینەوە و درۆکردنمان لە سەر خواستی خۆمان نییە».

... ئەوەیە کە دژکارانی عەرەبی «ئایەتە شەیتانییەکان» بە شێوەیەک بۆ مەسەلەکە دەچن کە گوایە «روشدی» زانایەکی ئایینی، فەقیە، مێژوونووس، توێژەرەوە، واعیظ یان زانای مەنتیقە نەک هونەرمەند و ئەدیب و چیرۆکنووس. بۆ نموونە، دەبینین کە بەوەیان تاوانبار کردووە کە درۆ دەکات، ڕاستی دەگۆڕێ، ڕاستەقینە ئاوەژوو دەکات، دووڕوویی دەنوێنێ، لە ڕاستە شەقامی ڕاستی و ڕووبەڕووبوونەوە بە مەنتیقی عەقڵ دوور کەوتۆتەوە و زمان پیس و جنێو فرۆشە! لە خوارەوە نموونەی ئەم ڕەخنە و تۆمەتانە دەهێنمەوە:

«ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان دژ بە ڕاستەقینەی مێژوویی و ئایینی و

ژیاننامەی پێغەمبەر و مەنتیق و عەقڵ دەوەستێت... (هەروەها):
ڕۆمانێکی خورافی یە و لە سەر بنەمای وەهم و ئەفسانەی ئەوتۆ دانراوە کە بە هیچ شێوەیەک ڕاستییان تێدا نییە و ناگونجێ پەسند بکرێن... سەلمان ڕوشدی ڕووی لە هەموو ڕێبازێکی عەقڵی وەرگێڕاوە و هیچ سەرچاوەیەکی بۆ ئایەتە شەیتانییەکان نەناساندووە و بەم پێیە، ڕۆمانەکەی لە مێژوو دوور و لە وەهم و خورافات نزیکە».[١٦]

دوکتور بەرقاویش دوای بەراوردکردنی ڕۆمانەکە لەگەڵ ئاسەواری مێژوونووسانی عەرەب و موسوڵمان و فەرەنگیدا کە ژیانی پێغەمبەری ئیسلامیان نووسیوە (و خۆی دەڵێ ئەو نووسراوانە وا هەیە بێ لایەن بن یا ئامانجدار، لە ڕووی ئینسافەوە نووسراو بن یا بە بێ ئینسافی)، دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕۆمانەکە لە باری دارشتنی ژیننامەی پێغەمبەر و ناساندنیەوە ناگاتە ڕادەی ئەو شوێنەوارانە و بە بۆچوونی ئەو، شایانی ئەوەش نییە بخرێتە بەر ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و شیکردنەوە [کذا].[١٧]

گەرچی تاقە کتێبێکی ڕێکوپێک کە بە عەرەبی لە سەر ئایەتە شەیتانییەکان نووسرابێت، لە یەکەم دێڕەکانی خۆیدا ئەو مافە بۆ ڕۆماننووس ڕەوا دەبینێ کە جیهان و فەزای تایبەت بە خۆی دەخوڵقێنێ و سەربەخۆییەکی چۆنیەتی و گرینگ بۆ وتاری ئەدەبی و هونەری دەناسێ، بەڵام دەبینین کە [نووسەرەکەی] پاشەکشە دەکات و نوقمی ڕەخنەگرتن لە ڕوشدی دەبێت و لە سەر ئەساسی ئەوەی مێژوونووسە یا «فەقیه» و زانای مەنتیقە، دەیخاتە بەر پرسیار و ڕەخنە.[١٨]

لە ئەوروپاش هەر ڕووبەڕووی ئەم چەشنە تاوانبارکردنانەی ڕوشدی دەبینەوە ـ بەڵام لە زمانی کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە نەک لەلایەن ڕەخنەگرێکی ناسراوی ئەدەبی یا ڕووناکبیرێکی خاوەن ئیعتیبار یا ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانستگەیەکی ناو بەدەرەوە.

لە بریتانیا ـ بۆ نموونە، «لۆرد شوکروس(Shwcross)» هێرش دەکاتە سەر ڕوشدی کە کتێبەکەی بۆیە نووسیوە بچێتە «بوارێکی چوارچێوەداری زانستییەوە».[١٩] هەروەها «لۆرد جاکوبۆ ویتز» ـ گەورەترین مەقامی ئایینی جوولەکە لە بریتانیا، ڕۆمانەکە بەو ناوە مەحکووم دەکات کە «بەڵگەی ڕوونی مێژوویی گۆڕیوە».[٢٠]

تاوانێک کە لەمەڕ درۆ و تەزویر و شتی ئەوتۆ دەدرێتە پاڵ ڕوشدی، هیچ شتێکی جیددی لەمەڕ ڕۆمانەکەی ئەوی تێدا نییە و بەپێچەوانە، شتی زۆر جیددی لەمەڕ ئەو کەسانە دەردەخات کە ئەو تاوانانەی دەدەنە پاڵ. تاوانەکان دەری دەخەن کە تێگەیشتنی ئەوان لە مەفهوومی ئەدەبیات چەندە سەرەتایی و دواکەوتووە و بیرکردنەوەیان لە هونەر چەندە یەک لایەنی و هەستی جوانناسییان چەندە خاوە ـ باوەکوو هەندێکیان زانیاریی بەربڵاویان هەبێ و هەندێ کەسی دیکەیان دیالێکتیکیان خوێندبێ و تەنانەت بە دەرسیش گوتبێتیانەوە.

کاتێ برادەرێکی خۆم ئەم شیعرەی «موتەنەببی»م بۆ دەخوێنێتەوە و لە دەست ڕۆژگار و چەرخی کەج ڕەفتار گلەیی دەکات و دەڵێ «وەها بوومەتە ئامانجی تیر، کە هەموو ئێسقانم تێکشکاون»، لام وایە ڕووبەڕووی فەزایەکی شیعری و ئەدەبی و جوانناسییانە بوومەتەوە نەک شکایەتێک کە لە باری مێژوویی و لە لایەنی بابەتییەوە ڕاست بێت. کاتێ دەبیسم کە «جولیەت» لە چیرۆکی ناسراوی «شێکسپیر»دا دەڵێ: چ ڕەمز و ڕازێک لە «ناو» دا شاردراوەتەوە؟ گوڵ ـ هەر ناوێکی لێ بنێن، بۆنی هەر خۆشە، ئیتر هەست دەکەم ڕووبەڕووی لافاوێک لە واتا و هەست و «تەسویر» و لەحن و مۆسیقا بوومەتەوە لە کاتێکدا واتاکردنەوەی ساویلکانە و وشە بە وشەی ڕستەکە، دای دەبەزێنێ و دەیگەنێتە پلەی سفر و پەیامی عەینی و ساکاری وتارەکە دەفەوتێنێ.

با وای دابنێین کە ڕەخنەگرێک لەگەڵ شێکسپیردابنیشێ و بڵێ ڕاستەقینەی مێژوویی دەری دەخات کە وڵاتی دانیمارک هەرگیز شایەکی بە ناوی «هاملێت» نەبووە، یا ڕاستەقینەی زانستی پەسندی ئەوە دەکەن کە «تارمایی» [ڕوح] هەر وجودی نییە و ناگونجێ ڕوحی مردووان بگەڕێنەوە ناو جیهان!

وای دابنێین کە ڕەخنەگرێکی تر سەبارەت بەو فەردەی «موتەنەببی» بکەوێتە باس و قسەوە بۆ ئەوەی بزانێ مەسەلەکە لەگەڵ ڕاستەقینەی عەینیدا چەندە یەکدەگرێتەوە و چەندە لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق و ئەزموونکاریی هەستدا گونجاوە! ڕەخنەگرێکی ئەوتۆ تەنانەت دەتوانێ ئەو پرسیارە گرینگەش دابەزرێنێ کە «موتەنەببی»ی شاعیر دوای ئەوەی تیری لێدرا، چۆن زیندوو مایەوە؟ گاڵتەناکەم، سەرنج بدەنە ئەم خاڵەی خوارەوە:

هەموو لایەک دەزانن کە ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان بە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی سەلاحەددین چمچە والا و جبرەئیلی فریشتە لە فڕۆکەیەکی ڕفێنراو دەست پێدەکات کە لە ئاسمانی لەندەن دەتەقێتەوە. دوکتور «سەید ئەشرەف» (بەڕێوەبەری گشتی ئاکادێمیای ئیسلامی کەمبریج و ئەندامی زانکۆی زانستی پەروەردەی زانستگەی کەمبریج) ئەم پرسیارە ڕەخنەگرانەیە دادەمەزرێنێ کە «ئایا مەعقووڵە کەسێک لەو بەرزاییەوە لە فڕۆکە بکەوێتەخوارەوە و ساغ و سەلیم بگاتە سەر زەوی؟»[٢١]

لەم پرسیارەدا ساویلکەیی و ڕاشکاوییەکی بێ عەقڵانە بەرچاو دەکەوێت کە ڕەنگدانەوەی تاوانبارکردنی ڕەخنەگرانی عەرەب دژ بە سەلمان ڕوشدی و ڕۆمانەکەیەتی ـ لە درۆ و تەزویرەوە بگرە تا گۆڕینی ڕاستی و هتد... من جارێکی تر داوا لە ڕەخنەگرانی عەرەب دەکەم بە جیددی بیر لەو قسانە بکەنەوە کە باوک و کاڵمان بە درێژایی مێژوو سەبارەت بە شیعر و هونەر گوتوویانە ئینجا داوەری لە سەر سەلمان ڕوشدی بکەن.

لێرەدا پێویستە ڕێز لە هەڵوێست گرتنی ڕاشکاو و ئازایانە و ڕاستگۆیانەی دوکتور «حەسەن حەنەفی» لە شیکردنەوەی ڕاستەقینەی

**تاوانێک کە لەمەڕ درۆ و تەزویر و شتی ئەوتۆ دەدرێتە پاڵ ڕوشدی، هیچ شتێکی جیددی لەمەڕ ڕۆمانەکەی ئەوی تێدا نییە و بەپێچەوانە، شتی زۆر جیددی لەمەڕ ئەو کەسانە دەردەخات کە ئەو تاوانانەی دەدەنە پاڵ. تاوانەکان دەری دەخەن کە تێگەیشتنی ئەوان لە مەفهوومی ئەدەبیات چەندە سەرەتایی و دواکەوتووە و بیرکردنەوەیان لە هونەر چەندە یەک لایەنی و هەستی جوانناسییان چەندە خاوە.**

ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان بگرم. ناوبراو لە بۆچوونەکانیدا گوتوویەتی: «ئەوەی سەبارەت بە ئایەتە شەیتانییەکان گوتراوە، ڕاستە و یەک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە پێغەمبەری ئیسلام هەوڵی دەدا یەکیەتی نەتەوەیی لە نێوان هۆزە عەرەبەکاندا پێکبێنێ و حکوومەتێک لە شیبهە جەزیرەی عەرەبیدا دابمەزرێنێ. پێغەمبەر لەگەڵ جوولەکە (بەتایبەت) و هەروەها لەگەڵ مەسیحی و بوتپەرستاندا تەنگوچەڵەمەی هەبوو. موشریکەکان هاتنە لای و پێشنیارێکی باشیان پێکرد ـ من لێرەدا باسی پێغەمبەر وەک پیاوێکی سیاسی دەکەم نەک وەک پێغەمبەر، ئەوان پێیان گوت: براله، ئایا چ عەیبێکی دەبێت لە ئێستاوە تا ساڵێکی تر ناوی دوو بوت لە بوتەکانی ئێمە ـ واتە «لات» و «عوزا» ببەی؟ پێویست ناکات بە «خودا»یان ناوبەری، بەڵکوو هەر ئەوەندە بڵێ کە ئەوان دەتوانن لای خودا شەفاعەت بکەن، بەم شێوەیە ئێمە لەگەڵتدا دەبین و بۆ گۆڕانی بارودۆخ لە شیبهە جەزیرەی عەرەبیدا هەرچی بتەوێ دەیکەین.

پێغەمبەر پێشنیارەکەی لا پەسند بوو لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە موشکیلەی موشریکان چارەسەر دەکرا و بنەماڵە و هۆزەکان لە ناوەوە تووشی دووبەرەکی نەدەهاتن. پێغەمبەر بە خۆی گوت ئەم پێشنیارە بۆمن وەک ڕێنوێنێکی سیاسی دەرفەتی باش پێکدەهێنێ لە بەر ئەوەی ئاشتبوونەوەیەکی کاتی دەخولقێنێ؛ چ دەبێت ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێک باسی لات و عوزا بکەم و پاشان نەیکەم؟ خۆ وەحی بە گوێرەی بار و دۆخ دەگۆڕێت.

ئاشتی «حەدیبییە» [لە نێوان پێغەمبەر و کافرانی قوڕەیش لە ساڵی ٦ی کۆچی/ ٦٢٧ ی زایینیدا]، بۆ موسوڵمانان ئاشتییەکی شەرمەزارانە بوو بەڵام پاشان بوو بە ئاشتییەکی باشتر؛ گەلێک لە موسوڵمانان و لە پێش هەموانەوە عومەر، پەسندی ئەو ئاشتییەیان نەکرد...

تەفسیرنووسانی کۆن گوتوویانە کاتێ کە ئایەتی ٢٠ی سوڕەی النجم «أفرأیتم اللات و العزی و مناة الثالثه الاخری» (ئایا لات و عوزا و سێهەمیان «مناة»تان بینی؟) هاتەخوارەوە، شەیتان ڕستەیەکی خستە دڵی پێغەمبەرەوە بەم شێوەیە: «تلک الغرانیق العلی و ان شفاعتهن لترجی» (ئەوان بوتی گەورەن و هیوای شەفاعەتیان لێ دەکرێ).

تەفسیرنووسان دەڵێن ئەوە ڕستەی شەیتانە بەڵام ئێمە ـ وەک گوترا، بە ویستی دڵی دادەنێین. ئەوە حیکایەتێکی ڕاستە و سەلمان ڕوشدیش درۆی نەکردووە.

من کارم بە سەر ئەم ڕۆمانە واتە ڕۆمانی سەلمان ڕوشدییەوە نەداوە و لە سەر ئەو بڕوایەم کە نووسەر ئازادە هەرچی دەیەوێ بینووسێ تەنانەت ئەگەر مێژوو یاخود ژیننامەش بکاتە نێوئاخنی باسەکەی خۆی، هێشتا هەر نابێ بە پێوانەیەک جگە لە پێوانەی ئەدەبی بپێورێ. بەڵام ئەوەی کە دەڵێن ڕوشدی کافرە و لە ئایین ڕاست بۆتەوە بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە.

کارەکانی سەلمان ڕوشدی لە چوارچێوەی «نوێخوازی»دا دەگونجێن و ئیسلامیش ئازادییەکی تەواو دەداتە مرۆڤی خاوەنبیر و ئەدیب و ڕەخنەگر. پێغەمبەر خۆی بانگەوازی کێ بەرکێی بە گوێچکەی خەڵکدا دەدا و قورئانیش لە خەڵک دەخوازێ هەوڵبدەن نموونەی وەک ئەو بێننەوە: «هەرکەس دەیەوێ بچێتە شەڕە جەنگی نووسراوەکانی قورئانەوە، بابێتە مەیدانەوە...(و دەزانین لەم بارەیەوە هەندێ هەوڵیش دراوە).[22]

## پەراوێز

١- دوکتور ئەحمەد بەرقاوی، «سەلمان ڕوشدی و هەیتو هووتی بە درۆ»، گۆڤاری *الهدف*، ژمارە ٩٥٣، ١٩٨٩/٤/٢، ل ٤٥-٤٤.
لێرەدا ئاماژە بە هەندێ وەڵامی پڕوپووچی عەرەبی ـ ئیسلامی دەکەم کە ئاراستەی سەلمان ڕوشدی کراو: «سەلمان ڕوشدی بە کافری لە دایک بوو»... هتد، نووسینی د. شەمسەددین ئەلفارسی لە کتێبی «آیاة سماویه فی الرد علی کتاب آیاة شیطانیه» القاهره، دارمایو الوطنیه للنشر، ١٩٨٩، ص١١؛ یاخود ئەوەی کە «سەلمان ڕوشدی هەر منداڵییەوە تووشی شێواویی نەفسی، نەخۆشیی بیر لە خۆکردنەوە و هەبوونی دووکەسایەتی و ملدانەنواندنی شەیتان ئاسا بووە»، نووسینی دوکتور نبیل السلیمان لە کتێبی «همزات شیطانیه و سلمان رشدی»، عمان (اردن)، دار عمار، ١٩٨٩، صص ٨٣-٨٢. نووسەرێکیش بۆ وەڵامدانەوەی سەلام ڕوشدی چۆتە سۆراغی مێژووی مرۆڤ لە سەرەتاوە و لە یەکەمین ڕستەی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «لە ڕۆژێکەوە کە حەزرەتی ئادەم هاتە سەر زەوی...» (بەختەوەرانە کابرا نەچۆتە سەر باسی چۆنیەتی دروستبوونی سەرەتای وجوودەوە)! بڕوانە: سعید ایوب، «شیطان العرب: سلمان رشدی الرجل المارق»، القاهره، دارالاعتصام.
٢- هەمان
٣- **هادی العلوی**، «کەسایەتییە مێژوویییەکان و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنیان»، مجله *الحریه*، ١٩٨٩/٤/٩، ل ٤٤.
٤- **هادی العلوی**، «المنتخب من اللزومیات: نقد الدوله و الدین و الناس»، دمشق، مرکز الابحاث و الدراسات الاشتراکیه فی العالم العربی، ١٩٩٠.
٥- **عبدالله الحسینی**، «حول القضیه الکتاب الایات الشیطانیه»، جریده *السفیر*، بیروت، ٨٩/٤/٨.
٦- الوطن، کویت، ٨٩/٣/٥.
٧- **دکتر کاظم الموسوی**، «ضد آیات الشیطان»، *الهدف*، ژمارە ٩٥٥، ٨٩/٤/٦.
٨- غالی الشکری، *الوطن العربی*، ٨٩/٣/١٧، صص ٢٧-٢٢.
٩- گۆڤاری *المصور*، قاهره، ٨٩/٣/٣.
١٠- *الاهرام*، ٨٩/٣/١.
١١- هەمان... ٨٩/٢/٢٦.
١٢- کۆمەڵەیەک لە وتارەکانی ڕوشدی بە ناوی «نیشتمانە خەیاڵییەکان» (Imaginary Homelands)، لەندەن، ١٩٩١، Gran books، ل ٩و ١٠.
١٣- *الاهرام*، ٢٥، ٢٦ و ٢٧ی بیرەوەری ١٩٨٩، یەکەمی مارس و ٢و ٣ی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٨٩؛ الوطن، کویت، ١٩٨٩/٨/١٥.
١٤- **الجاحظ**، «البیان و التبیین»، بە هەوڵی فوزی عطوه، دمشق، مکتبه النوری و شرکه الکتاب البنانی، بیروت، ١٩٦٨، صص ٤٠٥-٤٠٤.
١٥- [غەیرە عەرەب. وەرگێڕ].
١٦- **الدکتر نبیل السلیمان**، «همزات شیطانیه و سلمان رشدی»، عمان (اردن)، دار عمار، صص ٥٤، ٨٢، ١١١، ١١٢.
١٧- هەمان...، «سلمان رشدی و الضجه المفتعله».
١٨- **عادل درویش و عماد عبدالرزاق**، «الایاة الشیطانیه بین القلم و السیف». لندن، ١٩٨٩، ناشر؟.
١٩- ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن، ٨٩/٣/٢.
٢٠- هەمان...، ٨٩/٣/٤.
٢١- وتارێکی ئینگلیزی:
"Nihilistic, Negative, Satanic" - the Rushdi File, edited by L. Appignanesi and S. Maithand Syracuse university Press, 1990, pp. 18-21.
٢٢- الاسلام و الحداثه، ندوه مواقف، لندن، دارالساقی، ١٩٩٠، صص ٢٣٥-٢٣٤.

# سەرووەری ڕۆشنبیرانی کورد
# و
# هەناسەی نەپساوی میدیا

**بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە١٠ی گۆڤاری (هاڤیبوون)ەوە**

جەزا چنگیانی

لە نێو میللەتەکانی جیهاندا خەرمانە نموونەیەک لە خەبات و ڕۆڵی میدیا و جەربەزەیی کادیرەکانی لە شۆڕش و ڕاپەڕین و میکانیزمی کۆمەڵگادا هەیە. لە دایکبوونی میدیا دەگەڕێتەوە بۆ دیرۆکی دروستبوونی یەکەم چاپخانە لە ساڵی ١٤٥٠دا. گومان لەوەدا نییە بەشێکی دەستکەوتە مرۆییەکان دەچێتە قاڵبی چوارچێوەی بازاڕ و مامەڵەکردن پێوەی، سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای چاپخانە و میدیا لەم دیاردەیە قوتار نەبوو، بەڵکوو بە گەرمی بازاڕ ئامێزی بۆ کردەوە و، بوو بە بەشێک لە بازاڕ و بازاڕیش یانی ململانی بەرژەوەندی. مادامێکی میدیا بزوێنەری ڕۆح و وزەی کۆمەڵە و کۆمەڵی مرۆڤایەتیش کۆمەڵێکی پڕ کێشە و هەمە چین و توێژە، لەم پێشبڕکییەدا کێ دەنگی زۆربەی زۆری خەڵکی بە دەست نەهێنێ ئەوە براوەی یەکەمە. بە هۆی ئەم دۆزە و پێویستی بازاڕەوە داخوازی (سەربەخۆیی میدیا) لە تەک (سەربەخۆیی سەرمایە و ئازادیی بازاڕ)دا زمانی پژا و پڕفام بوو.

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا دەسەڵات لە سێ چوکڵەدا قۆرخ کرابوو:

- دەسەڵاتی چینی سیاسی
- دەسەڵاتی ئابووری چینی دەرەبەگایەتی
- دەسەڵاتی کەنیسە.[1]

لە سەرەتای زمانپژینی میدیاوە، دەسەڵاتی کەنیسە لە هەردوو دەسەڵاتەکەی تر زیاتر و توندتر دەستی لە قورگی ئازادی میدیاوە گیرکرد، وەلێ وزەی کۆمەلایەتی و پێویستی ڕۆژ و بازاڕ و جەربەزەی پێنووسە بەجەربەزەکان توانیان بە سەر ئەو دەسەڵاتە ڕەهاییەی کەنیسەدا زاڵ ببن و پەنجەکانی کەنیسە لە قورگی وشەی ئازاد شل بکەنەوە. لە ئەنجامدا ئەم (دوو باوەڕە) لە ویژدانی پێنووسە ڕاستگۆکاندا سەقامگیر بوو.

- باوەڕی تاکەکەس
- باوەڕی پێشبڕکێ

وزەی ئەم میکانیزمە نەک لە خاڵێکی سنووردراردا چەقی وەرنەگرت و بەڵکوو کارێکی وایکردە سەر کۆمەڵگا کە مرۆڤ بگەیێنێتە ئاستێک هەمیشە خەو بە پاشەڕۆژی باشتر و ژیانی خۆشترەوە ببینێ.

ئەگەر شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کۆرپەی ئەم پرۆسێسە نەبێ ئەوا بە دڵنیاییەوە دایکێتی. ئەم شۆڕشە تەنیا گۆڕانی شێوەی دەسەڵاتی سیاسی نەبوو. بەڵکوو گۆڕانی شێواز و مامەڵەکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژ و ڕمانی سیستەمی دەسەڵاتی کۆن بوو لە سەرجەمی ئەورووپادا. هاندانی هاووڵاتی بۆ هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا، بڕیاری چارەنووسداری دا لە ڕێگەی:

- پەرلەمان و نوێنەرانی خەڵکەوە
- لە ڕێگەی میدیای ئازادەوە.

لە سەردەمی مەلیک «لۆدڤیکی ١٦»دا، دانیشتووانی فەڕەنسا ٢٥ میلیۆن کەس بوون. لەمانە ٢٠ میلیۆنیان پێکهاتەی چینە داماوەکانی کۆمەڵ بوون. بێگومان ئەم دۆزە کۆمەلایەتییە دەبێ چ کارەساتێک بۆ ئەو کۆمەڵگایە بهێنێتە کایەوە؟ لە شۆڕشێک زیاتر؟ پڕیشکی یەکەمی شۆڕشی فەڕەنسی لە زمانی پێنووس و گۆڕینی یاسا بنەڕەتییەکانی دەوڵەتەوە کڵپەی سەند و، پەخشکردنی مافی مرۆڤ (کە لە پەڕەگرافی ١٩دا هاتووە) و ڕێگەدان بە تاک لە بواری سیاسی و ئابووری و هۆشیاری (فکر) بە بێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسی لە کاروباری تاکدا بەری ئەو شۆڕشە بوو. شالاوەکە پەرەی سەند و هەندێ وڵاتی تری وەک ئەڵمانیای گرتەوە کە لە ساڵی ١٩٤٨دا، ٢٠٠ ڕۆژنامەی هەبووە و ڕۆژانە ٣٠٠ دانەی لێ چاپکراوە، بەڵام لە ژێر سانسۆرێکی زۆر توندا بوون. ئەم سانسۆرە کاتێک شل بووە کە خاوەن دەسەڵات (سەرمایەدارەکان) جەختیان لە سەر ئازادیی بازاڕ و سەرمایە کرد. ئەم جەختکردنەش بە دوای خۆیدا ئازادی ڕادەربڕینی کێشکرد، یانی ئازادیی میدیا. چونکە میدیا بەشێک بوو لە بازاڕ.[2]

خەباتی ئەمریکییەکان دژی کۆلۆنیالیسمی بریتانی تەنیا چەک نەبوو، بەڵکوو میدیا و بەتایبەتی ڕۆژنامە بوو. ساڵی ١٩٦٠ یەکەم ڕۆژنامە لە ئەمریکادا بە ناوی Publick Oecurrence دەرچوو کە ماوەیەکی کەم ژیا و قەدەغەکرا. لە ساڵی ١٧٠٤، ڕۆژنامەی Boston Newesletter، ٧٢ ساڵ ژیا. ساڵی ١٧١٩ ڕۆژنامەی Boten gazette ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە هەواڵەکان بوو، ئەمانە گۆڕەپانێک بوون بۆ چەلەحانی(مناقشە)ی سیاسییەکان و دارشتنی یاساکانی دەوڵەت و باج و پەیوەندییەکانی مرۆڤە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایە نوێیە.[3] «جۆن ملتون» ساڵی ١٦٤٤، جەختی لە سەر ئەو ڕاستییە کرد و گوتی: "ڕاستی بە خۆی نامۆ دەبێ، ئەگەر ڕێگە نەدا بە ڕووبەڕووبوونەوەی بۆچوونەکان، بینینەکان بە تەواوی ئازادییەوە.[4]

گەورەترین دوژمنی دیکتاتۆر و دەسەڵاتی ڕەها لە هەر شوێنێک بێ (ئازادی میدیا)یە. ناپلیۆن دەڵێ: "بڕوا بە خۆم ناکەم بتوانم سێ مانگ دەسەڵاتی سیاسی بەرقەرار بکەم، ئەگەر میدیا ئازاد بێ.[5] ئازادی

ئاوێنەیەکە ویژدان و ئاوزانی ئازاد و جەربەزە و سەروەریی کۆمەڵ نیشان دەدا. دەبینین ئەو کۆمەڵگایانەی میدیایان ئازادە، ژیانیان سەقامگیرترە و پێچەوانەکەی ئەو وڵاتانەی ئازادیی تاک قۆرخ دەکەن، کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکی ئالوسکاو و بێ ئایندەن.

لە ساڵی ١٧٧٦ لە دەستووری ناوچەی (ڤێرجینیا) لەمەڕ ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا هاتووە کە: "ئازادیی ڕۆژنامە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی و پتەوی ئازادی یە".

لە ساڵی ١٧٨٩ و لە ئەنجامی شۆڕشی فەڕەنسادا بڕیاری ئازادیی تاک و میدیا درا.

لە ساڵی ١٩١٩ شۆڕشەکەی «سەعد زەعلوول» و کودەتاکەی «جمال عبدالناصر»ی ١٩٥٢ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی میصری ساڵی ١٩٨٧، ئەمانە بەشێکی داوایان ئازادیی ڕۆژنامەگەری بووە. لە ساڵی ٢٠٠١، لە چێک (پراگ) میدیا و دەسەڵات کەوتنە جەنگی ئازادیی وشەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ لە مۆسکۆ ئیستگەیەکی تەلەفیزیۆنی لە سەر ئازادی داخرا.

لە ساڵی ٢٠٠٢ و لە میری هەرێمی سۆراندا لە سلێمانی، پرۆژەی (میدیای سەربەخۆ) بڵاوکرایەوە.[٦]

کەواتە هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی میدیا لە جەنگدان و لە جەنگدا دەبن.[٧]

ئەمە بەرکوڵێک بوو لە مێژووی سەروەریی خەباتی پێنووسی جەربەزە. بەشێک لە هێزی خەباتی ڕزگاری نەتەوایەتی بە شانی میدیاوە لکاوە ئایا کوردیش وایە؟

بێگومان، هیچ کەسێک ناتوانێ لاپەڕە گوڵینەکانی خەباتی نەتەوایەتی کوردی (لە هەر بەشێکی نیشتمانە لەتکراوەکاندا بێ)، تۆزاوی بکات، ئەگەرچی ئەنجامەکەشی نشوستی بووبێت یان هەڵەیەکی سیاسییان پێوە لکابێت، لە کرۆکدا خەباتەکە خەباتێکی ڕەسەن و نیشانەی هۆشیاری نەتەوەیەکە، ئامادەیە لە پێناوی ئازادیدا نەک قوربانی بە نانەکەی، بەڵکوو بە ژیانیشی دەدا. بۆیە جێگەی خۆیەتی مرۆڤی کورد شانازی بەوەوە بکات کە سەر بە میللەتێکە ملکەچی پەسەند ناکات. خەباتی چەکداری و ڕاپەڕین و تووڕەبوون و شۆڕشەکانی، نەخۆشییەکی دەروونی یان ڕەوشتێکی دابڕاوی مرۆڤی کورد نییە.. بەڵکوو بەری ئاوزانی بیرکردنەوەی بۆگەنی کۆلۆنیالیستەکانە. ئەگەر ئەمە جێگەی ئاوڕدانەوە و پێزانین و شانازی بێت، ئەوە هاوتای کێشەکە چالاکی ڕۆشنبیران و میدیای کوردی بۆ ئاشکراکردن و ڕەسەنایەتی و بەویستگەیاندنی شەرعییەتی خەباتەکە بووە. ئەگەرچی میدیا دوور لە زەبروزەنگی سوپا و بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی لە کێشەکانی مرۆڤدا و بە ئارامی و لە دوو توێی لاپەڕە و بە چەکی پێنووس هەنگاو بۆ گرفتەکان دەنێ، وەلێ هەندێ جار فرمێسکی پێنووسی ڕۆژنامەنووسێ، وێنەی فوتۆگرافێک کارێکی وا دەکاتە سەر وزەی مرۆڤ کە هێزی کۆمەڵانی خەڵک هاوشانی هێزێکی قەبەی سەربازی دەکاتەوە. لە کاتی هێرشی ئەمریکییەکان بۆ سەر ئەفغانستان کە نیوەی جیهان داکۆکییان لێوەکرد و زۆربەی زۆری میدیاکانی دنیا چاویان لە لایەنە چەوتەکەی نوقاند، پێنووسە چاوڕەشەکەی خانمی نووسەری هیندی Arundhati Roy هاتەگۆ و بە



موحسین عوسمان: بەڕێوەبەری نووسین

ڕووی ڕاستییەکاندا قیژاندی و گوتی: "بوەستە با بە ڕوونی شتەکان ببینم دواجار بە چەند وشەیەکی سادە بۆت ڕووندەکەمەوە"،[٨] "چونکە لە ڕووباری سەرچاوەی هەواڵەکانی میدیای ئەمریکیدا کونێکی ڕەش هەیە". چەند جوانە ئەو ئازایەتییەی دەڵێ: "چەند بازاڕی ئازادی ئەمریکی تاوانبارە لەم جەنگەدا، ئەوەندەش میدیای ئازادی ئەمریکی.[٩] ئەم جۆرە جەربەزەبوونەوەیەی میدیا لە هەر وڵات و شوێن و دۆزێکدا بێت گەر هۆشیارانی بواری مامەڵەیەکی زرنگانەی لە تەکدا بکەن، دەتوانن ڕەوتی کارەساتەکان و وزەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا و جەنگ بە ئاقارێکدا بەرن جێی چاوەڕواننەکراوبێت. گەرچی ئێمەی کورد، لەبەر نەبوونی دەوڵەت لە ویست و حەز و پۆزەتیڤی تەکنەلۆژیا و میدیا بێبەرین، وەلێ لە مێژووماندا هێندە نموونە و قارەمانی زیندوومان هەیە کە کادیرانی میدیای کوردی ڕوویان بێت لە ئاست پرسیاری مێژوودا بێ وەڵام نەبن.

کاتێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیمان لە باکووری وڵاتدا نشوستی هانی، کۆڕپەکانی بەدرخانییەکان یەکەم ڕۆژنامەی کوردییان لە قاهیرە دەرکرد، ئەلتەرناتیڤێکی زیرەکانە بوو بۆ هێزی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، بۆیە ڕەگەزپەرستانی تورکی بەلەسەکرد. شێخی کورد (شێخ مەحموودی نەمر) وشیاری لە سنوورێکدا بوو لە سات و قڕی و نەبوونی و داتەپینە ئابووری و سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان، لە شارێکی وەکی سلێمانی ئەو ساتەدا و دواجاریش لە کونجی تاریکی ئەشکەوتەکاندا بفەرموێ: پێویستە ڕۆژنامەی (بانگی حەق) دەربکرێت. من لێرەدا گەرەکم نییەمێژووی سەروەریی ڕۆژنامەگەری کوردی بنووسمەوە. لە هەر بەشێکی نیشتمانەکەماندا چەندەها وێنەی سەربەرزی و هۆشیاری وەکی قازی قارەمان و شێخی نەمر و ڕۆڵەکانی بەدرخانییەکان ئەستێرەی هەمیشە گەشەداری کوردن. فاشیترین دیکتاتۆر، ترسنۆکترین کۆیلەیە بەرانبەر بە ڕۆژنامە. هیتلەر دەڵێ: "پێویستە دەوڵەت ڕێگەی ڕاستی خۆی بە هۆی هەرای ڕۆژنامەوە ون نەکات و بە دەستێکی ئاسنینەوە بەرەو

ڕوویان ببێتەوە. فەرهاد تەپە، موسا عەنتەر لە باکووری کوردستان و، بەکر عەلی لە سلێمانی (١٩٩٤)، دەستە ترسنۆکە لەرزۆکەکان تیرۆریان کردن. چونکە خاوەن هەڵوێست و پێنووسی جەربەزە بوون.

لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێران و لە دوای ڕاپەڕینەوە، سوپایەکی کورد بە هەر هۆیەکەوە بێت گەیشتە دەرەوەی کوردستان، لواوەوە کە لە ناو ئەمانەدا کەسانی زۆر هۆشیار و دڵسۆز هەبوون و هەیە کە بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییە تاکەکان و هەندێ جاریش بەقوربانییەکی زۆرەوە خۆیان ئاڵاندووەتە بواری میدیاوە، کەڵکیان لە تەکنەلۆژیا و دیمۆکراتی ئەو وڵاتانە وەرگرتووە کە تێیدا نیشتەجێ بوون. هۆشیارییەکەیان لەوەدایە کە چالاکانە چاودێری ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە و جیهانیان کردووە. لە شەڕی براکاندا نەک بێدەنگ یان لایەنگیری لایەنێک نەبوون، بەڵکوو بە ئازایەتییەوە نەفرەتیان لە شەڕ کردووە. کێ دەتوانێ پڕشنگی چاوی ئەم ئەستێرانە کز بکات (پەیڤ، خەرمانە، هەنگاو، ڕابوون، گزینگ، هاڤیبوون، هەتاو، کوردستانی نیمرۆ، بارزان، پەیام، هاوار، هانا، هتد)، ئەمانە هەریەکەیان ئەستێرەیەکن و تەمەنی درەوشانەوەیان لەگەڵ تەمەنی زەوی و مێژوو دایە. جێگەی خۆیەتی ئەم پێشەکییە چەشنی ملوانکەیەکی چنراوی وشەی ڕێز، بکەینە گەردنی ناسکی (هاڤیبوون)ەوە، کە یەکێکە لەو گۆڤارە بە نرخانەی کە تا ئێستا (١٠)ژمارەی لێدەرچووە و، ئەمەش وەک هەموو ئەو ئەستێرانەی باسمان لێوەکردوون بەری خۆبەختکردن و شەونخوونی و ڕۆحی پێشمەرگایەتی کادیرانی میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردی یە.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشی یە و لەو گۆڤارەدا ڕەچاو دەکرێ، ئاوزان و چاوێکی مۆدێرن سەرپەرشتی دەکات. سانسۆری سیاسی و لەمپەر لە سەر تێڕوانینە جیاوازەکان، لە میدیای کوردیدا تا قورقوڕاگە مرۆڤی کوردی لە ترس هەڵکێشاوە (سانسۆری سیاسی، دین، کۆمەڵایەتی و سانسۆرە ئێسک قورسەکانی تر) لە گۆڤاری (هاڤیبوون)دا بوونی نییە. پێموایە ئەمە خاڵێکی درەوشاوەیە. مەدالیاییەکی بە شەوقی سنگی (کاک موحسین و برای سەرنووسەر کاک سالم جاسم)ە. ویستی ئەم گۆڤارە بە ئاکادیمەکردنی بابەتەکانە یانی نووسینەکان بە سەرچاوە و بەڵگەویستییەوە دارێژراو بێت. ئەمە تاڕادەیەکی زۆر لە میدیای کوردیدا نوێ یە. بۆشیان لوواوە و چونکە بواری (وتارە گۆڤارەییەکان) فراوانترە لە بواری(وتارە ڕۆژنامەییەکان). هەڵبەت وتاری ڕۆژنامە دەبێ زیاتر و زووتر و ئاسانتر بابەتەکان بەدەستەوە بدا، بەڵام وتاری گۆڤار ئەم خەسڵەتەی نییە، چونکە ماوەی دەرچوون و سنووری نووسینی هەناسەیی درێژترە و، بۆیە دەشێ بابەتەکانی فراوانتر بێت، ئەمەش بەڵگەی وشیاریی کادیرانێتی. هەرچەندە برای بەڕێز کاک «موحسین عوسمان» مامۆستایەکی شارەزای هونەر و ئەدەبی شانۆیە، وەلێ جێپەنجەی ئەم بەڕێزە بە ناوچەوانی هەموو ژمارەکانیەوە دیارە، هەروەها برای سەرنووسەر کاک «سالم جاسم». جگە لەمە، ئەم گۆڤارە سنوورە دروستکراوەکەی کوردستان و شێوەی دیالێکتەکانی نەکردووە بە لەمپەر، بەهەردوو دیالێکتی سەرەکی تێدا دەنووسرێت و، گۆڤاری (هاڤیبوون)جگە لەم ئەرکەی واتە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک، لە پاڵیشدا تا بۆیان بکرێت دریغیان لە کۆمەکی نووسەران نەکردووە. تا ئێستا (١٥) پەرتووکیان بە چاپ گەیاندووە بەبێ ئاوڕدانەوە لە بەرژەوەندیی تاک و خۆپەرستی و بۆچوونی سیاسی نووسەر و بابەتەکەی. زیادەڕەوی نییە بڵێین ئەوەی گۆڤاری (هاڤیبوون) و برایانی وەک کاک موحسین و کاک سالم جاسم دەیکەن لە ئەرکی دەزگایەکی دەوڵەت یان نیمچە دەوڵەتێکدایە کەوا ماوەی ١١ ساڵە لە باشووری نیشتماندا دەسەڵاتیان هەیە. گرینگیدان بە بڵاوکراوە کوردییەکانی دەرەوەی کوردستان (هەندەران) گرینگییەکی مەزنە ئەویش لەبەر ئەوەی جیاوازییان لە تەک بڵاوکراوە کوردییەکانی ناوەوەی کوردستاندا هەیە. بەداخەوە ئێمە خاوەنی دەسەڵاتێکی سەقامگیر(دەوڵەت) نین و سەرمایەداری کوردیش هێندە وشیار نییە تا بەشێکی سەرمایەکەی بخاتە گەڕ لە بواری میدیادا، بۆیە ئەو بڵاوکراوانەی لە کوردستان هەن لە ژێر (باربۆی) پارتەکاندان و، پارتەکوردییەکانیش وەک هەموو پارتێکی تر لە جیهاندا هەمیشە لە خەمی قەبەکردن و زلکردنی خۆیان دان. بۆیە ئەم ویستە سیاسییە وا دەکات کە سەرچاوەکانی میدیا گرمۆڵەی بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیی پارتەکان بن یانی (قۆرخکردنی ئازادیی ڕۆژنامە). بەڵام کادیرانی میدیای کوردی دەرەوەی کوردستان لە (خێوەی) پارتەکان دوورن، گەر دڵسۆز بن دەتوانن بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پرۆسێسی بە دیمۆکراتیکردنی دیالۆگ بخەنە نەخشەی کاریانەوە.

ئاوڕدانەوە لە پێشمەرگە بێناوەکانی دەزگای میدیای سەربەخۆی کوردی و ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییە ناسیاسییەکان ئەرکی پێنووسە جەربەزە و ویژدانە زیندووەکانە. پێزانینی ئەم ڕاستییە ئەگەرچیش کۆمەکێکی لێ دەستنەکەوێ، وەلێ دڵخۆشکەری ئەو پێشمەرگانەیە کە خۆیان بۆ خزمەتی میدیا و ڕۆشنبیری کوردی تەرخان کردووە. بۆیە جێگەی خۆیەتی لەم بوونەدا واتە جەژنی لە دایکبوونی ژمارە ١٠ی گۆڤاری (هاڤیبوون)دا، پیرۆزبایی و دەستخۆشکەری لە برایان کاک «موحسین» و کاک «سالم جاسم» بکەین و تەمەنی ساڵی ٢٠٠٢ شیان بە چەپکە نێرگزی هەمیشە بەهارێکی ئەرشیڤی میدیای کوردی بسپێرین. وێنەیان زۆر بێت.


**سەرچاوەکان**

1- *Der Kampf um die medien*, Dieter prokop, VSA.Verlag.
٢- سەرچاوەی ژمارە ١.
٣- سەرچاوەی ژمارە ١.
٤- *العلومە و التبادل الاعلامی الدولی*، د. صابر، د. محمد البخاری، منشورات دارعلاالدین.
٥- *احزان حریە الصحافە*، صلاح الدین حافظ، مرکز الاهرام.
٦- (Kurd Sat) بەرنامەی هەواڵ و توێژینەوەی شەوی ٢٠٠٢/٠١/١٦.
بە پێی ئەو یاسایەی لە میری هەرێمی سۆرانەوە بۆ سەربەخۆیی میدیا بڵاوکراوەتەوە میدیای کوردی لەو بەشەی باشووری کوردستاندا نەک ئازاد نابن بەڵکوو یاساکە قۆرخی ئازادی دەکات و ئە یاسایەش لە یاساکەی دەوڵەتی مصر (بڕگەی ٤٧ی دەستووری چاپەمەنی) وەرگیراوە. لە یاساکەی باشووردا هاتووە هەوڵدەدرێ بۆ تەبابوونی دەسەڵاتی سیاسی و میدیای سەربەخۆ، ئەمە خۆی لە خۆیدا وۆڕخکردنە، چونکە دەبێ هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی و میدیا دژی یەک بن نەک تەبا.
٧- (Medya TV) بەرنامەی ڕووبەڕوو، شەوی ٢٠٠٢/٢/٢.
8- Die Zeit 15, Nov 2001.
9- Frankfurter Allgemeine Zeitung, 2001/09/28.

# بزافی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە تورکیا
# لە نێوان دووڕیانی ئازادی و تەنگژەدا...!!

فەخرەدین تاهیر

بزافی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناخە جیاکانیدا، بە شێوەیەکی گشتی هەوراز و نشێوی زۆر دیوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەربازە ونەکانی درێژەیان بەو خەباتە بەردەوامە داوە. بۆ مەبەست و ئامانجی گەل درێغیان نەکردووە و لە پێناوی پەیڤی پیرۆزی کوردی هەندێک جار گیانی خۆشیان پێشکەش کردووە. لە هەر بەشێکی کوردستان بە گوێرەی هەلومەرجی ئەم بەشە، لەوێ چۆن بۆیان لوابێ و هەرچۆنێک بووبێت، درێژەیان بەکاروانی ڕۆژنامەوانیی کوردی داوە. لە باکووری کوردستان و لە تورکیاش هەر بە هەمان شێوە بووە. ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانان لە هەلومەرجێکی نیمچەئازاددا هەلیان بۆ هەڵکەوتبێت فرسەتیان هێناوە بە وشەی پیرۆزی کوردی یان بە زمانی فەرمی دەوڵەت ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرکردووە و باسیان لە زمان و دیرۆک و ئەدەبیاتی کوردی کردووە. هەرچەندە لە قۆناخە جیاکانیشدا گەلێک تووشی ئاستەنگ و زیندان و ڕاوەدوونانهاتوون، بەڵام بەبێ وەستان و بە بەردەوامی درێژەیان بەو کاروانە ڕۆشنبیرییە داوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەندێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بە سەر کەینەوە کە لەو چەند ساڵانەی دواییدا بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی و ڕەوشی ئەوکاتەی تورکیا، هەرچۆنێک بووبێت، چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

### ١- ئازادی Özgurluk

ڕۆژنامەی (ئازادی)[1] لەلایەن کادیرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، لە تورکیا چاپ و بڵاوکرایەوە. خاوەنی ئیمتیاز «ئۆرهان یاڤووز» و بەرپرسیار «چەلی دینێر» بوو.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩دا، کە (ڕێیا ئازادی) و (ڕۆژا وەڵات) قەدەغەکران[2]، دوابەدوای ئەم دوو بڵاوکراوەیە، ڕۆژنامەی (ئازادی) هاتە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە. ئەو ڕۆژنامەیە وەک هەر ڕۆژنامەیەکی دیکەی تورکیا بە قەوارەی ڕۆژنامەی ئاسایی دەردەچوو. هەندێک جار بە ٨ لاپەڕە و گەلێک جاریش بە ١٢ لاپەڕە دەردەچوو. ناوونیشان و شوێنی لە چاپدانی ڕۆژنامەکە شاری بتلیس بووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو کارەکانی لە شاری ئەنقەرە جێ بەجێ دەکرا. ژمارەی ١ی لە ١٥ی مانگی حوزەیرانی ١٩٧٩دا بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەی (ئازادی) بە زمانی تورکی بوو. بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە سەر پرسی کورد و کوردستان ڕادەوەستا. دەیان وتار و نووسین لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ئازادی) دەربارەی یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکراتەکان بڵاوکراونەوە. ڕۆژنامەی (ئازادی) بانگەشەی بۆ یەکڕیزیی خەلکی شۆڕشگێڕ و دیموکراتخوازان بە ئاوات دەخواست. دیارە ئاستەنگ و گیروگرفتی ئێجگار زۆر بووە، چاپخانەیەک نەبووە بە شێوەیەکی ئازاد بە ڕێکوپێکی ژمارەکانی لە چاپ بدات. هەموو بە سەریەکەوە ٥ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەو چاپخانەی کە دوا ژمارەی لێ چاپ کراوە، ڕازی نەبووە کە ناوونیشانی چاپخانەکە لە سەر ڕۆژنامەکە بنووسرێت، ئەمەشیان هۆکاری سەرەکی بووە، کە ڕۆژنامەی (ئازادی) نەیتوانیوە بەردەوام بێت و ئەویش وەی دەیان چاپەمەنی دیکەی کوردی کەم تەمەن بووە و هەر زوو سەری ناوەتەوە.

### ٢- پێشەڕۆژا ئازاد Özgur Glecek

(پێشە ڕۆژا ئازاد)[3] گۆڤارێکی مانگانە بوو، لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ دا لە شاری ئەنقەرە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. خاوەنی ئیمتیاز: «مەحەمەد بەیراک»، بەرپرسیار: «بەکر کەسێن» بوو، دوو ژمارەی جووت و٦ ژمارەی بە تاک دەرچووە. هەموو بەسەریەکەوە ٨ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. هەر ژمارەیەکی٤٨ لاپەڕەبووە. پێشەڕۆژا ئازاد زێدەتر بەدەستی مەحەمەد بەیراک بەڕێوەدەچوو. بەیراک ڕۆشنبیرێکی ناسراوی کوردی تورکیایە، شارەزاییەکی باشی دەبارەی ئەدەبیاتی تورکی هەبوو و گەلێک لێکۆڵینەوە و کتێبی بە زمانی تورکی لە تورکیا لە چاپ داوە. گۆڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد) گۆڤارێکی سیاسی و چاندی بوو. تەنێ بە زمانی تورکی بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا زێدەتر لەسەر پرسی کورد و دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ ڕادەوەستا. ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کە بە بەردەوامی بەرهەم و نوسینیان لە گۆڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد) بڵاودەکردەوە ئەمانە بوون: مەحەمەد بەیراک، تاقی سینێمیلی، جەمیل باران، فەرهاد جان، حوسێن تۆپراک، میرزا چەمین، مسرەفا مەتین، ئیبراهیم ئاکسۆی، یۆلماز ئۆداباشی، ئوزان تێلی... هەروا گەلێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی پێچکەوتووخواز و دیموکرات لە گۆڤاری پێشەڕۆژا ئازاد دا بە نووسین و دیتن و ڕامانی خۆیان بەشدارییان لە گۆڤارەکەدا کرد، لەمانە: جولدە گولیزار، بابوور پینار، مەتین توران. لەم گۆڤارە دا گەلێک وتاری سیاسی و لێکۆڵینەوە دەربارەی سیاسەت و دیرۆک و شێعر و حەکایەت بڵاوکراونەتەوە. دەربارەی بەرهەم و ژیانی نووسەر و هونەرمەندانی کورد

وەک: جگەرخوێن، یەلمازگۆنای، کامەران بەدرخان، عەرەب شەمۆ، حاجی جندی، جاسمی جەلیل، بابەت و نووسینیان لەسەر نووسراوە. گوڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد) بە شێوەیەکی فەرمی دەدەچوو. بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ گۆڤارەکە دروست نەبێ. گەلێک نووسەر و سیاسەتوان و وڵاتپارێزانی کورد بەرهەمەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاودەکردەوە. ئەو سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانەی بە ناوی خوازراوەوە دەیانووسی ئەمانە بوون: کەمال بۆرقای، حوسێن بویسولێن، مونزور جەم، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا لە تورکیا ڕەوشی چاپەمەنی زۆر لەبارنەبووە، هەر لەبەر هەندێ گۆڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد)یش هەوڵیداوە بە زمانێکی نەرم و دوور لە توند و تیژی نووسینەکانی بڵاوبکاتەوە. بۆ ئەوەی لە ڕەوشێکی سیاسی وادا بتوانێت درێژە بە دەرچوونی گۆڤارەکە بدات. لە گەڵ ئەوەشدا دەستهەڵاتداران بەوەش ڕازی نەبوون، کە بە زمانی نەرمیش کە هەرچەند دوور لە توند و تیژیش بێ، بەڵام نابێت گۆڤارێک بەم شێوەیە دەربچێت و باس لە کێشەی کورد بکا. هەرچەند داخوازییەکانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پێشەڕۆژا ئازاد) بۆ دوا ڕۆژی کورد و کوردستان گچکەش بووبن، بەڵام دیسانیش ڕۆڵی خۆیان لە نێو خەڵکدا بینیوە و هەروەسا لەسەر خەباتی ڕۆژنامەوانیش بەردەوام بوون. بۆ ئەو مەبەستەحکوومەت دەست بەسەر ژمارەکانی گۆڤارەکە دادەگرێت و دوای دەرچوونی ژمارە٢ی گۆڤارەکە، خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسیار، مەحەمەد بەیراک و بەکرکەسێن هەردووکیان دەخرێنە زیندان. لە دەرەوەی وەڵات دەنگی نارازی لە لایەن گەلێک چاپەمەنی کوردی وەک (ڕێیا ئازادی) و دەنگی کۆمکار و هەروەها فیدراسیۆنی کۆمکاریش بەرز دەبێتەوە و هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان ئاگاداردەکرێنەوە و داوایان لێدەکرێت کە پشتیوان و پشتگری لە گۆڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد) و دەستەی نووسەرانی بکەن و هەوڵبدرێت کە لە زیندان ئازاد بکرێن. کۆمەڵەی نووسەرانی دونیا و هەروا PEN KLUB داوایان لە تورکیا کرد کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد)، بە زووترین کات ئازاد بکرێن. بەم شێوەیە بەیراک و کەسێن لە ماوەیەکی کەمدا لە زیندان بەرەڵڵادەکرێن و جارێکی دیکە خەریکی دەرکردنی گۆڤارەکە دەبن. لە هاوینی١٩٨٩دا دوای دەرچوونی ژمارە٨ی گۆڤاری (پێشە ڕۆژا ئازاد)، دەستەی نووسەرانی جارێکی تر دەخرێنەوە زیندان، ئەمجارەیان دەزگای لێبووردنی نێو دەوڵەتی و ئەمنەستی پێن کلوب، بە داخویانێک تورکیا ئاگادار دەکەنەوە و پشتگیری لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و داوای ئازاد بوونیان بۆ دەکەن. ئەمجارەش ئازاد دەبن.، بەڵام گۆڤارەکە نەیتوانی بەردەوام بێت و چیدیکە ڕووناکی نەبینیەوە، هەندەی نەبردووە گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی کوردی دێنە نێوەندی بزاڤەکە و دەیان نووسین و بابەتی گرینگ لەسەر پرسی کورد و چاند و هونەر و ئەدەبیات و زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە. هەرچەندە گیروگرفت و ئاستەنگ زۆریش بوون، بەڵام دریغیان نەکرد و بەردەوام بوون. ڕۆژ دوای ڕۆژ خەباتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بەردەوام دەبێ. مەحەمەد بەیراک لە چاپەمەنییەکانی دیکەی لە تورکیا چاپ دەبوون، بە بەردەوامی لەسەر پرسی کورد وتارەکانی خۆی بڵاودەکردەوە و دواتریش چاپخانەیەکی بە نێوی Öz-Ge دەکاتەوە و دەیان کتێب لەسەر پرسی کورد لە چاپ دەدات. دوایی بە ناچاری وڵات بە جێدەهێلێت و روو دەکاتە ئەلمانیا و ئێستاکە لەوێ دەژیت و بەبەردەوامی دیتن و نووسینەکانی خۆی لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بڵاودەکاتەوە کە هەنووکە لە تورکیا دەردەچن.

### ٣- دەنگ Deng

گۆڤاری (دەنگ)[٤] لە شاری ئەستەنبوول دەردەچێت. ژمارەی١ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٨٩دا دەرکەوت. خاوەنی ئیمتیاز: «حیکمەت چەتین» و بەرپرسیاری گۆڤار:«کامیل ئەرمەش»ە. هەتا هەنووکە بەبەردەوامی دەردەچێت. ئەو ژمارەیەم نەبینیوە، بەڵام لە ڕۆژنامەی (دەمانوو)دا لەسەرم خوێندۆتەوە کە ژمارە٥٨ی لەسەرەتای مانگی ئاداری ساڵی٢٠٠١ لە ئەستەنبووڵ دەرچووە، پێشتر مانگانە بوو، بەڵام ئێستاکە دوو مانگ جارێک ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرێتەوە. لەماوەی دەرچوونی گۆڤاری (دەنگ) دا، گەلێک خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسیار گۆڕاون. لەسەرەتا چەند ژمارەیەکی بە٦٨ لاپەڕە دەرچووە، چەند ژمارەیەکیشی بە٤٨ لاپەڕە و هەندێکیشی بە٥٢ لاپەڕە دەرچوون. بەشی زۆری ناوەرۆکی گۆڤاری (دەنگ) بە زمانی تورکی یە، لە ژمارەکانی سەرەتا بەشێکی کەمی لەسەر زمان و ئەدەبیات و دیرۆکی کوردی بە زمانی کوردی بوو. هەنووکەش هەندێ جار نووسین بە کوردی بڵادەکاتەوە. لە ژمارەی یەکەمدا بەرهەم و نووسینی ئەو نووسەرانە بڵاوکراوەتەوە: «ئا. سەلام»، کەسیم ئیرماک، حوسێن ئازاد، کەمال بۆرقای، ئیبراهیم ئاکسۆی، «ش. بەشار»، «س. شێخانی»، ئەسیمی فوراتلی، موسا شنگاڵ، مێری کۆچەر، شاکرۆی خدۆ، «یا. بۆرکۆ»، جەمیلە جەلیل، «هـ. دیار»، «س. شیار»، هەروا لەو ژمارەیەدا شیعری جەمشید مار، و «س.دلدار» هەیە. هەروەسا هەڤپەیڤینێک لەگەڵ مەحەمەدئەمین بۆزەرسلان سازکراوە. بێجگە لەو کەسانەی ناویان هات، گەلێک نووسەر و سیاسەتوان و کەسایەتی ناسراوی کورد بە بەرهەم و نووسینەکانی خۆیان، چ بەناوی ڕاستی چ بە ناوی خوازراوەوە، بەشدارییان لە گۆڤاری (دەنگ)دا کردووە، لەمانەش: «ف. کاراهان»، زینەب، جەیلان، نوورا جەوهەری، مونزوور جەم، شەمسەدین گورباز، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مەحەمەد بەیراک، شەنگالێ مووشی، مەحەمەد مالیمسانژ، نووها ئاتەش، «س. ڕێناس»، ئیبراهیم مەتین، ڕەفیق کاراکۆڵ، «ئا. قادر کۆنوک»، دکتۆر گوڵموراد موورادی، تووری عەلی چنار، مەتین ئالیلیک، ئیبراهیم جان، «ئا. حەیدەر ئاڤیشی»، بەیرام یۆزیێل، عەسکەری بوویک، نوسمان ئایدن... لە گۆڤاری (دەنگ) دا هەڤپەیڤین لەگەڵ گەلێک کەسایەتی ناسراوی سیاسی و نووسەر و شاعیر سازکراوە و لەسەر ڕووپەڕەکانیدا دەرکەوتوون، لەمانە: کەمال بۆرقای، شەهید دکتۆر سادیق شەرفکەندی، شەهید موسا عەنتر، مەحەمەد ئەمین بۆزەرسلان و زۆری دیکە. گۆڤاری (دەنگ) بۆ ئەمڕۆی تەڤگەری ئازادیخوازانەی کورد و چاپەمەنی کورد ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو دەبینێ و دەنگێکی گرینگ و باشە. گۆڤاری (دەنگ) بە بێ ترس و بە بێ سنوور بە زمانێکی ڤەکری لەسە پرسی گەل و وڵات دەنووسێ و بە گفتوگۆ و زمانێکی نەرم و شارستانی و سەردەم ڕێگای ڕاست دەستنیشان دەکات و زۆر بوێرانە ڕەخنە لە چەوتی سیاسەتی دەوڵەت و خراپەکارییەکانیان دەگرێت و




ناراستییەکانیان بە ئاشکرا دەخاتە روو. لە ناوەڕۆکی گۆڤاری (دەنگ)دا بەشی زۆری لێکۆلینەوەکانیان سیاسین و هەندێک لە لاپەڕەکانیشی تەرخان کردووە بۆ لێکۆلینەوە لەسەر زمان و دیرۆک و ژیانی کوردان. پێشتر چەند لاپەڕەیەکیشی بۆ چاندی کوردی تەرخان کردبوو، بەلاّم دوای ئەوەی گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی کوردی دەرکەوتن و بەشی زۆریشیان گرینگیان بە چاندی کوردی دەدا، گۆڤاری (دەنگ) بە چاکی نەزانی لەسەر ئەو بەشە بنوسێت. دوای ١٠ ساڵ بێ دەنگی، دەتوانین بێژین ئەو بێدەنگییە لە ساڵی١٩٧٩وە دەست پێدەکات ، چونکە لەو کاتەوە گەلێک چاپەمەنی بێدەنگ بوون دەرنەچوون، بەلاّم جارێکی دیکە بەهەر چ شێوەیەک بوو بێت هاتنەوە نێو کۆڕی کار و خەباتی بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردیی، هەرچەند ئەگەر کەمیش بووبێت، گرینگ بۆ زمان و دیرۆک و ئەدەبیاتی کوردی توانیان هرز و بیری میللەت لەم رووەوە هوشیار بکەنەوە. هەر لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری (دەنگ)دا ئاستەنگ و گیروگرفت دروست بوون. لە پێشدا بەرپرسیاری گۆڤاری (دەنگ) «کامیل ئەرمەش» راپێچی زیندان کرا. دوای ماوەیەکی ئێجگار کەم خاوەنی ئیمتیاز حیکمەت چەتین و بەرپرسیاری تازەش، سادات کارکاش زیندانی کران. لە دەرەوەی وڵات بۆ گۆڤاری (دەنگ) دەنگێکی پشتیوانی باش دەرکەوت، گەلێک کەسایەتی ناسراو و ڕێکخستن و سازی نێودەوڵەتی وەک ئەمنەستی دژی تورکیا بوونەوە و پشتیوانیان لە گۆڤاری (دەنگ) کرد و داوایان کرد دەستەی نووسەرانی بە زووترین کات ئازاد بکرێن. پشتگیری و پشتیوانی دەرەوەی وڵات ڕۆڵی چاکی بینی، هەرلەبەر هەندێ بە ماوەیەکی کەم دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەنگ) ئازادکران، بەلاّم دیسانیش ئەوەندە ئازاد نەبوون و ئەوان لەسەر کار و خەباتی ڕۆژنامەوانی خۆیاندا بەردەوام بوون. جارێکی دیکە رەوشی چاپەمەنی کوردی دژوار دەبێتەوە و ، مەخابن کە چاپخانەیەک نەبوو بە ئازادی گۆڤارەکە لە چاپ بدات، بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێ گۆڤارەکە بەردەوام بێت، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەنگ) بۆ نموونە لە کاتی خۆیدا لەبەر کەم لە چاپدانی ژمارە٥ ، ناچاربوون لە بەر داخوازی زۆری خوێنەران هەندێک دانەی زیاد بە فۆتۆکۆپی چاپ و بلاّوبکەنەوە.

گۆڤاری (دەنگ) ئەوە نزیکەی١٢ ساڵە بەردەوامە، بەلاّم لەبەر ئەوەی هەردەم ئاستەنگ و تەنگژەی زۆریان لە ڕێدا هەبووە، هەرلەبەر ئەوەش بووە ژمارەیەکی ئێجگار کەم و بە تیراژێکی کەمەوە چاپ و بلاّدەکرێتەوە.

گۆڤاری (دەنگ) وەک وشەنخانەیەک لەسەر زمان و دیرۆک و ئەدەبیاتی کوردی نزیکەی ٤٠ کتێبیان بە زمانی کوردی و تورکی بە چاپ گەیاندووە. بەم جۆرەش توانیویانە خزمەتێک بە کولتووری نەتەوایەتی کورد بگەیێنن، لە نێو ئەو کتێبانەی گۆڤاری (دەنگ) چاپی کردوون، بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەرانە هەیە، لەمانە: ئەحمەدی خانی، جگەرخوێن، عەرەبی شەمۆ، کامەران عەلی بەدرخان، بازیل نیکیتین، کەمال بۆرقای، ئیزۆل، مالمیسانژ، مونزور جەم و هی گەلێکی دیکە چاپ و بلاّوکراوەنەتەوە.

٤- ئازادی Azadî

(ئازادی)[5] هەفتەنامەیەکی نووچەیی و شرۆڤەیی بوو، بە شێوەی ڕۆژنامەی لە ئەستەنبووڵ بە ١٢ لاپەڕەی مەزن چاپ و بلاّودەکرایەوە. بەشی زۆری ناوەڕۆکەکەی بە زمانی تورکی و بەشێکی کەمیشی بە زمانی کوردی بوو، ئەو بەشەی لەسەر چاند و ئەدەبیاتی کورد بوایە، ئەوە بە زمانی کوردی بلاّودەکرایەوە. هەروەسا گەلێک ریپۆرتاژ و لێکۆڵینەوە بە کوردی دەرچوون. ژمارە١ی لە١٧ی گولاّنی ساڵی١٩٩٢دا دەرچووە. دوا ژمارەی (ژمارە١٠٤) لە٨-١٤ی گولاّنی ساڵی ١٩٩٤ دا بلاّوکراوەتەوە. ئەوەی شایانی باسە لە تورکیا بەرێ بە هیچ شێوەیەک ڕێگایان نەدەدا چ گۆڤار چ ڕۆژنامە و کتێبی کوردی چاپ و بلاّوبکرێتەوە، ئەوکاتە دەیان ئاستەنگ و گیروگرفتیان بۆ دروست دەکردن، ئەوەبوو لە ساڵی١٩٨٠دا دوای گۆڕانی حوکم لە تورکیا یاسای ژمارە٢٩٣٢ دەرچوو،کە تایبەت بوو بە زمانی کوردی و بڕیاردرا بە یەکجاری قەدەغە بێ. هەرلەبەر هەندێ بوو تورکیا لەلایەن زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەورووپاوە رەخنەی توندی ئاراستە کرا. بەلاّم لەسەردەمی «ئۆزال» دا بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا باش بکەن، پروپاگەندەی باشیان بۆ خۆیان دەکرد و هەروەها ئەو یاسایەیان رەتکردەوە، کە دەربارەی قەدەغەکردنی زمانی کوردی دەرچوو بوو. ئەوکاتە خۆیان وانیشان دەدا کە گوایە کورد ئێستاکە ئازادن بە زمانی زگماکی خۆیان دەنووسن و ئاخاوتن دەکەن. کورد هەنووکە لە تورکیا سەربەستی هیچ گیروگرفتێکیان نەماوە، کێشەی کورد لەم وڵاتەدا چارەسەر کراوە. بەلاّم ئەو پروپاگەندانە تەنیا بۆ دەرەوەبوو، لە راستیدا وانەبوو، چونکە زمانی کوردی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن قەدەغە بوو، تەنیا لەبواری چاپەمەنیدا تارادەیەک توانیان ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە کوردی لە چاپ بدەن. بەم جۆرە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب لە چاپدران، لەگەڵ ئەوەشدا دیسان ئازادییەکی ئەوتۆیان نەبوو، تەنگژە و ئاستەنگ بەردەوام بوو. ڕۆژنامەی (ئازادی) تووشی گیروگرفت بوو، پۆلیس دەستی بەسەر ژمارە ٦٦ دا، داگرت و ڕێگاشی نەدا بە هیچ شێوەیەک بگاتەوە کوردستان، بۆ کوردستان قەدەغە کرا. بەلاّم کاتێ ڕۆژنامەی (ئازادی) لە دەستی پۆلیس دەربازی دەبوو، هەر چۆنێک بوایە رەوانەی ئەورووپا دەکرا. بەشێوەیەکی بەربلاّو بلاّوەدەکرایەوە و خوێنەرێکی زۆری هەبوو. دوای هێدی هێدی ڕێگا لێگرتن و ئاستەنگ بۆ ڕۆژنامەکە دروست کرا، تاوای لێهات بە یەکجاری قەدەغە کرا و چیدیکە دەرنەچوو، خاوەنی ئیمتیاز: حیکمەت چەتین، بەرپرسیاری ڕۆژنامە: سادات کاراکاش بوو. گەلێک جاریش تووشی ئازار و زیندان بوون، هەرلەبەر

هەندێ، ناوە ناوە خاوەنی ئیمتیاز و بەرپرسیاری ڕۆژنامە دەگۆڕان. بەم شێوەیە ڕۆژنامەی (ئازادی) ژیانی خۆی دەرباز کردووە و ئاکامیش چارەنووسی لە چاپەمەنییەکانی پێش خۆی باشتر نەبوو و ژیانی بەم شێوەیە بە کۆتا هات.

### ٥- دەنگێ ئازادی Dengê Azadî


(دەنگێ ئازادی)[6] ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی نووچەیی و شرۆڤەیی بوو. لە شاری ئەستەنبووڵ بە زمانی کوردی و تورکی ئەویش هەروەک ڕۆژنامەی (ئازادی) بە ١٢ لاپەڕەی مەزن دەردەچوو. بەڵام ڕۆژنامەی (دەنگێ ئازادی) ژیانی کەم تەمەن بوو. چونکە توانی هەر ٤٢ هەفتە بەردەوام بێ. هەمووی بە سەریەکەوە ٤٢ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. لەو ٤٢ ژمارەیەش نزیکەی ٣٦ ژمارەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بە سەرداگیراوە و کۆکراوەتەوە و، لێ نەگەڕاون بە تەواوی بڵاوببێتەوە و قەدەغەکراوە. یەکەمین ژمارەی (دەنگێ ئازادی) لە ٢٠ی گوڵانی ١٩٩٤دا لە تورکیا لە شاری ئەستەنبووڵ و، دوا ژمارەی لە ١١ی ئاداری ١٩٩٥دابڵاوکراەتەوە. گەلێک نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناسراوی کوردستانی تورکیا بە دیتن و ڕامانی خۆیان بەشدارییان لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (دەنگێ ئازادی)دا کردووە. ئەم ڕۆژنامەیەش دەیان تەنگژە و ئاستەنگی هاتووەتە ڕێگا، هەربۆیە چارەنووسی لە ئەوانەی پێش خۆی کەمتر نەبوە و هەرزوو ژیانی بەکۆتا هاتووە.

### ٦- گۆڤەند Govend

گۆڤاری چاندی و هونەری یە، (گۆڤەند)[7] لە ساڵی ١٩٩١دا لە شاری دیاربەکر دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. لە دوای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لە باکووری کوردستاندا، یەکەمین گۆڤارە کە تایبەت بێ بە چاند و هونەری کوردی. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە زێدەتر بابەتەکانی بە زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە. دوا ژمارەی(ژ١٣) لە ئەیلوولی ١٩٩٥دا دەرچوو. خاوەنی ئیمتیاز «مەزهەر کارا»، بەرپرسیاری دەستەی نووسەران «موکرەم ئایلدیز» بوو. دەرچوونی گۆڤارێک بە زمانی کوردی و تورکی و باس لە کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی بکات، ئاسان نەبوو. ئەو کەسانەی گۆڤاری (گۆڤەند)یان بەڕێوەدەبرد، هەموو دەم گرتن و زیندان لە پێش واندا بوو. چەند جارێک خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسیاری دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (گۆڤەند) زیندانی کراون. لە نێو وڵات و دەرەوەی وڵاتدا بە دەیان کەسی وڵاتپارێز و ئاشتیخواز پشتگرییان لێ کرد، بەڵام دیسان ئەویش وەک چەندان گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکەی کوردی تەمەنی کورت بوو، ژیانی بەم شێوەیە بە کۆتاهات.

### ٧- ڕۆناهی Ronahî

ڕۆژنامەی (ڕۆناهی)[8] هەفتەنامەیەکی کوردی و تورکی بوو. لە شاری ئەستەنبووڵ دەردەچوو. ژمارەی ١ی لە ٢١ی گوڵانی ١٩٩٥دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دواژمارەی (ژ٧٢) بووە، لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا دەرچووە. ڕۆژنامەی (ڕۆناهی)یش وەک چاپەمەنییەکانی پێش خۆی لە ڕەوشتێکی پڕخراپدا ژیانی خۆی دەربازکردووە. چەند جارێک دراوەتە دادگا و ژمارەکانی کۆکراوەتەوە و لێنەگەڕاون بڵاوببێتەوە. گەلێک لە نووسەر و ڕۆژنامەوان و سیاستوانە ناسراوەکانی کوردستانی تورکیا و هەروا نووسەرانی سۆڤیێتی کۆن بە نووسین و بەرهەم و دیتن و ڕامانی خۆیان بەشدارییان لە دەرچوونیدا کردووە.




### ٨- هێڤی Hêvi

ڕۆژنامەی (هێڤی)[9] هەفتەنامەیەکی نووچەیی و شرۆڤەیی بوو. لە شاری ئەستەنبووڵ بە زمانی کوردی و تورکی دەردەچوو. ئەو ڕۆژنامەیەش لەبەر ئەوەی وەک ئەوانەی پێش خۆی دەیان تەنگژە ی هاتۆتەڕێگا، هەر لەبەر هەندێ ناوە ناوە خاوەنی ئیمتیاز و بەرپرسیاری ڕۆژنامەکە دەگۆڕا. لەوانەی کە یەک لە دوای یەک خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بوون، بریتین لە: «موجاهید ئایتاش»، «م. عەلی ئاتلگان»، «جەلال یەشار». هەروا ئەوانەی بە نۆرە بەرپرسیاری ڕۆژنامەی (هێڤی) بوون، ئەمانەن: «جەم بۆزنەسلان»، «چەلی سەید بۆزکوش» و «سەلما گوپنار».

ڕۆژنامەی (هێڤی) تا ڕێکەوتی ١٧ی نیسانی ١٩٩٩هەمووی بە سەریەکەوە ١١٨ی ژمارەی لێدەرچووە. لە ماوەی دەرچوونیدا ٤٨ ژمارەی لەلایەن پۆلیسەوە کۆکراوەتەوە و لێنەگەڕاون بڵاوبکرێتەوە. دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردستانی تورکیا، چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە ئەوروپادا و، هەروا نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی سۆڤیێتی کۆن بەشدارییان لە دەرلردنیدا کردووە. ماوەیەکیش ڕۆژنامەی (هێڤی) لە ئەوروپاش دووبارە لە چاپدەدرا و بڵاودەکرایەوە. لە ئاکامدا ئەو ڕۆژنامەیەش نەیتوانی بەردەوام بێت و ژیانی بە کۆتاهات.

### ٩- ڕۆژا تازە Roja Taze

(ڕۆژا تازە)[10] ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، بە زمانی کوردی و تورکی چاپ و بڵاودەکرایەوە. دوا بە دوای وەستانی ڕۆژنامەی (هێڤی) وەشانی خۆی دەست پێکرد. ژمارەی ١ی لە مانگی تومووزی ١٩٩٩دا ودوا ژمارەی (ژ ٧٢) لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠دا بە قەوارەیەکی مەزنی ١٢ لاپەڕەیی بڵاوکراوەتەوە. لەم ژمارە بە دواوە هیچ ژمارەیەکی دیکەی لێ بڵاونەکراوەتەوە و ژیانی بەکۆتا هاتووە. بە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە تورکیا و لە ئەوروپا ڕۆڵیان لە دەرچوونیدا هەبوو. ئەویش وەک چاپەمەنییەکانی پێش خۆی چەندان تەنگژە و ئاستەنگی بۆ دروست بوو، بەڵام توانی نزیکەی ساڵ و نیوێک درێژە بە تەمەنی خۆی بدات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین لەگەڵ ئەم کورتە نووسینەدا هەندێک لەو چاپەمەنییانەش بە سەرکەینەوە کە هەندێکیان ئێستا لە هەندێ شوێنی

تورکیا دەردەچن. هەرچەند ئەوانیش بێ تەنگژە و بێ گیروگرفت نین، بەڵام ناوە ناوە ژمارەیەکیان هەرچۆنێک بێ لێ بڵاودەکرێتەوە. ئەمەش هەندێک لە ناوی ئەو چاپەمەنییانەیە کە لە تورکیا دەرچوون یان ئێستاش دەردەچن.

### ١٠- زەند Zend

گۆڤاری (زەند)[١١] لە لایەن ئەنیستووتی کورد لە شاری ئەستەنبووڵ سێ مانگ جارێک بڵاودەکرێتەوە. گۆڤارێکی وەرزی یە و گرینگی بە لێکۆڵینەوە و کاری زانستی دەدات. ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩٦دا چەند ژمارەیەکی تایبەتی وەک پرۆڤ لێ بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لە پاییزی ١٩٩٦دا ژمارەی ١ی بە ٩٦ لاپەڕەی قەوارە A4، بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ و بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی سەروو بە پیتی لاتینی بڵاوکراوەتەوە. لە سەر بەرگی گۆڤاری (زەند) نووسراوە: «گۆڤارا سێ ماهییە لێکۆلین و لێگەرینێن زانستییە».

### ١١- بیرنەبوون Bîrnebûn

گۆڤاری (بیرنەبوون)[١٢]، گۆڤارێکی هونەری، چاندی و سیاسی یە و، لە لایەن کوردی دانیشتووی ئەنادۆلی نێوەڕاست لە تورکیا بڵاودەکرێتەوە. خاوەنی ئیمتیاز «حاجی ئەردۆگان»ە. هەتا هەنووکە ٣ ژمارەی لێدەرچووە. زێدەتر گرینگی بە ڕەوش و ژیانی دانیشتووانی ئەنادۆلی نێوەڕاست لە تورکیا دەدات و ژیان و دەردی ڕۆژانەیان بە سەردەکاتەوە.

### ١٢- نووبەهار Nûbehar

(نووبەهار)[١٣] گۆڤارێکی ئایینی مانگانەیە، لە شاری ئەستەنبووڵ بڵاودەکرێتەوە. تاوەکوو ئێستا هەمووی بە سەریەکەوە ٥٥ ژمارەی لێدەرچووە. لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە. یەکەمین گۆڤاری ئایینی یە لە تورکیا بە شێوەیەکی کوردانە و نیشتمانپەروەری لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە کێشەی کورد و تەنگژەکانی بە شێوەیەکی عادیلانە بخاتەڕوو و ڕێگاچارەشیان دەستنیشان بکات. بەرپرسیاری گشتی گۆڤار «سەباح کارا»یە. هەر مانگێک ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرێتەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم هەتا ساڵی ١٩٩٨، ئەو ٥٥ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

### ١٣-وەڵات Welat

ڕۆژنامەی (وەڵات) هەفتانە بوو، سەرەتا لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان لەلایەن ڕێکخستنی (PKK)ەوە ماوەیەک دەردەچوو. بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ بۆ ماوەیەک گواستیانەوە شاری سلێمانی و ماوەیەکیش لەوێ بەردەوام بوو. هەفتەنامەی (وەڵات) لە باشووری کوردستان بە شێوەزاری کرمانجی خواروو و هەندێک جاریش چەند لاپەڕەیەکی کەمی بە کرمانجی ژووروو هەر بە پێی پیتی عەرەبی بڵاودەکرایەوە. هەر بە هەمان ناو هەفتەنامەی (وەڵات) لە شاری ئەستەنبووڵ لە تورکیا ماوەیەک بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی بڵاودەکرایەوە. دوو ژمارەم لە بەر دەستدایە کە بەم شێوەیەی لە سەر نووسراوە: وەڵات ڕۆژنامەیا هەفتەیی، ساڵ: ١، ژمارە: ٣٦ (٢٠-٣١ ئابی ١٩٩٢)، ١٦ لاپەڕەی (A3)یە. ژمارەکەی دیکەش بەم شێوەیەی لە سەر نووسراوە: ساڵ: ٢، ژمارە: ٨٢ (١٢-١٨ ئەیلوولی ١٩٩٣)، ١٦ لاپەڕەی (A3)یە، هەر دوو ژمارەکە بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژوروو بە پیتی لاتینی یە. لە ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە. دوای تەنگژە و گیروگرفتی دژوار لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە بۆ ڕۆژنامەکە، بەرپرسی ڕۆژنامەکە «مەزهەر گوونپات» دەدرێتە دادگا و لە دانوستنێکیدا دەبێژێت: «ئەز لە دادگادا بە زمانی کوردی داکۆکی لە ڕۆژنامەی (وەڵات) و خۆم بە شێوەیەکی سیاسیو ئاسایی دەکەم».

### ١٤- وەڵاتێ مە Welatê Me

دوا بە دوای داخستنی هەفتەنامەی (وەڵات)، هەفتەنامەی (وەڵاتێ مە) جێی دەگرێتەوە. بەڵام دەیان ئاستەنگ و گیروگرفتی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆیە هەرچۆنێک بووە، ماوەیەک لە سەر وەشانی خۆی بەردەوام دەبێت. یەک ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەم لە بەر دەستدایە کە بەم شێوەیەی لە سەر نووسراوە: وەلاتێ مە، ڕۆژنامەیا هەفتەیی، سال: ١، ژمارە: ٢٢، ١٦ی ئەپریل ١٩٩٥، ١٦ لاپەڕەی (A3) یە. بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی لە ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە. دوای داخستنی (وەلاتێ مە)، هەفتەنامەی (ئازادیا وەڵات) جێی دەگرێتەوە.

### ١٥- ئازادیا وەڵات Azadiya Welat

ڕۆژنامەی (ئازادیا وەڵات)[١٤] هەفتەنامەیەکی سیاسی یە لە شاری ئەستەنبووڵ بڵاودەبێتەوە، ئەویش وەک چەندان چاپەمەنی دیکەی کوردی تووشی چەندان تەنگژە و ئاستەنگ بووە، هەربۆیە هەتا هەنووکە چەند جارێک ناوی خۆی گۆڕیوە، تاوەکوو لە سەر وەشانی خۆی بەردەوام بێت. جاری یەکەم بە ناوی(وەڵات) ماوەیەک بەردەوام بووە، دوایی بۆتە (وەڵاتێ مە)، پاشان ناوی گۆڕیوە بۆتە (ئازادیا وەڵات) و هەتا ئێستا کە بەردەوام دەردەچێت. یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەم لە بەر دەستدایە بەم شێوەیەی لە سەر نووسراوە: ئازدیا وەڵات ڕۆژنامەیا هەفتەیی، ساڵ: ١، ژمارە ٢٤، پووشپەر ـ تیر ماه ١٩٩٦، ١٦ لاپەڕەی (A3)یە. ئەم ژمارەیە بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی لە شاری ئەستەنبووڵ دەرچووە. دوای ژمارەی (ئازدیا وەڵات)م بینیوە، ژمارە ٢٨٤، تەمووزی ٢٠٠١، بە ١٦ لاپەڕەی قەوارە (A3) و بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە. (ئازادیا وەڵات)یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی هەتا ئێستا بە زمانی کوردی بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە و هەنووکەش بە بەردەوامی دەردەچێت.

### ١٦- وار War

گۆڤاری (وار)[١٥] گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەیە و ناوە ناوە ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرێتەوە. لە شاری ئەستەنبووڵ دەردەچێت. لە ساڵی ١٩٩٧دا ژمارەی ١ی لێ چاپ و باوکراوەتەوە و هەتا سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ تەنیا ٩ ژمارەی لێدەرچووە. بابەتەکانی بە زمانی کوردی و تورکی بووە.

### ١٧- رەوشەن Rewsen

لە سەرەتا گۆڤاری (رەوشەن) لە ئەوروپا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ - ١٩٩٢دا، ٩ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە لە ئەوروپا لە لایەن یەکێتی رۆشنبیرێن ولاتپارێزێن کوردستان بلاودەکرایەوە. لە سەر بەرگی گۆڤاری (رەوشەن)ی چاپی ئەوروپا، بەم شێوەیە نووسراوە: گۆڤارا یەکێتی رۆشنبیرێن ولاتپارێزێن کوردستان، گۆڤارا کوردیا چاندی، هونەری، وێژەیی، دیرۆکی و رامیارییە، ساڵێ چار جاران دهێ وەشاندن. تەواوی ئەو ٩ ژمارەیەی لە ئەوروپا دەرچوون ناوەرۆک بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە و، تەنیا دوا ژمارە کە ژمارە ٩ یە، بێجگە لە زمانی کوردی چەند لاپەڕەیەکیش بە زمانی تورکی یە. دوای ژمارە ٩ گواستراوەتەوە شاری ئەستەنبووڵ لە تورکیا و، هەر بە هەمان ناو بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ژمارانەی لە بەردەستی مندایە بریتین لەم ژمارانەی خوارەوە:

ـ رەوشەن ژمارە ١، شوباتی ١٩٩٢.

ـ رەوشەن ژمارە٢، ئاداری ١٩٩٢، ٥٨ لاپەڕەی (A4)یە. ١٢ لاپەڕەی بە زمانی تورکی یە و پاشماوەکەی بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە.

ـ رەوشەن ژمارە ٤، حوزەیرانی ١٩٩٢، ٥٨ لاپەڕەی (A4)یە. ٩ لاپەڕەی بە زمانی تورکی یە و پاشماوەکەی بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە.

ـ رەوشەن ژمارە ٦، تابی ١٩٩٢، ٥٤ لاپەڕەی (A4)یە. ١١ لاپەڕەی بە زمانی تورکی یە و پاشماوەکەی بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە. لە سەر بەرگی ئەم ژمارەیەدا نووسراوە: گۆڤارا کوردیا چوندی، هونەری، وێژەیی و دیرۆکییە.

ـ رەوشەن ژمارە ٧، ئەیلوولی ١٩٩٢، ٨٢ لاپەڕەی (A4)یە؛ ١٠ لاپەڕەی بە زمانی تورکی یە و پاشماوەکەی بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە.

ـ رەوشەن ژمارە (١٦-١٧) پووشپەڕ ـ تیرماه ١٩٩٤، ٨٦ لاپەڕەی (A4)یە؛ ١٠ لاپەڕەی بە زمانی تورکی یە و پاشماوەکەی بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە. لە سەر بەرگی ئەم ژمارەیەدا نووسراوە: گۆڤارا کوردیا چاندی، هونەری، وێژەیی و زانیاری.

گۆڤاری (رەوشەن)، چ ئەو ژمارانەی لە ئەوروپا یان لە تورکیا بڵاوکراونەتەوە بە بەرگێکی قەشەنگ و رەنگاوڕەنگ چاپ کراون. گۆڤاری (رەوشەن) تەنیا یەک ژمارەی نەبێت کە لە ئەوروپا لە مایسی ١٩٩٠دا بە شێوەی رۆژنامەیە، ٨ لاپەڕە و بە قەوارەی (A3)یە، ناوەرۆک بە زمانی تورکی یە. ئەم ژمارەیەش تایبەتە بە ژیان و خەباتی «ئیسماعیل بێشکچی» و لەلایەن یەکێتی رۆشنبیرێن ولاتپارێزێن کوردستان لە ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە.

### ١٨- ژینا رەوشەن Jiyana Rewsen

(ژیانا رەوشەن)گۆڤارێکی مانگانەیە لە شاری ئەستەنبووڵ دەردەچێت و ئەم ژمارەی لە بەر دەستی مندایە، ژمارە و ساڵی دەرچوونی بە سەرەوە نییە و، بەم شێوەیەی لە سەر نووسراوە: ژیانا رەوشەن، گۆڤارا وێژەیی، چاندی و هونەری، گۆڤارا ماهانە، ٧٢ لاپەڕەی (A5)ە و تەواوی ناوەرۆک بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی یە. بە بەرگێکی قەشەنگ و رەنگاوڕەنگ چاپ کراوە. شوێنی دەرچوون شاری ئەستەنبووڵە. دوا ژمارە (ژ ٣٧)م بینیوە لە مانگی شوباتی ٢٠٠٠دا لە ئەستەنبووڵ بڵاکراوەتەوە.

### ١٩- رۆژنامەی ئەحمەدی خانی Ahmedê xanî

رۆژنامەی (ئەحمەدی خانی)[١٧] لە شاری بایەزید لە تورکیا، لەو شارەی کە مەزاری پیرۆزی شاعیری نەتەوەی کورد ئەحمەدی خانی لێیە. کۆمەڵێک رۆشنبیری نیشتمانپەروەر بڕیاریان دا بۆ رێزلێنان لە گەورەیی و بەرزڕاگرتنی ناوی مەزنی خانی رۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی بکەن. ئەم رۆژنامەیە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەرچووە، لە بەر گیرو گرفتی ئابووری نەیتوانیوە بەردەوام بێت. رۆژنامەی (ئەحمەدی خانی) لە ناوەرۆکدا گرینگی داوە بە ژیان و شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و پەندی پێشینان و چیرۆکی فۆلکلۆری و گەلێک بابەتی دیکەی ئەدەبی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

### ٢٠- دەما نوو Dema Nû

(دەما نوو)[١٨] رۆژنامەیەکی سیاسی و چاندی یە، پانزە رۆژ(دووهەفتە) جارێک بڵاودەکرێتەوە. ژمارە ١ی لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠١دا، بە ١٢ لاپەڕەی قەوارە (A3)، لە ئەستەنبووڵ بە زمانی تورکی و کوردی بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ٢ی لە ٢٠ی ئاداری ساڵی ٢٠٠١دا بە ١٠ لاپەڕە بە هەمان قەوارەی ژمارە یەک بە زمانی کوردی و تورکی بڵاوکراوەتەوە. دوا ژمارەی داهاتووم لەم رۆژنانە بە دەست گەیشت، بەم شێوەیەی لە سەر نووسراوە: دەما نوو، رۆژنامەیا پانزە رۆژی یا سیاسی و چاندی؛ ساڵ: ١، ژمارە ٢٢، ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢، ١٦ لاپەڕەی (A3)یە، ٨ لاپەڕەی بە کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی و پاشماوەکەی بە زمانی تورکی یە.

لە شاری ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە و هەنووکەش بە بەردەوامی دەردەچێت.

### ئەنجام

لە تورکیا و لە باکووری کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨-٢٠٠١دا، واتە لە ماوەی ئەو ٩٣ ساڵەدا، بزافی رۆشنبیری و رۆژنامەگەریی کوردی درێژەی هەیە، لەو ماوەیەدا بە دەیان کتێب وسەدان رۆژنامە و گۆڤار چ بە زمانی تورکی و کوردی، یان تەنێ بە زمانی کوردی و یانیش هەر بە زمانی تورکی دەرچوون و هەندێکیان ئێستاکەش دەردەچن. بێگومان لەو ماوە دوورودرێژەدا دەیان ئاستەنگ و تەنگژەیان لە رێگەدا بووە، ئێمە لەم نووسینەماندا هەوڵمانداوە کە تیشک بخەینە سەر قۆناخێکی گرینگ و بەرچاو و پڕ لە تەنگژە و ئاستەنگ، کە ئەو قۆناخەش لە ساڵی ١٩٧٩ەوە دەست پێدەکا و تاوەکوو رۆژگاری ئەمرۆکەش بەردەوامە. لە ماوەی ئەو ٢٢ ساڵەدا نزیکەی زێدەتر لە ٣٠ گۆڤار و رۆژنامە دەرچوون و هەندێکیان هەنووکەش دەردەچن. لەو ماوەیەدا زێدەتر تەنگژەکان زەق بوونەتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کورد سەرەڕای تەنگژە و ئاستەنگ، درێژەیان بە بەرخۆدانی ڕۆشنبیری خۆیان داوە و بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ڕای گشتی تورکیا بە تایبەتی ڕۆڵی دیاار و بەرچاویان بینیوە. شان بە شانی لە چاپدانی ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و چەندان کتێب ونامیلکەیان بە زمانی کوردی، یان بە زمانی تورکی دەربارەی پرسی کورد و ئەدەبیات و مێژوو، فۆلکلۆر و ئەدەبی منداڵان لە چاپداوە. بەم کارەشیان خزمەتێکی مەزنیان بە بزاڤەکە گەیاندووە. هەتا هەنووکەش زۆر یان کەم بزاڤە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییەکە بەردەوامە.

ئەوەی شایانای گوتنە بێجگە لەو چاپەمەنییانەی باسمان لێوەکردن، گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەش لە تورکیا بە زمانی کوردی و تورکی، یان هەر بە زمانی تورکی دەرچوون و هەندێکیان ئێستاکەش دەردەچن، لەوانە: (ئولکەدەگوندەم، پێشەڕۆژ، یاندیم نەورۆز، ڕۆزا، ژوژن، ئوزگرخەلک، یورتیسڤەر، گەنچلیک، یەنی یەشام، ستێرکا رزگاری، پینە، پێلین، سەربەستی، بەفرین بەهار) و چەند دانەیەکی دیکەشم لە ئەرشیفی خۆمدا پاراستوون، بەڵام بۆ ئەو نووسینە بە پێویستم نەزانی باسی هەر هەموویان بکەم، چونکە پرۆژەی کتێبێکە، کە لە ماوەیەکی هەرە نزیکدا بە چاپی دەگەیێنم.

نیسانی ٢٠٠١

**ژێرنووسەکان**

١) هەندێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ئازادی)م هەیە و لەلای خۆم پاراستوومن. بۆ زیاتر زانیاریش سوودم لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕۆژا نوو) وەرگرتووە کە لەلایەن کۆمەڵەی کۆمکار ـ سوید بلاودەکرێتەوە. (ڕۆژا نوو) بە تەمەنترین گۆڤاری کوری یە لە سوید کە ٢٢ ساڵ لە دەرچوون بەردەوام بوو. مەخابن ماوەیەک دەرناچێت. دیار نییە بەردەوام دەبێت یان ئەویش وەک دەیان چاپەمەنی دیکەی کوردی بەبێ دەنگی ژیانی بە کۆتا دێت.

٢) دەربارەی (ڕێیا تازە) و (ڕۆژا وەڵات)، لە نووسینێکی دووروودرێژدا سەبارەت ەب بزافی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەورووپا، بە باسی ئەو دوو چاپەمەنییە کوردییەم کردووە، هەروا سوودم لە چەند ڕاپرسێک لەگەڵ برادەرانی کۆمکارـ سوید و بەشی زۆری ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژا نوو) وەرگرتووە.

٣) دەربارەی (پێشەڕۆژا ئازاد) سوودم لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژا نوو) بینیوە و هەروا ڕاپرسێکم لەگەڵ برادەرانی کۆمکار ـ سوید دەربارەی ئەم گۆڤارە و هەندێک چاپەمەنی دیکەی کوردی کە لە ئەورووپا و تورکیا بڵاوکراونەتەوە، سازداوە.

٤) سوودم لە هەندێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (دەنگ) و هەروا ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژا نوو) بینیوە و هەروا ڕاپرسێکم لەگەڵ برادەرانی کۆمکار ـ سوید دەربارەی ئەم گۆڤارە و هەندێک چاپەمەنی دیکەی کوردی کە لە ئەورووپا و تورکیا بڵاودەبنەوە، بۆ ئەم نووسینە سوودم لێوەرگرتوون. لەم ڕۆژانە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی (دەما نوو)م بە دەست گەیشت، لە لاپەڕەی ١٤ی ژمارە ١دا، بە کورتی لە سەر ژمارە ٥٨ی گۆڤاری (دەنگ)ی نووسیوە.

٥) هەندێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ئازادی)م لە لای خۆم پاراستووە و هەروا سوودم لە هەندێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژا نوو) و ڕاپرسێکم لەگەڵ برادەرانی کۆمکار ـ سوید کردووە و بۆ ئەم نووسینە سوودم لێوەرگرتوون.

پێشتر لە ساڵی ١٩٧٩دا بە هەمان ناو ڕۆژنامەی (ئازادی) دەردەچوو. ئەمەیان بۆ جاری دووەمە، هەمان گرووپی جارانن بە هەمان ناو ڕۆژنامەی (ئازادی)یان بڵاوکردۆتەوە.

٦) سوودم لە هەندێک لە ژمارەکانی (دەنگێ ئازادی)و گۆڤاری (ڕۆژا نوو) و چاپەمەنییەکانی دیکەی کۆمکار ـ سوید بینیوە.

٧) یەک ژمارەی گۆڤاری (گۆڤەند)م هەیە و هەروا سوودم لە چاپەمەنییەکانی دیکەی کۆمکار ـ سوید بینیوە.

٨) یەک ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆناهی)م هەیە و سوودم لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژا نوو) و چاپەمەنییەکانی دیکەی کۆمکار ـ سوید و ئاڵمانیا بینیوە.

٩)سوودم لە هەندێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هێڤی)و گۆڤاری (ڕۆژا نوو) و چاپەمەنییەکانی دیکەی کۆمکار ـ سوید بینیوە.

١٠) دوا ژمارەری (ڕۆژا تازە) ژمارە ٧٤ بووە و دوای ئەم ژمارەیە ژیانی بە کۆتا هاتووە. ئەوەندە دەزانم دوای وەستانی ڕۆژنامەی (هێڤی) ئەو جێگەی گرتۆتەوە ونزیکەی ساڵ و نیوێک بەردەوام بووە. ئەز وەک نووسەرێک بابەتم بە شێوەزاری کرمانجی سەروو بە لاتینی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە.

١١) تەنیا یەک ژمارەی گۆڤاری (زەند)م هەیە، بۆ زیاتری سوودم لە ژمارە ٢٥ی گۆڤاری (نوودەم)کە بە بۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ساڵی ١٩٩٨دا لە سوید بڵاوکراوەتەوە، وەرگرتووە.

١٢) هەر سێ ژمارەی (بیرنەبوون)م هەیە و سوودم لێ بینیون.

١٣) هەندێک لە ژمارەکانی )نووبەهار)م هەیە و هەروا بۆ زانیاری زیاتریش سوودم لە گۆڤاری (نوودەم، ژمارە ٢٥) وەرگرتووە.

١٤) سوودم لە ژمارە سەرەتاییەکانی (وەڵات) و هەندێک لە ژمارەکانی (وەڵاتێ مە) و (ئازادیا وەڵات) بینیوە، بەڵام مەخابن لەوە زیاتر زانیاریم دەست نەکەوت.

١٥) تەنیا ژمارەیەکی گۆڤاری (وار)م بینیوە، بۆ زانیاری زیاتر، سوودم لە ڕۆژنامەی (ڕۆژا تازە) ژمارە ٣٥، ٢ی ئاداری ٢٠٠٠ وەرگرتووە.

١٦) سوودم لە هەندێک لە ژمارەکانی سەرەتایی گۆڤاری (ڕەوشەن) بینیوە کە لە ئەورووپا بڵاودەکرایەوە و هەروا چەند ژمارەیەکی (ژیانا ڕەوشەن)یشم هەیە بۆ ئەم نووسینە سوودم لێ بینیون.

١٧) مەخابن ڕۆژنامەی (ئەحمەدی خانی)م نەبینیوە، زانیارییەکەم لە گۆڤاری (نوودەم) ژمارە ٢٥ کە لە ساڵی ١٩٩٨دا دەرچووە، وەرگرتووە.

١٨) هەمان ئەو کەسانەی پێشتر ڕۆژنامەی (ئازادی، دەنگێ ئازادی، ڕۆناهی، هێڤی و ڕۆژا تازە)یان دەردەکرد، هەر ئەوانەن ڕۆژنامەی (دەما نوو) دەدەکەن. کاتێ لە تورکیا ڕۆژنامەیەک قەدەغە دەکرێت، زوو مۆڵەت وەردەگرن و ڕۆژنامەیەک بە ناوێکی دیکەوە بڵاودەکەنەوە. پێموایە ڕۆژنامەی (دەما نوو) درێژەپێدەری ئەوانەی پێش خۆیەتی.

# نامەیەک بۆ ئەسترید لیندگرین

سەرەتا: ئەسترید لیندگرین خۆشەویستترین و بەناوبانگترین نووسەری کتێبی منداڵان بە دوای نەخۆشییەک لە تەمەنی ٩٤ساڵیدا لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی سوید ماڵاوایی لە جیهان کرد.

ئەسترید کە پێش شووکردنی(٢١ی مای ١٩٣١) پاشناوی "ئێریکسۆن"ی هەبوو، ناوی "ئەسڵی ئەسترید ئاننا ئێمیلیا ئێریکسۆن" بوو و لە ڕۆژی ١٤ی دیسامبری ١٩٠٧ لە باخی "نەس" لە ئوستانی "سمۆلەند" لەدایک بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٣٣وە بە نووسینی کتێبی خۆشەویستی منداڵانی هەر چوار قورنەی جیهان یانی "پی پی گۆرەوی درێژ"، دەستی بە نووسین کرد و قەڵەمی هەتا ساڵی ١٩٩٢ لە نووسین نەوەستا. نووسراوەکانی ئەسترید بە شەست زمانی زیندووی دنیا کە یەکێک لەوان کوردی یە وەرگێڕدراوەتەوە. ئەسترید لیندگرین بۆ منداڵان جوکمی خوڵقێنەری بەهەشتی هەبوو، بۆ ژنان پەیکەرەی فێمینیستی بوو و بۆ پیاوانیش کۆڵنەدەری ڕێگەی ئازادی. نووسراوەکانی ئەسترید لە کانگای هومانیسمەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕەچەشکێنی سەرکۆنەکردنی مۆڕالیسم بووە، بێ ئەوەیکە سووکایەتی پێ بکا و لە داوی نووسینی هەرزان بکەوێ. ئەو نامەیەی لە ژێرەوە وەرگێڕدراوەتەوە جوانترین تاریف و باسێکە کە هەتا ئێستا لەولا ولەملا لە سەریان نووسیوە.

ق. ڕەیانی

ئەسترید لیندگرین، هەوڵی نووسین لە ئاست تۆوە وەک ئەوەیە لە ئاست ئەو هەوایە بنووسی کە هەڵیدەمژین، یان وەک ئەوە یە کە سەبارەت بەو چیمەنە بنووسی کە بە سەریدا دەڕۆین. لە بەرامبەر هەواڵی مەرگتدا لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا، دەمەوێ لە پێش هەمموو شتێکدا ڕاستەوخۆ سپاست بکەم. سپاس بۆ هەمموو شتێک! سپاس بۆ ئەو شەوە لەژمارنەهاتووانەی کە من بە کچەکەم گوتووە هەستە با بخوێنینەوە و ئەویش بە هەڵاتن کتێبی (ئێمیل) بەدەستەوە هاتووە. بە کتێبی (مادیکێن) یان ژمارەیەکی زۆر کتێبی دیکەوە. سپاس بۆ ئەو هەموو پێکەنینانە، سپاس بۆ ئەو ژنە شارەدارە بێزاوییەی تۆ لە ڕەندەت داوە و تیفتیفەت کردووە یان بۆ قەشەیەکی ریاکار.

سپاس هەروەها بۆ دەنگت. ئەوە لە نێو کتێبەکانتدا دەنگدەداتەوە، بە گەرمی و بە تەواوی، وای لەو پەندە پێشینییە کۆن و سەیرانەی دەکارت کردوون کە بۆ خوێندنەوە هاسان بن، هەرچەند ئەوە تۆ نەبووی کە ئەو ڕستە کورتانە بنووسی کە ئەغڵەب بۆ کتێبی منداڵان بەڵا بوون: هیچ خۆگونجانێکی بە درۆ و هاسانی "زمانی منداڵان". نا، زمانی تۆ زمانێکی ڕاست بوو!

ئەو سەدەی بیستەی تۆ تێیدا ژیای زۆر جار وەک سەدەیەکی خوێناوی ناوی بردراوە. ئەو کاتالۆگە درێژەی شەڕ، تێرۆر و ئاکاری دڵتەزێن ڕەنگە لە زۆر شێوەدا ببێتە ئەو وێنەیە کە مێژوو بۆ سەدەی بڕیار داوە. بەڵام لەوێ ڕووناکاییەکی ڕزگارکەری هاوین باڵی بە سەر هەمان سەدەدا کێشاوە: چونکە سەرەڕای هەموو شتێک سەدەی منداڵانیش بوو. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا منداڵان بوونە خاوەن چەشنە مافێک بۆخۆیان و دنیاکانیان. ئەو کەسەی کە پتر لە هەموو کەس ئەو مافەی منداڵانیان بەرەو پێشەوە بردووە ئەتۆی ئەسترید لیندگرین.

ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە من پێم وایە ئەوە ئەتۆ بووی کاتێک دەتنووسی دادەنیشتی و بیرت دەکردەوە. نا، ئەتۆ ئەوەت دەنووسی کە لە ناختدا هەتبوو، منداڵییەتی سمۆلەند، لەرزانەوەی ڕووناکایی بە سەر زەمینەکانی دورگەدا، هەروەها لە ناخی ئەو شەرمەزارییەی ئەتۆ پێی ناچار کرای، چونکە ئەتۆ دایکێکی بێ مێردی خاوەن منداڵ بووی لە نێو کۆمەڵگایەکی دژ بە منداڵ ـ ژن ـ و خەڵک. ئەتۆ وڵاتی سوێدت گۆڕی، ئەتۆ ڕەوتی هەڵبژاردنت سەروبن کرد، ئەتۆ زۆرتر لە هەر وەزیرێکی بەرپرسی سۆسیال، ڕۆژگاری منداڵیی زامدارت شەفا داوە. ئەدی ئەوە چ چەشنە مافێکە کە تۆ بە منداڵانت بەخشیوە؟ من هیوادارم ئەتۆ ـ بەو شک وگومانەی لە هەموو شتێکی قورس و گرانی دەکەی ـ تاقەتی گەڵاڵەکردنێکی بەشکۆت هەبێ: ئەتۆ مافی بەهەشتت دا بە منداڵان.

بەهەشت؟ کەمتر وشەیەک وەک ئەو وشانەی تۆ لە "ئێمە لە ساڵتکرۆکان"دا کاری کردۆتە سەر من کاتێک مامە مێلکەر و منداڵەکانی لە کۆتاییدا سەردەکەون کە زەمینەکەی نەجاری ڕزگار کەن و بۆ خۆیانی بگەڕێننەوە. هاوینێکی درەنگە لە دورگە، مەلە دەریاییەکان دەنگیان نەماوە، تۆڕەکانی ماسیگرتن هەڵاوەسراون، منداڵەکان لە نێو کەپرێکی کۆندا خەریکی شتێکن و دەنگی دەروونی مامە مێلکەر لە نێو دیەنی گونددا دەبیسرێ: "منداڵەکانم بۆیان هەیە خەونی هاوینیان ڕاگرن و درێژە بە ژیانی هاوین بدەن ـ ئەو هاوێنە خۆش و نەهێنی و وەحشییە.

ئەوەیکە مرۆڤ تەنیا کاتێک منداڵە دەیبینێ و وەختێکیش گەورەیە لەبیری دەکا و مافی بەهەشتی نییە."

لەوانەیە لەوێدا یەکێک لە نهێنییەکان لە چیرۆکەکانتدا هەبێ: کە ئەتۆ خەیاڵی گەورانت لەگەڵ خەیاڵی مندا تێکتەنیوەتەوە. من لە بنەماڵەیەکی کتێب خوێندا گەورە نەبووم، بەڵام سەرەڕای ئەوە چیرۆکەکانی تۆم هەر بە دەست دەگەیشت، لە ڕێگەی تاکە کتێبەوە یان لە ڕێگەی تەلەویزیۆنەوە. دوایەش کە بوومە باوک زانیم کە هەرگیز بۆ خوێندنەوەی کاتی منداڵییەتی دەرنگ نییە.

کە وایە لە کۆتاییدا سپاس بۆ هەموو ئەو کۆتاییە خۆشانەی چیرۆکەکانت. ئەتۆ شتێک لە بابەت ئارەزووی ئێمە سەبارەت بە جیهانێکی تەواو دەزانی، ژیانێک کە دەبێ مانایەکی پێبدرێ، هەر وەک ئەو ڕووناکییە بە دەردەی ڕۆمانەکەی"برایانی دڵشێر".

ئەگەر خودایەک وجوودی هەبێ ئەوە بە لەزەوە چاوەڕوانی تۆ و چیرۆکەکانتە.

**سەرچاوە:** ڕۆژنامەی مێترۆ (Metro)، سێشەمۆ ٢٩ی ژانویەی ٢٠٠٢، چاپی ستۆکهۆڵم.

# «شەڕەف ئەستاندنەوە کوردستان ئەستاندنەوەیە»

## وتووێژێکی خۆمانە لەگەڵ هونەرمەندی کورد: «مەرزییە رەزازی(فەریقی)»

ئامادەکردن: مەرزە

هەروەخت گــوێم لـە دەنگی پڕ لە هەســتی دەبوو، چ لە ســروودە نیشتمانییەکانی، چ لە گۆرانییە حیماسییەکانی و چ لە گۆرانییە ئەویندارییەکانی، زیاتر ئیمانم بەوە پەیدا دەکرد کە ئەزموونی سەخت و تاڵی ژیان ئەو دەنگەی پەروەردە کردووە کە دەتوانێ بەم شێوە کار لە سەر گوێگر بکا. ماوەیەک لە دڵمدا بوو، کە بیبینم و لێی بپرسم:

چۆن و بە کوێدا تێپەڕی تا گەیشتە ئێرە؟ هەروەها هەموو جارێ کە لە تەلەڤیزیۆنەوە ڕیپۆرتاژم لە سەر ژیان و ماڵ و حاڵی هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی گەلانی تر دەدیت، کە بە سەعات، کۆشک و تەلاری چەند نهوومیان، کەلوپەلی پڕ بەهای ناو ماڵیان، کۆلێکسیۆنی ماشێن و کەشتی و تەیارەی شەخسی، هۆڵی جلوبەرگی شەونشینی، جلوبەرگی خەو و لیباسی ژێر و کەوش و... نیشان دەدرا؛ کە خەرجی یەک رۆژەی سەگ و پشیلە و بوونەوەرەکانی ناو ماڵ و نیگەهبان و دەربانی بن دەرگایان حیساب دەکرد، لە خەرجی یەکساڵەی بنەماڵەی پێنج کەسیی من زیاتر دەبوو. سەرووەت و نەغدینەشیان کە لە حیساب نایە، ئەوە ئەوەندەی تر هانی دەدام بزانم هونەرمەندانی کورد بەتایبەت "ناسر و مەرزییە"ی هونەرمەند، چۆن و لە چ کۆشکێکدا دەژین؟ سەرووەت و سامانیان هەتا کوێی سەرووەتی "ئیبراهیم تاتلیس"، "کازم ساهیر"، "ماریا کەری" و "مایکڵ جاکسۆن" دەگا. هەڵبەت من نە ڕێم هەبوو و نە لە توانامدا بوو ڕیپۆرتاژ بۆ تەلەڤیزیۆنێکی گەورەی جیهانی چێبکەم، بەڵام دەمتوانی وتووێژێک بۆ خوێنەرانی گۆڤارە خنجیلانەکەی (گزینگ) کە دایم پێنجی لە گرێوی شەشی دایە پێک بێن.

بە دوای چەند پێوەندی و تەلەفۆنکاری لە گەڵ مەرزییەخاتوون، لەسەر کات و شوێن ڕێک کەوتین. بێ دەستەودایرە لە رووی ئادرێسی پێدراو بەرەو ماڵی هونەرمەندی گەلەکەمان وەرێکەوتم. لە دەرەوی ستۆکهۆڵم، لە نێو ڕیزە خانووبەریەکی بڵیندی بێتۆنی ژمارەی ماڵیانم دۆزیەوە، ئاپارتمانێکی بچووک، لە زەنگی دەرگام دا، بە خولقوخووی خۆشی کوردەواری لە لایەن مەرزییە خاتوون و سێ دەسکە گوڵەکانی مەرزییە و ناسر(دڵنیا، ماردین، کاردۆ)، پێشوازیم لێکرا. بە دیتنی دیمەنی نێو ماڵ بۆنی کوردستانت بەبەر لووتیدا دەهات.

هەرچەند کاک ناسر لەماڵەوە نەبوو بەڵام ناوی لە سەر زاری مەرزییە خاتوون نەدەکەوت. لەم دیدارەدا ئەم قسانەمان پێکەوە کرد.

**● ناسنامە؟**

ـ ناوم مەرزییە(مەرزە) فەریقی یە. لە ساڵی ۱۹۵۸، لە بنەماڵەیەکی سنەیی لە شاری مەریوان لە دایک بووم. هەتا کلاسی ۱۰ ئەلەم شارەم دەرس خوێندووە و، دوایی بۆ خوێندنێکی دەورەی دووساڵەی مامۆستایی چوومەتە شاری سنە. هەڵبەت هەڵبژاردنی ئەم کارە بە پێخۆش بوون و یان هەڵبژاردنی من نەبوو، بەڵام چونکە بە ڕای بنەماڵەکەم مامۆستایی تەنیا شوغڵێکی بە حەیا و بەشەرەف بوو بۆ ژن، منیان ڕەوانەی ئەوێ کرد. یەکەم کاری مامۆستاییم بۆ ماوەی شش مانگ لە دێی "بێلوو"ی شاری مەریوان دەست پێکرد.

**● مێژوو کاری هونەری؟**

ـ من دایم حەزم لە مۆسیقا بووە، چ بە گوێ ڕاگرتن و چ بە ئەوەیکە خۆم گۆرانییان بڵێم. هەموو ساڵێ لە ئاهەنگ و شانۆی مەدرەسەدا بەشداریم کردوە. یەکەمین جار لە تەمەنی ۹ ساڵی دا بە گۆرانی(لە سەر کانی تێتەو، دەم کەنێ گۆزە بەشانە)ی «فەتانە وەلیدی» گۆرانیبێژی سنەیی، چوومە سەر شانۆ. هەتا منداڵ بووم بنەماڵەکەم سەختیان لێنەدەگرتم، بەڵام زۆر زوو بە هۆی ئەوەیکە من منداڵێکی لەسەر لاق بووم و قەڵافەتم لە تەمەنم زیاتری نیشاندەدا، نەیاندەهێشت گۆرانی بڵێم، تەنانەت لێدانی چاک و زۆریشم خواردووە.

**●گێڕانەوەی یەکێک لەو لێدانانە.**

ـ من منداڵ بووم نەمدەزانی بارودۆخی سیاسی کوردستانی ئەو سەردەمە لە چ ئاستێک دایە، بەڵام ئەمزانی شتێک هەبوو، کە ڕێژیمی شا کەوتە جەوڵان و ناردنی گۆرانیبێژەکان بۆ مەنتیقەی سەر سنووری نێوان ئێران و عێراق. ئێمە هاوسێیەکمان هەبوو ئەو هاوسێ یەمان دەنگی زۆر خۆش بوو، بە وەسیلەی ئەو خەبەردار بووین کە گۆیا، چوار گۆرانیبێژ ی ئێرانی(مەرزییە، گوڵپایەگانی، وەفایی و...) لە تەریق ساواکی ئێرانەوە هاتوون بۆ مەریوان و لە مەدرەسەی "رەزا پەهلەوی" بەرنامەیان هەیە. من کە عاشق و خولیای مۆسیقا و گۆرانی بووم حەزم ئەکرد بچم بۆ بەرنامەکە، دایکیشم دەیزانی من دەچم ئیشێکی زۆری ماڵێی بۆ بەجێ هێشتم و، گوتی: "هەتادێمەو دەبێ هەموویان ئەنجام بدەی". هەر لەبەر ئەوە کە مەجالم نەبێ بچمە وێ. هەڵبەت پێشتر زۆری لێ پاڕابوومەوە ئیزنم



مەرزییە ڕەزازی(فەریقی)

بدات، بەڵام ئەو دەیگوت:"نا، شتی وا نابێت". وەڵاهی هەر ئەوەندە ئەو لە ماڵ چووە دەر کەمێ لە ئیشە سەرەکییەکانم کرد و بۆی دەرچووم. جا وەرە بە هەڵات هەڵات لە گـەڕەکی خـۆمـان "تاوجـار"ڕا بچـوو بۆ مەدرەسەکە. ئەوەندە گۆرانییەکانیان خۆش بوو، ئەوەندە دەنگیان خۆش بوو، هەر نەمزانی کات چۆن دەرباز بووە و ڕۆیشتووە. لە پڕ هەستم کرد یەکێ لە شانم دەدا، کە لام کردەوە دیتم برا گەورەکەم «مەسعوود»ە. بێجگە لە مەسعوود دوو کەسی تریشیان بە شوێنمدا ناردبوو، ئەویش "فەریدە"ی پوورم و "نەجمەدین"ی خاڵم بوون. مەڵێ دایکم هاتۆتەوە ماڵ و هەوا تاریک بووە، کچێک لەو تەمەنە، بە تاریکی و لە کوردستان بۆیان قابیلی قەبووڵ نەبوو بە تەنیا بڕوا بۆ تەماشای بەرنامە، لە تاوان هەر سێیان ناردبوو بە شوێنمدا. لە ڕێوە مەسعوود هەر دڵی تۆقاندم و گوتی: "بێسە با بڕۆینەوە بۆ ماڵ، جا بزانە دایکم و باوکم چت پێ ئەکەن".

لە ترسان بە نیوە مردوویی گەیشتمەوە ماڵەوە، هەڵبەت قسەکانی مەسعوود زۆریش درۆ نەبوو، دوای لێدانێکی زۆر، خستمیانە ناو تەنوورەکەی ماڵەوە و سەریان داخست. لە ناو ئەو تەنوورە و ئەو تاریکییەدا دەگریام و هاوارم دەکرد: "تو خوا، دڵم تۆقی ئەمە لە سەرم لادەن، کاری وا ناکەمەوە". بەڵام لایان نەبرد. دوایی مەسعوود بە دزی ئەوان هات و دای بە ژێر ساجەکە و تۆزێ دەرگای ساجەکەی بۆم لادا تا تۆزێ نوور بێ و نەترسم. بەڕاستی من هیچێکیشم نەکردبوو، گەورەترین تاوانی من ئەوەبوو کە حەزم لە گۆرانی بوو. زۆریان بەرگری دەکردم. ئێستێ هەر ئاوا بۆت دەگێرمەوە بەڵام زۆر کات کە دێتەوە یادم، لە تەنیایی خۆمدا دەست دەکەمە گریان. من چم کردبوو! گەر بنەماڵەی من ئەو سەردەمە توانایی فیکریان هەبایە و یارمەتیدەری من ببان، شایەد، نەک شایەد، بێگومان بەرهەمی زۆرترم دەبوو و خزمەتێکی زۆرم دەکرد. گلەوگازەندەش لە دایک و بابم ناکەم، ئەمری خوایان کردووە و خوا عافوویان کا. کۆمەڵگاکە ئەوانیشی ئاوا بار هێنابوو. زۆر جاریش دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە و دەڵێم، لەوانەیە ئەگەر دژایەتی ئەوان نەبایە من ئاوا لە سەر ئەم ویستەم سوور نەدەبووم. من کاری هونەریم هەر لە لا دانەنا، خۆم هەر بە کاری هونەری، وەک شانۆ گەری، شانۆ نووسین و شێعرخوێندنەوە سەرگەرم دەکرد.

● تۆزێ هەوایەکی ئازاد لە سنە؟

ـ ساڵی ٧٧-٧٦ لە دەورانی خوێندنمدا لە شاری سنە، زۆرتر بە هۆی ئەوەیکە شارەکە گەورەتر بوو، بەرنامەی هونەریش زیاتر بوو، ئەوەندەش بکەو مەکەی بنەماڵەشم لەسەر نەبوو، توانیم لە بەرنامە هونەرییەکاندا بەشداری بکەم کە یەکێک لەوان بە بۆنەی ڕۆژی "دایک" بوو کە من بە گۆرانی «کەریم کابان» لە دوو دانیشسەرای شار بەشداریم کرد. هەر لەوێ بوو کە ئاغای "گەرشا" بەرپرسی ئۆرکێستری رادیو تەلەڤیزیۆنی سنە داوای هاوکاری بۆ رادیۆ سنەی لێکردم . من و ناسر ئەودەم وەک دوو ڕەفیق یەکترمان دەناسی و، ناسر ناسینی زۆرتری لە سەر کۆمەڵگا و کاری هونەری هەبوو. من بە هۆی ئەوەیکە ژن لە ترسی قسەوباسی خەلک دەبێ بە میلیمیتر بجووڵێتەوە و هەروەها دڵ نیگەرانی بۆ بنەماڵەکەم سازنەکەم، سەبارەت بە داواکاری ئاغای «گەرشا» بۆ هاوکاری لە رادیۆ پرسیارم لە ناسر کرد. ئەو لە وەڵام دا گوتی: "دووری بکە لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن".

● بۆ ناسرت هەڵبژارد؟

ـ لە دەورانی دانیشسەرا دا کە پێکەوە ئاشنا بووین وەک دوو ڕەفیق بووین، وردە وردە لە لایەن ناسرەوە خۆشەویستی نیشاندرا و لە دڵی منیشدا جێی خۆی کردەوە. هۆی تریشی، بۆ چوونی من سەبارەت بە عەلاقەی ناسر بە کاری هونەری و دەنگخۆشی ئەو بوو، کە دەبێتە پشتیوانێک بۆ کاری هونەریی من، ئەو وەختە ئیتر دایک و باب و کەسوکار هیچیان بۆ بەرگری کردن لە من پێ نامێنێ. ساڵی ١٩٧٨ شووم بە ناسرکرد.

● بۆچوونەکەت دروست بوو؟

ـ وەکوو ناسر خۆی زۆر جار باسی دەکا، ئەویش پیاوێک بوو کە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا گەورە ببوو، بیرکردنەوەکەی ناتوانێ زۆر جیاوازی هەبێ لەگەڵ هی ئەوانی تر. هەست بە خاوەندارێکردن لە سەر ژن و قسەو قسەڵۆکی خەڵک، فشاری بنە ماڵە، خۆ لێدەربازکردنی هاسان نییە. منیش ئەو سەردەمە گەنج و بێ تەجروبە بووم، شایەد بە باشی لە تەئسیر و فشاری خەڵک لە سەر ناسر تێنەدەگەیشتم. تا چاوم کردەوە بووم بە دایکی دوو منالان. تێگەیشتنی ئەودەم و ئێستێ فەرقی زۆرە.

● شۆڕش و کاری هونەری؟

ـ بە دوو منالەوە هاتمە دەرەوە، بووم بە پێشمەرگەی "کۆمەڵەی شورشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران". منیان لە "گروهی

موسیقی بانگەواز" کە ناسر و کاک فەریبورزی فەخاری و کاک نەجمەی غولامی پێکیان هینابوو، جێ دا. هەرچەند جەوێکی سیاسی بوو، بەڵام زۆربەی پێشمەرگەکان بیر و بۆچوونی دواکەوتووانەیان سەبارەت بە کاری هونەریی ژن هەبوو و بەرگریان دەکرد. تەنانەت بەرخوردی زۆر توند و ناخۆشیشیان دەکرد. من بۆ ماوەیەک دەستم لە کار وەستاند. رۆژێک دوکتور جەعفەری شەفیعی لە پلۆنۆمی "حاجیالیکەند" گرابۆوە، دوای قسەکانی ئەو، گەرە لاوژە دەستی پێکرد، کە گەیشتە من و داوایان لە من کرد کە گۆرانی بڵێم، گوتم: "من گۆرانی ناڵێم، لە بەر ئەوە لە ناو ئەم بەشەی ئێمە بە نەوعێکی تر سەیری دەکەن." دوکتور ملی نەدا و گوتی: "سەدان پێشمەرگەمان هەیە بە بیروباوەڕی جیاوازەوە، ئەوە بیرێکی دواکەوتووانەیە، دەبێ بە دژی راوەستین. ئەو خەبات و شەهید دانانە دژ بە دواکەوتوویی و نابەرابەری یە. تۆ نابێ گوێ بدەی، تۆ نابێ کۆڵ بدەی". قسەکانی ئەوەندە جوان بوون کە من لە شاخ دەستم بە کاری هونەری کردەوە.

**● هاتنە ئورووپا...**

ــ غەریبایەتی، بێکەسی، کاری هونەریی ناسر، رووبەڕوو بوون لە گەڵ فەرهەنگێکی تازە، بوونی سێهەمین منالمان «کاردۆ»، وایکرد کە لە کاری هونەری دوور ببمەوە. منال داوا لە دایک و باب ناکا و بڵێ من دروست کەن، ئەوە باب و دایکە بڕیار دەدەن کە منال دروست دەکەن، کە منالیش دروست بوو، ئەرکی سەرشانی باب و دایکە بە باشترین شێوە بەرپرس و ئاگاداری بن. من بە دیار منالەکانم دانیشتم تا گەورەبوون. یانی ئەوەندە گەورە بوون کە بتوانم جێیان هێڵم. من دەمەوێ بە تایبەت سپاسی "دڵنیا و ماردین" کچ و کوڕە گەورەکەم بکەم کە زۆر یارمەتی دەری من بوون، زۆر هاندەری من بوون. کاتێک «کاردۆ» چکۆڵە بوو، منیان دڵنیا دەکرد و دەیانگوت: "تۆ بڕۆ نیگەران مەبە، ئێمە ئاگامان لە کاردۆ دەبێ". لە هەمان وەختدا کاتێک دەمدیت گۆرانیبێژی ژن ی کرمانج زۆرن و ئێمەی سۆران تەنیا گۆرانیبێژێکی ژنمان نییە خەمم لێدەخوارد. منیش قۆڵم لێ هەڵماڵی و لەم تەمەنەدا، هەوەڵین (سی. دی)م بەناوی "پاییز" لە گەڵ ناسر خستەدەر و جەولەیەکی هونەریم لە ئورووپا، ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیا دەستپێکرد و وردەوردە هاتمەوە ناو کاری هونەری. هەرچەند خۆی زۆر زەحمەت بوو، خۆشحاڵم کە ڕچەشکێنێکی باش بووم، هیوادارم ژمارەی ژنانی هونەرمەندی کورد هەر زیاد بێ و پێش کەوین.

**● بیروبۆچوونت سەبارەت بە شێوەی کار و گیروگرفتی سەر رێگای ژنانی هونەرمەند، وەزعی ئێستایان و هەروەها رێنوێنیت بۆ ئەوان چییە؟**

ــ دەستپێکردنی کار و ئیدامەدانی کاری هونەریی، چ لە دەرەوی وڵات و چ لە ناو وڵات، گیرو گرفتی تایبەتی خۆی هەیە کە بۆ پیاوان نییە. زۆر جار ئەم موشکیلانە وادەکەن هونەرمەند دەست لە کارەکەی هەڵگرێ. پیاوان ئازادی تەواو و ئیمکاناتێکی زۆریان هەیە کە ژنان نییانە. ئەوان دەتوانن لە هەر شوێنێک و بە هەر شێوەیەک هەوڵ بدەن و کار بکەن. دەتوانن شار بە شار و مەملەکەت بە مەملەکەت بڕۆن و، هەم بە بۆنەی ئەوەیکە مۆسیقاژەنەکانیان پیاون راحەتتر و بێ گرفتتر هاوکاریان دەکەن. بۆ نموونە، من ئەمساڵ کە چووبوومەوە کوردستان چاوپێکەوتنێکم لە سولەیمانی لە گەڵ «نیان عەبدوڵڵا» هەبوو (کە زۆر حەز بە دەنگی دەکەم) دەیگوت: "هەرگیز بە تاکی تەنیا لە ماڵ وەدەر ناکەوم، دەبێ کەسێکم لە بنەماڵەی خۆم لە گەڵ بێ".

لەدەرەوی وڵاتیش شێوەیەکی تر هەیە. موشکلێکی تر ئەوەیە، کاتێک پیاوان دەست بە گۆرانی گوتن دەکەن، مامۆستا و کەڵەگۆرانیبێژی زۆر هەن بیانکەنە ئۆلگوو، کە نموونە و ڕچەیەک و شێوازێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. دروستە ئەگەر ئێمە بێین و گۆرانیبێژە ژنەکان لە کۆنەوە بژمێرین، هێندێک هەبوون وەک مریەم خان، ئایشە شان، نسرین شیروان، فەتانەی وەلیدی، ئەستێ کاک قادر، مەنیج حەیران، دایکی جەمال، فاتە رەشی لاچینی و...، بەڵام غەیری دووسێ کەسیان نەبێ، ئەوانی تر بەرهەمیان لە بەر نەماوەتەوە. ئەوانیش کەوتوونەتە ژێر زوڵم و زۆری کۆمەڵگە، تەنانەت هێندێکیان مەجبوور بوون لە کوردستانی باکوور کۆچ بکەن بۆ کوردستانی باشوور، تا بتوانن گۆرانی بڵێن، کە ئەوانیش هەر ئەو گرفتەیان هەبووە و دوای چەند گۆرانی وازیان لێهیناوە. هەربۆیە ئێمەی گۆرانیبیژی ژن هیچ مەکتەبێکمان نییە ڕووی تێبکەین. هەروەها فشاری کۆمەڵایەتی، گەورەترین لەمپەری سەر رێگەی گەشەکردنی هونەریی ژنانە، تەنانەت لە دەرەوی وەڵاتیش! ئەگەر تۆ بتهەوێ کاری هونەری بکەی و تەنیا بی، بەراستی قسەی زۆرت دێتەوەسەر. سەر لە بەشەر دەشێوێنن، نازانی لە گەڵ ئەو هەمووە تەزادانە چۆن دەبێ دەست و پەنجە نەرم بکەی؟! کاری هونەری بە جۆرێکە کە تۆ زۆرت پەیوەندی هەیە، بۆیە هەر کەس هەرچی پێیان خۆش بێ دەیڵێن. شایعە و دەنگۆت بۆ ساز دەکەن، بە مێردت دەدەن، دەتئەستێننەوە. بەگشتی هەوا و کەشێکی خۆشی نییە. بۆیە ئەو کچ و ژنانەی دەبنە گۆرانیبێژ دەبێ لە باری نەفسی و مەعنەوی خۆیان ئامادەی بەربەرەکانی ئەم دواکەوتوییانەبکەن. ئێستێ لە سایەی حکوومەتی کوردستان و بوونی سێ کەنالی تەلەڤیزیۆن، مەجالی ئەوەمان پێدراوە تۆزێ بەرەو گەشە چوون بڕۆین. ئەوەی راستی بێ، تائێستا هونەرمەندی کورد بە ژن و پیاوەوە هەوڵی ئەوەی بووە کە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی لەدەست داگیرکەرانی کورد بپارێزێ تا وەک سەروەتەکانی ترمان بە تاڵان نەچێ. دەتوانم بڵێم مۆسیقای ئێمە هەرچەند دەوڵەمەندە، بەڵام هێشتا هەر ساوایە. من وک ئەزموونی خۆم دەمەوێ ئاماژە بە ئەمە بکەم کە هونەرمەندان بە گشتی ئەمە لە بیر نەکەن کە خۆیان بە هی خەڵکەکەیان بزانن، هەڵسوکەوتیان لە خزمەت ئەوان دابێ، بەشداری کارە خێرخوازەکان و یادکەرەوەی موناسباتە نەتەوییەکان بن، ئەوانی لە دەرەوی وڵاتن سەری کوردستان بدەنەوە. ئەوە هەقی گۆرانیبێژە، کە لە رێی دەنگیەوە پارە کۆبکاتەوە بەڵام هەموو شتێک تجارەت نییە. هەوڵ بدەن بۆ پێشکەوتنیان، رەقابەتی سالمیان هەبێ. ئاگاداری حاڵ و وەزعی وڵاتەکەیان بن، لە بەرهەمەکانیاندا ئێش و ئازاری خەڵکەکەیان نیشان دەن، ئێمە پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان و زاڵبوونی داگیرکەران هونەرمەندی کورد ناتوانێ دوور لە سیاسەت بژی، چون ئەودەم هی خەڵکەکەی نییە. چون لەوانەیە خەڵک

نەتوانن یان بۆیان نەگونجێ هەستی خۆیان دەربڕن. گەر بێتوو شەشدانگیان لە خزمەت گەلەکەیان دا بێ زەرەر ناکەن! ئەو کاتەیە کە خەڵک ئەو هونەرمەندە بە هی خۆی دەزانێ و ئەو دەمەیە کە هونەرمەند بە لووتکەی سەرکەوتنی خۆی دەگا.

**● ئایا تۆ خۆت بە ئازادی و بە دڵی خۆت، هەروەها بێ ترس لە قسەو باسی خەڵک لەسەر شانۆ توانیوتە بجووڵێیەوە؟**

ـ بێگومان نا، سەرەڕای ئەوە من لە تەمەنێکی سەرەوە کاری هونەرییم دەست پێکردووە، مناڵی گەورەشم هەبوو، هەوەڵەکانی هەر لە گەڵ ناسر دەچووم بۆ کاری هونەری. هەرچەند زۆرم هەوڵ داوە هەڵسوکەوتم جۆرێک بێ ئاتۆ و بیانوو نەدەمە دەست کەس، سەرباقی ئەوەش بەشی منیش لەم قسانە خاڵی نەبووە. کاتێک هاتوومەتە سەر شانۆ، چاویان بە ئەوە بووە کە بزانن لیباسی چۆنم لەبەردایە، یان بۆ وێنە زۆر کەسی وامان هەیە کە خۆیان بە کومۆنیست و پێشکەوتوو دەزانن کە چی بە گۆرانیبێژی ژن دەڵێن: "با بڕوا لە ئاشپەزخانە خەریکی چێشت لێنان بێ!" بەداخەوە بەرخوردی ناحەزم لە گەڵ کراوە. دەبێ ئەوش بڵێم زۆر جار لە سەر شانۆ مەجالم پێنەدراوە بە دڵی خۆم گۆرانیان بڵێم. من حەزم لە گوتنی گۆرانی ئارام و سەنگینە، بەڵام ئەچی بۆ بەرنامەیەک دەبێ لە سەر دڵی ئەوان بی. کاتێک لەوپەڕی ئیحساسی خۆتدا و بە تەواوی هەستەوە گۆرانی دەڵێی، بە چەندان دێنە پێش و دەڵێن: "تۆ خوا مەرزە خان بیکە بە گۆرانی هەڵپەرکێ." ئەدەن بە زەوقتدا، ئیحترام بۆ کارت دانانێن، کارەکەت هەڵناسەنگێنن، شتەکە حاڵەتی تجارەتی پەیداکردووە. من دەتوانم تا بەیانی گۆرانی هەڵپەرکێ بڵێم، فەرموو ها، ئەوە ئۆرگەکە، بێخە سەر ڕیتمی هەڵپەرکێ، هەرچی بە دەمت دادێ بیڵێ. خۆ گوێت لێناگرن، خۆ کەس نازانێ تۆ چ ئەڵێی لە کاتی گۆرانی گوتن دا. بۆیە من و ناسر بڕیارمان داوە ئەو شێوە گۆرانیانە کە بە شێوەی "حەفلە"یە و، بەداخەوە بە "شەو ئاهەنگ "ناویان دەرکردووە واز لێبێنین.

**● بەڕای تۆ لەمپەرە گەورەکانی سەر ڕێی هونەرمەندی کورد بۆ بەرەو پێش چوونی مۆسیقای کوردی چییە؟**

ـ دابەشکردنی کوردستان، بوونی داگیرکەران لەسەر خاک و زێدمان، سەرلێشێواوی و بێدەسەڵاتیی سیاسی و ئابووری، هەروەها کەمتەرخەمی حکوومەتی کوردستان. بۆ نموونە ئەگەر حکوومەتێکی کوردی هەبایە و توانیبایەی پشتیوانی لە هونەرمەندی خۆی بکا، بۆچی دەبێ من ڕۆژێ هەشت ساعەت کرێکاری بکەم؟ بۆ حکوومەتی کوردستان ناتوانێ پارەیەک بۆ من و کەسانی وەک من ببڕێتەوە؟ بەجێگەی ئەوەیکە تاقەت و تواناکەم بە کرێکاری بە فیرۆ بچێ، با بچم کاری هونەری بکەم تا شتی باشتر بخوڵقێنم. وەختێک ئەو ئیمکانەم نییە چ بکەم. وەختێ دەچم بۆ ئیش و دێمەوە هیلاکم، ماندووم، توانای هیچێکم نامێنێ. پارەی ئەم جۆرە ئیشانەش هەر بۆ کرێ خانوو و نانەسکە. گەر تۆ بتەوێ بەرهەمێک دەردەی، دەبێ چەند ساڵ خەریکی پووڵ کۆکردنەوە بی، زۆڵم لە خۆت و ماڵ و منداڵ بکەی، تابتوانی (سی.دی)یەک دەربکەی. دواییش کەس نییە بیکڕێ، ئەگەر خەڵک بێن و بیکڕن خۆ ۱۰۰ کرۆن هیچ نییە بۆ بنەماڵەیەک. بەڵام ئەو پارەیە بۆ ئێمە دەتوانێ ببێتەوە دەستمایە بۆ بەرهەمێکی تر، بەداخەوە ئێمە پارەکە دەستمان ناگرێتەوە و دەبێ تا چەند ساڵی دیکە ڕاوەستینەوە تا پارە کۆ کەینەوە و سەر لە نوێ... بەداخەوە کوردە دەوڵەمەندەکەش پشتت ناگرێ. ماندوویی و خەمی نان لە هەموو شتت وەدوادەخا. دەنا مۆسیقای ڕەسەنی کوردی دەوڵەمەندە شاعیر و ئاهەنگساز و دەنگ خۆش و هونەرمەندی باشمان هەیە. "ئومە کولسوم" بۆ هەر گۆرانییەک شەش مانگ تەمرینی کردووە، من ئەگەر بۆ هەر گۆرانییەک لە گەڵ گروپەکەم، شەش سەعات تەمرین بکەم شوکرانە بژێرم.

**● باشە ئەوانە بە جێی خۆی، ئەدی پەیدا بوونی هێندێک شێوەی گۆرانی گوتن لە لایەن تاقمێک گۆرانیبێژەوە کە بەرهەمەکەیان تام و چێژی مۆسیقای کوردەواری نادا، دەڵێی چی؟**

ـ هەڵبەت، من بە گەشە کردنی دادەنێم، هەر چەند تاقمێک بە دژی هەڵدەستن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە چون لە ناو مۆسیقای ئێمەدا نەبووە، بۆیە بۆ ئێمە بێگانەیە. هەروەخت شتێکی تازە دێت وەخت و کاری پێویستە تا وردەوردە جێی خۆی بگرێ.

**● تۆ پێتوانییە ئەم "دژ هەستانە" لەبەر ئەوەی بێ کەبەرهەمەکان لە مۆسیقای کوردی دوورن و بە زەحمەت دەکرێ بزانی کە ئەوە مێلودی کوردی یە، تەنانەت ڕاوێژی گوتنی گۆرانیبێژەکەش بۆ بیسەر بێگانە دەنوێنێ؟**

ـ ئەگەر ئەو گۆرانیبێژانە لەم نەوعە مۆسیقایانە کەڵک وەردەگرن، ڕێگای خۆیانە، من هیچ دژی ئەوە نیم. کە چووبوومەوە کوردستان لە هەر چایخانە و رستوران و سەیرانگەیەک بەغەیری گۆرانیی عەرەبی و تورکی و فارسی چیترت نەدەبیست، بەدەگمەن گوێت لە گۆرانییەکی کوردی دەبوو. من پێموایە مۆسیقای کوردی ڕەنگە نەتوانێ گەنج و لاوانی ئێمە تێر و تەسەل بکا، بۆیە بە شوێن شتی تازەدا دەگەڕێن و پەنا بۆ مۆسیقای عەرەبی و تورکی و فارسی دێنن. گۆرانیبێژانی بەتایبەت دەرەوەی وڵات تێدەکۆشن لەوە کەڵک وەرگرن بەڵام بە کەلامی کوردی، بۆ ئەوەیکە شتێکی تازەیان خوڵقاند بێ. مۆسیقای عەرەب دەوڵەمەندە و باڵی بە سەر تەواوی شەرقەوە کێشاوە. بەڵام نابێ ئەوە لە بیربکەین هەشتا لە سەدی مۆسیقای تورکی کوردی یە، مۆسیقای ئێرانییش ڕووی کردووەتە مۆسیقای کوردی. گۆرانیبێژانی فارس وەک شەجەریان، علیرەزا ئیفتخاری، لەیلا فروهەر، مورتەزا و هتد... گۆرانی کوردییان گوتووەتەوە. هەروەها، ئاهەنگ و گۆرانی کوردییان بردووە و کەلامی فارسییان لەسەر داناوە. بۆ ئەوان دەتوانن لە ئێمە ئیستفادە بکەن، ئێمە ناتوانین. هەڵبەت شێوەی ئەداکردن دەگەڕێتەوە سەر گۆرانیبێژ، زۆر هەن کەلیمەکان جوان ئەدا ناکەن و کەس تێیان ناگا. بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم کە گۆرانی فارسی بکرێ بە کوردی، کەڵکی لێ وەرگری بەڵام ناکرێ ڕاستەوخۆ بیکەی بە کوردی. چونکە ئێمە فۆلکلۆری زۆرمان هەیە، باشتر ئەوەیە گۆرانی تازە دروست بکەین.

**● ببوورە من تەواو لە گەڵ بۆ چوونەکەی تۆ نیم، کاتێک گۆرانییەکە بناغە و تام و چێژی کوردی نەبێ، ناکرێ بە هی کوردی دانێی؟**

ـ من له گەڵ ئەوە هەم کە هەر گۆرانیبێژێک بەر لە هەموو شتێک دەبێ و دەبێ، دیسانیش هەر دەبێ شارەزای فۆلکلۆری کوردی بێ، لە فۆلکلۆری کوردی دەست پێبکا، شارەزایی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەبێ. زۆربەی زۆری ئەوانە نازانن و شارەزا و ئاگاداری فۆڵکلۆر و ئەدەبیاتی کوردی نین و، زۆر جار شێعر بە غەڵەت دەخوێننەوە. ئەگەر تۆ بتەوێ خزمەت بکەی دەبێ لەسەر مەقامی کوردی گۆرانی کوردی دابنێی. ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر توانایی و شارەزایی هونەرمەند لەسەر مۆسیقای رەسەنی کوردی. منیش لە گەڵ ئەوەم و باوەڕم بەوەیە کە دەبێ بناغەکە کوردی بێ تا گەشە بدەی بە شتەکە. من نامەوێ باسی ناسر بکەم بەڵام وایە، ناسر هاتووە چەند گۆرانی غەیری کوردی هاوردووە لە سەر بناغە و مەقامی کوردی و بە شێوەی کوردی گوتوویەتی، کە ئەوە شارەزایی و توانایی ناسر لە کاروباری خۆیدا دەگەیەنێ.

**● لە گەڵ گۆرانیبێژی ناشارەزا چۆنی؟**

ـ راستە گۆرانیبێژی ناشارەزا هەیە، بە تایبەت لە ئوروووپا! بۆ ئەوە بوونە گۆرانیبێژ تا چوار گۆرانی هەڵپەرکێ بڵێن و ناوبانگ دەرکەن. بەداخەوە ناوبانگ دەرکردن بۆتە نەخۆشی. بەداخەوە ئەوە هەیە، بەڵام ئەوە هەر دەگەڕێتەوە سەر بیسەر تا لێکی بداتەوە و هەڵیسەنگێنێ. لەوانەیە وا باشتر بێ کە گۆرانیبێژی ناشارەزا هەبێ تا قەدری شارەزاکە بزانن.

**● چ کات گۆرانییەک خۆش دەبێ؟**

ـ من پێموایە هەستی گۆرانیبێژ لە گوتنی گۆرانیدا بە بارستایی ئاهەنگ و هەڵبەست بگرە زیاتریش گرینگە.

**● ئەدی دەنگخۆش بوون چەندە گرینگە؟**

ـ دیارە دەنگی بە سۆز زۆر گرینگە. بێگومان ئەگەر ئیمکانت هەبێ بچی دەرسی مۆسیقا بخوێنی و دەنگیشت خۆش بێ، ئیتر چ لەوە باشتر. بە داخەوە ئێمەمانان کە نۆت نازانین لەبەر نەرەخسانی هەلومەرج بووە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە تۆ ئەگەر نۆت نەزانی ناتوانی گۆرانی بڵێی، دەنگخۆشبوون خەڵاتێکە پێتدراوە و فێربوونی نییە. من لە گەڵ ئەوە نیم تەمرین بکەی دەنگت خۆش دەبێ، بەڵام لە گەڵ دەنگخۆشبوون و ئەزموون هەم.

**● ئیلهام بەخشی گۆرانییەکانت؟**

ـ ئێلهام بەخشی من بەر لە هەموو شتێ کوردستانە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر کوردستان دادێ، دوایی تەبیعەت، جوانی، خۆشەویستی لە کارەکانمدا دەور ئەبینن.

**● هیچ فکرت لەوە کردۆتەوە گۆرانی کوردیی بگاتە ئاستی جیهانی؟**

ـ ئەوە یەکێک لە ئاواتەکانی منە کە مۆسیقای کوردی بەئەم ئاستە بگا. من لە تەمەنێکی باڵا دەستم پێکردووە، زەمان بۆ من ناگەڕێتەوە تا خۆم فێرکەم و لە ئەزموونی ئێستێم کەڵک وەرگرم، دەتوانم بڵێم لەمن تێپەریوە، بەڵام هیوادارم نەسلی جوان کە هەلومەرجی باشتریان هەیە و زۆربەیان بێجگە لە زمانی زگماکی بە زمانی تری زیندووی دنیا شارەزان بۆ ئەو گرینگییە هەوڵ بدەن. بەڵام با ئەوە بڵێم مۆسیقای کوردی بە کۆنسێرت و... هەروەها بە بوونی دەوڵەتێک کە پشتت بگرێ دەبێتە جیهانی.

**● تۆ کەسێکی لە ناو جەرگی خەڵک هەڵقوڵیوی و وەک ژنێک ئەزموونی سیاسی، هونەری، کرێکاری، کۆچەری، هاوسەری و دایکێتیت هەیە، ئێمە دەزانین چ لەناو وڵات و چ لەدەرەوەی وڵات سەرەڕای پێشکەوتنی دنیا و تا رادەیەک پێشکەوتنی خودی کوردستان، بەڵام بارودۆخی ژنی کورد بەرەو خرابی چووە تا بەرەو باشی، تۆ چۆن دەڕوانیە ئەم چەڵەمەیە؟**

ـ جا مەسەلەکە هەر لێرەدایە، هەر ئەبێ بچینەوە سەر بارودۆخی کوردستان و دابەشکردنی کوردستان و، زوڵمی زاڵمانە کە نەیویستووە ئەو هەلە بۆ ئێمە بڕەخسێنێ تا بتوانین پێشکەوین. تا ڕادەیەک ژنی کورد لە دەرەوەی وڵات توانیویەتی دیفاع لە مافەکانی خوێ بکا. ئیمکاناتێک بۆی دەست داوە تا بڕوا و خەریکی خوێندن بێ، مەدرەکی خوێندنی باش بۆ خۆی پێکبێنێ، ئەوانە هەموو نیشاندەری ئەوەن کە ژنی کورد وەک تەواوی ژنانی دنیایە، توانایی و قابیلیەتی هەیە. دەرد و نەخۆشییەکە هی کۆمەڵگەیە، هی کۆمەڵگەی کوردەواری یە، دەبێ چارەی بکەی. دەبێ جێگا و رێگا بە ژن بدرێ، دەبێ ئەرزش و ئێحترامی بگیرێ. ماسمێدیای کوردیی، حیزب و سازمان و گروهەکان دەست بکەن بە لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم شتانە کە یارمەتیدەری پێشکەوتنی ژنی کوردە. زۆر نووسەر و شاعیر و تاکەکەس هەیە کە هەوڵیانداوە و هەوڵدەدن، کە بارودۆخی ژنان باش بکەن بەڵام بە تەنیا هیچ ناکرێ. دەبێ هێزی باش، خەڵک و حکوومەت و قانوونت لە پشت بێ تا ئاڵوگۆڕی بەرەوپێشەوەچوون پێکبێ. بەداخەوە مەسەلەی ژن مەسەلەیەکی هاسان نییە، مەسەلەیەکی ریشەیی یە. ئێمەی ژن هەر لە منداڵییەوە، کاتێک لەدایک بووین لە هەموو بارێکەوە بەکەم داندراوین، شکێندراوینەوە، ئێمە نەخوێندراومان زۆرە، موتالەعە و شت فێربووغان نییە، کە ئەوەش خۆی دەردێکی گرانە، دەبێ موبارزەی بۆ بکرێ. نەزانین و قەبوڵکردنی زوڵم و زۆرییش لایەکی تری موشکیلەکەیە، ئێستا ژن هەن لە کوردستان، راحەت قەبوڵ دەکەن مێردەکەیان ژنیان بەسەر بێنن، بگرە خۆیان دەچنە خوازبێنی بۆ مێردەکەیان. بە هۆی باوەڕنەکردن بە خۆمان، راحەت قسەی پیاو کارمان لێدەکا، بۆ وێنە: گەر ناسر، حەرەکەتێکی تۆی پێ جوان نەبێ و حەز نەکا لە تۆ، بێت دانیشێ و بڵێ ئەم خانمە، خانمێکی باش نییە، لە بەر ئەوە من باوەڕم بە هەڵسەنگاندنی خۆم نییە، زوو بەدژی تۆ هەڵدەستم و پشتت تێدەکەم.

بەداخەوە بە هۆی ئەوەیکە کەم وکووڕیمان یەکجار زۆر بووە لە ژیانیشدا گرێی نەفسیشمان زۆر هەیە. گرێکانی دەروونمان بە هەموو شێوە خۆی دەنوێنێ، بە شێوەی موزیگەری، دەبینی لە گەڵ یەکێک دەبین بە رەفیق، بەڵام لە ژێرەوە ئەو عوقدانە وات لێدەکا هیچوەخت نەتوانی سادق بی لەگەڵیا، ئەمانە نەخۆشین. کاتێک ژنی کورد مافەکانی خۆی بناسێ و باوەڕی بە خۆی بێ، ناهێڵی تووشی نەخۆشی ئاوابێ، ناهێڵێ ژنی بە سەر بێنن. ئەمساڵ کە چووبوومەوە کوردستان دیتم زۆر یەکێتی و

کـۆمـەڵەی ژنان هەیە، کـە ئەوە خـۆی شـتی باشـە هەبێ، بەڵام هیچ یەکگرتنێکیان لە ناودا نەبوو. هەرکەسەی بۆ حیزب و ئیدەئۆلۆژییە سیاسییەکەی خۆی ڕایدەکێشا. قەیدی ناکا باوەڕتان بە حیزبی خۆتان هەبێ، بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە، کە چەوسانەوەیە لە بیر نەچێتەوە و لەسەر ئەوا یەکگرتووییتان هەبێ کە بە داخەوە نەبوو.

**● ئەدی هەڵەی پیاوان؟**

ـ ریشە و سەبەبی تەواوی ئەو بەدبەختییانەی ژن، پیاو و خورافاتە. من ژن و پیـاو وەک تەیرێک ئەبینم هەریەکـەی باڵێکی ئەم تەیرەن و تەیرەکەش کۆمەڵگایە. ئێستا باڵێکی کۆمەڵگا کە ژن بێت بریندارە بۆ ئەوەی کە ئەم باڵە خۆش بێتەوە، غەیری پیاو کێ هەیە دەرمانی کا و یارمەتیدەری بێ؟ ژن لە هەموو بارێکەوە یاریدەی پیاوی داوە، پیاویش دەبێ ئاوابێ. زۆر جار لە پیاوانم بیستووە کە دەڵێن ئەوە موشکیلەی ژنە، خۆی باری خۆی راست کاتەوە. بۆ ئەوەی ناڵێن ئەو کاتە دایک بە دڵ و گیان دادەنیشێ کوڕێک پەروەردەدەکا، دەبێتە پێشمەرگە، لە پشت جیبهەوە یارمەتی دەدا، کاری ئەهێنی بۆ دەکا، پیاوەکە دەبێتە پیشمەرگە، ژنە کارداریی ماڵان دەکا و منداڵ بەخێو دەکا، ئەی ئەو کارانە بۆ یارمەتی دانی پیاو نییە چییە؟ هەموو ئەو پیاوە گەورانەی دنیا کە ئەبینین ژنیان لە پشتەوە بووە، ئەی پیاوانیش دەبێ عەینی ئەو تێبینییەیان بۆ ژن هەبێ.

**● زۆڵم و زۆریی پیاوان سەبارەت بە ژنان یەک و دوو نییە، گەورە و چکۆڵەشی نییە، بەڵام لە هەموو دڕندانەتر ژن کوشتنە کە تازەگی بۆتە مۆد، ئەویش نە تەنیا لە کوردستان و وڵاتانی دواکەوتوو، بەڵکوو لە جێگایەکی وەک سوێدیش. وەک دەزانی لەو یەک دووساڵەی دواییدا، پێنج شەش کچ و ژنی کورد بەدەست پیاوانی بنەماڵەی خۆیان کوژراون، کە ئاخرینیان فادیمەی ٢٦ ساڵە خوێندکاری زانکۆ لە بەشی کۆمەڵناسی بوو، لە ڕۆژی ٢١ ی ژانوییەی ئەمساڵ بەدەست بابی بە دوو گوللە کوژرا. لەسەر قەتڵێکی ئاوا لێکدانەوەت چییە؟**

ـ بێگومان ئەوە پیاوەکانن کە تێناگەن، یان نایانەوێ خۆیان تێبگەیەنن. تەنانەت ناتوانن پێشکەوتن و سەرکەوتنی ژنان ببینن. ئینسان دەبێ لەگەڵ پێشکەوتنی دنیا خۆی پێشخا، بۆ ئەوەی دوا نەکەوێ دەبێ لە گەڵیان بێ، ئەگەر بە پێ چوونە یان ئەگەر بە هەڵاتنە، ئەگەنا دوادەکەوێ و تێدادەچێ. بۆیە داواکاریم لە پیاوان ئەوەیە، دەبێ گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆر بە سەر خۆیاندا بێنن. ئەو بابەی کە منداڵ هەڵدەگرێ و دێ بۆ ئوڕووپا، خۆ ئەو منداڵە بڕیاری بۆ تۆ نەداوە، کە بابە هەستە بابڕۆین، ئێمە زوڵمی لێدەکەین و دەیهێنینە ئێرە لە ناو دووفەرهەنگی دوور لە یەکتر دایدەنێین. لە ماڵ چاوەڕوانین هەڵسوکەوتی کوردی بێ، ڕۆژێ هەشت سەعات لەناو مەدرەسە و لەگەڵ ڕەفیقانە و، دەبێ هەڵسوکەوتی وەک ئەوان بێ. ئەو منداڵە لەناو مەنگەنەدا، فشاری ڕووحی لەسەرە و ژیانێکی ئاوا نە خۆشە و نە هاسانیشە. سوێد، ئەو سوێدەی ١٨-٢٠ساڵ پێش نەماوە، کۆمەڵگا بێرەحم و پڕ لە مەترسیی یە، تۆ ئەگەر ئاگات لە منداڵ نەبێ، پێوەندییەکی باش و دروستت نەبێ، ئەو منداڵە تێدا دەچێ. ئێمە شتی باش و خراپمان هەیە، هەر هەمان دەستوور، ئەوانیش شتی باش و خراپیان هەیە، با خراپەکەی خۆمان تۆڕ دەین و لە باشی خۆمان و هی ئەوان کەڵک وەرگرین. من و ناسر زۆرجار باسی ئەوەمان کردووە و ئاواتەخوازین منداڵەکانمان لە گەڵ کچ و کوڕی کورد زەماوەند بکەن، بەڵام ئەوە هەر ئاواتێکە لە دڵی ئێمەدایە. ئەی ئاواتی دڵی منداڵەکانمان؟ ئەی نابێ ئاوڕ دەمەوە و بزانم کچ و کوڕەکەی من چیان دەوێ، من ناتوانم بڕیار بدەم بۆ ژیانی ئەوان، وەک جاری جاران نەماوە، باوک بڵێ "شوو مەکە بەوە، شوو بکە بەوە". باب و دایک دەبێ حورمەتی خۆیان ڕاگرن. گەر وەک ڕەفیق و دۆستی منداڵەکانیان بن هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستە کە یەکی وەک فادیمە لەناوبچێ. ئاخر گوناحی فادیمە چی بوو، ئەوەبوو کە حەزی لە کوڕێکی سوێدی کردبوو، دەیویست بە دڵی خۆی بژی ـ ئەی باوکە بۆ هیناتە سوێد، کە هیناتە ئێرە دەبێ قەبوڵی کەی شێوەی ژیان و دابو نەریتی ئێرە تەئسیری لە سەر دەکا. فادیمە شەش ساڵی بووە کە هاتۆتە ئێرە. ڕۆژ نییە لە ڕۆژنامەکانی(تەوار، ژیانە، ڕێوار ) کە لە کوردستان لە لایەن ژنانەوە دەردەچن، نەخوێنینەوە ٣-٤ ژن بە دەست ئامۆزا، مام، خاڵ، ئێرینەیەکی بنەماڵە کە لێیان بووە بە ساحێب، سەربەنیست نەبن، یان بە چەقۆ لێیان نەدرێ، یان بە گوللە نەکوژرێن. ئەوانە خۆیان لێدەکەن بە خاوەن و ئاوایان بەسەر دێنن. بێگومان ئەوە هەر لە ناو کورددا نییە، ساڵانە لە فەرانسە ٥٠٠ ژن دەکوژرێن، دەبێ ئەوەش لە بەر چاوبگرین بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی فەرانسە پنابەرانی ئەفریقا و ئاسیان.

من بۆ ئەو بەدبەختییەی بەسەر فادیمەدا هات زۆر تێکچووم، بە شەو و بە ڕۆژ دەگریام کە قسەکانی دەکرد. من هەر وەک فادیمە،کۆمەڵگای سوێدیش بە تاوانبار دەزانم. وەختێک وەک پەنابەر دێیتە ئێرە ئەوەندت دەرکە لێدادەخەن کە نەتوانی تەرەقی کەی، وەک خۆت دەمێنیەوە، دوا دەکەوی و ناتوانی لە گەڵ ماڵ و منداڵی خۆت بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە بجووڵێیەوە. هیوادارم نەسلی تازە تێگەیشتنی پتریان هەبێ و ڕووداوی ئاوا نەقەومێتەوە. کوشتن هیچ دەردێ دەوا ناکا، غەیری ئەوەیکە لێرە وەک میللەتێک حیسابێکی ناشیرینت بۆ نەکەن، کە ئەوەش خۆش نییە لە ناو ماسمیدیای سوێدی وات باس بکەن کە میللەتی کورد میللەتێکی دواکەوتووە. کچەکانی دەباتەوە وڵات سەری دەبڕێ و لێرە بە گوللە دەیکوژێ. لێرەدا من زۆر گلەمەندم لە ماسمیدیای کوردی، کە گەورەترین دەوریان هەیە بۆ ڕۆشنکردنەوەی کۆمەڵی کوردی. من چاوەڕوان بووم لە سەر ڕووداوی فادیمە، هانا وکەژاڵ و ئەوانەی کە کارەساتی دڵتەزێنیان بەسەر هاتووە، دەبوایە هەر سێ تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە شێوەیەکی تێر و تەسەل بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە حیسابی لە سەری بدوێن، ببێتە مایەی وتووێژی گەرم، ببێت بە بەحسی ڕۆژ، بڕواتە ناودڵی هەموو بنەماڵەیەک، وابکەن لە بنە ماڵەکان بەهەر بیرو باوەڕێکی هەیانە بەشداری بەحسەکان بن. یانی گۆڕان و پێشکەوتویی بەم شکڵە پێکدێ. بەڵام بە داخەوە ئەوان هەر ئیشارەیەکی موختەسەریان بە ڕوداوەکە کرد و مەجالی ئەوەیان نەدا بکێشرێتە پانێل و دیبات، لە خاوەن ئەزەران و بەئەزموونان داوا نەکرا لێی بکۆڵنەوە. من زۆر بەداخم کە ئەو شتە ئاوای چاوپۆشی لێکرا. هیوادارم ماسمیدیای کوردی بە

تەواوی پێداچوونەوەیەکی سەبارەت بە مەسەلەی ژن و پشتیوانی لە ژن هەبێ.

سێ تەلەڤیزیۆنی کوردی هەیە، میدیا تێڤێ کە لە ئوروووپایە زۆر جار کە بەحسی دەبێ چونکە بەرنامەکە بە زمانی تورکی یە، ئێمە لێی تێناگەین. بەڵام دوویەکەی تر لەناو کوردستانن، زۆر ئاسان بە ماتریالێکی زۆر کە لە بەر دەستیانە دەتوانن بەرنامەی وا بگونجێنن کە خۆراکی سالانێکی زۆر بێ. من لە تەلەڤیزیۆنەکان داوا دەکەم، مەسەلەکە جیدی بگرن، هەرنەبێ حەوتووی نیو سەعات، سەعاتێک ترخان کەن بۆ مەسەلەی ژن. جارجارێک دێن و بەحسێک دەکەن لەسەر مەسەلەی ژن کە ئەویش بە نیوەچڵی بەجێی دەهێڵن. هیوادارم لەم بارەوە پێداچوونەوەیان هەبێ، بەرنامەیەک کە بتوانن پێوەندی بکەن لەگەڵ ژنانی دەرەوەی وڵاتدا، ببنە پردێک لە نێوانی ژنانی ناوخۆی وڵات و دەرەوی وڵات بۆ گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی نەزەرات و ئاگاداری، تا بتوانرێ ئەوەش یاریدەدەرێک بێ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی و مەسەلەی ژنان.

**● تۆ بەشێک لە تاوانی قەتڵی فادیمەت خستە سەر شانی دەوڵەتی سوێد، دەکرێ زیاتر روونی کەیەوە؟**

ـ دەوڵەتی سوێد، هەست بە بەرپرسیارێتی ناکا، پاشان ماسمێدیای سوێدیش بابی ئەو کچەی لە مەنگەنە خست و پرێسی کرد و، زۆری گەورە کردەوە. سەعی کەن یارمەتی بدەن بۆ روون بوونەوە، تێگەیشتن، لە کۆمەڵگای تازە نێزیکت کەنەوە، بۆ ئەوەیکە تەزادەکان کەمتر بەرخوردیان هەبێ. یارمەتیت ناکەن کەسایەتی خۆت ببینیەوە و کەسایەتیت بدەنێ. بابی فادیە ۲۰ ساڵە لەم سوێدە دەژی، بۆچ دەبێ بۆچوونی ئاوای هەبێ. دەوری شەڕەف و نامووس نەماوە، ئەمانە شتهایەکی دواکەوتووانەی مەزهەبین لە ناو شەرقدا. بۆ پیاو دەبێ شەڕەفی خۆی لە ناو پای ژنەوە ببینێتەوە، ئەی شەرەفی خۆی لە ناو پای پیاو بۆ نابینێتەوە، بۆ وەختێک کوڕەکەی تا ژن دێنێ( ۵۰ )برادەری کچە سوێدی دەگۆڕێ، ئەی بۆ چی باوکێک هەڵناستێ بروا کوڕەکەی بکوژێ، ئەی ئەو شەرەفی نییە؟ بۆ شەرەفی خۆیان لە ناو پای کچدا دەبینن؟ بەسە خۆش نییە، شەرەفی ئینسان ئەوە نییە(شەڕەف ساندنەوە کوردستان ساندنەوەیە)! بچی جگەرگۆشەی خۆت بکوژی چون حەزی لە کوڕی سوێدی بووە. سەرەڕای ئەوە من زۆر پابەندی فەرهەنگی خۆمم، ڕێزم هەیە بۆ فەرهەنگی خۆم و زۆر جاریش(بە شانازییەوە) بەرچەسپی ناسیونالیستیم لێدراوە، دەبێ قەبوڵی کەین زۆر شتی خراپمان هەیە، کە ئەبێ نەمێنێ. من لە گەڵ ئەوە کە کوردم، خەڵک و نیشتمانی خۆم خۆش دەوێ، ڕووح و گیانم لەسەر ئەوانە، بەڵام لە گەڵ دواکەوتوویی نیم و تەئییدی ناکەم.

**لە لایەن خۆم و گۆڤاری ،گزینگ،ەوە سپاست دەکەم، هیوای سەرکەتن و بە ئاوات گەیشتننت بۆ دەخوازم. رۆژی جیهانی ژن لە تۆ و تەواوی ژنانی کۆڵنەدەر پیرۆز بێ...**

پڕ بە دڵ لە باوەشی دەگرم، ماڵە چکۆڵەکەی و دڵە گەورەکەی بەجێدێڵم.

▲ ▲ ▲

# کلیپ

جەعفەر کەریمی

کاتێک چاو لە مێژووی ڕابوردووی گەلانی سەربەخۆ و خاوەن جوغرافیا و ئابوور و شارستانییەت دەکەین، هەموویان بە شێوەیەک کەم و زۆر و، بە درێژایی ژیان تووشی زەحمەت و زەخت و زۆریی ناوەوە و دەرەوەی وڵات هاتوون، تا گەیشتوونە ڕادەیەک توانیویانە لە سەدەی هاوچەرخدا بە پێی تێکۆشان بەرەو زانست هەنگاو بنێن و، لە ژێر چەتری ئاسمانی وڵاتەکەیاندا وەحەسێن.

پانتایی و درێژایی و ڕادەی نفووس، دەوڵەمەندی و هەژاری، هۆگەلی جۆراوجۆرن لەمەڕ پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە. چۆنیەتی دەسەڵاتی بەڕێوەبەر، مەرجی هەرە سەرەکی یە بۆ پەروەردە و مسۆگەرکردنی دێمۆکراسی و ژیانی هاوبەشی دانیشتووانی ئەو خاکە.

تەواوی گیانلەبەرەکانی ناو دارستان لە چووک و مەزن بە ئیشارە و ئاماژە زمانی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە. لە سەردەمی دەروازەی هەزارەی سێ دا، گەلی کورد بۆ ئەوەی بە زمانی دایکی خۆی پەروەردە بێ، پۆل پۆل نێوئاخنی زیندانەکان دەکرێن و لە سەر شەقامەکان وەبەر گورز و گۆپاڵ دەدرێن.

ئەو دەردانە و هەزاران دەردی دیکە هەموویان بە جێگای خۆێ، لە وەها بارودۆخێکدا تاقمێک هونەرمەند و گۆرانی بێژ، زۆر بە شانازی و ئیفتیخار خەریکی کلیپی گۆرانی کوردین دەگەڵ کچە خاریجی! هەر دەڵێی شەشدانگی کوردستان ڕزگارە و کەوتۆتە بەر دەسەڵاتی کورد، یاخود قاتی و قڕی کچی کوردە کە کلیپی دەگەڵ ساز کەن؟ ئەو شێوە کلیپانە هەتا ئەورۆ لە سەر میدیای کورد (کوردسات و کوردستان تێڤێ) لە باشووری کوردستان بڵاودەکرێنەوە.

جیاوازیی پەروەردە و لاسایی کردنەوە، جیاوازییەکە بە مەودای نێوان عەرز و ئاسمان. شێوازی لاساییکردنەوە لە ناو گیانلەبەرانی دیکەش ناحەزترین و دزێوترین ئاکارە کە پاساوی چاکی تێدا بەدیناکرێ. ئەو شێوە کلیپانە مرۆ وەبیری داستانی ئەو قەلە دەهێنێتەوە کە ویستی لە ڕێگا ڕۆیشتندا لاسای کەو بکاتەوە! کەچی ڕێگاڕۆیشتنی خۆشی لە بیر چۆوە!

### هەرای دڵ

دەردێ ڕەچەکێش نیشتووە وەپای دڵ
زامی کۆن دەوران تاتای کرد منزڵ
گلام وە باڵای بەرزی تەمەنم
پەی چێش بوو مەودای ژینی بێ حاسڵ
سڵسڵەی تەبای دەریای بێ پەی خەم
وێنەی تەورێ دایهاڕی چڵ چڵ
لق و پۆی دارێ هیوا و مەبەست بی
خێوەت هەوارێ، خەونی هەرای دڵ

# «فاتمۆکێ» پەیکەرێکی هەمیشە زیندوو

پێشکەشە «فاتمە شاهیندال» و هاوچارەنووسانی

ئارام بوداغی

هەواڵ کورت و دڵتەزێن بوو، باوکێک کچەکەی خۆی کوشت، لە جەنگەیەکدا کە لێوی تینووی بە پیاڵەی ئاوی حەیاتەوە نابوو.
هەواڵ کورت بوو، بەڵام نرکەی لە دڵی گەورەی زەمان هێنا. دۆینێ شەو حەزیای بیری پیاوەزنی دەرفەتی لە خۆرهێنا خەنجەرێکی ڕزەڵۆکی لە کالانی منارە هەڵکێشا و بە شاهیدی تریفەی مانەشەو لە ملی «فاتمۆکێ»ی کچۆڵەی خۆی نا.
ئەوە بیری ڕەشی کام سەدەیە کە چاوی بە ڕووناکی بیری گەشی ئەم سەردەمە هەڵنایا و بە نێزە و چەک لەگەڵی دێتە ئاخاوتن؟
ئەوە دەستی تاوانی کام سەردەمە وا گوڵدانی بەر پەنجەرەی هیوای گەورەکچانی کوردەواری دەشکێنێ؟
ئەوە بیری بە شەوارەکەوتووی کام سەدەیە کە خۆ بە هەوارگەی دڵاندا دەکا و سەر دەکێشێتە تاوڵی ژوانگەی حەزەکان و لە بەر تریفەی ئەرخەوانیی مۆمی ئەوین و دڵداری، دەفری شەرابی شادی دەڕێژێ؟
گەلی دە دۆست و برادەرینە، ئەوە دیسان دوای چەند ساڵ لە هەندەران، کورد بە دەستی خۆی «زین»ێکی دیکە دەنێژێ.
«فاتمۆکێ» گوڵی سووری کام ئەوینی لە بەرۆکی درابوو، ئاوی ڕوونی کامە کانی بە ئەوکی بلوورینیدا کرابوو وا بەم چەشنە چنگی تاوان وەکوو زەلکاو بە گەروویەوە نووسابوو؟

«فاتمۆکێ» قۆڵی لە بەستەڵەکی بیری کۆنی مێژوو هەڵماڵیبوو.
بەندەییەک بوو زنجیری یاسای کۆیلەتی پساندبوو.
بانگی منارەی بە گوێچکەدا خوێندرابوو بەڵام خۆی بە دەستەوە نەدابوو.
ئاسکێک بوو جەغزی پاوانی بەزاندبوو.
مەلێک بوو خولیای ئازادی بە شوڵکی قەفەس ڕانەهاتبوو.
ماسییەکی ڕەنگاوڕەنگ بوو، شووشەبەندی ئاکواریۆمی شکاندبوو، سەودای ئاوی ڕوونی ناخی دەریا و ناو مراوی و ماسییەکان بوو.
پەپوولەیەکی باڵنەخشین بوو، لە پەنجەرەی نیوەتاکی هەناسەی ئۆخژنی دوو ئاشق ڕا بەرەو گوڵزاری ئەوین فڕیبوو.
شیبای فێنکی کوێستانی بەرزی «ئاگری» بوو.
بۆنی وەنەوشەی لە سریوەی هەناسەی دابوو.
سەمفۆنیای خوڕەی بەفراو و ئاهەنگی سەمای جێژوان بوو.
فاتمۆکێ هاواری «هاوارەبەرە»ی شمشاڵی شوانێکی

لێرەواربوو، ژێی تارێک بوو سۆزی نۆتی سکاڵای گەرەکچانی کوردستان بوو.
هۆ... «فاتمۆکێ»، ئەوڕۆ زەمان کڕنووش دەبا بۆ ئەوینت. بۆ ئەوینێک کە بە شانازی سەری خۆت لە پێناویدا دانا.
بۆ ئەوینێک کە لە خڕکەبەردی تیر و توانج سڵت نەکرد و قەمچی ڕام دەستەمۆی نەکردی.
هۆ... «فاتمۆکێ» هێشتاش دەستەخوشکەکانت لەودیوی جەغزی پاواندا بۆ سەلماندنی دڵداری وەک سەدەکانی ناوەڕاست لە ئاگردا هەڵدەقرچێن.
تۆ تابلۆیەکی زیندووت لەو کارەساتە بە خوێنی خۆت بە تاقی ئاسمانەوە نەخشاند. تابلۆیەک کە هەورەکانیش بە دیتنی، فرمێسکی خەم دەبارێنن.
هۆ... «فاتمۆکێ» تۆ برووسکەی پەیامی ژنانی دەسبەسەرت بە سەر هەوری حەریری ئاسماندا ڕایەڵ کرد و لە ماشەری پەیامگری سەردەمت هالاند.
هۆ... «فاتمۆکێ» مەرگ تۆی لە ئێمە هەڵنەبڕیوە، تۆ پەیکەرێکی بۆ هەتاهەتایە زیندوو
بە دەستێکت ئالای ئازادی و ئەوی دیکەش ئالای بەرابەریی ژن وپیاوت هەڵبڕیوە.

٢٠٠٢-١-٢٣

**هاوارە بەرە:** یەکێکە لە ئاهەنگەکانی شمشاڵ. کاک «فەتاح ئەمیری» ڕۆمانێکی هەر بەم ناوە نووسیوە. بە پێی ڕیوایەتی ئەو کتێبە و هەروەها خەلکانی تر، شوانێک دڵدارەکەی کچی خان دەبێ و لە ترسی خان ناوێرن ئەو ڕازە ئاشکرا بکەن و دەرفەتی ژوانیشیان زۆر کەم بۆ دەرەخسێ. ئەوینی ئەوان کارێک دەکا کە شوانە بە ئاهەنگی شمشاڵ لەگەڵ ئەویندارەکەی بدوێ. دیارە کچەش لەو دەگا، شەوێک کە دز و جەردە بۆ تالانی مەڕ دەچن، کاکەی شوان بە ژەنینی ئاهەنگی ناوبراو دڵدارەکەی تێدەگەیەنێ. بەم جۆرە کچەکە مالی بابی لە تالانی مەڕەکەیان ئاگادار دەکا. من خۆم ئەو ئاهەنگەم لە بەرێز هونەرمەندی ناوداری کورد «قالە مەڕە» بیستووە.

**تێبینی «گزینگ»:** ئەم پەخشانە لە سەر داوای نووسەر کە نووسیویە: «ئاگادارین ئەوە لە (شۆڕش، ژمارە ١٠)دا بلاوبۆتەوە، دیارە من پێمخۆشە لە (گزینگ)یشدا بلاوبکرێتەوە و خەلکی دیکەش بیخوێننەوە...» بلاوکرایەوە و، ئەوەش بلێین پەخشانەکە بە ڕادەیەک جەوان و هەستبزوێن بوو کە بایەخی ئەوەی هەبوو دووبارە چاپ بکرێتەوە.

# کە تۆم هەبوو

بۆ هەڵەبجەی شەهید و قوربانیانی ئەنفال

ئاسۆ بیارەیی

کە تۆم هەبوو
هەموو ئەستێرەی ئاسمان
هی من بوون..
کپی بەیانیان و کازیوەی (شرام)یش هی من بوون..
قاسپەی کەو و خورەی بەفراویش هی من بوون
خرەی نمەبارانی ڕەشماڵانیشم هەبوو.
کە لە تۆدا بووم
شەوانە لە هێلانەی چاوەکانتا پشووم دەدا
لە ڕەزی بنارتدا
تامی مێوەی وەرزم دەکرد
بەڵام کە دڵیان ئەنفال کردم
کە داری ئەونەمامیتیان سووتاند!
هێندەی چۆڵی (شیوەسوور)
ئازارم چێشت..
هێندەی سۆزی (زەنگەنە)
نرکەم جۆشی خوارد..
هەناوی (جەباری)م کەوت
پڕ بە (چەمی مامران) زووخاوم کێشا
بە پوازەکە بەردی (دالانی)دا گیانم درا
لە سەر ترۆپکی (شنروێ)وە خرامەخواریێ
دیسان بۆ بڕواپێهێنانی سەرلەنوێم
چەلوبی بەنی قورەیشێ
نێزەی لێدەرهێنام و تۆیان لێفڕاندم
لە بیرمە..
کە ئەو ابولحقودە پرتی پیاکرد..
قیژەت دەکرد
گریەت لەگەڵ بۆسۆدا دنیای پڕ دەکرد..
نەمدەزانی بە کام زمان،
چۆن بڵێم: گوڵی من قەندیل نشینە..
فێری قوم و سورەشەرای بیابان نییە
هێزم نەبوو بناڵێنم،
کە تۆ ئاسکە دەواری زۆزانی
ڕاهاتووی قەدپاڵ و بەفراوی هەواری..
گوڵە قەرەداغییەکەم!
لە (بانی مۆردە)دوە بەرەو ئەڤینی ئارانت شۆڕدەبەوە
وام لە بان هەردەکەی (فەقێ موستەفا) و
چاوم لەو پۆلە کۆترەیە کە هێشتا بە سەر پاشماوەی ئاواییدا دەفرن
لە نێو دووکەڵی کەلاوەکاندا
منەی هێلانەکانیان دەکەن

وام لە کەندرەکانی (داوێ)و جێ پێی گەورە و بچووک دەبینم
کانەی نیگاکانم جەستەی ئەو منداڵەیان لە خۆ گرتووە
کە لە پەڵە گەنمەکەی لارێدا بە جێمابوو.
وام لە دۆڵە نسرمەکەی (خۆرنەوەزان)
تێر تەماشای (ئاوباریک) نابم
کە باوەشی بۆ (بناری گل) کردووەتەوە.
لە سەر لووتکەی (چەکوش) و (سادر)
دووکەڵی (قەلادزێ) و خاک چاوانم دەکزێنێتەوە
ژاراوی ((پیرمالک) و (ژاراوێ) دەخۆمەوە...
ئەی گوڵە (بازیان)ییەکەم
هاوارەکانت لە (دەربەند باسەرە)ی هەناومدا دەزرنگێنەوە
وەک کەفچرێنی (دێوانە)
قێز لەو کلاوسەوز و زۆڵەکوردانە دەکەم
کە بۆ تالانی (کانی هەنار) و
ئەو ئامێزە کەڵبەیان بە هەسانی غار الحرا تیژکردووە
گولامن!
لە (نوگرەسەڵمان)ی ئەنگوستتەوە
سیمات دەبینم کە چۆن ڕۆندەکت
ئاوێتەی ئێسکی دیلەکان دەبێ
تێکەڵ بە جینۆساید دەبێ
پێڵووی بینابیم بە ئاستەم بەرزدەبێتەوە
هەنگاوم نەماوە، هەناسەم سوارە
گیانم لە کەناردا
لە نێو پێنج هەزار گوڵی ئاساودا تەزیوە
کەچی هەڵەبجەکەم!
وا ڕەوە گورگی خۆیی
دەمێ بە بەرگی پاسدارەوە
یەخەی کەنیشکانت دەدڕێنێ،
قامکی بووکی زەماوەند
بو دزینی ئەڵقەیەک، لە بن دەقرتێنێ...
جارێکی دیش
چمکی کراسەکەی عۆجەی
کردووەتە سەرچۆپی و بانگی سەرکەوتن دەچڕێ..
ئەی چەتەی سەردەم!
ژەنگی مێژوو!
هەناسەتان مۆرانەی خیانەت بیرزێنێ

کەوا لە ئاوەتاراتی بێگانە تێر نابن.
ئەژنۆ و چنگتان
تەلاشە بەردی (شاهۆ) ئەنجن ئەنجنی بکات
کەوا لە کۆڵبردن زیاتر، هیچیتر نازانن.
گلاراوتان کوێر بێ
کە بێجگە چاوساغی هیچیتر نابینن.
زمانتان دووپشکی (عەربەت) پێوەی بدات
لەلتان ببڕێ،
کەوا بێجگە فرۆشتن هیچیترتان پێناگوترێ.
ئۆجاختان کوێر بێ
باچیتر نەوەی ڕەشتان ئەم خاکە گلاو نەکات.
چرۆی وشەم لە هەنسکی کۆرپەیەک
گڕوگاڵی گرتووە
کە لە تاو ژەهری تەعریب لە دایکی ونبووە
لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتدا
پەنابەرێکی وێڵم
کەورگێکم چنگ ناکەوێ پشوویەکی تێدا بدەم
تاقە ڕەنگێکم پێنابڕێ بیکەم بە ئاڵا
هانا بۆ کام گەردوون بەرم
لە گۆڕیشدا هەناوی چوارهەزار ئاواییم
پلیشاوەی بەردی ئەلحەدە
پێم مەڵێن نابینایە!
ڕەشەخامی مەککە بەری ئاسمانی لێم گرتووە
پێم مەڵێن وێڵە!
چارەنووسم لە هەڵدێری هەزاربەزار
گیرساوەتەوە
هەتاوی ئاواتم
لە لیتاوی (حویزە)دا چەقیوە،
شانامانجی «قازی»م
لە شارەزووری بێ چرادا لە دار دراوە
بە دەم کەروێشکەخەوەوە
وڕێنەدەکەم
تەختایی (سەبان)م لێبووەتە پردی سیرات
هەموو ئازای خاک ئاگرە
هاکا ئەو دنیاشم دۆزەخ بێت
ئەی خودا چبکەم؟ چۆن چاوانم هەڵبێنم؟
لە هەر لایەک قیبلەم لێ دیارە
مەرگ چاوم لێ زیتدەکاتەوە
ئەتاتورکێ لە دارم دەدا
زەینی کوڕی قەسابێ شیرم لێ هەڵدەبڕێ
شاعەبباسی دەست بە خوێنێ
بەرەو (قوچان) کۆچم پێدەکات
تۆ بڵێی لەو دنیاش ئەنفال هەبێ؟..

داستانی شارەکەم شینێکی مێژووە
ئەوینێکی بێ گەردە
بڵێسەیەکی خەفەکراوی نەورۆزە
خونچەی نێرگزەجاڕێکی هەڵپرووکاوە..
زاوای شارەکەم
بابەگوڕگوڕێکی کەرکوکە
(حەمرین)ی لە پشتە
(سورێن)ێکی ئامێز گەرمە
(تەوێڵە)و (بیارە)ی زیزی لە دامێن گرتووە..
ئەی کیژە زۆزانییەکە
لە حەسرەتی (حەسارۆست)تەوە
لە پرچە ژاکاوەکەتەوە
غەمی ئەو جووتیارانەی (خاڵخاڵان) بەدیدەکەم
کە بە ورپیەوە دەیانڕوانیە
گوندە ئاگرگرتووەکانیان..
سێبەری مرۆڤە دیلەکانی ئەو ئێوارەیە
تابلۆی مەرگیان لە نێو خاکدا
دێتەوە دیدەنیم
هێندەی دیلیت و دیلیم
دیلی تۆ و دنیاتم.

١٩٨٩-١٩٨٨

**شرام:** کێوێکە دەنواڕێتە سەر شاری هەڵەبجە.
**شیوەسوور:** شیوێکی درێژە لە باکووری شاری کەرکووک هەڵکەوتووە.
**زەنگەنە، جەباری، چەمی مامران، بانی مۆردە و فەقێ موستەفا:** چەند شوێن لە ناوچەی گەرمیان (کوردستانی باشوور)ن.
**دالانی:** کێوێکی بەرزە دەنواڕێتە سەر شاری هەڵەبجە.
**دلوێ:** ناوچەیەکی سەر بە شاری کەرکووکە.
**ئاوباریک، خۆرنەوەزان و بناری گل:** چەند شوێن لە ناوچەی گەرمیان (کوردستانی باشوور)ن.
**چەکوش و سادر:** دوو لووتکەی کێوی قەندیلن.
**پیرەسالک و ژاراوێ:** دوو ئۆردوگای زۆرەملی نیزیک شاری قەلادزێ.
**بازیان:** ناوچەیەکە سەر بە سلێمانی.
**دەربەند باسەرە، دێوانە و کانی بەهار:** لە ناوچەی بازیانی سلێمانی هەڵکەوتوون.
**نوگرە سەلمان:** زیندانێکی ترسناکە لە بیابانەکەی خوارووی عێراق هەڵکەوتووە. زۆربەی دیلەکوردەکانی ئەنفالی تەعریبی نوێ لە وێ بێسەروشوێن کران.
**شاهۆ:** کێوێکە لە کوردستانی ڕۆژهەلات.
**عەربەت:** شارۆچکەیەکە نیزیک شاری سلێمانی.
**حویزە:** زەلکاوێکە لە خوارووی عێراق.
**سەبان:** دەشتێکە نیزیک شاری هەڵەبجە.
**قوچان:** شارێکە سەر بە پارێزگای خوراسان لە ڕۆژهەلاتی ئێران کە دانیشتووانی لە کورد پێکهاتووە و کاتی خۆی لە لایەن شاعەبباسی سەفەوی بە زۆرەملی لە کوردستانەوە ڕاگوێزراون.
**تەوێڵە و بیارە:** دوو ناوچەی هەورامانن.
**سورێن و حەسارۆست:** دوو کێون لە کوردستانی باشوور.
**حەمرین:** کێوێکە لە سنووری نێوان کوردستانی باشوور و عێراق هەڵکەوتووە.
**خاڵخاڵان:** ناوچەیەکی سەر بە شاری کەرکووکە.

## چەند کورتە هۆنراوە:

عەلی نانەوازادە

تێگرا دەبارێن
سەد سەد
هەزار هەزار مەڕ
لە بەرەبەیانی تاوێنەری عەرەب.
خودایەک خەوالوو
ـ لە سەر جێگا ـ
سەد سەد
هەزار هەزار سەربڕ
چاوەڕوانی رەحمەت
دەکوتن دەرگا.

۲۰۰۱/۸/۱٤ ـ ستۆکهۆلم

شەڕ!
شەڕ!
یار!
نەیار!
جاش!
باش!
مەرگ!
مەرگ!
گۆڕ!
گۆڕ!
گۆڕەپانێک سەرانسەر کێل.
کام دۆست؟
کام دوژمن؟

۲۰۰۱/۷/۱۸ ـ ستۆکهۆلم

دەڕۆم
کەر بۆ کوڕەکەم شی بکەمەوە
شێر لە قامووس دەرکێشم
زەڕافە لە کامپیوتێر دا جێ بکەمەوە!

سوێد:
دەریا لە بەر باران دەخووسێ
شار هێرشی ملۆزمی هەندەرانی بە راسیست سەمپاشی دەکا
ئامار لە سەر پەیژە دەژی!

ستۆکۆلم:
مەمکی کچەکان بە ویرووسی ئیدز قدیلکەیان دێ
شۆڕت لە دۆلی سمت دا خۆ حەشار دەدەن
حیزایی لە پشت دەسپەڕ ئۆردوو لێدەدەن!

شەقام:
کەسێک چەپکێک گەوجایەتی پێشکەشی سەرۆک دەکا
گوڵی حیزبێک بە خۆسووتانی ژنێک دەپشکوێ
سەگی دێمۆکراسی دەوەڕێ
چاوی ئانارشیست بەردی تێدەگرێ!

میترۆ:
شمەک بە کیسەی نایلۆن دا سەفەر دەکەن
ئیزگەکان هێلنجیان دێتێ
تەنیایی مەست دەڕشێتەوە!

من
سی دی نوێی قەناری بە دەستەوە
دەڕۆم کوڕ بە کەر بناسێنم.

۲۰۰۱/۷/۱۰ ـ ستۆکهۆلم

## لە ڕۆچنی ئاواتەوە

رەسووڵ سەفەریانی

هەڵماوێکی هەڵاوداری سووتێنەری
کە ئەرژێیتە نێو چرای لەشی ساردم
گوڵ شەوغی شادمانی لە سەر چاوی چڵەکانم هەڵدەبێت و
چراخانێ لە تاریکی تەنیاییما سەر هەڵدەدات
کە دەڕوانم بۆ کۆڵانی بیرەوەریم تاقەداری سەوزی باڵات
لە بەر دەما زەردەگوڵێ بە لێوەوە
ئاوازی پێت زایەڵەیە لە تەپڵی ژین
لە ئەشکەوتی هەردوو گوێما
وەک هەناسەم دێن و دەچن
لە ڕۆچنی ئاواتەوە
خۆم دەبینم ئاڵاومەتە باڵای جوانت
وەک دوو چڵی گوڵەلاولاو
چنگ گیر دەکەین لە داری ژین
سەردەکەوین بەرەو هەتاو
لە بیرم دێ دوایین ڕۆژی پێکەوەبوون
لە سەر پەنجەی دوو پێمەوە هەتاکوو سەر تەپڵی سەرم
دەتچزاندن، داخت دەکرد
قازانێکی پڕ لە ئاوی سەر ئاگر بووم
ئێستاش
کە بیر لە دواساتی ماڵئاوایی دەکەمەوە
لەو ماچانە... ئاخ! چەند سووتێنەر و...
قازانێکی پڕ لە ئاوی سەر ئاگرم.

نەورۆز ۲۰۰۲/۳/۲۱

## نامۆییم و وەرزی گڵۆباڵ

محەمەد ئەمین پێنجوینی

خەزانە! گەڵاکان زەرد بوون وەکوو ڕوو
سیس بوون، ئەوەرێن، ئەڕووخێن وەک مردوو
وەرزێ تر زستانە، بەفرە قژ سەرپۆشە..!
نامۆیی لە ڕۆح و لە هۆشە..!
تا ئێسقان هەتا نۆخ چەقیوە نامۆیی
ئای گەنجە! ئای ڕەنجە بەفیڕۆ کە ڕۆیی
ئایین و ئایدیال دوو تەوقی ئەڵماسی ئەعلەتین!
چوونەتە گەردنی چیایی کوردستان..!
وەرزەکان کە هاتن هەموویان بەهاریان تیا نەبوو
ڕەشەمە و سەرەتای پایز و زستان بوون
ڕێحانە و نێرگز و وەنەوشە و گوڵاڵەی تیا نەبوو...
هەموویان
ئازار و ئافات و نووچدان بوون
وەرینی غونچە و فرمێسکی گوڵدان بوون
وەرزەکان...
شووماوی، قڕکەری شینایی
بریقەی سۆماکوژ، لێڵکەری بینایی!
تارمایی زۆر دوورە، ترووسکە لە دوورتر...
غوربەت و نائومێد لە هیوا ئەستوور تر!
بارێکی گرانە
گەڕ بە دوای ونبوونی ئاسۆدا
گیان بە جیا، لەش بە جیا...
کۆستێکی هەرزانە
نسکۆدان لەم (دەمی) نامۆدا
بیر بە جیا، ژیر بە جیا...
ڕاڕایی و دوودڵی سمبوڵی وانە بوون!
لەم تەم و مژەدا، لەم ڕەوشە ئاڵۆزە
جا وەرە سەری داو لەم دۆزە بدۆزە؟
هەرکەسێ «حەلاج» و ئاشقی ڕاستی بێت
ئەچێتە شەرای مەرگ یا ئەبێت بە پەری
لەم ژەهر و هەنگوینەش حەقیقەت ئەچێژێ
هەقیقەت زۆر تاڵە هەنگوینیش کوشندە!
هەرکامیان تام بکەی...
بە زیندی مردنە، نامۆیی تاراوگە پەڕگەندە
هاڤیبوون، گڵۆباڵ، دیاردەی سەردەمن
لەم وەرزە نەگریسە دوو چەمکی هاودەمن

پایزی ۲۰۰۰

## گورگی بۆزی درندە

لەندەن: هاوار

بە ئاگاداریی (یانکی)ی هەزار ڕوو
کاوبۆی درۆزن، دەستبڕی بەدخوو
بەینێکە گورگی بۆزی تاوانبار
ئەوەی دڕندەی مەغۆل و تاتار
لوورەی ناسازی مێشک تاس ئەکا
ئاشکرا هەمزە لە هەباس ئەکا
هەر ڕۆژە شوێنێک مالوێران ئەکا
حاشا لە بوونی کوردستان ئەکا
کەچی هەندێک وەک جلخواری جاران
بوون بە کوتەکی دەستی بەدکاران
وەک کەواسووری پێش سوپای دوژمن
بنچک بە بنچک بۆ جێ ڕاو ئەچن
نێچیر بۆ گورگ دەستنیشان ئەکەن
ڕێگەی تاوانی بۆ ئاسان ئەکەن
خۆی هەڵتەکێنێت ڕەنگینە کۆڵی
حیساب ناکرێ لای ئاغای زۆڵی
دوژمن دوژمنە و ویژدانی نییە
وەکوو زەردەمار ئامانی نییە
کاتێک دەزانێ دانی ژەهراوی
ئەیچەقێنێتە جەرگ و هەناوی
ئەوسا پاکانە و درۆی نەشیاوی
پاک ناکاتەوە لای میللەت ناوی
لە دوای دەسبڕین، لە پاش سەربڕین
بە کەڵکی چی دێ قوڕپێوان و شین؟!
لە خۆبایی بوون دەردێ گرانە
شێرپەنجەی مێشکی پیاوی نەزانە
ئەو کەسەی گەمژە و مێژوو نەناسە
هێشتا نازانێت دنیا چ باسە
ئەوانەی ئاشیان بە شەڕ ئەگەڕێ
با بە هێزی گەل ئاشیان وەرگەڕێ
ئەوسا چ ئاش و چ خاوەنی ئاش
چ ئاشەوان و چ هاڕەی بەرداش
گۆڕیان ون ئەبێ و هیچیان نامێنێ
بایەقوش لە جێی ئەوان ئەخوێنێ
ئەوی دەمێنێ هەر جەماوەرە
هەر خۆی سەرکردە و هەر خۆی ڕەهبەرە
ئەوی لە ڕیزی جەماوەر لاچێ
با سوور بزانێ بە فلسێک ناچێ
مێژوو تا بڵێی ئێجگار دڵڕەقە
هێندە گوێی سووکە، هێند چاوی زەقە
قەت لە خۆفرۆش و خائن خۆش نابێ
بڕیاری مێژوو هەر ئەبێ وا بێ.

## دوو هەناسە بۆ یەک قەفەزەی سنگ

حەمەشوان شەریف

١

من..ماڵم پێش تۆ تەنیاتر بوو لە خۆم
سێبەری گومڕایی سەری دەخواردم و لەگەڵ تەنیاییدا
دەگەڕام..
ماڵم چۆڵ.. وەک دوو لەپی دەستی درەختێکی پایز
لە حزوری شاعیرەکاندادەگریام و
تفەنگم دەنا بە سەری خۆزگەکانی شوورەییدا
پێش تۆ.. لەگەڵ «با»دا دەگەڕام و
گەڕیدەیەک بووم لە سفر
ئەو «با»یە ڕێکەوت پاراستی و شەپۆلی کەنارێ گرتیەوە
دەنا بێئاوڕدانەوەیەک
لە خوێنی تەنیایی خۆیدا دەگەوزا،
ئەوسا خانم.. نەک تۆ.. منیش ئاشنایی ئەو بایە نەدەبووم
چەند مەملەکەتێکی بێدەنگە و چەند پایزێکی خەمناک
ئێواران.. لەبری گوڵ گومانم دەبردەوە و
لەبری نانیش هەگبەیەک خەم
بۆ ئەو ڕۆژەی بشمردمایە
باش بۆنی نەدەکردم..
خانم پێش تۆ..
سۆز هەورازێک بوو بۆم
ئاوێنەیەک بوو ڕووچاڵ
کانیەک بوو ئاوم لێ نەدەخواردەوە

٢

تۆڕێک بوو منی پێوە نەدەبوو
خەندەیەک بوو لێوەکانمی دەقڵیشاند
تەرزەیەک بوو کوڵەکانی دەوەراند
خانم.. من زۆرجار باڵای خۆمم لەگەڵ خەما دەناشت
زۆر جار لە دووی سەرم دەگەڕام و
ئاوازێکم بە پەنجەکانم بۆ بەدبەختی لێدەدا
هەنووکەش..
بەفری شیعرم کۆم دەکاتەوە و،
جێپێکانم لە خەڵوەت دەمشارێتەوە
سەیرە خانم..
گەر مۆمێ بە تەنیا هەڵکەی چ مانایەک دەبەشێ؟!
لەترس زیاتر..
کە ئێمە دوو سێبەری لقەدارێک بین
لە دارستانی گریان و
مەملەکەتێکی پەیف پێکهاتبین،
چما ئیتر ڕۆحمان بکاتە ناو پیاڵەیەکی زگورتەوە،
ئاوێنەکانی غوربەت؟
یاخود.. دوا هەناسەی گەردەلوولێکی ئێواران؟
یان بە تەنیا مردن؟
نا.. نا، خانم.. تازە ئەوانە ماڵی ئێمە لە کوێ پێدەزانن
ماڵی ئێمە نزیک هەورە هاکا بۆنی بارانمان گرت
وێنەی هەتاوێکی گەورەم بە دەرگاکەوە
لە خاچ داوە
ئەو دیو ماڵی لاس و خەزاڵ ماڵی تۆیە و ماڵی منە
ئەمێستا خانم..
خاوەنی تۆ من،
خاوەنی من تۆ..
ڕۆبارێکین پڕ لە تاڤگە
کانیەکین پڕ لە نوقڵی ترش و شیرین
ئێستا، نە وەک جاران
خۆم دەدەمە دەست گومڕایی و
نە لەگەڵ تەنیایی دەگەڕێم،
نە هەناسەکانم خەفە دەکرێن و
نە ژوورەکەشم بە چۆڵی دەمێنێتەوە
نە سەرینەکەشم تەنیا...

سوێد: ١٩٩٨

* ئەم شیعرەم بۆ دوو خۆشەویست نووسی، پاش شۆڕشێکی زۆری دڵداریی ناکامی بە یەک گەیشتن.

## خۆمان خواردەوە

سەمیر دەسکۆ (سیان)

بەرگدوورێکی شاد کوتەک و شەرواڵی بۆ دووریم
پیرەژنێکی بەستزمانیش کڵاشەکانی بۆ چنیم
بە دەستی ئەسمەرێکی لادێیی کلێتە و
بە زرمە زرمی کوتانی خوری کەپەک
لە بەرم کرد بۆ هەندەران
لە سەرم کرد بۆ بەفری بێ ویژدان
لێیان سەندم بە هێزی ددان
دەسەڵاتی کێ بێ کە خۆمان خواردەوە؟
یاد زەنگێکە لە دوورەوە دێ
نامە و پەیامی بە دەنووکی ڕۆژگار دەهێنێ
گەر شوانێکی شمشاڵژەن لە سەرچۆپی بێ
پینەدۆزێکی پێڵاودرووش لە گاواندا بێ
دەهۆڵچی و زوڕناژەنیش لە ناوەڕاستا بێ
جا، کاریان بە شەش پەیوولەی هاوڕەنگی چیبێ.

# «هەڵۆی خەیاڵ»

## لە یادی «ماملێ»ی هونەرمەندا

سلێمانی عەبباسی

پاش کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد کاک محەمەدی ماملێ گەلێ نووسەر باسیان لێکرد، ئەدیبان ماتەمیان بۆ گرت، هونەرمەند کۆڕیان بۆ ساز دا، جەماوەر شینیان بۆ گێڕا، بەتایبەت ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حدکا، ئەو جۆرەی کە شیاوی ئەو هونەرمەندە کەم وێنەیەبوو، ڕێزی لێ گرت.

پێکهاتنی یادوارەی ماملێ[1] لەلایەن حدکاوە هەم ئیحساسی بەرپرسی یە لە سەر هونەر و فۆلکلۆر و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی، هەم ئەمەگناسی و پێزانین و ڕێزگرتنە لە ئەندامێکی تێکۆشەر و ماندوویی نەناس کە لە ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو حیزبەوە، هەتا ئەوکاتەی هەست و بیر و شوعوری برستیان هەبوو ڕێبازەکەی بەرنەدا و وەک پێشمەرگەیەکی وەفادار بە گیان و ماڵ و هەموو ئیمکاناتی خۆی و بنەماڵە و، بە کەڵکوەرگرتن لەو سامانەی کە خوا پێی بەخشی بوو، خزمەتی گەل و نیشتمانی کرد.

بەشبەحاڵی خۆم، نە شاعیرم نە نووسەر، نە ئەدیبم نە سوخەنوەر، بەڵام لەگەڵ مەرگی ماملێ گەلێک لە بیرەوەرییەکانم زیندووبوونەوە، سواری قەڵاندۆشی هەڵۆی خەیاڵ بووم و بە دوای ماملێ دا ڕۆیشتم. هەر لە هەولێری کۆنەوە کە ماملێ لە کیژەجوانەکانی بە کۆڵوانە و چارۆکەی تایبەت یاددەکا. لەوێرا دەچێتە شارە خنجیلانەکەی حاجی قادر، ڕاز و نیازی دڵی دە گەڵ زێڕینی خۆشەویستی دەکا. دوای ئەوە سەرێک لە شاری سلێمانی و گەڕەکی کانی ئاسکان هەڵدێنێ و دەگەڕێتەوە ڕاوی پێدەشتی بیتوێنێ. لە قەندیلی مێزەرە سپی وەسەر دەکەوێ و دەڕوانێتە سپیسەنگێ. پاش وچانێکی کەم دێتەخوارێ بۆ بەری مێرگان، تێر بە چاوان دە کەوپەڕ و ئاوخوارده و دیمەنە سروشتییەکان ڕادەمێنێ. دەپەڕێتەوە و گەشتێک بە نەڵێنێ دا دەکا. هەوەڵ مزڵی دەخاتە هەنگەوێ. دوای حەسانەوەیەکی کورت، سواری ئەسپە شێیەکەی دەبێ و دیسان لە زێی خوڕ و خوڕڕەم دەپەڕێتەوە بەری پیرانان.

لە کۆنە لاجانێ ڕا وەسەر تەراشی دەکەوێ، بە بناری دڵاوان و لە سەر کانی خوای ڕا دەڕوانێتە دەشتی لاجانێ. لە پشت دوورگەی خاناڵی زاواکێوی دە تەمێدا دەبینێ، دادەگەڕێتە بناری بارزینێ و دەگەڵ کۆمەڵەی سواران ڕاوی کەروێشکە شینێ دەکا و، بە نێو ڕەشماڵی زێوکە و ماشکانێ دا هەڵدەکشێ بۆ کەندەشێن و مێرگەچەکۆ و چەقچەقە و میرەسەنی. هەورازتر دەچێتە سەر سوڵتانی و سپیرێزی خەیلانیان، بەرەو ڕۆژئاوا کوێستانی سامرەندانە و لە وێندەرێ عێلی قادری سێمانی ڕەشماڵیان هەڵداوە، لە سەر ترۆپکی سامرەندان ڕا قەڵات و لەندی شێخان، بەردی زەنگی و پەلاساوێ و جمیلان دیارن، کۆڕژن و حیلەی ئەسپەشێی لە چیاکان دەنگدەداتەوە. ئەوجارە بازی بەرەو کێلەشینە، ئەو دیوی کێلەشێن مێرگی میری و کانی خوماروویە کە جێ هەوارگەی ئەو ساڵانەی دوایی برادۆستەکانە، لە ڕابردووشدا جێ ڕاوگە و ژوانگەی برایمۆک و خانپەریخانێ ـ دوو دڵدادەی خۆشەویستی کورد کە بەندوباو و باڵۆرەکانیان لە مێژە نوقڵی مەجلیس و چێژی کۆڕی خۆشخوانانن. لەو دیوەش قوچی قەزەنێ و ڕەندۆڵ و سەرچاوەی گادەری خستووەتە ژێر ڕکێفی، بە لێژاییەکاندا بەرەو گوندی لەمێژینەی بێمزورتێ و قەڵای بەرزی سینگانێ دێتە خوارێ. ئەوجارە شۆڕەسوار، بازرگانی کرێشمە و عیشوە و ناز و، بسک و باڵا و خەت و خاڵانە؛ لە شاری شنۆیە میوانە، بەڵام زێنەبی قەڵاتان کە نێو و نێوبانگی جوانی و چەلەنگی کەوتۆتە وڵاتان، بیروهۆشی لێ ساندووە و دڵی شەیدای ڕفاندووە. ناهێڵێ زۆر لە شنۆیە وەمێنێ لە دەشتی سندووسی ڕا دەڕوانێتە کێوی مخاکۆ و فەرەنگێ، بە بناری خەڵیفانێ دا دەگاتە دەراوی ماسوێ و دایماوێ و، پڕ بەدڵی خۆی تەماشای کێوەکانی هومام و بایزبەگی دەکا، دەگەڕێتەوە بۆ کاڵەی شەمامەبەندێ و خوڕی کۆسەکەرێزێ. خزم و قەومی لە دەشتی شاروێرانی بە جێ دێڵێ، لە ئیندرقاشی چەپکێک ڕیحانەی ڕەشی دەم ئاشی دە ڕۆژێکی جەژن و خۆشیدا دەچنێ. دوای ئەوە لە سەر قوللەی خەزایی ڕا تێر دە دیمەنی مەهابادێ ڕادەمێنێ و دەخزێتەوە مەکۆی بیرەوەرییەکانی؛ جارێکی تر لە سابڵاغێ دەرناکەوێ، لە گوڵەزەردان سەر ناکەوێ و، دوای کۆچی لەیلای ناکەوێ؛ خۆی کۆچی ماڵئاوایی دەکا و لە ئارامگەی بوداغ سوڵتان بۆ هەمیشە ئارام دەگرێ...

هەواڵی مەرگی هونەرمەند
لە دڵان هاڵا وێنەی کەمەند
ماملێ بوێژی مەبەست بوو
ماملێ تین و سۆز و هەست بوو
مەلی گوڵزاری خۆشخوانی
بە نەغمە و بەستە و حەیرانی
جاویدانن شوێنەواری
نامرن ئاکام و ئاساری
لە کانی ماهوور و بەیات
بەجام نۆشی ئاوی حەیات
تەرمی پیرۆزی بە شانان
بەرێزتر لە میر و خانان
ڕفاندیان بەرەو گۆڕستان
شینیان بۆ کرد هەزار دەستان[2]

به بڕوای من مامڵێ زۆر لەو شتانەی لە سەری گوتراوە و نووسراوە زیاتری هەڵدەگرێ. ئەو هونەرمەندە بۆ هیچکەس نەناسراو نییە، باوەڕناکرێ هیچ کوردێکی خاوەن ئیحساس خۆشەویستی ئەو هونەرمەندەی لە دڵیدا جێگیر نەبووبێ، وەک دۆستێکی نزیکی مامڵێ گەلێک جاران دە کۆڕە تایبەتییەکاندا هەتا شەو زرینگاوەتەوە بە دەنگە خۆشەکەی خەوی لە چاوان تاراندووم، بە پێویستم زانی ئەوەندەی لە دەستم دێ باسی بکەم و بە قەولی سەعدی شیرازی:

دو چیز طیره عقل است دم فروبستن

بوقت گفتن و گفتن بوقت خاموشی

دە هەلومەرجێکدا کە لە بەشی هەرە زۆری پارچەکانی کوردستاندا کورد و زمانە نەتەوایەتییەکەی بە ڕەسمی نەناسراون، بەداخەوە لە هەر پارچێکدا بە بەشێک لە نەتەوەی وڵاتەکە حیساب دەکرێ و، زمانەکەشی بە لەهجەیەک لە زمانی(ڕەسمی) دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە لە قەڵەم دەدرێ، دەسەڵاتداران بەو پەڕی بێشەرمییەوە لەبەر چاوی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهاندا دەڵێن ئێمە مەسەلەیەکمان بە ناوی مەسەلەی کورد نییە؛ ئەو خاوەن هونەرانەی وەکوو خوالێخۆشبوو محەممەدی مامڵێ کە بە دەنگی خۆشیان توانیویانە بەشێکی زۆری فۆلکلۆر و مۆسیقای ڕەسەنی نەتەوەکەیان بپارێزن شایانی ڕێز و حورمەتن.

هونەرمەند محەممەدی مامڵێ، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی کە هەموویان هونەرمەند و دەنگخۆش بوون، لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی(١٩٢٥ز) لە شاری مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵێناوە، هەر لە منداڵییەوە دوو هۆی بە هێز بەرەو کوردایەتییان هانداوە یەکەمیان باب و باپیری مامڵێ مریدی شێخانی شەمزینی بوون. دوای حکوومەتی دژی کوردیی سەفەوییەکان و کارەساتی سامناکی قەڵای دمدم و کوشتن و گەردن لێدانی هەموو میر و گەورەپیاوانی موکری بە دەستی شاعەبباسی جینایەتکار لە دەشتی بناوێ بە پێی پیلانێکی چەپەڵ و داڕێژراو و هەروەها کۆچی ئیجباری ڕەگەز و تیرە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمی کورد بۆ ناوچەکانی تەورێز، قەزوێن، مازەندران، خوراسان و هەتا بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی بەلووچستانی ئەورۆ (کە ئەلانیش دوای چوار سەد ساڵ لە زۆربەی ئەو ناوچانە زمانی نەتەوایەتی و دابونەریتی خۆیان پاراستووە)، ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی یەکەم جووڵانەوە بووە کە بە داخەوە دیسان پیلانی دوژمنانی کورد لە قەڵاچۆکردن و هەڕەسهێنانی ئەو شۆڕشە، بوو بە هۆی ئیعدام و زیندان و ئەشکەنجە و بێ حورمەتییەکی زۆر بە گەلی کورد و بەتایبەتی بنەماڵەی شێخانی شەمزینی کە خۆی شێخ عوبەیدیللا بۆ هەمیشە لە کوردستان دوورخرایەوە، کە بە هەناسەساردی دوور لە نیشتمانی خۆشەویستی وەفاتی کرد، بە کورتی دەتوانم بڵێم بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی کوردستان لەبەر ئیحساسی نەتەوایەتی بوونە مریدی ئەو بنەماڵەیە.

دووهەمیان کاک محەممەدی مامڵێ هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردی وەکوو پێشمەرگەیەکی خاوەنهەست و بیر و بڕوا بەشداری چالاکانەی هەبووە. هونەرمەند مامڵێ بە تەنیایی زیاتر لە ٦٥٠ گۆرانی و ئاهەنگی ڕەسەنی کوردی دە حەیاتی خۆیدا تۆمار کردووە و بڵاوی کردۆتەوە. مامڵێ بە گوتنەوەی زۆربەی ئەو گۆرانییانە توانیویەتی خزمەتێکی بێ وێنە بە فەرهەنگ و فۆلکلۆر و ئەدەب و موسیقای کوردی بکا، گەلێک لەو ئاهەنگە قەدیمییانە لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگاربکا و، دووبارە دە بیر و مێشکی هونەرپەروەراندا بە جۆرێکی ئەوتۆیان بچەسپێنێ بۆ هەتاهەتایە لە بیرنەچنەوە.

بێجگە لەمانە بۆخۆشی توانیویەتی هێندێک هەوا و مەقام و ئاهەنگان سازبکا و ڕەگەڵ ئەو گۆرانییە ڕەسەنانەیان بخا. هەرکاتێک شێعرێکی بە سۆز و بەتام و چێژی شاعیرێکی کوردی دەبیست هەتا ئەو جێیەی بۆی کرابا ئاهەنگێکی بۆ سازدەکرد. شێعرەکانی وەفایی، بەتایبەت هی هێمن و هەژار و هێدی و گۆران بە تێکڕایی زیاتر هەستی ناسکی ئەو هونەرمەندەیان دەبزواند و کاریان دەکردە سەر، هەربۆیەش زۆر ئاهەنگی لە شێعری ئەو شاعیرانە هەڵدەبژاردن.

سەعیدی مامڵێی باوکی، دەگەڵ براگەورەی جوانە مەرگی حوسێنی مامڵێ یەکەم مامۆستای ئەو هونەرمەندە بوون. زیاتر لە وانەش لە حاجی هاشمی ئانەوا و کاک سلێمانی مارف ئاغای شاوەلە کە هونەرمەند و دەنگخۆشێکی بێوێنەیە و، ئێستا دانیشتووی شاری مەهابادە، یارمەتی وەرگرتووە و گەلێک شتی باشی لێ هەڵگرتوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە زەکاوەت و زەینی تیژ و بیری وردی کاک سلێمانی مارف ئاغا بکرێ کە هەموو ئاهەنگەکانی مامڵێ بە زیادەوە دەزانێ. ئێستاش دوای تەمەنی درێژ و بەساڵاچووی، هەموو بەیتەکانی مەم و زین، خەج و سیامەند، ناسر و مالماڵ، برایمۆک و پەریخان، لەشکری، کاکەمیر و کاکەشێخ، سەیدەوان، لاس و خەزاڵ، شێخ فەرەخ، زەنبیل فرۆش، قەڵای دمدم، کانەبی، برایم و مەحمەڵی دەشتیانێ، هەروەها حەیران و لاوک و گەلۆ و پایزە و بەهارە و زۆر شتی دیکەی بە کۆمەڵ لەبەرن. بێگومان ئەورۆ دە هەموو کوردستانی بەشی ئێران و عێراقدا هیچکەس لەو بابەتانە ئەوەندە شارەزا نییە.

مامڵێ وەکوو هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو، تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. لە ناو میللەتی کورد دەبواری هونەردا کەم کەس ئەوەندە چۆتە پێشێ، وەکوو قوتابییەکی ئاواز و موسیقای کوردی، بەردەوام خەریکی شت فێربوون بوو. هەوڵی نوێخوازی و ناسینی نۆت و دەزگاکانی دەدا، باوەڕی بە عیلم و زانست و بابەتەکانی ئیبداعی بە قووەت بوو. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین بە وێنەیەکی سروشتی لە زۆر جێگایاندا موسیقای فارسی و تورکی کاریان کردۆتە سەر مامڵێ، زۆر جاران ئاهەنگ و هەواکانی وەرگێڕاونەتە سەر ئاهەنگی کوردی و، بە بڕوای من بەو کارەی توانیویەتی موسیقا و ئاوازی کوردی دەوڵەمەندتر بکا.

لە کۆتاییەکانی حکوومەتی پاشایەتیدا، هێندێک لە گۆرانییەکانی مامڵێ لەلایەن ساواک و دەزگا جاسووسییەکان قەدەغەکرابوون، وەکوو گۆرانی نەختەر، لایلایە... دیارە بڕێکیش لە گۆرانییەکان دەگەڵ ئەوەی کە ناوەرۆکی سیاسییان هەبوو، یان لە دەست غەدر و زوڵم و زۆریی، سکاڵا و بێزارییان تێدابوو وەک ڕاوکەری بەدخوو بەرگرییان لێ نەدەکرا، ئەوەش یا لەبەر ئەوەی کەلیماتەکان تا ئەندازەیەکی کەوتبوونە قالبی کینایە و ئیشارە و ئیستیعارەوە کە هەستیان پێنەکرابوو، یان هەر وەپاش گوێ خرابوون.

لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا محەممەدی مامڵێ وەکوو کوردێکی

چالاک و خاوەنهەست و ئیمان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دژی حکوومەت بەشداری دەکرد، بە هەموو توانا و هێزی خۆیەوە چالاکی دەنواند، بەردەوام دەگەڵ ئەندامان و ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات دە پێوەندی دابوو.

مامڵێ دە ژیانی خۆیدا سەرەڕای دەنگی خۆش و زوڵاڵی دەگەڵ حەنجەرەی زێڕینی کە هەستی هەموو کوردێکی دەبزواند، وەک ئینسانێکی خاوەنهەست و کەرامەت، وەک کەسایەتییەکی مەند و قووڵی سیاسی و کوردێکی موخلیس و فیداکاریش ناسرابوو.

مامڵێ بە تاوانی کوردایەتی و هاندانی لاوەکان کە بەو دەنگە خۆشەی و بە شێعری بەرزی ئەو ئەدیبە گەورانە گڕەی ئاگری ئەینداریی خاک و وڵاتی دەخستە سەر جەستەی تینوو و تامەزرۆیان، بۆ ماوەیەکی کەوتە بەر پەلاماری ئەشکەنجە و زیندان و جەزرەبەی مەئموورەکانی ساواکی شا، بەڵام کۆڵی نەدا، نە بە تەتمیع و تەهدید و نە بە وەعدە و وەعید فریوی نەخوارد و تەسلیمیان نەبوو، هەر بۆیە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێ دەندرا.

دوو شاعیری پایە بەرزی کورد مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار دەهێندێک موناسبەتاندا باسی مامڵێیان دە شێعرەکانیاندا کردووە، ئەوان وەک هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێست و خاوێن ڕێزیان بۆ داناوە. بۆ نموونە مامۆستا هەژار دە قەسیدە شێعرە دووڕودرێژەکەیدا بە ناوی (بەرەو موکریان) لە هەوەڵی شەستەکاندا بە خەیاڵ دە مانگەشەودا دێتەوە وڵات و سەر لە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان دەدا، کە دەگاتە باغی میکایلی مەهاباد دەڵێ:

پێم بڵێ باغی میکایل چۆنی
هەر وەکوو پێشوو بە ڕەنگ و بۆنی
بۆت دەڵێ مامڵێ ڕۆژان و شەوان
هەروەها زۆرە لە گۆمت مەلەوان

یان هەر دەو کۆمەڵە شێعرەیدا کە دەگاتە کووچەی جوولەکان دەڵێ:

ئەو کچە جوانە کە مەی دەفرۆشن
نازی چاوانە بە مەی دەفرۆشن
لە هەوار مامڵێ مریەم بێنێ
هێند بە ئارامی کە شیر ئەڕژێنێ
دەنگی خۆش بێتە پەنا ڕەنگی خۆش
شێت و شور بن دەمێ خۆش بیر و هۆش

یا، مامۆستا هێمن ئەو ساڵانەی کە لە بەغدایە دوور لە خاک و نیشتمان و زێد و کەس و خزمان ئاوارە و پەڕیوەی وڵات بووە، بە قەتاری مامڵێ یادی مەهاباد و هاوڵاتی دەکا و دەڵێ:

لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ
لەو دەمەیدا مامڵێ دەڵێ قەتارێ
یادم بکەن یادی منی دوور وڵات
یادی منی ڕێبواری ڕێگەی خەبات
یادی منی بێبەش لە خۆشی و شادی
یادی منی سەودا سەری ئازادی

دیارە لە مەڵبەندی مەهاباد و مەکریان هونەرمەند و گۆرانی بێژ و دەنگخۆشی دیکەش کەم نەبوون، بەڵام بەڵگەی ئەسڵی کە هیچیان نەگەیشتوونە مامڵێ ئەوەیە کە ناوبراو هونەر و دەنگی خۆشی دەگەڵ هەستی پاکی کوردایەتی و کوردپەروەری تێکەڵ کردبوو، یان دەبێ بڵێین دەنگی خۆش و گەوهەری هونەری کردبوو بە هەوێنی خاوێنی کوردایەتی.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هەتا شەڕی ناڕەوا و نابەرابەر و نگریسی ئاخوندی، ماڵی سحەمەدی مامڵێ وەکوو بنکەیەکی حیزبی وابوو. کوردەکانی ئەودیو کە بۆ هاتنی دیوی ئێرانێ هیچ مانیع و بەرگریان نەبوو، بەشی زۆریان بەتایبەتی هونەرمەند و هونەردۆستەکانیان دەچوونە ماڵی مامڵێ و دەمانەوە کە بێجگە لە خۆی، عائیلە و منداڵەکانیشی ڕووخۆش و تێگەیشتوو و خزمەتگوزار و، بە تێکڕایی بنەماڵەیەکی ڕێکوپێک بوون و میوانیان لە ماڵێ دەحەساوە.

دوای شەڕی سێ مانگەی پەنجا و هەشت و پەیامی ٢٦ی ئابانی خومەینی (کە داواکانی گەلی کوردی پێ ڕەوابوو و لەوێدا ددانی بە مەزڵوومییەتی خەڵکی کورد داهێنابوو، کە لەلایەن نوێنەرایەتی خەڵکی کورد سکرتێری حدکا، بە لەبیەیک جوابی درابۆوە)، ماوەیەک وتووێژ و هاتوچۆ لە نێوان نوێنەرایەتی ڕێژیمی ئیسلامی و کوردەکان درێژەی هەبوو، بەداخەوە باڵی شەڕهەڵگیرسێنەری ڕێژیم بەتایبەتی دەڵاڵەکانی ئەسلەحەکڕین لە زلهێزەکان بوونە کۆسپ و بەرگریی بە ئاکام نەگەیشتنی ئەم وتووێژانە. زۆر بە کورتی دوای ماوەیەک ئاشتی و خۆشی و ئازادی، شەڕی نێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و خەڵکی کورد یا بەواتەیەکی دی شەڕی نێوان ئەهریمەن و گەلێکی وەپشت گوێ خراو و غەدرلێکراو هەڵگیرسایەوە و وەزعەکە بە تەواوی شێوا، گەلێک شتی چاوەڕواننەکراو وەک: گرتن، کوشتن، ئیعدام، ئەشکەنجە، کوشتاری بە کۆمەڵ ڕوویاندا، هەر لەو پێوەندییەدا کوڕێکی گەنجی مامڵێ بە نێوی ڕەحیم و ناسراو بە (نەجات) لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا گوللەباران کرا. هەژار گوتەنی: (ئەوە چەرخی بە هەموو ژینی دا).. زۆری نەخایاند تووشی نەخۆشی فەرامۆشی و لەدەستدانی حافیزە و هەموو ڕابردووەکانی هات. ئیتر وای بە سەرهات کەڵکی دەرەوەی نەما، بە نەخۆشی لە ماڵێ مایەوە، هەتا لە ڕۆژی ٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی(١٩٩٩ز) دڵی لە لێدان کەوت و، لایەنگرانی فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی لەلایەک و، دۆستان و خۆشەویستانی دێرینی خۆی و بنەماڵەکەی لەلایەکی ترەوە، تووشی خەم و پەژارە و ماتەمێکی بێ بڕانەوە کرد. سکاڵای غەدر، زوڵمی زۆر، خوێنخۆری، دڵڕەقی و هەستی نامەردانەی دوژمنانی، بەو دەنگە خۆشەی بردە حوزووری خوا.

هەزاران حەیف و مەخابن ئەو دەنگە خۆشەی فێنکایی دەخستە دڵە ئاڵۆزەکان، ئەو حەنجەرانەی فرمێسکی چاوی خەمبارانیان دەکردە زەردەخەنەی سەر لێوان بۆ هەتاهەتایی کەوتە ئەدیوی.

٢٠٠١/٤/٢٤

١) ئەو نووسراوەیە لە ڕۆژی ٣٠ بانەمەڕی ١٣٧٨(١٩٩٩/٥/٢٢) لە شاری کۆیە لە یادی (مامڵێ)ی ئەمردا خوێندراوەتەوە.

٢) بەشێکە لە پارچە هۆنراوەی کاک «ڕەسووڵی کەریمی» شاعیری مەهابادی.

کورتە چیرۆک:

# سەفەر

بیرئانینی تێکۆشەرێک، کە لە هەر وەرزێکی ساڵدا دەبوایە یادێکی لێ بکرابایە، کەچی داخـــەکـــەم لە هیچ لایەکـــەوە قـــەت هیچ یادێکی لێ نەکـــرا.
لەلایەن منەوە، بە ئەوپەڕی ڕێزەوە، یادی تێکۆشەری مەزنی کورد، شەهید رسول دهقان (سەید ڕەسووی بابی گەورە)، هەمیشە بەخێرە.

کوردان کەریم مەحموود

ساڵۆنەکە گەلێک مەزنە. بەڵام بە هەموو هەراوی و گەورەییشییەوە، هەر هێندە قـەرەباڵغ و پڕ لە حـەشـیـمـەتە و، هەر ئەوەندە بە هاتوچۆیە، کـە جـووڵانەوەی تێـدا زەحـمـەتە. لە دوو شـوێنان، لە دوو سـەرەی دوور و درێژدا، حەشیمەتێکی زۆر ڕاوەستاون و چاوەڕوانی هاتنی کاتی نۆرە و چوونی ژووری فـڕۆکـە و هەڵفـڕینی بەرەو هەندەران دەکـەن. لە بەرێکی ترەوە، ئاپۆڕایەکی چل ـ پەنجا کەسی لە پاڵ یەکدا ڕاوەستاون و سێرەی چاوەکـانیـان لە دوو تای دەروازەیەکی مـەزنی ئەلەکـتـریکی گـرتووە. دەروازەکە، بەین بەین، لە ڕاست و چەپەوە و بە هەر دووتاکەکانییەوە لە بەریەک دەکشێنەوە و مسافیرانێکی تازە دابەزیوی لێ دێنەدەر و دیسان لەپاش سەریانەوە ئاوتۆمات دادەخرێنەوە. هەرجارەش، دەگەڵ هاتنەدەری تازە دابەزیوان، قـریوەی شـادی بە نێـو ئاپۆڕاکـە دا دەگـەڕێت و چەند کـەسـێک بە چەپکەگـوڵی سـەر دەسـتـانیـان و بە باوەشی ئاواڵەوە بۆ ئازیزانی تازە دابەزیو دەچن و لێـیـان دەبێـتـە مـاچ و مـووچ و گـریان و پێکەنین ؛ ئەوسا پێکەوە دەڕۆن.

لە بەرێکی ساڵۆنەکەدا کورسی و کەنەپەی ڕووکەش مەخمەریی سووری تۆخ، بازنەیەکی گەورەیان بە دەوری گۆڕەپانێک دا کێشاوە. لە نێوبەندی گۆڕەپانەکەدا کـانیـاو و گـۆمـیلکەیەکی دەسکرد سازکراوە. کـانیـاوەکە تۆزێک بەرزە و گۆمـیلکەکە لە ژێر پێی کانیاوەکە دایە. نەختە ئاوێکی ڕوون لە باوەشی زیخ و خڕە بەردەکـانی کـانیـاوەکـە لووزەوەێکی ناسک دەبەستێ و پاش چەند پێچ و خولی هێدی، خۆ دەخزێنێتە نێو باوەشی گۆمیلکە بچکۆڵانەکەوە. ئاو بەهێزی کارەبا لە ژێرەوەی گۆمیلکەکە دەور و گـەڕی بێ پسـانەوەی خـۆی درێژە پێ دەدات و لە درێژەی ئەم هات و چوونەدا، بەردەوام نەرمە شڵـقەی خۆشدەنگ بۆ حەسانەوەی مێشکی دانیشتووانی دەوری گۆڕەپانەکە جێ دەهێڵێت. تەنکاوی گۆمیلکەکە شینی شین دەچێتەوە. ڕەنگی شینی گۆمیلکەکە و شینکە و گوڵی دەور و بەری و هەروەها نەرمە شڵقەی دارژانی ئا ی کانیاوەکە، سوکنایییەکە بۆ مێشکی دانیشتووانی ماندوو.

لە دەوراندەوری گۆڕەپانەکەدا خەڵکێکی شەکەتی چاوەڕوان، پاڵکەوتوو لە کەنەپەکاندا بەخوێندنەوەی ڕۆژنامە و سەیری بەرنامەی تەلەڤیزیۆن کات دەبەنە سەر. لە سووچی هەرە بەلاوە و تەریک و دوورکەوتەی ئاخر کـەنەپەی لای دیواری سـاڵۆنەکـەدا پیـاوێکی دەسـتـەی داڵگۆشـتی کەموسکێک چەماوەوە، بە تەنیایی دانیشتووە. دوو جانتای کۆن و ئامێرێکی موسیقای لە تەنیشت دایە. جلک و بەرگی بەری و جانتاکانی پەناباڵی و کیفی سێتارەکەی بە تەمەن وەکی یەک کۆن و پەککەوتە و ڕەنگ بزرکـاون. کـابرا خـۆی بە تەمـەن نزیک بە چلە، بەڵام بە دیمەن ژووررووتر و شکاوەوەتر دەنوێنێت. سەر و سیماکەی و قژی ئاماڵ ڕەشی داوداوی، بە ئاشکرا دەست لە مل دەدەن کـە کـابرا ئێـرەیی نیـیـە و ڕۆژهەڵاتییە. بەتایبەت، بەپێچەوانەی هەڵس و کەوتی حەشیمەتی گەش و دڵشاد و دەم بە پێکەنینی ناوساڵۆنەکە، ئەو تانەهوەنە و بە ڕوخساریش شـەکـەت و تووڕە دیارە. باوێشکدانی جـار بەجـاری مـاندوویەتی و خەواڵوویی لێ دەبارێت. لە شەکەتییان شانی داوەتە کەنارەی کەنەپەکە و دەستێکی خستـۆتە ژێر چەناگەی و جووت چاوی بڕیوەتە سـەر شاشـەی دیگیتاڵی بەرنامەی ئاژانسی سەفەر و سەیاحەتەکانی ڕۆژ. ئەو بەڕواڵەت سـەیری هاتووچۆی بەپەلەی بەرنامـەکـان دەکـات، بەڵام وا دیارە بیـرێکی قـووڵ و بێ بنیش هەڵی گرتووە. بەدەم بیر و خەیاڵەوە، جارجاریش دەمی دەبزوێت و لەبەر خۆیەوە نەرمە سرتەیەتی.

ـ هەتا نۆرەی هەڵفـڕینمـان دەگـاتێ، بۆمـان هەیە لە پەنا باڵت دا تاوێک بەلاتەوە دانیشین؟

شۆڕەلاوێکی باڵابەرز و شۆخە کیـژێکی مـەسـتـەچاو بۆ کورتە دەمـێک شریتی دوور و درێژی بیرەکەیان قرتاند. سەرێکی هەڵبڕی و سـەیرێکی بەژن و باڵا و سەر و سیـمـای دوو گەنجەکانی کرد، ئەوسا بەگورجی دوو جانتاکانی و کیفی سێتارەکەی خستە بەر لینگان و گوتی:

ـ بەڵێ فـەرمـوون... جـێگای چواری تریش دەبێـتـەوە... کـەرەم کـەن دانیشن!

جـووتی گەنجەکـان سـپـاسێکیـان لێکرد و شـان بە شانی ئەو دانیـشتن. دانیشتن، بەڵام نائارام و بێ سرەوت و بێقەرار؛ دەستەملانی یەک، ماچ و ڕامووسین، چپە و سرتەی سۆز و خۆشەویستی و گەلێک ڕاز و نیازی بێ سنووری دیکەش. چی و چۆنی دوو هەفـتـە لەمـەوبەر لە سـەمـاگـە و لە کازینۆ و لە دەر و ژوورەکاندا بەسەریان بردبوو، دەگەڵ گەپ و پێکەنین و ڕامووسینان یادیان کردنەوە و بە دەمیان دا هاتنەوە. کەنەپەیەکی کە ئەوان تێیدا دانیشتبوون، ئەهوەنی و سرەوتی پێشووی لێ هەڵگیرا. جیڕە و جوولەی کەنەپەکە و چپەی ئۆخەی و گیان گوتنیان وەک زنجیرە ئەفسانەی دوور و درێژی «هەزار و یەکشەو»ی لێهات و نەبڕایەوە. کەنەپەکە وەک سـەرینێکی لێـهـات کـە هەڵم و هاڵاوی دوو سـەر و دوو خـەو و دوو

زیندەخەونی نامۆی بەسەر دا گوزەر بکات ؛ سەرێکیان سەرگەرمی بناغەدانانی بەزمی کامەرانییەکانی داهاتوو، سەرێکیش پەشۆکاوی خەیاڵی لێ قرتاوی ڕابوردوو. ئەمیان بەناچار کەمێک لاتر کشایەوە و خۆی خزاندە کەنارەی ئاخری کەنەپەکە. ئەوانیش مەیدانی بەزمیان زێتر و گەرم و گوڕتر لەبەر یەک کشاندەوە. ئەوان هەروەک خۆیان بن و کەسی تر، لە دەمی ئەملان و ئەولان کردنیان و لە گەرمەی دەسبازیدا، چەند کەڕەتانیان شان دە شانی ئەو کوتا و هەر جارەیش داوای لێبوردنیان لێی کرد و دیسانیش دەی. چەند کەڕەتان پەنجەی ئارەقکردووی کچە لە هەڕەتی دەسبازیدا لە دەستی کوڕە ترازا و هەر جارەیش کەوتە سەرسنگ و مل و لاشانی ئەو. ئەویش بەم بەزم و گەمەیە و بە وردە ورینگەی مەکە و لاوەی بەردەوامی ئەوانەوە زێتر ورووژا و زمانەی ڕەوتی خەیاڵی هەراوتر و قوڵتر ڕۆیی. بۆن و بەرامەی پەنجەی ئارەق لێ نیشتووی شۆخە کیژەکەش چەشنی نەرمە نمی ژێر بارژنی وردە بارانان، لە جەنسەتی خەیاڵی تینووی ئەو هالاّ و تەڕی کردەوە. بەبێ قەیدی شانێکی بۆ ئەم بەزمە هەڵتەکاند و لە دەم دەلاقەی ئەم پەنجەرەیەوە، بەرەو دوور، بۆ بیست و یەکساڵ پێشتری ڕوانی و گوتی:«منیش بیست و یەکساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەمجار پەنجەی شووش و نەرم و بۆنخۆشی «نووریە»م هاتە ناو دەست... بیست و یەکساڵ!... بەڵێ بیست و یەکساڵ پێشتر. هەڵبەت نەک وەکی ئەم خودا پێداوانە بە ئاشکرا و هەموو ڕۆژێک... نەخێر!... هەر بەس یەک ڕۆژ... ئێوارەیەکی ڕۆژی هەینی... قەت بیرم ناچێت... ئاخر ڕۆژەکانی مانگی ڕێبەندان بوو. چوار مانگ بوو وەک مامۆستایەکی تازە دامەزراوی خوێندنگە، دەگەڵ چل و دوو زارۆی پێخاوس و سەر بە کرێژی گەڕەکی هەژارانی شاری(مەیمەنە)ی خۆمان، لە ژوورێکی نیوە تاریکیان پەستاوتبووین... چوار مانگ... بەڵێ چوارمانگ!... چوارمانگێکی تەمەن کورت و تیژتێپەڕ... نەمزانی چۆن هات و چلۆن چوو. هێستایش هەر ئەو چوار مانگەم بە تەمەن پێ حیسابە و باقی دیکەم پێ هیچە. هەر ئێستایش ئەگەر بمکەنە سەرپشک، پێم خۆش بوو سەرتانسەری تەمەنم هەر لەو چوارمانگەدا پێکوتەم بکردایە؛ نە بەرەو پێش چووبایەم و نە بەرەو دوا گەڕابامەوە. وەک چرایەکی نەوتی، هەر لەو شوێنەی کە نەوتم تێکرا و داگیرسام، هەر لە وێندەرێش هەتا ئاخر دڵۆپی تەڕاییم بسووتابایەم و لاشەی دوای ڕووناکیم تێکەڵ بە دوا ڕۆژی تاریکی ولاّتەکەم بووبایەوە. بەلاّم بە دەست خۆم نەبوو. ئێمە هەر هیچ شتێک بە دەستی خۆمان نییە. گا و گوڵ و زیندەوەری گوندەکانمان گەلێک سەربەست تر و ئازادتر لە خۆمانن. ئەوان هەتا دەژین، هەر لە پێستی خۆیاندا دەژین و بەس دوای سەربڕینیان کەوڵ دەکرێن. ئێمە لەوانیش ژێراترین. هەتا دەمرین، بە دەیان جار کەوڵ دەکرێین و هەر جارەیش کەوڵمان لە حاجەت دەخرێت. هەر من خۆم، باوک بەجوێ، مامۆستاکانی هەر ساڵەی خوێندنگەکانیشم هەر یەک بەجیا، گزیر و چۆماغ بەدەستانی دەسەلاّت و ئایین و ڕێبازیش بە نۆرەی خۆیان، بە دەیان جار کەولّیان کردووم و کرۆستوویانمەوە. ئەوان و باب و باپیرەکانیشمان لە ژێر خێوەتی ئەم ئاسمانەدا دەجار دەجار کەوڵ کراون و کرۆژراون. ئەم بەزمە لە تەمەنی ڕۆژگاری ئێمە هالاّوە و لێمان بۆتە ڕێباز. لە دنیای نووتەکەی ئێمەدا بازاڕی دار بە دار و تۆڵە بە تۆڵە گەلێک گەرمە و هەمیشە گەرمە؛ کەس بەبێ داربەدار و تۆڵە بە تۆڵە ڕۆژ بە شەو ناگەیەنێت. مەزرای تەمەنی ولاّتەکەمان لەمێژە تۆوی تۆڵەی پێدا کراوە، کێ چۆن چاندراوە، ئەویش هەر ئەوتۆ دەچێنێتەوە... نەخێر ئێمە هیچ شتێک بە دەستی خۆمان نییە... من بە دەستی خۆم بوایە، هەتا مردن هەر مامۆستا دەبووم. مامۆستا دەبووم و هیچ نەبا، توخم و تۆوی تۆڵەم لە مەزرای مێشکی خاوێنی منداڵە هەژارەکاندا کز دەکردەوە... ئەگەر بە دەستی خۆم بوایە، دەستی «نوورەیە»م قەت قەت لە دەست نە دەهاتە دەر و...

چەند حیلکەی حەکەدارانە و بە دواییشیدا قاسپەی قاقایەکی کێشدار، سێرەی چاوی دەور و بەرانی بەرەو کەنەپەکەیان ڕاکێشا. ئەویش بەم پێکەنینە تیژ و دەنگدارە ڕاچڵەکی و کەمێکی تریش خۆی کەنار کشاندەوە. بە نیوەنیگایەک چاوێکیشی لێکردن، بەلاّم ئەوان بێ دەربەست بە نیگای ئەم و ئەوان، بە قووڵایی بەهەشتی پڕ لە شتی خودا دا ڕۆچووبوون و ئاگایان لە دەور و بەر نەبوو. دەستی کچە لە ناو پەنجەی کوڕە دا سکڵی ئاگر بوو. سکڵی ئاگر بە هەر شوێنێکدا تێپەڕ دەبوو، گڕی ئارەزووی تیندارتر دەکرد.

ویستی لەلایان هەستێ و جێ بگۆڕێ، بەلاّم شوێنی دانیشتن لە چوار دەوری گۆڕەپانەکەدا بە دەنکیش دەس نەدەکەوت. هەربۆیە و بەناچار لەوێ دانیشت و شوێن پێی بیری ڕابوردووی هەڵگرتەوە. بیر و یادی شاری(مەیمەنە)... فێرگەی پڕی منداڵی ڕەش و ڕووت... مامۆستایەتی... یادی هەتاو، ڕووناکی، هەژاری، نەخۆشی، خۆشەویستی، ژوان و «نووریە»... گوتی سەیرە! زۆر سەیرە!... پەنجەکانی ئەم دەنکە شەنگەش هەر ئەو بۆن و بەرامەیەیان لێ دێت کە پەنجەی شووش و ناسکی «نووریە»کەم لێی دەهات... هیچ جیاوازییەک لە نێوان عەتری لەشی ئەم دەنکەجوانە و بەرامە خۆشبۆنەکەی«نوورەیە»م دا نییە... ئەم بۆنە لە هیچ شتێک نایە و لە هیچ بۆنێک ناچێت، ئیللا لە بەرامەی هەویری گەرمی لەشی لاو و خاوان نەبێ. پێموایە ئەمە بەرامەی عەتری هەوەسە... عەتری هەوەس هەربەس لە لەشی گەرمی دوو ئەڤینداری گڕگرتووی نێو بەهەشتی دڵداری هەڵدەستێت و تەواو!... بۆن و بەرامەی عەتری هەوەس هی سەردەمێکی کورتی ژینەورانی زیندووی سەر ئەم جیهانەیە. بەرامەیەکی تایبەتە و ئارەزوو بزوێنە و هەر لە هەڕەتی جحێلایەتی دا بۆن دەکرێت. خەلاّتێکی خۆڕستە و لە یەکەم شەوی خۆناسینی هەر ژینەوەرێک دا دەخزێنرێتە ناو خوێنەکەیەوە... چ نێر و چ مێ... داخ و مخابن کە یەکجار کورت و کەم دەوامە و هەر دوابەدوای زنەی یەکەمینی، چەخماخەی تێپەڕینیشی لێ دەدرێت. تەمەن هێشتا هەر کاڵ و نارەسیوە کە ئەم خەلاّتە گرانبارە دەسێندرێتەوە. من بەش بەحاڵی خۆم هەر بەس ئێوارەیەک تامی ئەم بۆن و بەرامەیەم چەشت و ئیتر بە خەونیش نەمدیتەوە. ئێوارەی ڕۆژی هەینی بوو. لە دالاّنە دوور و درێژەکەی ماڵی«نووریە»دا عەتری ئەم گولاّوە بە هەناوی پەپوولەی ڕووحم دا پرژا. قەتم بیر ناچێت. مانگی ڕێبەندان و ئێوارەی ڕۆژی هەینی بوو. چەندە خۆشحاڵ و چەندە سەرشاد بووم ئەو هەلە؟ چاوم لە خۆشییان بەری پێمی نەدەدیت. پێم وابوو سەربەسەری سەرزەمینی خودا کەسی تێدا نەماوە، هەر خۆم نەبێ... پێم وابوو دنیا چۆڵ و هۆڵ ماوەتەوە و دالاّنی

مالّی «نووریە»کەم هەموو دنیاکەمە. لە سووچێکی دالآنەکەیاندا، ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار پێی گەیشتم و لە ژێر ڕووبەند و قۆڵبەند و عەبای ئەستوورەوە دەستەکانیم گرت. تەزوویەکی مارپێچ لە گۆشتی دەستی«نووریە»وە ڕێی بە گۆشتی دەستەکانم دا کردەوە و هەتا مۆخی مێشکم هەوراز هەڵکشا. دەتگوت بەرسنگی کۆترێکی سپی و گەرم و شێدار و زیندووم کەوتۆتە ناو دەستەوە. خوێنی هەموو دەمارەکانی لەشمان بە نێو پەنجەکانماندا گوزەری کرد و هاودەم دەگەڵ تێکەڵبوونی گەرمایی خوێنەکانمان، ڕەواقی شیرینی هەنگوین و گەزۆی لاویش لە ئەوکی ڕووحماندا توایەوە. هەناسە توند و پەساپەساکانی ئەو دەمەی«نووریە» ، ئەسپی ئارەزوومی بەرەو چیمەنزاری جاڕەگوڵ بانگێشتن کرد و منیش سەرشێتانە دەمامک و ڕووبەند و سەرپێچەکەییم لادا. کە ڕووبەند و سەرپۆش و دەمامکیم لابرد، مانگ وەدەر کەوت... چاوەکانی وەک گۆمی بێ بنی شین، هەر ئەو دەم منیان تێدا خنکا. لێوە گۆشتنە مەیلەوئاڵەکانی و لووتی خۆش کەشم و گۆنای شەکرە سێوی«نووریە» ، پشتی من و پشتی حەفتا و حەوت میللەتمی لەرزاندەوە. دەورانبەری لێوە گۆشتنەکانی و سەر لووتە خۆش کەشمەکەی وردە دڵۆپی ئارەقەیەکی خۆشبۆنیان لێ کەوتبوو. جەنسەتی ئەندامی «نووریە»کەم هەر ئە ئەم بەرامەیەی لێ دەهات کە ئەوا ئەمرۆ لە هی ئەم دەنکە ناسکەوە دێت. ئەو ڕۆژە من بەم بۆنە گێژ بووم و خۆمم پێ ڕاگیر نەکرا. دەتگوت بەرخۆڵەی گۆچ نەگرتووم... هەر وەک زارۆیەکی سەردەمی دارە دارە، یارای لەسەر پێ مانەوەم لێ برا. سەرم بە سەر سنگی«نووریە»دا لار بۆوە. لەوێوە بڵێسەی گەرمایەکی پیاو تەزێنتر بەرەو ڕووم هات، کە پێموایە ئەگەر ئەو هی من بوایە و بەردەوام ئەو بەرامەیەم بۆ هاتبایە، ئەسکەندەرێک دەبووم و ئاوی ژیانم لە ژێر دەست و فەرماندا دەبوو. هەر ئەودەمە چاوم دە چاوی بڕی و ویستم گرێی ئاڵۆزکاوی ناو هەناومی بۆ بکەمەوە، بەڵام هێزی ئینشام لێبڕا و چیم پێ نەگوترا. سەرچاوەی گوتن و گوتارم بە تەواوی وشکاوی هات. هەربەس لە ڕێی چاوانەوە تێم گەیاند کە خنکاوی گۆمی شینی چاوە مەستەکانیم. ئەویش بە دەم زەردەیەکی سەر لێوانەوە گوتی کە لە گۆڕیشدا هەر هی مامۆستا«مەردان»ە... گیان و ڕووحم بە بیستنی ئەو زەمزەمە ئارەزوو بزوێنە سەت هیندەی تر شێوا. منیش لاواندمەوە و هەر ئەودەم نازی گوڵقەندی لێوەکانیم بە شەرت و وەفا و بەڵێنی هەتا هەتایەم کڕی. بۆی چووم و بۆ لە باوەشگرتنی هەمێزم بۆی کردەوە... بۆی چووم، بەڵام شریخەی هاوارێکی سامناکی«هەتیو نەی کەی!...» ، لە دالآنە دوور و درێژەکەی مالّی »نووریەدا ژێر پێ و بان سەری هەر دووکمانی سمی. شریخەی هاوار بەچەشنی مەکینەیەکی بە گوڕژم و گوشار، هەردووکمانی ڕێک گوشی و بە جووتە دایپڵۆسین. من سەرسام گرتمی. «نووریە»ش لەمن هەراسانتر، هەر وەک مامزی ڕەتێنراو، سڵەی کرد و لە نیوە باوەشم دەرپەڕی...

«... سەرنج!... سەرنج!... سەفەرکەرانی ڕێزداری ڕۆژهەلاتی دوور، تکایە!... بەرنامەی هەڵفڕینی فڕۆکەی ژمارە(898)ی ڕۆژهەلاتی دوور، لە سۆنگەی چەند هۆیەکەوە چەلێ دەوەستێت. ئەم ئاڵ و گۆڕە دەبێتە هۆی دواکەوتنی کاتی هەڵفڕینتان بۆ کاتژمێرێک دواتر، تکایە هەتا کاتژمێرێکی دی چاوەڕوان بن... ئیتر سپاس».

پەیامێک بوو تاڵ و سەیر ناخۆش.. گەلێک لە دانیشتووانی دەوری گۆڕەپانەکە بەم پەیامە داچڵەکین. ڕایەڵی بیرەوەرییەکانی ئەویش بەم پەیامە پسا و هەراسان لە جێ ڕابوو. کچەی ناو هەمێزی گەرمی کوڕەش هەراسانتر لە هەر کەس، هەروەک مامزی ڕەتێنراو، لە باوەشی دڵدارەکەی دەرپەڕی.

ڕاسان و ڕاپسکانی کچە بەچاوی ئەو، یادی هەر ئەو ئێوارەیان لێوە هات، کە «نووریە» بە پەرێشانی و دڵ جێماو، لە باوەشی داخزی و چەشنی ماسی نوقمی گێژاو بوو. ورد سەیرێکی ئەندامی لەبار و ڕوخساری ئارەق لێ نیشتووی کچەی کرد و لە دڵدا گوتی وەیش!... وەیش کە ئەمەش هەر بەچەشنی«نووریە»کەی من ترسا و لە باوەشی خۆشەویستەکەی دەرپەڕی... وەیش و هەزار وەیش بۆ «نووریە»کەی من؟!... «نووریە»کەی من ماسییەکی بێبەختی نێو لیجاوی پڕ لە قەرزەی چۆمەڵی تاریک و پڕ لە ژاری ئەولا بوو. بەڵام ئەمەیان چی؟... ئەمەیان ماسییەکی ئازاد و بەختەوەری ناو ئەم زرێ ئازاد و ڕوون و ئاوەدانەیە...

کچە هەر دوو لەپی دەستەکانی بە سنگی کوڕە داکێشا و بەدەم هاوارێکی پڕ لە نازەوە گوتی:

ـ چییە«مایکڵ» ؟... دیسان چ باسە و من چی دەبیسم؟!... نەکا دیسان ڕۆژهەلاتی سەفەرەکەیان لێ شێواندبێن؟... وەی لە چنگ ئەم ئاژاوەسەر و ئاژاوەبیر و ئاوەژوو ئاکارانە... ئەمانە قەت ڕێی ڕاست ناگرنە بەر و هەمیشە هەر چەوتن و بەدایم خوارن... نگریس و جەهەندەمین!...

کوڕەکەی گورج قسەی لە دەمی ئەستاندەوە و بە توندی پێی گوت:

ـ بەسکە «مایبریت»!... ئارام بگرە حەیات!... واباشە پاک و پیس لێک نەدەیت و هەندە ڕێزێکیش لە دەر و دراسێی خۆت بگریت... وا باشە چەلێ بەر لە هەر شتێک داوای لێبوردن بکەیت و...

ـ داوای لێبوردن لە کێ؟!... بۆچی؟!...

ـ داوای لێبوردن لە ڕۆژهەلات و خەڵکی ڕۆژهەلات... بەتایبەت لە ئە ئەم جیرانەی شان بە شانی خۆمان... کە... کە وا وێدەچێ ئەویش هەر ڕۆژهەلاتی بێت و لە ڕۆژهەلاتەوە پەنای بۆ وڵاتەکەی تۆ هێنابێت... وانییە بەرێز!

ـ بەڵێ ڕۆژهەلاتیم... دەرکراوی بەهەشتی ڕۆژهەلاتم و پەنام بۆ بەهەشتی ئێوە هێناوە. بەڵام دەبوایە خاتوو«مایبریت»یش بزانێت کە نە من تەواو جەهەندەمیم و نە ئێوەیش ڕەسەن بەهەشتین. چەند دە ساڵێکە جیهانەکەمان سەیر شێواوە... شێواندراوە...

ـ بمبوورە!... تۆ خوداکەت بمبوورە!... لە خەفەتان بەری چاوم تاریک بوو... بیر و هۆشم بەلای خۆمەوە نەما و نەمزانی شان بە شانی ئێمە کێ کێ دانیشتووە و قسەی کاڵ و نەپەختەم کێ دەگرێتەوە... داوای لێ بووردنتان لێدەکەم و...

ـ هەر بیریشی لێ مەکەرەوە خاتوو مایبریت... قسەکانی تۆ لە چاو ئەو گشتە نێو و ناتوورەیەی کە هەتا ئێستا بە گوێچکەم ئاشنا بوون، دەکرێ بڵێم خۆشاو و شەربەت و شەکراون... بیست ساڵە لە وڵاتی ئێوە دەژیم و ئەگەر دەفتەری جوێن و سووکایەتییەکانی ئەم ماوەیەم بکەمەوە، بارەگەی سەفەرم هەر ئەوەندە گران دەبێت، کە لەوانەیە فڕۆکەش یارای هەڵگرتنی

نەمێنێت...

- دەی بمان بوورە بەڕێز!...«مایبریت» لەم دەرهەڵبوونە پاشگەزە و داوای لێبوردنت لێ دەکات. ئەمەش بزانە کە «مایبریت»ی من باوەڕی بە جیاوازیی نێوان ئێرەیی و دەرەکی نییە و پێی وایە سەرتانسەی سەر زەوی ماڵ و مڵکی هەموو مرۆڤێکە... «مایبریت» بەبیر و باوەڕ هەر وەک خۆمە... ئێمە دژی پاوانخوازانی مێشک بەتاڵی سەرچەرمنین و بەتوندی دژیان دەجەنگین... سووکایەتی بە هەر کەسێک، سووکایەتی بە مرۆڤایەتی دەزانین و دژی ڕادەوەستین. هەر ئیمساڵیش ئەوا دەبێتە چوارەمین ساڵ کە کولتوری گەرمی ڕۆژهەڵاتی باوەشمان بۆ دەکاتەوە و ئێمەیش بۆی دەچین و تێیدا دەحەسێینەوە. ساڵیش نییە لە سەفەرەکانماندا دەیان دۆست و برادەری ڕۆژهەڵاتی نەبنە هاودەم و هاواڵمان... ببوورە تۆ هی کێهە وڵاتی!؟... وێدەچێت لە کوردستانەوە هاتبیت... کوردی؟!

- نەخێرا!... من «ئەفغان»یم و لە ئەفغانستانەوە هاتووم... بیست ساڵە لێرە، لەوڵاتی ئێوە دا...

- چی؟!... «ئەفغان»؟!... «ئەفغانی»؟!... تۆ لەم دەم و دەستە ئاڵۆزەدا ئێرە جێ دەهێڵیت و دەچیتەوە نێو جەرگەی شەڕی ئەفغانستان؟!... حەز بە دیتنی سووتانی و وێرانی و ماڵوێرانی دەکەیت؟... لەوانەشە شەڕکەر و شەڕوان بیت!... نا... نا... ببوورە!... لەوانەیە گرێدراوی گرووپە خێرومەندەکان بیت و بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان ڕێی وێندەرێت گرتبێتە بەر...

- نەخێر نەتت پێکا... من هیچ لایەکیان نیم. نە قەتم حەز بە ماڵکاولبوونی کردووە و نە دەگەڵ فەناتیک و کۆنەپەرست و چەکمەڕەق و دەرەبەگان ئاوم بە جۆبارێکدا تێپەڕ دەبێت. گرێدراوی هیچ ڕێخراوێکیش نیم و ڕێی سەفەری ئەفغانستانیشم لەبەر نییە. بەڵام ئەفغانیم و پەپوولەی گیانم هەمیشە لە دەوری سەری هەژار و بێ ئەنواکانی وڵاتی تاوەسووتی ئەفغانستانەکەم دەگەڕێت...

- من«مایبریت»م و ئەمەش خۆشەویستەکەم، «مایکڵ»ە... ئێمە جووتێکی هاوبیرین و، باوەڕمان بە یەکسانی و ئازادی ئینسانەکان هەیە... تۆ نابێ لە بڵقی تووڕەبوونی من دەرهەڵبیت... تکایە هەڵتۆز هەڵتۆزی چەند چرکە لەمەوبەرم لە بیر بەرەوە و دەستی دۆستایەتیمان بدەرێ. هەتا کاتی هەڵفڕینیشمان دەگاتێ، گەلێکمان پێ خۆش دەبێت ئەگەر ڕەگەڵمان کەوی و قاوەیەکمان لەگەڵدا بخوێتەوە... ڕەنگە بە دانیشتن و قسەکردن، زێتر یەکتر بناسین... پێت چۆنە؟

- منیش «مەردان»م ناوە. لە دایکبووی شاری «مەیمەنە»ی ئەفغانستانم... بیست ساڵە لێرەم و شازدەساڵە مافی هاووڵاتێتیی وڵاتەکەی ئێوەم پێدراوە، بەڵام ئەوە یەکەم نۆبەرەی دەستی دۆستایەتییە کە لە ئێوەوە بۆم درێژ دەکرێت... دەگەڵ سپاسێکی زۆر، بەڵێ بەدڵ پێم خۆشە لە گەڵتاندا دانیشم، بفەرموون.

ئەوان بە گالسکەی ئاخنراو لە بار و بارگنەی سەفەرەکەیانەوە ڕێی چایخانەیەکی نێو ساڵۆنەکەیان گرتەبەر. ئەویش دوو کۆنەجانتاکانی بە کۆڵ دادا و کیفی سێتارەکەیشی خستە ژێر باڵ و شان بەشانیان ڕۆیی.

لە دەوری مێزێکی بچکۆڵانە دانیشتن. «مایبریت» خێرا سێ قاوە و سێ کولیچەی سەر بە مرەبای هێنا و ڕوو بە «مەردان» دانیشت و پرسی:

- بمبوورە ئەگەر خۆماڵییانە دێمە نێو پرسیار و لە کار و پیشەت دەکۆڵمەوە... من حەز دەکەم بزانم ئەم ئامێرەی کە باری سەفەرتە، چییە؟... من پێموایە دەنگبێژ و هەواداهێنەری، بۆیەش ئەم پرسیارەم تێگرتووی... ئەمەش بزانە کە پڕ بەدڵ حەز بە مۆسیقای ڕۆژهەڵات دەکەم ... ساز و مۆسیقای ڕۆژهەڵات کاریان کردۆتە سەر هەستم و پێیان دەحەسێمەوە...

- ڕاستە! ڕۆژهەڵات ڕاژێنەری یەکەم بێشکەی مرۆڤایەتییە، ساز و ئاوازەکەشی کۆن و بەسۆزە و گەلێکیش دەوڵەمەندە. بەڵام من دەنگبێژ و هەوا داهێنەر نیم، هەربەس بەکاتی تەنیایی، ئەویش جارجارە، سێتارەکەم جرینگەیەکی لێ دێت و خۆیشم نەرمە ورینگەیەک... بارگەی سەفەرم هەر ئەم سێتارەیە و کەمێک کەل و پەلی نیگارکێشانەوەیە و چی تر.

- چ باش!... کەوایە هاوسەفەرەکەمان هەم هونەروەرێکی خۆشدەنگ و پەنجەشیرینە و هەمیش نیگارکێشێکی دەست و پەل نەخشینیشە... دەبێ نیگارخانەی تابلۆکێشانەکەیشت هەر لەم شارە دا بێت!... دەبێ لە کوێ و لە چ شەقامێکدا بێت؟...

- هیچ نیگارخانەیەکم نییە. بۆ دەرهێنانی نانی ڕۆژانە و پارەی کرێی چواردیوارەکەم، ڕۆژانە لە مەیدانی مەزنی شارەکەتاندا دوو چوارپایە دادەنێم، یەکێیان بۆ خۆم و ئەویتریشیان بۆ موشتەری... ئەوان دادەنیشن و من خەریکی کێشانەوەیان دەبم، بە مەرجێک تەڕی و تووشی و سەرما و کڕێوەم لێ نەبنە ڕێگر...

- ببوورە!... ئەدی چۆنە لەم سەفەرەدا ژن و منداڵەکانت لە گەڵتا نین؟... لەوانەیە سەفەری تەنیاییت پێ خۆشتر بێ... وایە؟!

- نەخێرا!... من سەڵتەم... تەنیا باڵێکم کەس بە دەستەم نەبێت...

- وەیش کە ناخۆشە!... تەنیایی لە وڵاتی ئێمەدا وەیشوومەیەکی سامناکە و کێو لەبنە دێنێت، بەتایبەت لە وڵاتەکەی ئێمەدا... دەی بۆچ ژن ناخوازیت؟! ژن زۆرە... لێرە، لە وڵاتەکەی خۆت!

- ئەودەم کە لاوێکی نۆزدە ساڵان بووم، کچێکم خۆش دەویست. ئەڵبەت هێستایش هەر خۆشم دەوێت و لە دڵمدایە و هەر لەبەر چاومە... بەڵام...

- دەی!... بەڵامی چی؟... ئەو دڵی دەگەڵت نەبوو؟... کوڕێکی دیکەی دۆزییەوە و دەگەڵی ڕۆیشت؟... مرد؟!...

- نەخێر، هیچکامیان نا!... بەس ئێوارەیەک بە کەڵێن یەکترمان دیت... باوکی لە دوورەوە چاوی پێمان کەوت و فتوای کوشتنم بۆ دەرچوو...

- چی ی ی ی؟!... فتوای مردن؟... ئەگەر یەکتر بینینەکەتان لە ئێوارەدا نەبوایە، فتوایەکی ترت بۆ دەردەچوو؟ دەی تۆ چیت کرد؟

- نەخێرا!... کات و دەمی یەکتر دیتنی کوڕ و کچ، فتوای مردن دیاری ناکات. یەکتر بینینی کوڕ و کچ لە هەر دەم وکاتێکدا بێ، ئایین دەڵێ حەرامە و نابێ بکرێت... نێر و مێ هەتا شەوی پێک بڕانیان بۆیان نییە یەکتر ببینن... کە فتوای مردنم بۆ دەرچوو، منیش کە فتوای مردنم بۆ دەرچوو، بۆی دەرچووم و ئێستا لە لای ئێوە دانیشتووم... بیست ساڵە دوور لە وەتەنم...

- لەوەتەی ئەفغانی هەن، قانوونەکەتان هەر بەمجۆرە بووە؟

- نەخێر... جاران، واتە ئەو سەردەمەی کە هێشتا نەکەوتبووینە ژێر چەکمەی سوور و پاشانیش ڕانەدرابووینە نێو پشتێندی کەسک، باشتر بووین. کە کراینە داشی دامە و کایەیان پێکردین، ئیتر دۆ و دۆشاومان لێکدرا و هەزار و یەک کۆنکە پرێسکەی دەوری مردوویان لێ زیندوو کردینەوە... کۆنەپەرستیمان لێ کرایە ڕێبازی پیرۆز و، شەڕ و یەکتر گوشتنیش بوو بە کۆلتورمان.

- ئەی لەم ماوەیەدا چۆنە بۆتان نەکراوە چاوێک بکەنەوە و سەیرێکی گەشەی خەڵکانی ئەم جیهان بکەن و خۆتان لە بەندی شەوەزەنگ ڕزگار بکەن؟!

- چاوی خەڵکانی ڕۆژهەلات بە دووکەڵی تیژی شەڕی ساردی خاوەن هێزەکان تیژ بووە و چەلێ باش هەڵنایە و جوان نابینێت...

- بۆ خۆت بەخێر بێیتەوە مەردان!... شەڕی ساردی زلهێزەکان دەگەڵ داڕووخانی دیواری بەرلین، گۆڕ کرا و مرد... لایەنی دووەمی شەڕی ساردیش بە جۆرێک لە بەر یەک بلاو بووە، کە هەر بەس ناوەکەی لە دیزەڵەی مێژوو دا ماوەتەوە و بەس... ڕەنگە تۆ لێی بێخەبەر مابیتەوە مەردان !...

- نەخێر لێی بێخەبەر نیم... بەلام هەتا پشتێندی سەوز بە دەوری دیواری سوور دا نەکێشرا، دیواری بەرلین و دیواری سوور دانەڕووخان... کە ئەوان ڕووخان، بەسەر ئێمەدا ڕووخان. دووکەڵی ئەو سەردەمە چاوەکانی ئێمەی ترساندووە و باش هەڵنایە. هەنووکەش تیتۆڵەکانی پشتێندی سەوز لە ملمان هالاون و ڕێی پشووی لێگرتووین.

- چ بێژم مەردان... من و «مایکل»یش پێمان وایە جیهانەکەمان سەیر شێواوە و پێویستە بۆ ئەهوەن کردنەوەکەی، نەزمێکی نوێی بۆ دابڕێژرێتەوە. ڕەنگە ڕای تۆیش هەر ئەمە بێت... وانییە؟...

- ئەگەر ڕۆژئاوا خەڵکانی ڕۆژهەلات چیدی نەکاتە داشی دامە، بە باوەڕی من بناغەی باشترین نەزمی جیهانی دادەڕێژرێت.

- ئەدی دەگەڵ دنیایەکی بێ سنوور چلۆنی مەردان؟... ڕەنگە ئەمەت بەدڵ بێت!...

- ئەگەر هەموو جیهان بکرێتە گوندێک و نیشتەجێیانی گوندەکە وەکی یەک بژین، ئەوپەڕی ئاواتمە... بەلام بەو مەرجە دەسەلاتێکی تاقانە لێمان نەبێتە ئاغای گوند. ئاغاگوندی تاقانە لەمێژە تاقیکراوەتەوە! ئەو لە دێ دا دڵخوازانە دەژی، بەکەیفی خۆی دەیبڕیت و بە ئارەزووی خۆی دەی دوریت و هەر خۆی دەبەری دەکات... ئەوەدەم بەشداری تریش هەن و داوای بەشە گۆشت دەکەن... داوای بەشە گۆشت کردنیش هەر وا سانا و بە هاسانی تەواو نابێت، شەڕ و هەرای لێ ساز دەبێت... شەڕ و کێشەی ئەمجۆرە بەزمانەش هەمیشە زیانی خەڵکانی هەژاری لای ئێمەی تێدا بەستە بووە...

- ببوورە!... تێ نەگەیشتم... مەبەست؟... واتە تۆ پێت وایە نەزمی نوێی جیهانی گرێی ناکۆکی لێ ساز دەبێت؟...

- گرێی ناکۆکی؟!... بۆ خۆت بەخێر بێیتەوە «مایبریت»!... سێ بەشی خەڵکانی جیهان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و هەموو خەڵکانی ڕۆژهەلات لە ژێر ڕەهێڵەی ئاگر و ئاسندا تێدا دەچن، تۆ پێت وایە کۆکن؟... ئەگەر ئەمە کۆکییە، دەی تۆ و خوداکەت ئەدی ناکۆکی دەبێ چی بێت!...

- بۆچوونەکانت هەڵەن مەردان!... نەزمی نوێی جیهانی بۆ یەکسان کردنی ترپەی دڵی مرۆڤایەتییە... بۆ سڕینەوەی فرمێسکی هەژاری و ...

- من نەزمی ئیوها ناخوازم مایبریت!... ڕاوکەری فیڵەزان بە دەسکرد ڕۆژمان لێ بکاتە شەو و لە تاریکیدا دەست بە چراوە بێتە شەوارەکردنمان، بەمە دەبێژی یەکسانکردنی ترپەی دڵی مرۆڤ!؟... نەخێر مایبریت، ئەمە بۆ ڕاوکردنمان و بۆ ڕامکردنمانە... من ئەم نەزمە بە پووشێک ناکرم... من دەگەڵت نیم و دەگەڵت نابم... قەت قەت!

- کوا؟!... کەی و کەنگێ خەڵک ڕاوکراون مەدان؟!... نەکا ڕاوکردنی ڕەشەگوژان و خاشەبڕکردنی پارازیتە دزێوەکان تووڕەیان کردبی؟ ئەگەر بەمە تووڕەیت، هەر تووڕە بە!... من پێم وایە ئەمە خێر و خۆشی تێدایە. من پێموایە فەناتیک و کۆنەپەرستەکان دووچاوی سەریان بە حەسانەوەی مرۆڤ هەڵنایە... بەلێ مەردان ئەوان تێکدەر و ئاژاوەچین... تێگەیشتی مەردان؟... ترساندن و تۆقاندن و کاولکاری کردەوە و ئاکاریانە...

- بەلێ !... بەلێ !... ئەوانەی تۆ ئاماژەت پێکردن، دەسکەللان... دەسکەلای ئەم بابەتەن... هەتا دوێنێ لە پشتێندی سەوز ئاخنرا بوون و ئەرکێکی تایبەتیان بەڕێوە دەبرد. ئەمرۆکە لە لایەکی ترەوە ئەرکێکی دیکەیان لە بەر پێ داندراوە و خەریکن بەڕێوەی دەبەن... ئەمەش بزانە کە دەسکەللاکانیش لەمێژە هیوای دەسکەوتنی دەسەلاتیان لە کەللە دایە و لە بەختی بەدی ئێمە خۆی بۆ دەکوتن...

- کەوایە ئێوە مۆرەی دەستی تۆڵەن ئێوە!... ئێوە دەسکەللای تێکدانی ئەهوەنین؟!...

- تۆ بۆت نییە لە دەلاقەی چاوی خۆتەوە و بەم شێوەیە سەیری کۆمەڵگاکانی ئێمە بکەیت. ئێمە قەت تێکدەرانی ئەهوەنی نەبووین و نابین. تێکدەرانی ئەهوەنی ئەو خەرتەلە چاوچنۆکانەن کە بە هیچ مڕ نابن... شێر و پڵینگانێکن، کە بۆ پچڕین و دابەشکردنی بەشە گۆشت بەزەیان لە دڵدا نییە و هەمیشە خۆ بە خۆیش پێکەوە قڕە و هەرایانە...

- بۆچوونەکانت سەربەسەر هەڵەن مەردان!... تۆ ڕەشبینێکی بەرچاوتەنگی!... من دژی هەموو بۆچوونەکانتم و بەرپەرچیان دەدەمەوە... سووتاندن و کاولکردن ئیشی کۆمەڵگای شارستانییەتی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە نییە. بە پێچەوانە، تێکدان و شێواندن و کاولکاری ئیشی کۆنەپەرستانە... جێ پەنجەی ئەوانی تێدا دیارە... تۆ هەڵەی مەردان... جیهانی پێشکەوتوو شەڕیان پێکەوە نییە... تۆ لەم بار و بابەتەوە تەواو هەڵەی... تێگەیشتی مەردان؟... تۆ هەڵەی !...

- ئەدی شەڕی یەک و دووی جیهانی دەستی کێی تێدا بەستە بوو مایبریت؟!... بۆچ پێم نالێی دوو شەڕی مەزنی جیهانی لەسەرچی و بۆچی ساز بوو؟ ئەگەر لێکدانەوەیەکت هەبێ، دەبێ تێ بگەیت کە شەڕی سێیەمیش برای دوو شەڕی پێشینە و ...

- ئێ ئێ !... ناکا بڵێی ئەمڕۆ نا سبەیەکی شەڕی سێی جیهانیشمان لە بەرە و دەبێ بۆی بمرین؟... وەی خودا نەکا ئەمە ڕوو بدات...من ناخوازم ئەم گشتە خۆشی و حەسانەمان لە کیس بچێت و بە ڕۆژی ڕەش دا بکەوین...

- نەخێر مەترسە خاتوو مایبریت!... ئەوەیکە چەندێک لەمەوبەر ڕووی

دا، هەر ئەوەیە کە لێی دەترسێیت... هات و بڕایەوە... مەترسە!... هەر ئەمەیە و لەمە زیاتر نابێ. شەڕی سێی ئەم سەردەمە لەمە زێتر هەڵناگرێت... هەر تەنێ و تەنیا بیرخەرەوەیەکی توند و تیژی کوتوپڕ... سیگنالێکی کورت و تووڕەیە، ئەویش بەس بۆ بە ئاگا هێنانەوە... ئاغاگوندێک بەتەنێ هەمووی پێ قووت ناچێت...

ـ بەسکە مایبریت! ئەمجارە نۆرەی منە و من دەبێ وەرامی مەردان ڕۆژهەلاتی بدەمەوە. من پێموایە مەردان گەلێک توندی دەئاژوێنێت و ئەگەر بەردەاوم بەم هەوایە بڕوات، لێم یەقینە سەفەرێکی ئاخرخێر ناباتە سەر... من وەک تازە ئاسیاوێک بەس داوای لێدەکلەم چیتر ئەم گرێمانە ڕەشبینانە لێرە و لەوێ بڵاو نەکاتەوە و ...

ـ کە قسەت لە دەمدا دەبڕم ببووره مایکل! منیش پێموایە ئیتر داستانی مرۆڤی ڕۆژهەلات چیدی ئاماژەی ڕاز و ڕەمز و هێما هەڵناگرێت و دەبێ بە ئاشکرا بۆی لە بنی کۆلەکە بدەیت و هەرچی لە دیزە دایە، بە ئەسکوێ دەری هێنی. من پێموایە فدراسیۆنێکی مەزنی خەڵکانی ڕۆژهەلات دەتوانێ کابووسی دەسەلاتە نگریسەکانی بان سەرمان تێکەوە پێچێت و ڕاوڕاوێنی ڕۆژئاواشمان لەسەر کەم بکاتەوە.

ـ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لەمێژە گرێدراوی یەکن... دەکرێ بڵێم یەک ماڵن و برای بڕبڕەی پشتی یەکی و بەبێ یەکتر ناژین... خەونی ئاڵۆزی ناو مێشکی کەللەت قەت نایەتە دی مەردان... ئەرخەیان بە مەردان !

ـ بەڵێ!... بەڵێ!... منیش دەڵێم براین و بەبێ یەکتر ناژین... ڕاستە!... ئێمەیش ناخوازین بە بێ یەکتر بژین... بەلام بەو مەرجە شەڕی تالان و دابەشکردنەکانتان بەرەو ڕۆژهەلات پەلکێش نەکەن!... لێمان گەڕێن ئێمەیش وەک ...

ـ بەسکە برا!... بەسکە!... من و «مایبریت»یش پێمان وایە ئەگەر خەیالاتی ئاڵۆزی جەنابت بکەوێتە سەر لاپەڕە و لە چاپ بدرێت، لەوانەیە کتێبێکی پەرێشانی لێ ساز ببێت. کتێبەکەش ئەگەر لە بازاڕ دا بتوێتەوە، هیچ نەبێ دوولینگە و چاکەتێک و دوو جانتای تازەت پێ دەبڕێت... بۆ ئەم سەفەرە نا، بەڵکە بۆ سەفەرێکی تر، لەوانەیە بکرێ کەمێک پۆشتەتر پێیان بچیتە سەفەر... بە مەرجێک هەر لەم سەفەرە دا سەرت تێدا نەچێت... لای تۆمان خۆش «مەردان» ڕۆژهەلاتی!...

ئەوان خێرا گالسکەی بار و بارگەی سەفەریان ڕادا و بە ترشی و ڕوو گرژی لەلای ئەو ڕۆیشتن. زۆری نەخایاند، هەر ڕاست لە کاتژمێر هەشتی ئێوار دا، گەیتی نمرە(٦١) سەفەرکەرانی ڕۆژهەلاتی دووری بەخێرهێنا و، بیست خولەک دواتر، فڕۆکەی ژمارە(898)، باندی پێنجەمی گۆڕەپانی مەزنی فڕۆکەخانەی بڕی و بەرەو ئاسمان فڕی.

ئێوارە تێپەڕی و شەو بەسەر داهات. ساڵۆنە پڕ لە حەشیمەتەکەش کەم کەمە چۆڵ و چۆلتر بوو. لە ژووری لێکۆڵینەوە و سەرخوێندنەوەی پشتەوەی فڕۆکەخانە، پیاوێکی دەستەی دالگۆشتی کەموسکێک چەماوەوە، بە تەنیا و چاوەڕوان دانیشتووە. ئامێرێکی موسیقای لە بەر یەک هەڵوەشاوە و هەندێک کەلوپەلی نیگارکێشانەوە و دوو جانتای بەتالی لە تەنیشت داندراوە.

زستانی ٢٠٠١




## ناساندنی گۆڤاری مەهاباد

ساڵێکە لە شاری مەهاباد، گۆڤارێکی مانگانە هەر بە ناوی (مەهاباد) دەردەچێ کە هەتا ئێستا ١٢ژمارەی لە کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

شایانی باسە دەوڵەمەندی و بەپێزیی ناوەرۆکی ئەو گۆڤارە ساوایە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ هێز و توانا و شارەزایی دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەران و سەرجەم کارگێرانی.

بێجگە لە زەرافەت و دیقەت و وردەکاری دە هەڵبژاردنی مەبەستەکاندا کە بەشێکیان بە گیر و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەوارییەوە گرێ دراون تا ڕادەیەکی بەرچاو سەربەخۆیی و بێلایەنی تێدا بەدی دەکرێ.

وا دیارە کۆمەڵێک لە ئەدیبانی زانا و ڕووناکبیر و پێگەیشتوو بە شێعر و پەخشان و بەرهەمی نوێ، بە گەشی و، بە پاراوی و بە وشەی جوان و ڕەسەن، بۆ بەرگری لە ژاکاوی بوونە هۆی ڕازاندنەوە و گەشاندنەوەی هەراوی ئەو باخچە ساوایە، کورد گوتەنی: «نە چاو تێر دەبێ، نە دڵ دەڵێ بەس» ، بەتایبەت سەروتارەکانی جێگەی سەرنجن.

خاوەنی ئەو قەڵەمە هەرکەسە، دەستی نەرزێ و لەش بەبار و بیمار نەبێ. بە ڕاشکاوی وەباڵی بۆ دەکێشم شیری حەلاڵتر لە مازوو و شیرنتر لە گەزۆی خواردووە.

وێڕای داوای سەرکەوتنی ئەو ئازیزانە و بەردەوام بوونیان لە سەر ئەنجامی ئەو ئەرکە پیرۆزە کۆمەلایەتییە فەرهەنگییە هیواداریین لە ولاتەکەمان نموونەی وامان زیاتر بێ.

نرخی ئابوونەی ساڵانەی ئەو گۆڤارە (١٢ ژمارە)بۆ دانیشتووانی دوورە ولات ٣٠ دۆلاری ئەمریکی یە. بۆ بەشداربوون و ئاگاداریی زیاتر، هاوولاتیان دەتوانن لە ڕێگەی گۆڤاری (گزینگ)ەوە پێوەندی بگرن.

**س. عەبباسی**

**ناوونیشانی گۆڤاری (مەهاباد):**

ایران ـ مهاباد، خیابان سید نهام، ظبقه دوم، شرکت ماد کامپیوتر، صندوق پستی ٤٣٦، تلفاکس: ٢١٤٣٥

E-mail: govar_ mahabad@yahoo.com

# ساڵی تازەیە نەورۆزە...

سیامەند شێخ ئاغایی

پێش هەموو شتێک دەمەوێ باسی هۆڵی ئۆپێرایەکتان بۆ بکەم، کە شوێنی پێکهاتنی جێژنی ئەم نەورۆزەمان بووە. کاتێک دەڵێم ئۆپێرا، واتایەکی تایبەتیی لە دەرووندا خەوتووە. بۆ جوانی بێ هاوتا، تاکوو پیاو بەچاوی خۆی ئەم شوێنە جوانە نە بینێ، نازانی چ وەستایەتییەکی تێدا بەکار هاتووە! ئەم کۆشکی ئۆپێرایەی کە مەبەستمە، بە وێنەی بووکێک لە نێوەراستی یەکێک لە شارەکانی ئورووپایە، بە گومبەزێکی بەرزەوە لە دەم زرپایەک خۆ دەنوێنێ. من زۆر بە ئاواتەوە بووم رۆژێک لە رۆژان بچمە ئەم شوێنە. وەک ئەو ژن و پیاوە دڵتەڕ و شیک پۆشانە کە لای ئێواران دەست لە نێو دەستی یەکدا، بەلار و لەنجە دەچوون و دەنێو ئۆپێرایەکەدا پێکەوە دانس یان بەقەولی لای خۆمان سەمایان دەکرد.

سەری ساڵ نزیکە و نەورۆز مـوژدەی بەهاری پێیە. کوردان هەوای هەڵپەرکێیان کەوتۆتە سەر. ئافیش بە دیوارانەوە دراون: "شەوی شەمە لەکاتی (...) جێژنی نەورۆز لە شوێنی ئۆپێرای شار دەگیرێ، بەشدار بوونتان جێژنەکەمان پیرۆز و گەرمتر دەکا."

بەڵێ، بە دیتنی ئەم ئاگادارییە، هەر ئەوەندە خۆشحاڵ بووم، هەردەتگوت رۆنی سەگیان لە قالبی داوم! لە رۆژی خۆیدا سەر لە ئەنگورێ زووتر لە وادە خۆم گەیاندە جێ. هەرچی چاوم گێرا لە من زیاتر کەس نەهاتبوو. چووم روو بە ئۆپێرا کە، لە سەر بەردێکی تاشراو دانیشتم. پاش ماوەیەک بە مێشکم داهات نەکا بەهەڵە ئافیشەکانم خوێندبێتەوە، هەستام خێرا خۆم گەیاندە بەردەرگای ئۆپێراکە. نووسراوەیەکم خوێندەوە: "جێژنە، جێژنی نەورۆزە، لە ئۆپێرای شار، لێتان دەکەین جێژنە پیرۆزە...!" نەخێر بۆ شوێنەکە بەهەڵە نەهاتبووم. تازە بەوەدەرکەوتنی سەر و پۆتراکی سێ چوار کەس کە لە دەنگی بەرز و قاقا کێشانیانەوە دەردەکەوت لە کارگێرانی جێژنەکەن، ئیدی بەردی خاترجەمیم کەوتە بن سەر. لە دڵی خۆم دا گوتم: "ئەگەر کوردان گوتیان کاتی فلان ... یانی یەک دوو سەعات دواتر! ئێستاش پەلەی ناوێ، هەتا عالەمەکە کۆ دەبنەوە، باشترە بچم لە قەراغ هوو زرپایە سوورێک بخۆم و ئەگەر کراش چاوێکیش بگێرم." پاش ماوەیەک خۆ خافڵاندن کە گەرامەوە دیتم: ئەی بابە! ئەو هەموو کوردە وا بەتێکرا لە کوێ سەریان وەدەرنا ؟! باوەرکەن دەتگوت کوردستان قەت تاکە کوردێکی تێدا نەماوە و گشتی رووی کردۆتە ئێرەکانە!

بە شێک لە عالەمەکە چووبوونە ژوور. ئاپۆرایەکی دوور و درێژیش وەک کاروانچی حەبابیلە بەزرینگە زرینگ و خرینگە خرینگ بەرێوە بوون. لەبەر دەرکی ئۆپێراکەش جەماعەتێکی زۆر، بە هەڵاو گرمە و شەقە شەق بۆ کرینی بلێت لە سەرەدا راوەستابوون. منیش چووم سووکێک لە سەرەدا تێکەڵاوی عالەمەکە بووم. ماوەیەک پێچوو دیتم سەرە لە جێی خۆی نابزوێ. کە روانیمە کاتژمێرەکەم دیتم: کات زۆر لە وادەی دەست پێکردنەکە لای داوە. لە پڕ کەوتمە دڵەراوکێ، پێم وابوو بەرنامە دەستی پێکردووە و من وەدرەنگی کەوتووم. دەی چ بکەم و چ نەکەم!؟ بۆ چوونە ژوور کەوتمە فێڵ و تەڵەکە، بە شانان و بەخشکە وردە وردە خۆم کێشایە پێش. هاتبوو لە پیاوێک لادەم و خۆ بدەمە پێش ژنێک. لە نەکاو ژنەکە بە بۆڵە بۆڵ لێم وەرسوڕاوە، پریسکەیەک بە دەستەوە، گرم بە هەردی دادا. بە تەقەی ڕا زانیم قابڵەمەیە و خواردەمەنی تێدایە. چاوی لە چاوم بڕی و بە دەنگی بەرزو پڕ لە تووڕەیی هەڵیدایە:

ـ برا نەڵێی ئەم ژنە نەفام بوو نەیزانی! چاوم لێبوو، تاوێک پێش لە هۆو پشتەوە راوەستابووی و هۆگانێک لە من دوور بووی. ئێستاش نەشەرم و نەحەیا دەتهەوێ خۆ وەپێش منیش بدەی؟!

دیتم نا ئەگەر زۆری لە سەر برۆم کەڵە ژن بە سەرە قابڵەمە کەلەی سەرم دەکاتە کفتە، ئیدی زوو زیرەکیم کرد و بە لەسەرەخۆیی گوتم :

ـ خۆشکێ نارەحەت مەبە! بە شەرمەزارییەوە دەبێ بڵێم: من یەکێک لە بەرێوەبەرانی کۆری ئەم نەورۆزەم. بۆ کارێکی تایبەتی چوومە نێوشار لە گەرانەوەدا دیتم دەرگای پشتەوەم لێ داخراوە و ئێستاش بە داخەوە بۆ چوونە ژوور وەدرەنگی کەوتووم! سابۆیە! دەنا دادەگیان من رێمناکەوێ داب و نەریت تێکدەم و نۆبەبڕی لەکەس بکەم!

ژنەکە باوەری کرد، زوو شێوەی قسەکەی گۆری و گوتی:

ـ جا براله، ئەگەر وایە بۆ راوەستاوی؟ دە خێرا بچووە ژوور! با جێژنەکەمان وەدوا نەکەوێ. جگەلەوەش! زۆر کەلایانە لە ئەوانی پێش خۆشی ڕاخوڕی:

ـ دا، هۆی بەسێ! رێگا بدە بەم برایە با بچێتە پێش! بەرێوەبەرە و دەرگای پشتەوەی لێ داخراوە!

خوا هەڵناگرێ یەک بە دوای یەکدا رێگایان دام، منیش بە پەلە خۆم گەیاند بەر دەمی بلیتفرۆش. بۆ ئەوەی وەدرۆ نەکەومەوە کە کارگێر نیم. بێ ئەوەی چاوم بەلای کابرای بلیتفرۆشەوە بێ، لووت لە حەوا خێرا پارەی بلیتم داناو خۆم دەساڵۆنی ئۆپێرایەکە هاویشت. جا ساڵۆن چ ساڵۆن؟ حەک ئافرەم بۆ ئەو مهندیس و مێعمارانەی کە ئاوا وەستایانە بناغەی ئەم بنایەیان دارشتووە! سەد ئافرەم!

نێو ساڵۆنەکە درێژ و فرەوان بوو. چەند کۆڵەکەی مەرمەڕ میچەکەیان راگرتبوو. بەدەیان چرای لۆستێری گرانبەها لە میچەوە وەک هێشووی ترێ شۆڕ ببوونەوە. بەدیوارەکانەوە پڕ بایەخترین تابلۆ هەڵاوەسرابوون. لە ژێر پێیانیش مەپرسە! هەر هەمووی بەردی مەڕمەڕی تێگیرابوو، بەدرێژاییش مافوورەی دەسکردیان لەسەر ڕاخرابوو. لە نێو ساڵۆنەکەدا بە دەیان منداڵ

بە هەرا و زیقـە زیقـەوە بە دار و دیواری هەڵدەپروسکان و خـەریکی هەڵوای بەشـەقـێن بوون. شکم نەبوو لەو کـاتەدا ئەگـەر منداڵان پاچ و پێـمـەڕەیان لە بەر دەست بایە، هەر بناغـەیان لەبنەڕەتەوە دەردەهێنا! لەلایەکی دیکەوە پۆل پۆل ئاشنا و روشنا لەیەک دەگـەڕان، یەکـتـریان دەدیتەوە و شادو شوکر ڕاموسان... چ ڕاموسان ... نە ماچێک بەڵکوو دە ماچ. بگرە بیست ماچ... شڵپە شڵپی ماچان ڕێیە ڕۆژێک دەڕۆیشت.

بە شانان عـالەمـەکەم دڕدا و خۆم کـێشـایە نێو دیوی ئۆپێـرایەکـە. ئەی بابە!... بۆ جوانی، رووکـار و گـومـبـەزی چی و نێـو سـالۆنی چی؟ لەبەر جوانی پیاو مات و حەیران دەما! دیوی ژوورەکە وەک نێوی هێلکەیەکی بەتاڵ وابوو، سـەر نووکی هێلکەکـە کـرا بوو بە سـێنێکی لەبار. بە دیوارەکـانیـەوە دەوران دەور باڵکۆنێک وەک مـار قـەفی خـوارد بووە و دەیروانیە سەر سێنەکە. باڵادەستترین منیاتۆر کار و کارامەترین نەقاش نەقشی تێدا کێشابۆوە! بۆ دانیشتن لەسەرڕا بۆ خوارێ ئەم بەرو ئەوبەر دەیان ڕێز کورسی مەخمەری نایابی لێداندرا بوو. هەروا بەمیچەوە دەیان لۆسـتـێـر و چلچـرا ئاوێزان بوون. لە بڵـێندایشـەوە نوورهاوێژی ڕەنگاو ڕەنگی فرە گرانبەها سەر سێنەکەیان نوور باران دەکرد.

بەرنامـە و مـوزیک هێـشـتـا دەسـتی پێ نەکـردبوو. هیچ دوور نەبوو کـارگـێـرانیش تووشی چاک و خـۆشی هاتبـوو بن، سـابۆیە نەپرژابن بەرنامەکە لە کاتی خۆیدا دەست پێبکەن.

بۆ دۆزینەوەی شـوێنی دانیشتن، لە سەرڕا بۆ خوارێ و لە ژێرڕا بۆ سەرێ کەوتمە هەوڵ. یەک شوێنی بەتاڵ چییە وەگیرم نەکەوت لە سەری دانیشم! سەیر ئەوە بوو کورسییەکان زۆربەیان بەتاڵ بوون، جگە لە دەپازدە پیرێژن و ژنی منداڵەبەر نەبێ دەنا کەس دانەنیشتبوو. هەر تەنیا کەسێک لە هەر عـەشـیـرەیەک پێـشـدەسـتی کـردبوو، زوو باڵتـۆیەک، پرێسکەیەک، عـلاگـەیەکی پڕ لەمـیـوە و یان قـابڵـەمـەیەکی پڕ لەخواردەمـەنی لە سەر کورسییەکان دانابوو ئیتر لێیدابوو ڕۆیشتبوو. جێ جێش پەرەکاغەزێک دەبینرا لە سـەری نووسـرابوو: " ئەمـە جـێگای ڕۆسـتـەم... و... زۆرابە گیراوەتەوە!" بە دیتنی ئەم دیمەنە کەوتمە شک نەکا من سێزدەبەدەرم لەگەڵ نەورۆز لێ تێکچوو بێ؟ چونکە لەم ئورووپایە یەک دوو جاران دیتبووم کوردان لە نێوەراستی بەهاردا جێژنی نەورۆزیان گرتبوو! گورج ڕۆژژمێرم دەرهێنا و لەبەر رووناکـایی چاوم لێ کـرد، نەخـێـر! نەورۆزی وەک خۆی نەبوو! تازە سێزدەبەدەر ناوی خۆی لە سەرە، واتە ڕۆژی سێزدە بۆ دەرێ! ئێـسـتـاش شەوە و روونە کـە شـەوی نەورۆزە! بە شـەویش سـێـزدە بەدەر ناکـرێ! دەی چۆن جـێگایەک بدۆزمـەوە؟ بۆلای هەر پیـرێژنێک چووم و پرسیم: دایە! نەنە! داپیرە ئەم شوێنە بەتاڵە؟

وەڵام:

ـ نا بابەلێ! ئەمـە جـێگای زاوا، کچ و کـوڕ، نەوەو نەتیـژەکـانمە. بابم! کولورێک پوولمان داوە! ئێستاش لە دەرێن هەر بینا هاتنە ژوور!"

بیرم کردەوە: ئەم کوردە میـوان خـۆشەویست و دڵ ئاواڵەیە، بۆچی وا لەم دوورە وڵاتە شڵەقا. ئەی بابە شایی دەکەن و لە خەڵـک دەگێرنەوە. چوار ڕێز کورسی بۆ ماڵی بووک و زاوایەو، میوان لەو نێوەدا حۆلحۆل بە دوای جێگای دانیشتندا دەخولێتـەوە! دەنا قـولنچکێک رازاوەتەوە ئەوش هی میوانی تایبەتی یە!! دەی! شانامە ئاخرەکەی خۆشە!

بەڵێ، کـورسیگرەکـان وەک ئیمام زەمـان تەنیا ناونیـشـانیـان نەبێ، دەنا بۆخۆیان دیار نەبوون و غـایب بوون! ناچار بۆ دۆزینەوەی شـوێنی دانیـشتن ئەوجار بەرەو باڵکۆنەکان هەڵکشـام. ئەوانیش لەگوێن خـوارێ. ناچار بە لۆژە لۆژ گـەڕامـەوە سالۆنێ و بەڵام سـالۆن چ سـالۆن؟ زێتـر لە پێـشـوو جمەی دەهات. سـەرتان نەئێـشـێنم، عـاسێ و خـاسێ، خەبات و نەجات، سیـامـەند و خەج، مـام وسوو و پووره هەمین وەک سـەفـاو مـەروە بەدوای یەکـدا لە جەولە دابوون. بەڵام کوێر بم بۆ منداڵان! لەم سـەفـاو مـەروەیەدا مـەیدانی ڕمـبـازێنیـان لێ بەرتەسـک ببـۆوە، ناچار بە نێـو لاقـاندا وەک مارمێلکە لەسەر چنگان دەخزین و خەریکی خۆشارەوەکێن بوون.

پاش تاقە دووکـاتژمـێـر بەرنامـە وەدوا کـەوتن، لەپڕ بەرزەوێژەکـان وەکـار کەوتن و ڕاگەیاندرا:

ـ پیاوی چاک بن وەرنە ژوور دانیشن! بەرنامە دەست پێکرا!

سالۆنم بەجێهـێـشت بەپەلە خۆم گـەیاندە باڵکۆنی هەرە سـەر، بە پێـوە ڕاوەستام و چاوم دە سێنەکە بڕی.

بەڵێ، پردە لادرا و کارگێر بەرنامەی ڕاگەیاند:

لە دار و تەخـتـە کـێـوێـکیـان دروست کـردبوو بە بەرزایی چەند مـیـتـر، ڕەنگێکی سەوزو خاکییان لێدابوو. کێوەکە زیاتر وەک ترۆپکی قەندیل، یان ئەگەر بەهەڵە نەچووبم وەک هی ئاگری دەچوو. جا فەرق ناکا کامیان بوو. لەپێشدا لە سەرشـان کێـوە بەرزیان هێنا بوو لە سەر سێن قوتیـان کردبۆوە. لە سەر ترۆپکی کێوەکە هێندێک داری قەڵاشکراو بە ڕێکی لە سـەریەک هەڵچندرابوون، کـەمـێـکیش دەسـتـەچیلەی لە بن و سـەنگ و پوشووش لە تەنیشتی داندرابوو. هەر تەنیا چەغماغ لێدەر کەماسی بوو، چەخماغ لێدە و ئاوری نەورۆز لە سەر ترۆپکی کێوەکە بەرز بێتەوە. ئەوسا بەرنامە بە ئەوای شمشاڵی «قالە مەڕە»کرایەوە. لەپڕ تاقمێک گەورە و بچـووک دەست لە نێـو دەسـتی یەکـدا هاتن لە بەتاڵایی پێش سـێنەکـە دەستیان بە هەڵپەرکێ کرد. شمشاڵ ژەن قەتار و حەیران. دیلان گێرانیش سێ پێیی و لەرزانە!!

لەلایەکی دیکەوە کاوەی ئاسنگەر بەسمێڵـێکی ئەسـتوور. کـەوڵێک بە سنگەوە. سـەرکـڵاوەیەکی مـەرەزی گـوڵـینگەدار لە سـەرو زەنگاڵ هەڵکێشراو. بە لفکەو سۆرانی شۆر، کـوتکێکیش لە سەرشـان هات لە داوێنی کێوەکە بە نێوچاوان گرژی لە حاڵێکدا ڕواڵەتێکی شۆرشگێرانەی بەخۆوە گرتبوو؛ کەوتە قوتەقوت. دیاربوو لە ئاژدەهاکی خوێنمژ دەگەڕا، تاکوو بە کوتکێک بۆ باوکی ئاقڵ بکا!

بەڵێ، هێندەی نەخایاند، ئەوجار کـۆڕی دەنگ خۆشان بە جل و بەرکی کوردییەوە هاتنە سەر سێن. لەپێشدا کڕنۆشێکیان بۆ کاوە بردو ئەوسا بە دەنگێکی زولال «سـاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە»، دەست پێکرا. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ. هەروا زۆربەی کورسییەکانی نێوەراستی ئۆپێراکەو باڵکۆنەکـان بەتاڵ بوون. عـالەمەکە تامەزرۆی دیداری یەکبوون و تەمای هاتنە ژووریان نەبوو. سـا ئەوانەی هاتبـوونە ژووریش، لە سـەر جێگای نەرم دانیشتبوون. پاکەتە سیغـاری وینسـتۆن و دانهێل و... دەرهێنابوو، ئیتر لە سەر ئاگری نەورۆز ڕانەوەستان. هەرکەسە لەبەرە خۆیەوە بەگڕدانی سیغـارێک ئاگریکی بچووکی نەورۆزی کـردەوە! برا!... لەماوەی دوو سێ دەقـیـقـاندا بوو بەچڕە دووکەڵێک، بەچەشنی هەوری سـەرەتای بەهارێ و

هەورەڕەش هێدی هێدی هات بەری نوور هاوێژەکانی داگرت.

کاوەی ئاسنگەر بەردەوام لە پەراوێزی کێوە بەرزەکەدا، بەکەوڵ و کوتکەوە لە راوێچکان دابوو، پلانی کوشتنی ئاژدەهاکی خوێنمژی دادەرشت. ئاوازی نەورۆز تەواو بوو! ئەوسا دەهۆڵ و زووڕنا بە زرم و کوت هاتنە سەر سێن. دەهۆڵ کوت بە مەبەستی ڕێزو سڵاو دوو سێ جار گۆچانی بۆ لای کاوە هەڵێناو گرم لە دەهۆڵەکەی کوتاوە. کاوەش لە وەڵامدا کوتکی سەرشانی بەرەو ئەم هەڵێنا، ئیدی بە دوای ئەواندا عالەمەکە سەراپا خرۆشان و لە هەموو لایەکەوە دروشمی:

ـ بڕووخێ ئەژدەهاک! ... بڕووخێ ئەژدەهاک!... نەمێنێ ملهوڕی!" تێکەڵ بە دەنگی کاوە و دەهۆڵ و زووڕناکە بوو. ئەوسا کارگێری بەرنامە گەرم داهات، دەنگی دەهۆڵ و زووڕنای خستە سەر بەرزەوێژەکان. هاوکات دەستەیەکیش کوڕ وکچ، دەست لە ناودەستدا هاتنە سەر سێنەکە و کەوتنە پێ دە هەرد کوتان و لەش لەرزاندنەوە. لە بەردەم سێنەکەش ڕەشبەڵەک خۆی دەپساند، ئیدی بوو بە یەک بەزم و هەرا هەر مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ! سوێندم لێناکەوێ ئەگەر بڵێم، لە جیاتی ئەم ئۆپێرایە هەر شوێنێکی وڵاتی خۆمان بایە لەم بەزمەدا ئاداری بە سەر پاداریەوە نەدەما! ئیدی هەرئەم ئوپێرایە بوولەم کاتەدا توانی لە بەرامبەر ئەم زرم و کوتەدا خۆڕاگرێ و نەڕووخێ! با ئەوش بڵێم! بەچاوی خۆم دیتم: زۆر کەس بە هۆی زرم و کوتی لە نەکاوی دەهۆڵ و زوڕنا، لە ترسان هەستان و نێو کۆرەکەیان بەجێهێشت. سەیرتر لەوە! کوڕو بابێک لەتەنیشت من، لەحاڵێکدا یەکی بابۆڵەیەکی ئەستوور بە دەستەوە ؛ جا نازانم بابۆڵە کفتە بوو یان دۆڵمە، پاروو دە نێو زاردا یەک بەخۆیان بەرەو کارگێرانی بەرنامە دەیان نەڕاند:

ـ کوڕە بابە دەنگی دەهۆڵی لە دووررا خۆشە! وەرن پیاوی چاک بن دەنگی ئەم دەهۆڵ و زووڕنایە لە سەر ئەم میکرۆفۆنانە لابەرن. کوڕە مێشکمان تەقی! بەڵام لەم وەختە سەد هاواری ئاوا بە پووڵێکی قەڵب بوو. هەژارانە هاوارەکەیان بیلامانێ، وەک تری بن گۆمێی لێهات، بلقێکی دا و لە خۆیان دوور نەکەوتەوە.

بەدوای کۆری هەڵپەرکێدا، لە نێو زرم و کوتی دەهۆڵ و زۆرنادا، کابرایەک ورچێکی بەدوای خۆیدا هێنایە سەر سێن. کابرای لۆتی واتە هورچ هەڵپەرێنیش سەری ڕێزی بۆ کاوە دانواند. کاوەش ڕەزامەندی خۆی بە هەڵێنانی کوتکەکە و راوەشاندنی کەوڵەکەی دەربڕی. کابرا بە هورچەوە خەریکی مەیدانداری بوو. من لەپێشدا باوەرم نەکرد ئەوەی کابرا بەدوای خۆیدا دەیکێشێ هورچی راستی بێ. پێم وابوو ئادمیزادە و چۆتە دەپێستی هورچەوە. نەخێر ماوەیەکی پێچوو تاکوو منی ساویلکە بۆم دەرکەوت هورچی راستی یە و، هورچی وەک خۆشی نییە. سەرم لەوە سوڕمابوو! هورچەکە بە ڕەنگ و ئاکار، هورچی خۆوڵاتی بوو. هەی ماڵت بە سێ چەپی قوڕێ گیرێ کوردە! ئەتۆ چ ساختەبازێک و چ چاوبەستێکت کرد؟! چۆن توانیت ئەم هورچە بە نێو حەوت دەوڵەتاندا، لە بەرچاوی حەمایە لە بوونەوەرات بگەیەنیە ئەم قوڕنە لە ئورووپایە؟! دەی با لەوە گەڕێن!... مام هورچ لە وەیکە لە خەوی زستانی رزگاری دەهات و دەکەوتە فەرعانی، بە ئەمری لۆتی هەستایە سەر پاشووان. بە هەوای دەهۆڵ و زوڕنا، زۆر بە خەستی سمت و ساتانەکەی بادا و پێ پانەکانی بەهەرددادا.

لەلایەکی دیکەوە، چرە دووکەڵ هەروا دەهات لە زیادی دەدا و چاوەکانی بووک ئۆپێراش پروش دەبوونەوە. بیرم لێکردەوە: ڕەنگە چەخماغ زەن لە پشتی کێوە بەدەڵەکەوە خەریکی هەڵکردنی ئاوری نەورۆز بێ، بەڵام دەستەچیلەکە تەر بووبێ و ئاگری نەگرتبێ؛ جا ئەم دووکەڵە هی ئەو بێ! بەڵام نا!... لەلایەکی دیکەوە کابرایەکی سەر زەردی باوخۆش کە مووی درێژی سەری بە مۆدی ئافریقاییان هۆندبۆوە و پرچە هۆندراوەکەشی وەک مار بە سەر شان و پیلی دا شۆڕ ببوونەوە، بە حاڵەتێکی نائاسایی و شڵەژاو، پەلاماری کاوەی ئاسنگەری دا، بە دەم ورتە ورتەوە توند بە یەخەیەوە نووسا و ڕایتڵەکاند. عالەمەکە پێیانوا بوو پەلاماردەر ئاژدهاکە و ئەم خوێنمژە پێشدەستی کردووە و ناخافڵ کاوەی لەداو خستووە. بە دوای ئەمەدا، ئیتر هەور گرماندی و عاسمان رووخا و، کاکە عالەم وێکرا هاستانە سەرپێ و دروشمی:

ـ بمرێ ئاژدهاک!... بڕووخێ کۆشکی زۆرداری! ... سەرکەوێ کاوەی نەبەز!... هۆڵی ئۆپێرای ئەوەندەی تر وەلەرزە خست! کابرای پرچ هۆندراوە ئاوڕە گورگانەیەکی داوە و ـ کە دیتی عالەمەکە قامکی هەرەشەی بۆ لا ڕادەدێرن، تووڕە و گرژ دەیانهەوێ هێرشی بکەنە سەر، هەستی بەمەترسی کرد و سووکێک یەخەی کاوەی بەردا. ئەوسا کاوە بەور ئاسا بەرو میکرۆفۆن ڕای کرد، خێرا دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای لەسەر میکرۆفۆنەکە لابرد. لۆتی گۆچانی هەڵێنا و لێمەدە... لێمەدە... کاوە مێکرۆفۆنی لەبەر دەم، یەک بەخۆ، بەدەم پارانەوە و تکا لە بەشداران هاواری دەکرد:

ـ کۆڕە هجوم مەکەن! بیکەن بەخاتر منی کاوە، لە نێو ئەم ئوپێرایەدا سیغار مەکێشن! چونکە دووکەڵی سێغار بە ملێون زیانی مادی بە لۆستێرو نورهاوێژەکان دەگەیەنێ.

ـ بەڵام کار لە کارترازابوو، کەس گویی بۆ تکاو مکایە شل نەدەکرد و تازە! «یەک دەیگوت نێرە، یەکی دیکە دەیگوت بیدۆشە!» کابرایەک لە نێوەراستی ژوورەکەوە بە هەموو هێز و توانابیەوە دەی نەڕاند:

ـ کاوەی نەبەز لەو قسانە گەرێ! ئاگری نەورۆزەکەمان بۆ بکەوە! سەری ئاژدەهاکمان بۆ پان کەوە!

پاش هێندێک پارانەوەو لاڵانەوە و بەرگری لە هجوم و نەڕاندن، عالەمەکە ئەوسا بۆیان دەرکەوەت کوڕە ئاژدەهاکی چی و مەژدەهاکی چی! ئەو کابرا قەڵەندەرە پرچ هۆنراوەیە نیگابانی ئۆپێرایە و خۆا روحمی کرد هێرشکەران زوو تێگەیشتن، دەنا سەرباقی ئەو هەموو خەسارەتەی وە ئۆپێرایەکە کەوتبوو، مووی سەریشیان لەبنەڕەتەوە دەردەهێنا. کابرای پرچ هوندراوە پاشە و پاش کشابۆوە و لە قوژبنێک ترساو و قوشقی، بەدۆشداماوی چاوێکی لەدارە قەڵاشکراوەکانی سەر کێوە بەرزکە و چاوەکەی دیکەشی لە نوورهاوێژ و لۆستێرەکان بریبوو. کاوەش کوتک بە دەست و لارە مل گەڕابۆوە و لە تەنیشتی راوەستابوو، دەیگوت:

ـ ئاغاکەم ، «گونار» گیان! مەترسەو بە پەرۆش مەبە! برای خۆت هاهااا بەم لفکەو سورانییە سپییەی خۆی گشت لۆستێر و نوورهاوێژەکانت بۆ خاوێن دەکاتەوە. لەوەش دڵنیابە! ڕێگا نادەم بەکەس لەم ژوورەدا ئاگری نەورۆز بکاتەوە و هەرکەس دەست بۆ چەخماغ بەرێ هاااا بە ئەم کوتکە سەری پان دەکەمەوە... ■

# حەمەسەعید حەسەن نووسەری گەلی

تامان شاکر

حەمەسەعید حەسەن، یەکەمین خاوەنقەڵەمە کە ئامادەبووانی سیمینارێک (پاڵتاک/ ژووری پێشکەوتنخوازان ـ ٢٠٠٢/٢/٨) نازناوی نووسەری گەلی پێ ببەخشن. لە ڕوانگەی «سەلام عەبدوڵڵا»وە باشترین ڕەخنەگری کوردە (گوڵان، ژ: ٣٦٤، ل ٢٩)، لای «ئیسماعیل بەرزنجی» سەرکەوتووترین ستوونووسی کوردە (میدیا، ژ: ١١٥، ل ١٢)، لە کن «عەبدوڵڵا پەشێو» بە پاراوترین کوردی دەنووسێت (میدیا تێڤی، بەرنامەی ڕووبەڕوو، ڕۆژی........) و بە لای د. «جەبار قادر»یشەوە دیاردەیەکی ڕۆشنبیری یە (پاڵتاک/ ژووری پێشکەوتنخوازان ٢٠٠٢/٢/٨).

لێدوان لە سەر بەرهەمەکانی حەمەسەعید حەسەن، کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە هونەرمەندێکی فرە لایەنە و لە هەڵوێستەکانیدا خۆی بە تەنها شۆڕشێکە. ئەو بە هۆشیارییەوە لە زۆر دەرگای داوە، وەک ڕەخنەی ئەدەبی، شیعر، گوتاری سیاسی، ساتیرە چیرۆک، کە بە کۆمەڵە ساتیرەچیرۆکی (هونەری ڕاوەژن) شاکارێکی هونەری هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

نووسەر دەسەڵاتێکی تەواوی بە سەر زمانی کوردیدا دەشکێ. ئەوەی دەسەڵاتی بە سەر زماندا نەشکێ ناتوانێ وێنەی شیعریی جوان دابهێنێ و پەی بە نهێنی وشە ببات. هەر بە وەشەوە نەوەستاوە کە نووسینەکانی تەنها بە شێوەزاری ناوچەی سلێمانی بنووسێت، بەڵکوو ئەم سنوورەشی بەزاندووە و، وشەی گشت زاراوە کوردییەکان بە کاردەهێنێ.

هونەری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە کاریگەری هەبێ لە سەر خوێنەر، ماوەیەکی دوورودرێژ لە یادیدا بژی. نووسینەکانی حەمەسەعید، خۆشی دەبەخشن بە گیانی مرۆڤ و، فێرمان دەکات شتە جوانەکانی ژیانمان خۆش بوێت و خەباتی بۆ بکەین. دژی دیاردە شەوتەکانیش هەڵوێست بنوێنین.
ئەوەی زیاتر نووسەری خۆشەویست کردووە لای خوێنەران، هەڵوێستەکانیەتی دژی دوژمنانی کورد. بەبێ ئەوەی گوێ بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بدات، هەمیشە لە سەنگەری چەوساوەکاندا بووە، ناخی ئەوانی خوێندووەتەوە، بۆ نموونە لە یەکێ لە هۆنراوەکانیدا دەڵێت:

گوتیان:
بۆچی لە ئازاری ئەم خەڵکەدا
دەتوێیتەوە و لە ئازارتا دەتوێنەوە؟
هەر گۆرانییە دێرینەکە،
لەگەڵ تۆدا بە تاسەوە دەڵێنەوە؟
گوتم: بە دوای هەتاوێکدا لە گەڕان دام..
کۆتایی بە ئازار دێنێ،
زەردەخەنە
بۆ سەر لێوی خەمبار دێنێ،
شیر بۆ منداڵ
نان بۆ برسی و هەژار دێنێ

نووسەر لە هۆنراوەکانیدا، ناخی ئینسان دەخوێنێتەوە، ئەو شتانە دەڵێت کە خوێنەر ناتوانێت دەریان ببڕێت. باسی وڵات، خۆشەویستی، نۆستالیژیا، دەردی ئاوارەیی، ژن و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات. ئاوارەیی ئەوەندە کاری لە ڕۆحی شاعیر کردووە، ڕوو دەکاتە کوردستان و دەڵێت:

تا نەهەنگی ئاوارەیی قووتی نەدام
نەمدەزانی
ئەوەندە شیرینی لە لام
دووریت مامۆستای ئەوین بوو
دەرسی خۆشەویستی دادام
دڵنیام، دەزانم
مردن بۆ ئامانجێ باشتر
لە ژینی بێ ئاوات،
دوودڵم، نازانم
ژیانی غەریبی خۆشترە
یا مردن لە وڵات؟

دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرانبەر بە ژن، ئەوەندە کاری لە ناخی شاعیر کردووە بۆیە دڵنیایە لەوەی ژن تەنها خۆی دەبێت خەبات بۆ ئازادی خۆی بکات و ڕووی دەمی دەکاتە ژنان و دەڵێت:

دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی
وەکو ئینسان بۆت ناڕوانێ
دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی بە ئینسانی پلەی دووەمت دەزانێ
دە یاخیبە لەو یاساییەی
گوێ بۆ دەنگت ڕاناگرێ
دە یاخیبە لەو یاساییەی
وەک چۆلەکە سەرت دەبڕێ

(هونەری ڕاوەژن) شاکارێکی ئەدەبی و ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری یە. نووسەر ئەوەندە بە سەلیقەوە مامەڵە لە تەک قارەمانی چیرۆکەکانیدا دەکات، کەسایەتی مرۆڤی کورد، چ لە دەرەوەی وڵات یان لە ناوەوە دەخاتە بەردەستی خوێنەران. نووسەر لە (هۆنەری ڕاوەژن) دا باسی ناهۆشیاری سەرکردە کوردەکان دەکات کە یاری بە چارەنووسی گەلی کورد دەکەن بەڵام جیاوازیی لە نێوانی (کۆڵن ولسن)ی ئەدیب و کۆڵینۆسی دەرمانی ددان شوشتندا ناکەن. نووسەر بێجگە لەو شاکارە هونەرییە، سێ کتێبی لە سویدییەوە کردووە بە کوردی و، گەلێ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەو شیعرە کوردییانە بڵاوکردۆتەوە کە کراونەتە سویدی و چەندان شیعری ئاسکیشی لە سویدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. حەمەسەعید حەسەن ئەگەر کورد نەبوایە، دەبوو یەکێک بێت لە نووسەرە ناسراوەکانی جیهان.

٢٠٠٢/٢/٢٨

# من، تۆ ناناسم، تا دەربارەت بنووسم!

سەعید سەقزی

لە ژمارە ۳۳ی گزینگ دا شتێکم خوێندەوە بە ناوی «تۆیچ لەمن بووگی بە نووسەرا!» کە حەمە سەعید حەسەن نووسیویە و لە بەشێکیدا وا دەڵێت:

«ئێوە دەڵێن، حەمە سەعید حەسەن هیچی پێ نییە و هەر وڕێنە و درۆی شاخدار بڵاو دەکاتەوە. کەوایە ئەدی بۆچ خۆتان سەغڵەت و سەرقاڵ کردووە و بەردەوام لە سەرم دەنووسن؟ هەر لەم چەند ساڵەی رابردوودا، بە چاک و بە خراپ، بە گوتار و بە نامیلکە و بە کتێب،...دەیان نووسەری باش و مامناوەندی و خراپ لە سەریان نووسیوم، بۆ نموونە: ئاسۆ، ئەحمەد رەجب، رەفیق سابیر ... سەعید سەقزی، فەرهاد پیرباڵ ، عەلی کیتابی...» (ل۲٤)

بەرێز، من وەک سەعی سەقزی و نووسەری ئەم چەند دێڕە، تۆ ناناسم تا دەربارەت شتێکم نووسیبت، بەڵام تۆ، هەندێک شتی ناراستت دەربارەی من نووسیوە! منیش لە نووسراوەیەکدا بە ناوی (درۆی شاخدار، چیرۆکی بەڵگەدار- کە لە گۆڤاری «هاوار» دا چاپ کرا)، هەروەها لە کتێبێکدا بە ناوی (چیرۆکنووس، یا کینۆکنووس) ناراستییەکانی تۆ و چەند لایەنی دیکە کە پشتیوانیان لە تۆکردبوو، بە بەڵگە خستووەتە روو! ئەوا ئێستایش سەرنجتان بۆ ئەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕادەکێشم. هیوادارم بتوانن لەو شێوە بیرکردنەوە خۆ دەربازکەن.

چ نارەوایە، بە هێدی بڵێی هەراش
چ بەدە، بە بەدکاریش بڵێی پیاوچاک و باش
چ جوانە، هەر کەسە کارنامەی خۆی، بەیتە دەستی
نە وەسفی زیادە لە کەس کەی، نە نارەوایش هەڵبەستی

بەرێز، لە مانگی ئاگۆستی ۲۰۰۰دا، شتێکت بە ناوی (بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز) نووسی، ئەو شتەت ناو نابوو (چیرۆک)و پاڵەوانەکەشت ناو نابوو «رەحمان سەقزی». ئەو شتەت رەوانە کرد بۆ گۆڤار و ڕادیۆ کوردییەکانی ستۆکهۆڵم، بۆ نموونە ڕادیۆ **«دەنگی کوردستان»** تا بڵاوی کەنەوە. بەرپرسی ڕادیۆ و گۆڤارەکان زانیان ئەوە چیرۆک نییە، بەڵکوو دەربارەی کەسێک نووسراوە کە لە ستۆکهۆڵم دەژی. بۆ ئەوەی ڕادیۆ و گۆڤارەکان، هەروەها کار و خزمەتەکەی خۆیان لکەدار نەبێت، **بۆیان بڵاو نەکردیتەوە!** پاشان ناردت بۆ نۆروێژ و ئاڵمان و ئێران لە گۆڤارەکانی (هەڵوەدا، هاوار و سروە) بەچاپت گەیاند.

نووسیوتە:

«سەرکەوتووترین نووسەریش گلانی بەخۆوە دیوە، بە ئازارترین نسکۆی من ئەو جارە بوو کە دەستەی نووسەرانی بەربانگ، **لە لاپەڕە ۲٥ی ژمارە ۱۱٦**دا، بۆیان نووسیبوم: بنێشت بەتورکی ساقزە! بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جورێک لە بەرۆکمان نابیتەوە، حەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێت نەک سەقزی..»

بۆ راستی و ناراستی قسەکانت پێویستە سەیری ئەو لاپەرەی گۆڤاری *بەربانگ* بکەین کە بەم جۆرەی نووسیوە: «برای ئازیزمان کاک سەعید سەقزی لە ستۆکهۆڵم سپاست ئەکەین بۆ لێپرسینەوەت لە گۆڤارەکەمان. نامەکەت بە کۆمیتەی کارگێری فیدراسیۆن گەیشت. چونکە ناوەرۆکەکەی لە گەڵ سیاسەتی بەربانگ ناگونجێت، ناتوانین بڵاوی کەینەوە».

تۆ، بە سەر ئەو فەرمایشتانەت لە «ڕادیۆ دەنگی کوردستان»وە بەڵگە لە گۆڤاری «بەربانگ» ئۆرگانی «فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان» بەکار ئەهێنیت ، ناوی **«سەعی سەقزی»** ئەکەیت بە **«رەحمان سەقزی»** و ئەیش فەرموویت چیرۆکنووسم و پاڵەوانی چیرۆکەکانم خەیاڵی یە و مەبەستم کەس نییە! **راستی درۆی شاخدار، چۆنە؟!** بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە ئەو کردەوانە ئەنجام ئەدەن، شاعیرێکی مەزن ئەڵێت: چەرمی رووی هێند قایە شمشێری میسری نایبڕێ...

تۆ، لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە باس لەوە ئەکەیت کە رەخنەگری! ئەگەر رەخنەگر بیوایەت، ئەبوو لە بری ئەوەی سەرکۆنەی سەعی سەقزی بکەیت بۆ نووسراوەکەی، ئەبوو رەخنە لە فیدراسیۆن و دەستەی نووسەرانی بەربانگ بگریت،کە بۆچ نووسراوەیەک هەر کە لەگەڵ سیاسەتی بەربانگدا نەهاتەوە چاپی ناکەن، بۆ ئەو پرسیارە لە فیدراسیۆن ناکەیت، کە کام دیکتاتۆر هەیە، نووسراوەیەک کە لە گەڵ سیاسەتەکەیدا بێتەوە چاپی ناکات؟

بۆ ئاگاداریتان، ئەوەی کە من ناردوومە بۆ «بەربانگ»، نامە نەبووە بەڵکو نووسراوەیەک بوو..!

تۆ، لەو "چیرۆکەدا" لە گەڵ کۆمەڵێک سووکایەتی کردن، چەندین درۆیشت بۆ دروست کردووم ، بەم جۆرە ئەڵێیت: «رەحمان سەقزی بەشداری یەکە بە یەکەی ڕادیۆ کوردییەکان ئەکات لە گۆرانی داوەکراوەوە تا مشتومڕە فیکرییە خوێناوییەکان و تەنانەت چەلەحانێ جنێوەکانیش..»

بۆ ئاگاداریتان، من وەک سەعی سەقزی لە باسە سیاسییەکانی ڕادیۆکاندا لە بەڵگە و دێکۆمێنتی سیاسی سوودم بردووە، خۆشبەختانە بەڵگە سیاسییەکانیش هیچیان جنێویان تیدا نەنووسراوە تا قسەکەی تۆ، راست بێت..! هەروەها نووسیوتە: «رەحمان سەقزی ئێستا بیر و بۆچوونەکانی بۆ بڵاوکراوە کوردییەکان ئەنێرێت، بەڵام چون بەرپرسی بڵاوکراوە کوردییەکان ناناسێت، بۆی چاپ ناکە».

سەبارەت بەو بەشە تکاتان لێدەکەم سەیری ژمارەکانی پەیام، کۆمار، بەربانگ، کۆنتراکت، کوردستان، هەتاو، هەنگاو، کوردستانی نوێ... بکەن تا پەنجەی پەشیمانی بگەزن! بەڵام با بزانین تۆ، بۆچ ئەم

درۆشاخدارەت دروست کردووە.

سالّی ١٩٨٥ مامۆستا «عەبدولخالق مەعروف» کتێبێکی بەچاپ گەیاند بەناوی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» چەند رۆژ پاش بلاو بوونەوەی کتێبەکە، کۆنەپەرستان لە شاری هەولێر شەهیدیانکرد و کتێبەکە یاساخ کرا. خۆشبەختانە کتێبی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» لە ئورووپا چاپکراوەتەوە و، بەرێز «عەلی کتابی» وەریگێراوەتە سەر فارسی(جێگەی داخە ناوی کتێبەکەی کردووە بە «اسلام و زن»)، لە پەنای ئەوەدا کە بەرێز عەلی کتابی رەنجی زۆری کێشاوە بەلام وەرگێڕانەکە کەم وکووڕی زۆرە. تۆیش وەک حەمە سەعید حەسەن **بە کوردی** پێشەکیت بۆ ئەو وەرگێڕانە **فارسییە نووسیوە..!**

هەم کەم و کووڕی وەرگێڕانەکە و هەم گۆڕینی ناوی کتێبەکە هانی دام و نووسراوەیەکەم نووسی بەناوی «رەنجی شەهیدان سەروەتی گەلە، با لە دەسکاری کردنی خۆ بپارێزین». لەو نوسراوەیەدا رەخنەم لە٢خاڵی گرینگی تۆ و کاک عەلی کتابی گرتبوو، کە لە گۆڤاری گزینگی ژمارە ٢٨دا چاپکرا.

تۆیش، لە بری ئەوەی وەلامی رەخنە بە رەخنە بەیتەوە، هەستای بە نووسینی ئەو "ساتیرە". ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرێزتان خۆتان بە رەخنەگر ئەزانن و لە ژمارە ٢٦ی "چراخان"دا ئەفەرموون: چارەکە سەدەیەکە سەرقاڵی رەخنەی ئەدەبیم.

لە گەڵ ئەوەدا کە چارەکە سەدەیەکە سەرقاڵی رەخنەی ئەدەبین، بەم جۆرەیش ئەفەرموون: «کێ رەخنەی توندی لێم هەیە، با بلاوی کاتەوە، وەلێ مەرج نییە بیخوێنمەوە». راستی کەسێک کە چارەکە سەدەیەک رەخنەگر بوو بێت، ئەتوانێ بلێت بایەخ بۆ رەخنەی کەس دانانێم؟ رەخنەگری راستەقینە لە پێش هەموو شتێکدا بە چاوی رێزەوە سەیری رەخنە و رەخنەگری ئەکات. زانایان ئەڵێن: **درەخت هەتا بەری زیاتر بێت سەرنەویترە.**

تۆ، ئەڵێیت:«ئاخر هەڵەی من گەلێ لەوە وردترە، کەسانی درشتبین دەرکی پێ بکەن». ئەگەر لەم رستەیەت بکۆڵینەوە، بۆمان دەر ئەکەوێت، خۆت زۆر بە زانا و بلیمەت ئەزانیت و خەڵکیش بە نەزان و گێل! نالی شاعیر ئەڵێت:

**هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکات و، مەقصەدی**

**خودپەسەندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا**

وەک ئەبینین تۆ فەرمووتانە: هەڵەی من گەلێ لەوە وردترە کەسانی درشتبین دەرکی پێبکەن. راستی هەڵە لەوە گەورەتر ئەبێت، تۆ فارسی نەزانیت، بەلام پێشەکی بۆ وەرگێڕانێکی فارسی بنووسیت ؟

بۆ ئاگاداریتان، ئەرکی پێشەکی نووس ئەوەیە، کە بەرهەمەکە ئەبێ بیخوێنێتەوە، کەم و کوڕییەکانی لە پێش چاپدا دەسنیشان کات و یارمەتی نووسەرەکەی بدات، تا بەرهەمەکە رێک و پێک بێت. بەتایبەت ئەگەر وەرگێران بێت، ئەرکی پێشەکی نووس ئەوەیە کە دەقە ئەسڵییەکە و وەرگێردراوەکە دێڕ بە دێڕ هەڵسەنگێنێت..!

بەرێز حەمە سەعید حەسەن ، هۆی تووڕە بوونی تۆ، لە سەعی سەقزی، جگە لە باسی پێشەکی نووسینەکە، خاڵی ٢واتە جیاوازی بیروباوەڕە، کە زۆر گرینگە و دەبێت بۆتان روون بکرێتەوە!

بە بۆچوونی کاک «عەلی کتابی» تۆ هاوفکری مامۆستا «عەبدولخالق مەعروف»ی. ئەو بۆچونە نارەوایە. با چەن جیاوازیتان دەسنیشان کەم .

١- زۆربەی شۆڕشگێران و نووسەرانی کوردستان ئەزانن، مامۆستا عەبدولخالق ماوەی ١٤ساڵ لە شۆرشی نەتەوایەتی گەلی کورد و لە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقدا چالاکانە بە چەک و پێنووسەوە تێکۆشاوە.

تۆیش ئەڵێیت : «دەمێکە پێم وایە: هەڵگرانی پێشکەوتوو خوازترین بیروباوەری نەتەوەیی، ئەگەر جێ پێیان پتەو بێ، لە فاشییەکانی ئیتالیا و لە نازییەکانی ئەڵمانیا و لە بەعسییەکانی عێراق چاکتر نابن(لە سایەی چەقۆدا، ل٨).

هەروەها ئەڵێیت: «حەمە سەعید کاتێ پێوەندی لە گەڵ **حشع** پەیدا کرد،کەسانی وەک جوامێر هەموو دوای **قەڵەباڵغییەکەی «پارتی»** کەوتبوون... کاتێکیش لەو حیزبە کشایەوە کە بە درێژایی تەمەنی ئەوحیزبە رۆژانی لەوانە بێ کەند و کۆسپتری بە خۆیەوە نەدیبوو». (یەکێتی نووسەرانی کورد چی بە سەرهات ، لاپەرە ٤٩)

٢- مامۆستا عەبدولخالق ئەڵێت : «ئەوەی خواست و ویست ئارەزوی هەر لایە ـ لە نێرو مێ ـ ئەگەر بۆ لاێیکیان دروست رەوا بێ بۆ لاکەی تریش دروست و رەوا بێ بەبێ لە بەرچاو گرتنی مێیاتی یا نێرایەتی»... ژنان بۆ خۆیان مافی خۆیان دیاری نەکردووە کە چییە و چۆنە و دەبێ چ بکەن؟ دیسان هەر پیاو خۆی لێ کردوون بە کوێخا و مافیان بۆ دیاری دەکا...». (مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ل ٦و٧)

تۆیش، ئەڵێیت: «بەشێک لە ژنی کوردی سویدنشین چونکە لە پر بە هەموو مافەکانیان شاد دەبن، بەراوەژوو سوود لەم ئازادییەی ئێرە وەردەگرن و جیابوونەوە بە شتێکی هێندە ئاسان دەزانن. بۆ تەلاقدانی پیاوەکانیان هەمیشە لە سەر پێن. (بەربانگ، ژمارە ١١١ ، لاپەرە ١١، سالی ١٩٩٩)

٣- مامۆستا مەعروف ئەڵێت: «لەم سەردەمەشدا ئەو مامۆستایانەی کە لەماڵەوە لە جیاتی ژنەکانیان بە کاروبارێ هەڵدەستن، گاڵتە و گەمە بە یەکتری دەکەن و دەڵێن ئایا لە جیاتی ژنەکەی جلی شۆردووە یا قاپ و ئامانی خاوێن کردوەتەوە و ناوماڵی رێک خستووە و چێشتی لێناوە». (مافی ژن...، ل ٨)

تۆیش نووسیوتە: «ئەورەحیم یاپراخی دەپێچایەوە، کفتەی خڕدەکردەوە، شفتەی سووردەکردەوە، گیپەی دەدوورییەوە، قاپ و قاچاخی دەشۆری، گەسکی دەدا، جلی دەشت، هەڵیدەخست و لە ئوتویشی دەد...». (چراخان، ژمارە ٢٤)

جێگەی داخە **تەنانەت** لە ناو ئەو شتانەیش کە ناوت ناون **چیرۆک** سەرکۆنەی پاڵەوانەکەت ئەکەیت کە بۆچ ئەو کارانە ئەنجام ئەدات!

ئەگەر ئەو جیاوازییانەی تۆ و مامۆستا عەبدولخالق هەڵسەنگێنین، ئەتوانین دوو بیرو باوەری جیاواز ببینین کە دژ بە یەکن و وان لە دوو سەنگەر لە بەرانبەر یەکدا.

مامۆستا عەبدولخالق هەندێ خاڵی نیگاتیڤ و کۆنەپەرەستانەی بۆ ئێمەی کوردی هەژار و دواکەتوو و نەزان دەسنیشان کردووە و ویستوویەتی لێی دوورکەوێنەوە، ویستوویەتی بکەوینە سەر رێگایەک کە بە چاوی رێز و یەکسانەوە لە یەکتر بروانین. بەلام تۆ، بە شانازییەوە ئەو خاڵە نیگاتیڤانە، ئەو رەوشتە کۆنەپەرەستانە زیندوو ئەکەیتەوە.

داوای لێبوردن لە ئێوە خوێنەرانی بەرێز، کە لەم نووسراوەدا لە چەن جێگەدا وشەی «درۆ»م بەکار بردووە، ئەوەیش تاوانی من نییە، ئەو کەسانە درۆیان بۆ من دروست کردووە !

٢٠٠٢/٣/١٦

# کارامەکان و ناکارامەکان (ئاماتۆرەکان)

(نەخشی ڕۆشنبیر: ٤)

ئیدوارد سەعید Edward W. Said

لە سالی ١٩٧٩دا، «ڕێژی دێبره»، ڕۆشنبیری داهێنەر و ئافرێنەری فەڕانسەیی، کتێبێکی لە ژێر عینوانی *مامۆستایان، نووسەران و کەسانی سەرشناس: ڕۆشنبیرانی فەڕانسەی مۆدێرن* بلاوکردەوە کە تێیدا ژیانی فەرهەنگی فەڕانسە بە تیژبینییەکی زۆر تەوسیف کرابوو. ڕێژی دێبره زەمانێک یەکێک لە ڕاسپێردراوە خورتەکانی چەپ و، خۆی چەپرەوێکی چالاک بوو کە کەمێک دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی کوبا لە زانستگای هاوانا دەرسی دەگوتەوە. چەند سال دواتر، کاربەدەستانی حکوومەتی بولیوی بە هۆی پێوەندی وی لەتەک چەگیڤاراوە بە سی سال حەبس سزایان دا، بەلام ئەو تەنیا سێ سال لە زیندان مایەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ فەڕانسە، دێبره بە عینوانی لێکۆلەرەوەیەکی نیوە ئاکادێمیک درێژەی بە کاری خۆی دا و، دوای ماوەیەک بە ڕاوێژکاری میتران سەرۆک کۆماری فەڕانسە دەستنیشان کرا. لەم ڕووەوە، بە شێوەیەکی ئاوارتە لە شوێنێک قەراری گرت کە دەیتوانی پێوەندی لە نێوان ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکان دەرک بکا؛ پێوەندییەک کە هەرگیز وەستاو و داسەکناو نەبووە، هەمیشە لە حالی گۆڕاندایە و، جاریواشە ئالۆزییەکانی سەرسووڕهێنەر دەبن.

تێزی دێبره لەو کتێبەیدا ئەوەیە کە لە نێوان سالەکانی ١٨٨٠ و ١٩٣٠دا، ڕۆشنبیرانی پاریس بەگشتی لەگەل سۆربۆن تێکەلاوییان هەبوو؛ ئەوان ڕۆشنبیرانێک بوون غەیرە مەزهەبی و قوتاربوو لە باوەڕگەلی کلیسایی و بوناپارتی کە لە ئەزموونگاکان، کتێبخانەکان و، کلاسگەلی دەرس، شوێنێک کە کۆمەلگا ڕۆشنبیری بە عینوانی مامۆستاحیمایەت دەکرد، دەیانتوانی پێشڕەفتگەلێکی گرینگ لە گۆڕەپانی زانستدا بەدەستبێنن. دوای سالی ١٩٣٠، سۆربۆن وردەوردە فەرماندەرێتی خۆی لە دەست دا و فەزای بۆ ڕێکخراوەگەلێکی بلاوکراوەیی وەک نوڤێل روو فرانسز بەتال کرد؛ لەو گۆڕەپانەدا بە گوتەی دێبره «بنەمالەی ڕوحانی» سەرپۆشێکی گونجاوتری بۆ هاوناهەنگیی زۆرتر لە ئیختیاری توێژی ڕۆشنبیر و سەرنووسەران دا نابوو. تا نزیکەی سالی ١٩٦٠، نووسەرانێک وەک سارتر، دوبۆوا، کامۆ، موریاک، ژید و مالرۆ توێژی ڕۆشنبیرییەکی کارتێکەریان پێکهێنا کە بە ئیعتیباری پلەی کار، ئازاد بیرکردنەوە و وێژیاگێک کە «لە نێوان وێژیاگەکانی باوی ڕوحانی و کلیسایی پێش ئەم و هاتوهاواری تەبلیغاتی دوای ئەو» هەبوو، جێگرەوەی مامۆستایان کرابوون.

نزیک بە سالی ١٩٦٨، کۆیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران ڕێکخراوەگەلی بلاوکراوەییان بەرەلاکرد و لە جیاتیان ڕوویان لە ڕاگەیێنەرە گەلییەکان ـ بە عینوانی ڕۆژنامەوان، میوان یان بەڕێوەبەری پرۆگرامی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی، ڕاوێژکار، بەرکار و غەیرە ـ کرد. لە وەها حالەتێکدا، ئەوان نەتەنیا گوتەبیسگەلێکی جەماوەریی هەراویان بەدەستهێنا، بەلکە تەواوی ژیانی کاراییشیان وەک ڕۆشنبیر، هەر بەوگوتەبیسانە و پێداهەلدان یان فەرامۆشییەک گرێدرابووکە هەر ئەو «ئەوانی دیکە» بۆیان پێکدەهێنان. «بە پەرەگرتنی قەلەمڕەوی وەرگرتنی پرۆگرام و هەوال، ڕاگەیێنەرە جەماوەرییەکان سەرچاوەی ڕەوابوونی ڕۆشنبیرییان کەمکردەوە، توێژی ڕۆشنبیر و سەرچاوەی ڕەوابوونی کلاسیکی ئەوان بە هۆی ئەنجومەنگەلێکی بەربلاوی مەکۆیی کە ویست و خوازی کەمتریان هەبوو گەمارۆدران... ڕاگەیێنەرە جەماوەرییەکان ئاخرین دەلاقەکانی ڕۆشنبیریی سوننەتییان، وێڕای ئەریتگەلی ئەزموون و پێوانەگەلی بایەخدارێتی، تێکشکاند».

تەواوی ئەو شتەی کە دێبره تەوسیفی دەکا تەقریبەن لەگەل بارودۆخی ناوەکی فەڕانسەیەک پێوەندی پەیدادەکا کە ئەتیجەی بەرەنگاری بەینی هێزەکانی جیهانباوەڕێتی، سەلتەنەتخواز و، ڕوحانیی ئەو کۆمەلگایە لە زەمانی ناپلیۆن بەدواوە بووە. لەم ڕووەوە دوور دێتە بەرچاو وێنەیەک کە دێبره لە فەڕانسەی بەدەستەوە دەدا، سەبارەت بە ولاتانی تر وەڕاست بگەڕێ. بۆنموونە، بە هاسانی ناتوانرێ زانستگاگەورەکانی ئینگلستان، بەر لە شەڕی جیهانیی دووهەم، لە زەینی دێبرەدا بگونجێندرێ. خەلک تەنانەت ڕەسەنزادەکان و مامۆستایانی زانستگاکانی ئەکسفۆرد و کەمبریجیشیان بە عینوانی ڕۆشنبیر بە مانا فەڕانسەییەکەی نەدەناسی؛ هەرچەند دامەزراوە بلاوکراوەییەکانی ئینگلستان، لە نێوان دوو شەڕی جیهانیدا، خاوەندەسەلات و بەنفوز بوون، بەلام نە خۆیان و نە نووسەرانیشیان ئەو «بنەمالە ڕوحانی»یەیان پێکنەدێنا کە دێبره لە فەڕەنسەدا لەبارەیانەوە دەدوێ. لەگەل ئەوەشدا نوکتەیەک کە دێبره ئاماژەی پێدەکا، گەلێک بایەخدارە: گرووپگەلێک لە خەلک لە تەک دامەزراوە و ڕێکخراوەکان هاوڕاییان کرد و دەسەلات و فەرماندەرێتیان لەوان بە دەستهێنا. بە بەرز و نزمبوونەوەی دەسەلاتی ڕێکخراوەکان، دەسەلاتی ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیکیش (ئەگەر دەستەواژەی دەکارهێنراوی گرامشی سەبارەت بە وان بەکاربێنین)بەرز و نزم دەبووەوە.

بەلام ئەو پرسیارە هێشتاش هەر لە ئارادایە کە ئایا شتێک بە نێوی ڕۆشنبیری سەربەخۆ وجودی هەیە یا دەتوانێ هەبێ، کە بکرێ بە

شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکا؟ کەسێک کە قەرزداری کەس نەبێ و بە خاتری وابەستەبوونی بە زانستگایەک کە مووچەی دەدایە، حیزبێکی سیاسی کە سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزبی چاوەڕوانی وەفاداری لێدەکا، دامەزراوەگەلی لێکۆڵینەوەیی کە لە عەینی پێشنیاری ئازادیی لێکۆڵینەوە بە زیرەکییەکی شاز بە دوای پڕۆژەکانی خۆیانەوەن و لەبەرانبەر دەنگدانەوەی ڕەخنەکاریی لەمپەر پێکدەهێنن، لە ژێر فشاردا نەبێ؟ هەر ئەو جۆرەی کە دێبرە باوەڕی پێیەتی، زەمانێک کە قەڵەمڕەوی ڕۆشنبیر پەرەی گرتووە و لە گرووپە ڕۆشنبیرێکی ئەوهایی تێپەڕاندبێ، بە واتایەکیتر، زەمانێک کە نیگەرانی سەبارەت بە ڕازیکردنی گوتەبیسان و کارگێڕان بە پشتیوانی باقی ڕۆشنبیران بۆ دەمەتەقێ و داوەریکردن جێگەی بگیرێتەوە ـ شتێک لە کاری ڕۆشنبیریی، ئەگەر سڕاوەش نەبووبێتەوە، بێگومان تەنگەبەر بووەتەوە.

ئێمە دیسانەوە بۆ سەر بابەتی سەرەکی خۆمان واتە ئەخشی ڕۆشنبیر دەگەڕێینەوە. زەمانێک ئێمە لەبارەی کەسێکی ڕۆشنبیر بیردەکەینەوە ـ لێرەدا سەرنجی سەرەکی من بە تاکە ـ ئایا پێداگرتنی ئێمە لە سەر تاکێتی کەس بۆ وێناندنی خۆیە، یان بەپێچەوانە پێداگرتن لە سەر گرووپ یان چینێکە کە تاک یەکێک لە ئەندامانی وی بە حیساب دێ؟ وەڵام بەو پرسیارە، بێگومان لە پەیامێکدا کە ڕۆشنبیر بۆمانی دەنێرێ لە سەر چاوەڕوانییەکانی ئێمە تەئسیر دادەنێ. ئایا ئەو شتەی کە ئێمە دەیبیسین یا دەیخوێنینەوە ئەزەرێکی سەربەخۆیە یا ئەزەری حکوومەتێکە؟ مەبەست ڕێکخراوێکی سیاسی یە، یان گرووپێکی تەبلیغاتی نوێنەرایەتی دەکا؟ ئەخشی ڕۆشنبیر لە سەدەی نۆزدەهەم خوازی بەرەو پێداگرتن لە سەر تاکێتی هەبوو؛ بەو مانایە کە ڕۆشنبیر ئەغڵەب کەسێکی دووەپەرێز و بیچمێکی گۆشەگیر دادەندرا کە لە ئەسڵدا لەگەڵ کۆمەڵگا هاوئاهەنگ نەبووە و لە ئاکامدا ئینسانێکی کەڵەوەکێش بوو کە لە دەرەوەی ئیدەگەلی لەقاڵبدار و سەلماو دەجووڵاوە. بازاڕۆف لە نووسراوەی تورگنێف و ستێفان دێدالوس لە کاری جیمزجۆیز لە ڕیزی ئەو کەسانەن. لە سەدەی بیستەم، بە خستنەسەری ژمارەی پیاوان و ژنانی سەر بە گرووپی گشتی بە ئێوی ڕۆشنبیران و یان توێژی ڕۆشنبیران (بەڕێوەبەران، مامۆستایان، ڕۆژنامەوانان، زانایان، وتارنووسانی سەر بە ڕێکخراوە سنفییەکان، ڕاوێژکارانێک کە بە بارتەقای لەدەستدانی ئیدەکانیان دەسمز وەردەگرن) ئینسان ناچارە لەو مەسەلەیە دڕدۆنگ بێ کە ئایا لە ئەسڵدا تاکێکی ڕۆشنبیر، کە هەڵگری پەیامێکی سەربەخۆ بێ، دەدۆزرێتەوە یان نا.

ئەو پرسیارە زۆر گرینگە کە دەبێ بە ئاوێتەیەک لە واقیعنواڕی و ئارمانخوازی و بێگومان نەک سەگمەزهەبی، باسیبکرێ. بە عەقیدەی ئۆسکار وایڵد، ئینسانی سەگمەزهەبنوار کەسێکە کە لە قیمەتی هەموو شتێک خەبەردارە، بەڵام بایەخی هیچ شتێک نازانێ. تاوانبارکردنی هەموو ڕۆشنبیران بە خۆفرۆشی، تەنیا بەو دەلیلەی کە ئەوان بۆ بەڕێچوونی خۆیان لە زانستگایەک یا ڕۆژنامەیەک کاردەکەن، تاوانێکی قورس و لە هەمان حاڵدا بێ مانایە. دەربڕینی ئەو واتایە کە جیهان ئەوەندە فاسیدە کە لە کۆتاییدا هەموو کەس لە ئاست سەروەت و دەوڵەت سەری تەسلیم دادەنوێنێ، بە قووڵی سەگمەزهەبانەیە. لەلایەکی تر، ئەگەر ڕۆشنبیر وەک ئارمانخوازێکی کامڵ، بوێرێکی درەوشاوە، وەها بێ عەیب و ئازادە دابنێین کە لە هەر جۆرە خوازگەلێکی ماددی بە دوور و لێیان بەدگومانە، بابەتەکەمان بە خورتی ئەنۆڕیوە. هیچکەس ناتوانێ لە وەها ئەزموونێکدا سەربەرز بێتەدەرێ؛ تەنانەت ستێفان دێدالوسی جۆیزیش کە تەواو ئازادە و لە ڕادە بەدەر کامڵ بوو، کەسێک کە لە کۆتاییدا پەکیان خست و، تەنانەت خراپتر، ناچاریان کرد بێدەنگ بێ.

ڕاستی ئەوەیە کە ڕۆشنبیر نە دەبێ ئەوەندە لە باس و دەمەتەقێ دوور بێ و سیمایەکی دۆستانەی وەک کارناسێکی تێکنیکی هەبێ و، نە ئەخشی «کاساندره[1]»ی تەواو وەخت کایە بکا کە نەتەنیا وێڕای نیەتی پاک ناخۆشەویست بێتەبەرچاو، بەڵکە قسەکەشی بیسەرێکی نییە. هەموو ئینسانەکان کۆمەڵگا دەورەی داون؛ فەرق ناکا ئەو کۆمەڵگایە چەندە کراوە و ئازادە و ئەو کەسەش تا چ ڕادە بەپێچەوانەی مەسیری ئاو مەلە دەکا. بەهەر حاڵ، ئەو بۆچوونە لە ئارادایە کە قسەی ڕۆشنبیر دەبێ ببیسرێ و، لە کردەوەدا دەبێ هاندەری گفتوگۆ و، بە گوێرەی ئیمکان، دەمەتەقێ بێ. بە شێوەی بنەبڕ، نە بێدەنگییەکی کامڵی دەکرێ بۆ دابنرێ و نە نافەرمانیی تەواویش.

لە ئاخرڕۆژەکانی کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی ریگان، ڕۆشنبیرێکی چەپڕەوی ناڕازیی ئەمریکایی بە ئێوی ڕاسل جاکوبی کتێبێکی بڵاوکردەوە کە باسێکی زۆری هرووژاند و گەلێک لەوان تاقیکرانەوە و سەلمێندران. ئێوی ئەو کتێبە *دوا ڕۆشنبیرەکان* بوو و حوکمی سەرەکی، ئەشیاوی سەرکۆنەکردن و دوور لە تاوان ئەوە بوو کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان «ڕۆشنبیری نائاکادێمیک» بەتەواوی ون بووگە و هیچکەس، بێجگە لە گرووپێک مامۆستای ترسەنۆکی زانکۆکان کە بە زمانێکی سنفی( بازاڕی) و ناباو دەدوێن و دەنووسن، ئەماونەتەوە؛ هیچکام لە تاکەکانی کۆمەڵ سەرنجێکی شیاو نادەنە ئەوان کەسانە. ئۆلگوی جاکوبی بۆ ڕۆشنبیرانی قەدیمی دەبەرگری ژمارەیەک ئێو بوو کە، لە بەرایی ئەو سەدەیە، زۆرتر، لە شارەدێی گرینویچ (هاوتای خۆماڵی گەڕەکی لاتین) دەژیان و بە ڕۆشنبیرانی نیۆیۆرک لە قەڵەم دەدران. زۆرینەی ئەوان لە جوولەکان، چەپڕەوەکان (بەڵام زۆرینەیان دژی کۆمۆنیست) پێکدەهاتن و لە ڕێگەی قەڵەمەکانیان بەڕێدەچوون. سیمای ڕەچەڵەکی سەرەتاییان دەبەرگری پیاوان و ژنانێک بوو وەک ئیدمۆند ویلسن، جین جیکوبس، لویس مامفۆرد، دێوایت مەکدۆنالد؛ هاوتای کەمێک دوای ئەوان کەسانێک بوون وەک: فیلیپ ڕاو، ئالفرێد کەزین، ئیروینگ هۆ، سوزان زونتێگ، دانیل بێل، ویلیام بارت، لیونێل تریلینگ. بە عەقیدەی جاکوبی، هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆرواجۆرەکانی دوای شەڕ ژمارەی وەها کەسانێکیان کەم کردنەوە: لە ڕیزی ئەوان هێزانە دەتوانرێ هەڵاتن و جێگیربوون لە قەراغ شارەکان (جاکوبی پێیوایە کە ڕۆشنبیر بەدیهێنەری شارە)، قەبوڵنەکردنی بەرپرسێتی لەلایەن ئەسلی تێکشکاو کە پێشقەڕاوڵی بیری خۆبەدەستەوەدان و هەڵاتن لە پێگەیەک بوو کە لە ژیاندا بۆیان دیاری کردبوون؛ پەرە و بەربڵاوبوونی زانستگا و، ئاوارەیی و سەرگەردانی چەپە سەربەخۆ پێشووەکانی ئەمریکایی لە مەدرەسە و زانستگا، دەستنیشانبکرێ.

لە ئەتیجەدا، ڕۆشنبیر ئەورۆ زیاتر بە مامۆستایەکی گۆشەگیری ئەدەبیات،

وێڕای داهاتێکی جێی متمانه، دەشوبهێ کە هیچ عەلاقەیەکی بە تێوەگلان لەگەڵ دنیای دەرەوەی کلاسی دەرس نییە. جاکوبی دەیهۆیێنێ کە وەها کەسانێک خاوەنی پەخشانێکی نەشیاوی خوێندنەوەن کە بەگشتی بۆ پێشڕەفت لە مەکۆگەلی ئاکادێمیک دەنووسرێن، نەک بۆ گۆڕینی کۆمەڵ. لە پاڵەوەش، سەرکەوتنی دیاردەیەک بە نێوی بزووتنەوەی نوێی ـ کۆنپارێزانە ـــ (ڕۆشنبیرانێک وەک لێکدەرەوەی کۆمەڵایەتی ئیروینگ کریستول و، فەیلەسووفێک وەک سیدنی هۆک کە لە زەمانی ریگان دا نێوبانگ و ئیعتیبارێکی بەدەستهێنابوو، هەروەها زۆرێک لەوان پێشینەی بیری چەپڕەوانەیان هەبوو و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆش بوون) ـــ بووبە هۆی هاتنە ناو گۆڕەپانی گرووپێکی تازە لە بڵاوکراوەکان کە لە کۆنەپەرەستیی ئاشکرا و، یا لانیکەم، لە کردەوەی کۆمەڵایەتیی کۆنپارێزانە پارێزگاری دەکەن (جاکوبی بەتایبەت ئاماژە بە وەرزنامەی تابلێتی ڕاستڕەوی پێوانەی نوێ The New criterion دەکا).
جاکوبی پێیوایە کە ئەو هێزانە لە پشتیوانی و هاوڕاییکردنی نووسەرانی لاو و ڕێبەرانی ڕۆشنبیری بەکردوە کە دەتوانن بە جێگەی پێشینیانی خۆیان دابندرێن چالاک و هەوڵدەر بوون و هێشتاش هەر هەن. لەو حاڵەشدا بڵاوکراوەی توێژینەوە و ڕەخنەی کتێبی نیۆیۆرک، بەوەجترین گۆڤاری ڕۆشنبیریی لیبێراڵی ئەمریکا کە زەمانێک پێشقەڕاوڵی پەرەپێدانی ئەندێشەگەلی جەسوورانە بوو کە نووسەرانی ئەناس و ڕادیکاڵ دەیاننووسی، ئێستا بە شێوەی «نووسراوەیەکی چرووک» دەرهاتووە کە وەک لایەنگرە ئینگلیسییە پیرەکانی خۆی «تا چای ئاکسفۆردی هەبێ چی لە خورادەمەنییە ساردەکانی نیۆیۆرک»داوە. جاکوبی ئەتیجەوەردەگرێ کە بڵاوکراوەی توێژینەوە و ڕەخنەی کتێبی نیۆیۆرک «هەرگیز ڕۆشنبیرانی لاوی ئەمریکایی پەروەردەنەکردووە و یا نەیخستوونەتە ژێر سەرنج و عینایەتی خۆیەوە. ئەو بڵاوکراوەیە، بەبێ هیچ سەرمایەدارشتنێک، خۆی بۆ ماوەی چارەگە سەدەیەک لە بەستێنی فەرهەنگی دووڕاگرتووە و ئەوڕۆ ئاکاری ئەو گۆڤارە دەبێ لە سەر سەرمایەگەلی هێنراوی ڕۆشنبیریی، بەگەشتی لە ئینگلستان پشتئەستوور بێ». بەشێک لە تەواوی ئەوانە «نەک بۆ لە تەنگانەهاویشتن، بەڵکە بۆ خرکردنەوەی مەکۆ فەرهەنگییە قەدیمییەکانی شاردیی یە».
جاکوبی پەیتاپەیتا دەگەڕێتەوە سەر ئیدەی خۆی لەمەڕ ڕۆشیبیریی کە ئەوی بە «ڕوحێکی سەربەخۆی چاکسازی هەڵنەگر» دادەنێ کە «بەرپرسی وەڵامدانەوە بە هیچکەسێک نییە». جاکوبی دەڵێ: ئەوەی ئێستا لە ئیختیارمان دایە نەسلێکی ونبوویە کە تێکنیسیەنەکانی کلاسی دەرس جێگەی ئەوانی گرتووەتەوە؛ ئەوانە کەسانێکی بێدەنگ و بێجووڵەن و، دەرک و فامیان نامومکینە؛ کەسانێکن کە بە ڕێگەی کۆمیسیۆنەکاندا دامەزراون و نیگەرانییان ڕازیهێشتنەوەی وەلینیعمەت و بەرکارە جۆراوجۆرەکانی خۆیانە؛ کەسانێک کە بە هۆی بڕوانامەی زانکۆیی و فەرماندەرێتی کۆمەڵایەتی ـــ کە بەرەو بانبردنی گفتوگۆ نەبووە و تەنیا دە فکری بەدەستهێنانی شۆرەت و تەرساندنی کەسانێکن کە لەو کارەدا پسپۆڕییەکیان نییە ـ ڕەوشتێکی پەلهاوێژانەیان گرتووەتە پێش. ئەوە وێنەیەکی زۆر خەماوی یە، بەڵام ئایا دەکرێ وێنەیەکی وردتر بە حیساب بێ؟ ئایا دەلیلێک کە جاکوبی بۆ مفحبوونەوەی ڕۆشنبیران دەیداتەدەست دروستە؟ ئایا ئێمە دەتوانین، لە ڕاستیدا، وێنەیەکی وردتر بهێنینەوەیاد؟
لە پلەی یەکەمدا، بە عەقیدەی من کارێکی دروست نییە کە لە بارەی زانستگا، یا تەنانەت وڵاتە یەککگرتووەکان، ڕوانگەیەکی ئاوا ناعادڵانەمان هەبێ. لە فەڕانسەی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، قۆناغێکی کورت هاتەپێش کە وادادەندرا ژمارەیەکی ئەنگوستژمێر لە ڕۆشنبیرانی دەروشاوەی سەربەخۆ وەک سارتر، کامۆ، ئارو و، دوبۆوا نوێنەری ئیدەگەلی کلاسیکی، نەک بەپێویستی واقیعیەت، هەبوون کە میراتی نموونەگەلی دروەشاوەی ڕۆشیبیریی سەدەی نۆزدەهەم (بەڵام مەخابن ئەغڵەب ئوستوورەیی)، وەک ئەرنێست ڕێنان و ویلهێلم هومبولت بوون. بەڵام ئەوەیکە جاکوبی قسەی لە بارەوە ناکا، ئەوەیە کە کاری سەرەکی ڕۆشنبیری سەدەی بیستەم، تەنیا سەرنجدان بە گفتوگۆ گشتییەکان و بەرەوبانبردنی ئەم جۆرە دەمەتەقێیانە نییە کە جولین بێندا و(ڕەنگە بێرتراند ڕاسێل و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی ناوابەستەی نیۆیۆرک)یش دەیانکەنە دەستاوێژ. سەرنجی وی، بەپێچەوانە، دەشخرێتە سەر ڕەخنە و لابردنی گومان، وێڕای لەقاودانی پێغەمبەرانی درۆیی و بێ بایەخکردنی ئەریتە لەمێژییەکان و نێوە پیرۆزەکان.
ئەو گوشارانە ئەوڕۆ کامانەن؟ وە چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو شتە هەیە کە ئەمن بە کارامەیی(پسپۆڕی)م نێودێرکردووە؟ ئەوەی ئەمن مەبەستم گەڵاڵەکردنێتی چوار جۆر گوشارە کە لەگەڵ توانایی، لێهاتوویی و ویستی ڕۆشنبیر لە ئاکۆکیدایە. هیچکام لەوان تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو نین. سەرەڕای هەراوی و کارتێکەرییان، هەرکام دەتوانێ لە ئاست ئەو شتە دابندرێ کە من بە ئامال ئاماتۆری یا زەوقکاری نێوی دێنم، یانی مەیل بۆ جووڵان نەک لە پێناو سوود یان پاداش، بەڵکوو بۆ عیشق و عەلاقەیەکی دانەمرکاوە بە ڕوانگەیەکی هەراوتر، بە پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان هێڵگەل و لەمپەرەکان، بە نەبوونی وابەستەبوون بە ڕشتەیەکی تایبەتی و گرینگیدان بە ئەندێشە و بایەخەکان، سەردڕای بەرتەسکێتی حیرفەیەک.
هەوەڵین قەڵەم لەو گوشارانە، تاکڕشتەکاری(specialization) یە. هەرئەندازە تاک لە پەیژەی نیزامی پەروەردەیی ئێستا سەرووتر بڕوا بەهەمان نیسبەت و، زیاتر نیسبەت بە قەڵەمڕەوی زانست، یەکپاڵوویی دەبێ.
لە ئەزەر وڵاتە یەککگرتووەکان و هێندێک لە هاوپەیمانەکانی وەک ئینگلستان و فەڕانسە، ڕوانگەگەلێک لە بارەی دیفاع و ئەمنییەت، ئەغڵەب مانای وەدواکەوتنی سیاسەتگەلی ئیمپراتۆرانە دەدا. فەرمانی کاری ئەو سیاسەتانە بریتی بوو لە بەرەنگاری و دژایەتی ڕقئەستوورانە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی خۆماڵی (کە هەمیشە بە لاگیری کۆمۆنیزم و سۆڤیەت دادەندرا)، کە بەڵا و موسیبەتێکی زۆریشی پێکهێنا. ئەو موسیبەتانە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر هاتنە ڕوو؛ شەڕ و دەستدرێژیی پڕ خەرج و وێرانکەر(ڤێتنام)، پشتیوانی ناڕاستەوخۆ لە دەسدرێژی و قەتڵوعام (کە هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا وەکوو ئەندەنۆزیا، ئەلسالڤادۆر و ئیسرائیل وەئەستۆیان گرت)، هەروەها دامەزراندنی ڕێژیمگەلێکی دەستکرد وێڕای وەزعی ئابووریی شێواو و ئەخۆش. لە ئاکامدا، دژایەتی لە تەک تەواوی ئەوانە بۆ کارناسانێک کە لە بەستێنی بەرەژووربردنی

هەوڵ و کۆششی نەتەوەیی ساز و ئامادە کرابوون، بە دەستتێوەردان لە بازاڕی ژێرکۆنترۆڵ مانادەکراوە. بۆ نموونە، ئەگەر ئێوە لە قەڵەمڕەوی زانستی سیاسەت زانایەک بوونایە کە لە سیستیمی زانستگایی ئەمریکادا، بە قەبوڵکردن و ڕێزلێنان لە نەزەرییەی دەستدرێژی و ئەمنییەتی میللی، پەروەردە نەکرابوویێتن، نەتەنیا کەس گوێی بۆ قسەتان شل نەدەکرد و زۆر جار ئیجازەی قسەشتان پێ نەدەدرا؛ بەڵکوو بە دەلیلی کارناس نەبوون، لەگەڵیشتان تێدەکەوتن.

بەواتایەکی ڕاشکاوتر، نەزەرییەی «کارناسی/پسپۆڕی» هیچ پێوەندییەکی بە زانستەوە نییە. هێندێک مەتڵەب کە نۆئام چامسکی سەبارەت بە شەڕی ڤێتنام خستوویەڕوو، لە هەر بارەوە (ڕادە و وردبوونەوە لە باس) دەوڵەمەندترە لەو نووسراوانەی کە کارناسە دانپێداهێنراوەکان لە چەشنی وی خستوویانەتەڕوو. لە حەقیقەتدا ئەوجێیەی کە چامسکی لە دەرەوەی خەیاڵاتی نیشتمانپەرستانەی باو (کە دەبەرگری ئەو ئیدەیە بوو کە «ئێمە» بۆ یارمەتی هاوپەیمانانی خۆمان دیێن، یا ئەوەیکە «ئێمە» لە حاڵی دیفاع لە ئازادی لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانی مۆسکۆ و پێکەن دا بووین) لێی وەڕێکەوتووە و هۆگەلی ڕاستەقینەی دیاریدەری ڕەفتاری ئەمریکای دەردەخستووە، کارناسانی ڕەسمی قەت خۆیان لە قەڵەمڕەوێکی وەهادا سەرگەردان نەکردووە و، بەو هیوایەش بوون سەرلەنوێ لە لایەن وەزارەتی دەرەوە بۆ ڕاوێژ و لێدوان بانگ بکرێن و، یان لە دامەزراوەی لیکۆڵینەوەیی ڕەند (Rand Corporation)دا کار بکەن. کاتێک چامسکی هەوڵدەدا، لە ڕوانگەیەکی دژایەتییەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەقاوبدا کارناسانی ناسراوی سیاسەتی دەرەوە، بە دەلیلی ئەوەیکە ئەو کارناسی دانپێداهێنراو لە سیاسەتی دەرەوەدا نییە، هەوڵی بێدەنگکردنی دەدەن.

سێهەمین گوشاری کارامەیی بوون بریتی یە لە کێشرانی چاوەڕواننەکراو بەرەو دەسەڵات و فەرماندرێتی بەمەوە لکاو، هەروەها بەرەو داخوازی و ئیمتازەکانی دەسەڵات و، ڕاستەوخۆ کارکردن بۆ دەسەڵات.

هەموو شت سەبارەت بە نیزام ڕوون و ئاشکرایە و، هەر وەک لە پێشدا گوتم، بە گوێرەی پێوانەکانی ڕقەبەرێتی و دژکردەوەی بازاڕ، کە ڕەشمەی ڕەفتاریان لە نیزامی سەرمایەداری پێشکەوتوودا لە دەست دایە، لە کۆمەڵگایەکی لیبێراڵ و دیمۆکراتیک شیاوی قەبوڵ و سەلماندنە. بەڵام سەبارەت بە دانانی ئەو هەمووە وەخت و نیگەرانی لە بارەی تەنگەبەرکردنەوەی بیرو ئازادیی ڕۆشنبیر لە حکوومەتە تۆتالیتێرەکان زۆر سەختگیر نەبووین.

بە واتایەکی تر، فەزا بۆ نواندنی نەخشی تاک و ڕۆشنبیری زەینناوڕ، لە پێناو پرسیار و ناکۆکی لە بارەی حیکمەتی شەڕ یان پلانێکی کۆمەڵایەتی کە بە شێوەی قەرارداد لە ئیختیار دادەندرێ و جایزەگەلێکیش دەدرێ، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە. وەزع نیسبەت بە سەد ساڵ پێش، زەمانێک کە ستێفان دێدالوس، بە عینوانی ڕۆشنبیر، دەیتوانی بڵێ ئەرکی وی ئەوە بووە کە هەرگیز خزمەت بە دەسەڵات و فەرماندرێتی نەکا، فەرقی کردووە. من لێرەدا قەستی دەربڕینی ئەو پێشنیارەم نییە، ئەوجۆرەی کە هێندێک لە دەربیجەی هەستی خۆیان وا فکردەکەنەوە، کە ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە ئەو زەمانە کە زانستگاکان زۆر مەزن نەبوون و، نیسبەت بەوڕۆ دەرەتانێکی زۆریان نەبووە.

بە عەقیدەی من، زانستگاکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکا، هێژ دەتوانن فەزایەکی ئامانج ئارمانی بۆ ڕۆشنبیر بەدیبێنن کە تێیدا، سەرەڕای تەنگەبەرێتی و گوشارگەلی تازە، وردبیری و لێکۆڵینەوە بتوانێ درێژەی هەبێ. لەم ڕووەوە، موشکیلی ڕۆشنبیر بریتی بووە لە هەوڵی بەرەنگاری لە ئاست کارامەییکردن(بە شێوەی ئەورۆیی و نوێ) و، ئەوکارەش، ئەوجۆرەی کە گوتم، نەک لە ڕێگەی وادانان بە نەبوونی وەها دەسدرێژییەک و یان ئەگەر هەبێ، بێ تەئسیربوونی، بەڵکوو دەبێ لە ڕێگەی خستنەڕووی کۆمەڵێک نرخ و ئیمتیازی شازی جیاواز ئەنجام بدرێ. ئەمن ئەو کۆمەڵەڵەیە ئاماتۆرنواڕی نێودەنێم؛ بەوردی بە مانای کارێک کە هێزی دنەدەری وی عاتیفە و خەمخواری یە، نەک سوودپەرستی و خۆخوازیی کورتبینانەی تاکڕشتەکاری.

ڕۆشنبیردەبێ ئەورۆ ئاماتۆر بێ؛ کەسێک کە باوەڕی بە ئەندامی بیرمەند و دڵسۆزبوونی کۆمەڵ هەیە، ئەمەگدارە مەسەلەگەلی ئەخلاقی تەنانەت لە هەناوی تێکنیکیترین و کارامەییترین کارێک کە وڵاتەکەی لەگەڵی دەرگیرە (لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵات، شێوەی بەرکردار لەگەڵ هاووڵاتییان و، هەروەهاش پێوەندی لەتەک کۆمەڵگای دیکە) مەترەح بکا. زێدە لەوەش، ڕوحی ڕۆشنبیر بە عینوانی ئاماتۆرێک، دەتوانێ لە یەکهەوابوونی حیرفەیەکی پەتی کە زۆربەی ئێمە سەروکارمان لەگەڵیدا هەیە، تەئسیر بکا و ئەوی بە شتێکی زیندووتر و بەناوەرۆکتر وەرچەرخێنێ. تاک دەبێ فێر بێ بە جێگەی کارێک کە لێیان ویستووە ئەنجامی بدا، لە خۆی بپرسێ کە بۆچی ئەو کارە ڕادەپەڕێنێ، چ کەسێک سوود لەو کارە دەبینێ، چۆن دەتوانێ ئەو کارەی سەر لەنوێ بە پڕۆژەیەکی شەخسی و بیری تازە پێوەند بدا.

هەر ڕۆشنبیرێک گوتەبیسێک و بوارێکی هەڵبژاردنی هەیە، مەبەست ئەوەیە کە ئایا پەیامگرێک هەیە تا ڕازی بکرێ و مریدێک هەیە کە دەبێ خۆشحاڵ ڕاگیرێ. ئایا ئەو لە شوێنێکە تا لەگەڵیدا بکەویە ناکۆکی و، حەڕەکەتێک بەرەو دژایەتییەکی ئاشکرا یا وەخۆستنێک بۆ بەشدارییەکی دیمۆکراتیکتر ئەنجام بدەی. بەڵام بە هەر شێوەیەک، ڕێدەربازبوونێک بەرەو فەرماندەرێتی و دەسەڵات و، پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵیان لە ئارادا نییە. ڕووتێکردنی ڕۆشنبیر بە فەرماندەرێتی چۆن ڕووتێکردنێکە: بە عینوانی کارێکی بە پاڕانەوە و لالانەوە، یان وەکوو ویژدانی ئاماتۆرێک کە چاوەڕوانی وەرگرتنی هیچ پاداشێک نییە؟

١) Cassandre کچی پریامس پادشای ترۆوا کە ئاپۆلۆن عاشقی دەبێ و هێزی غەیبوێژی فێردەکا و پاشان لێی دەتورێ... کاساندرە دوای داگیرکردنی شاری ترۆوا لەلایەن ئاگامەمنون بە دیل دەگیرەێ و دەکوژرێ.

**تێبینی:** ئەو نووسراوەیە لە کتێبی *نقش روشنفکر*، **ادوارد سعید**، ترجمە و پیشگفتار: دکتر حمید عضدانلو، انتشارات آموزش، چاپ اول ١٣٧٧ (لاپەڕەکانی ١٠٥ – ١٢٦) وەرگیراوە. بەپێچەوانەی بەشەکانی پێشوو، ئەو بەشە (بەشی ٤) لە هێندێک شوێندا کورتکراوەتەوە ـ گزینگ.

# که ئەکرەمی مام عەلی مرد!

شاهۆ

کە ئەکرەم مرد تەنیا «بێگەرد» نەبوو تەواوی ژیانی پەردەی تەم داپۆشی و ماڵە ئاوەڵە و کراوەکەی کە بەردەوام شوێنی کۆبوونەوە و یەکگرتنی هەموو جۆرە دۆستێکی ئەکرەم بوو تەریک مایەوە.

کە ئەکرەم مرد تەنیا «زۆزک» نەبوو پاش بیست ساڵ ژیان و هاورێیەتی لە گەڵ ئەکرەمدا بۆ یەکەم جار هەستی بە تەنیامانەوە کرد.

کە ئەکرەم مرد تەنیا من نەبووم خۆمم لە دنیای بێ سنوور و بەربڵاوی ئەدەب و وێژەدا بێکەس بینی و لەو ڕێگا دوور و درێژ و پڕ بەرزی و نزمییەدا بە بێ چاوساق مامەوە.

کە ئەکرەم مرد تەنیا هاورێیانی ک(ۆمەڵەی کولتووری کوردی شاری لوند) نەبوون کە ئەندامێکی چالاک و هاورێیەکی دڵسۆز و ڕەفیقێکی هەمیشە ئامادەی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا لەدەست دا.

کە ئەکرەم مرد تەنیا مانگنامەی *پەیام* نەبوو کۆڵەکەیەکی ئەستووری لە بنهات و سەرمیچەکەی هاتە خوارەوە.

کە ئەکرەم مرد وشەی کوردی کارمەندێکی هەرە بە ئەمەگی خۆی، دڵسۆزێکی پڕکار و بێ جیرە و کارمزی خۆی و، چالاکێکی بێ فیز و لێهاتووی خۆی و سەربازێکی ماندوونەناسی خۆی لە دەست دا.

لە هەرشوێنێک هەوڵێ بۆ نەتەوە و فەرهەنگ و ئەدەبی کورد لە ئارادابایە، ئەکرەم پڕبەدڵ ئامادەبوو بۆ هەمووجۆرە هەڵسووڕانێک، کە شاعێر و نووسەرێک ڕووی لەم شارە دەکرد بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ئەکرەم لە ناخی دڵەوە پێی خۆش بوو میوانداری بێت و خزمەتی بکات، کە هونەرمەندێک بۆ گوتنی گۆرانی و گێڕانی ئاهەنگ، یان پیشانگا و شانۆ دەهات ئەکرەم ئامادە بوو هەموو شتێک بکات تەنانەت هۆڵەکە برازێنێتەوە یان لە کۆتاییدا هۆڵەکە خاوێن بکاتەوە. کە باسی هەڵگرتنی هەنگاوێک بایە، لە نووسینی لاپەڕەیەک ئاگاداری، تا ناردن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی بەزمانی کوردی، یان دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و هەتا دامەزراندنی کۆنگرە و ناوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەکرەم نای نەدەگوت و، لە ڕیزی یەکەمدا بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردوویییەوە و بەبێ ئاوڕدانەوە لەوەی کە ئەمە گرێدراوی کامە لایەن و حیزبی سیاسی یە، بەس لە بەرژەوەندی گەل و نەتەوە زوڵم لێچووەکەیدا ماندوونەناسانە ئەوەی پێبکرابا، دەیکرد. بەڕاستی بەدەم هەموو شتێکەوە بوو.

تا لە نێزیکەوە نەتناسیبا نەتدەزانی چەند توانایە، ئای کە پێنووسەکەی چەند سووک و ڕەوان دەجووڵا و چەند جوان دەینەخشاند.

لە (سکۆنە) کە تەلەڤیزیۆنی کوردی شاری (لوند) هاتە وەشان و دەستی پێکرد بەبێ ئەوەی داوای لێبکرێت و بێ ئەوەی دەربڕێ چێ پێئەکرێ بە هەموو شێوەیەک یارمەتی دا.

کە گوێی لێبوو ڕادیۆی کوردی لە (مالمۆ) دامەزراوە و دەستی یارمەتی درێژ کردووەتەوە، یەکەم کەس بوو سەری بە ژوورەکەدا کرد و ئامادەیی خۆی دەربڕی، قەت نەیگوت کە شت دەنووسێ. قەت باسی ئەوەی نەکردکە چەند لە ئەدەبدا شارەزایە و کاری دەرهێنانی زۆر بەباشی پێدەکرێت، نێزیک بە چوار ساڵ پێکەوە خەریک بووین هەرچی دەچووینە پێش لێهاتوویییەکانیم زیاتر بۆ دەردەکەوت و، باشتر لەوەش تێدەگەیشتم کە ئەم مرۆڤە چەند بێ فیز و موتەوازیعە، تەنانەت حەزی لەوەش نەبوو کە وەکوو هاوکار ناوی بێنین لەکاتێکدا کە زۆربەی ئەرکەکان وەکوو نووسین، دەرهێنان و تێکنیک و... بە ئەستۆی ئەوەوە بوو. ئەگەرچی بەڕای زۆرکەس دەنگێکی خۆش و گەرم و لە دڵان نێزیک و ڕادیۆیی هەبوو بەڵام قەت ئامادە نەبوو وێژەری بکات بەپێچەوانەی زۆر لەوانەی کە کاری ڕادیۆ تەنیا لە وێژەریدا دەبینن.

لەم هاوکارییییە نێزیکەدابوو زانیم کە ئەکرەم عەلی بەراستی بلیمەتێکی نەناسراوە و هۆی نەناسراویەکەیشی تەنیا دەگەڕایەوە بۆ ئەو هەموو تەوازوع و بێفیزییەی کە لای کۆ ببووەوە و قەت نەیدەویست خۆی دەرخات، تا ئەو ڕادەی کە دەکرێ بڵێم ئەوە زەرەر و زیانیشی تێدا بوو، بۆ خۆشی و بۆ ئەوانەی کە دەبوایە کەڵک لە تواناییەکانی وەرگرن.

ئەکرەم عەلی سەرەتا بە شێعر دەست بە کاری ئەدەبی دەکا، سەرەتای هەشتاکان لە گەڵ دوو هاورێیتری کۆمەڵە چیرۆکێکی

بەناوی (کۆمەڵێ چیرۆکی ئاوس) بڵاودەکەنەوە، کە هەل و مەرج پەڕیوەی وڵاتی دەکات سەرەتا لە ئێران دەگیرسێتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا خۆی فێری زمانی فارسی دەکا و بە پەلە دەست بە گەشت و گەڕان لە جیهانی بەرینی ئەدەبی فارسی دەکا و تەنانەت هێندێ شتیش وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی. ناوەڕاستی هەشتاکان دەگاتە باشووری سوید و لە شاری مالمۆ نیشتەجێ دەبێت، سەرەڕای دەردی غوربەت و نامۆیی و پەنابەری، ئەرک و کاری جۆراوجۆری ژیانی ئاوارەیی و خۆخەریک کردن بە چەند کاری تاقەت پڕوکێن بۆ بژیوی ژیان، لە دنیاکەی خۆشی واز ناهێنێ و، بە خوێندن و نووسین زاخاوی دەروون دەداتەوە. ساڵی ١٩٩٢ کۆمەڵە چیرۆکی (بازنەی خۆر) بڵاودەکاتەوە.

قەڵەمە بەبڕشتەکەی بە هەموو ڕێگا و بوارێکی پەسنددا خۆش دەهاتە جووڵە و، جەولە و لە سەرخۆ و پاراو جوانییەکان و تایبەتمەندییەکانی خەیاڵ و بۆچوونەکانی ئەکرەمی زۆر روون بە خوێنەر دەناساند، بۆیە دواتریش کە شێوەیەک لە تەنز و ساتیری کۆمەلایەتی هەڵبژادبوو، بۆ دەربڕینی هەستەکانی زۆر شارەزایانە راستییەکانی دەخستەڕوو، لەوانە نامەکانی (فەیزوڵای کوڕی نەسرۆڵا) بوو، کە هەفتانە بۆ رادیۆ (ئاوات)ی مالمۆی دەنووسی و بە زمانێکی ساکار بەڵام بە چاوێکی زۆر وریا و وردبین و لە کەش و هەوایەکی پڕلە کەنیندا گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین کێشەکانی پەنابەران و ژیانی ئاوارەیی ئەوانی بە گوێگر رادەگەیاند.

پەیامەکانی لە ساحەسەوزەکەی شاری مالمۆوە کە لە لاپەڕەی بزەی سەرلێوی مانگنامەی *چراخان*دا بڵاودەبووەوە رووپەکیتری ئەو قەڵەمە بەپێز و بەرەکەتە بوون.

کە مانگنامەی *پەیام* لە لەندەن دەرچوو ئەکرەم وەکوو یارێکی نێزیک و یاریدەرێکی بەوەفا دەوری خۆی تێدا بینی و لە زۆر لە لاپەرەکانیدا بەناوی خۆی و جاری واش بوو لە بەر بێفیزییەکەی بەناوی خوازیارەوە ئامادە بوو. کاک حەمەسەعید حەسەن گوتەنی (لە رادیۆ زایەڵە) زۆرکەس لە ستوونەکەی ئەکرەم عەلییەوە کە لە دوالاپەڕەی *پەیام*دا چاپ دەبوو دەستی بە خوێندنی پەیام دەکرد. بەراستی منیش یەک لەوانە بووم لە ستوونەکەی ئەکرەمەوە پەیامم دەست پێدەکرد.

بەداخەوە دەستی مەرگ وەکوو باری نەهامەتییەک کە زۆر جار ڕوو لە گەلی داماوی کورد دەکات ئەمجارەش ڕووی لە ئەکرەم عەلی یەکێ لە ڕۆڵە بەنرخەکانی گەلەکەمان کرد و بەسوودترین ئەندامی لەشی واتە مێشکی کردە ئامانج.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ سەرەتای هێرشی شێرپەنجە بۆ مێشکی ئەکرەم بوو، دەیگوت: «کاک شاهۆ ئەڵێی دوو بوتڵ ڤۆدکام خواردووەتەوە»، لەوێوە کە قەت بە نەخۆشی نەمدیبوو دەمگوت کاکە سەرخۆشی بە بەلاش بۆ کەس دەست نادات، دەیگوت: کە ئەگەمە کۆتایی لاپەڕەیەک نازانم سەرەتاکەی چی بووە»، بە گاڵتە دەمگوت: کاکە خەم مەخۆ تازە وەکوو ئێمەت لێهاتووە، کە گوتی: وەکوو کەمپیوتەرێکم لێهاتووە کە هاردیسکەکەی سڕابێتەوە...»، تێگەیشتم کە گاڵتە نییە و ئەکرەم نەخۆشە ئاخر ئەو لە هەموو کەسێ باشتر شارەزای توانایی مێشکی خۆی و کەمپیوتەر بوو.

وردە وردە ئەندامەکانی یەک لەدوای یەک لەکارکەوتن تا گەیشتە چاوە پڕ هیواکانی کە ئەوانیش ئێوارەی ٢٠٠٢/١/٢٢ بۆ هەمیشە داخران.

شاری مالمۆ قەت ئەوەندە خەڵک و ئۆتۆمبیلی لە بەڕێکردنی تەرمی کەسێکدا بەخۆیەوە نەدیبوو، بەلای ئەوانەی کە ئەکرەمیان دەناسی سەیر نەبوو، بەڵام رەنگە ئەکرەم خۆیشی نەیدەزانی لەو ژیانە٤٧ ساڵەییەیدا چەندە کاری کردووەتە سەر ئەوانەی کە دەیناسن.

ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/٢ لە یادی چلەی ئەکرەم عەلی دا بە هاریکاری کۆمەڵەی کوردی شاری لوند کۆڕێک برپاکرا، نێزیک بە ١٢٠ کەس تێیدا بەشدار بوو، بە نووسراوە و شێعر رێز لە ئەکرەم و هەوڵە بەنرخەکانی گیرا ، مامۆستای مۆسیقا «هێرش عومەر رەزا» بەدانانی ئاهەنگێک لە سەر شێعرێکی حەمە سەعید حەسەن لاواندنەوەیەکی شایانی پێشکەش کردکە وەک ئاخی دەروونی هەموو ئامادەبووان دەچوو، فیلمێکی کورتیش چەند دیمەنێکی ژیانی کاک ئەکرەم عەلی هێنایەوە یادی بەشداران، پێکەنینە هەمیشەییەکەی ئەکرەم گوڵی گریانی ئامادەبووانی بەشوێندا هات.

شاهۆ ٢٠٠٢/٤/١


## نامەیەکی فەیزوڵای کوڕی نەسروڵا

ئەکرەم عەلی

بەسرپێری زۆر گەرم بوو. ویستم بچم بۆ سەر بەحر تۆزێ مەلە بکەم. لەدڵی خۆما ووتم ئەگەر ئاوەکە سارد بوو منیش وەک سویدییەکان خۆم ڕووت ئەکەمەوە و لەبەر خۆرەکە پاڵ ئەکەوم و بە قەولی ئەوان، سوولە ئەکەم. پێتان وانەبێ زۆر سوور و سپیم و ئەمەوێ ئەسمەر و برۆنزیی ببم. لەبیرمە کە منداڵ بووم پوورێکم هەبوو، تۆزێ حەزی لە چارم نەبوو، پێی ئەووتم فەیزەقولە، گوایە وەکوو قولە رەش وابووم. چونکە تووکنیش بووم پێیان ئەووتم بزن... جا ئەوانە تۆزێ باشتر بوون، جارجار کە شتێکم بکردایە پێی ئەووتم: دانیشە درێژ، درێژ ئەقڵی لە ئەژنۆیایەتی، چاوەرە؟ من ئێستا کە عومرم خۆی لە چل ئەدا درێژییەکەم ١٧٠ سانتیمەترە، ئەبێ ئەوکاتە چەند بووبم..

بە هەرحاڵ، بەرەو ریبەبان کەوتمە ڕێ، بێگومان نە بە پاس نە پاسکیل، بە پێ. چونکە ئەگەر بە پاس بچوومایە لە ناو پاسەکەدا هەم لە گەرمانا ئەپیشام و هەم بە سەعاتێکیش نەئەگەیشتمە ئەوێ. بە پاسکیلیش نەچووم، چونکە نەئەکرا بە پاسکیلەکەوە بچمە ناو ئاوەکەوە و مەلە بکەم، یان کە بە ڕووتی پاڵ بکەوتمایە نەئەکرا پاسکیلەکەم لە تەنیشت خۆمەوە پاڵ خستایە. خەڵک لە تەنیشت کیژۆڵەی ناسک و نازداری سنگ و مەمک ڕووتەوە لە سەر ئەو لە پاڵ ئەکەون و دەست لە گەردن، خەریکی عەشق و مەشقن. باشە ئەگەر

من پاسکیلێک لە تەنیشت خۆمەوە پاڵخەم و دەست بکەمە مل
لاستیکەکەی و قاچ بناڵێنم لە پایدەرەکەیەوە چیم پێ ئەڵێن؟!
هەر سەریان سوور ئەمێنێ!! رەنگە بڵێن: هۆمۆسێکسوێیلمان دیوە ،
بەڵام وا سیکلۆسێکسوێیلیش پەیابوو!!
ئێ خۆ ناشکرێ بۆ دەقیقەیەکیش لە پاسکیلەکەم جوێ ببمەوە،
چونکە تا ئاوڕ ئەدەمەوە ئەدزرێ. سوێندتان لەسەرم نییە تا
ئێستاحەوت پاسکیلم لێ دزراوە.
بەڵێ بەرەو ریببان بە پێ کەوتمە رێ.
لە شەقامێکی قەرەباڵغدا بینیم ریزێکی درێژ ئۆتۆمبێل وەستاون و
وەک جادەکە گیرابێ وابوو. ووتم رەنگە تەسادفێک، دەعمێک شتێک
روویدابێت، خوابکا کەسێ تیا نەمردبێ.
کە نێزیک بوومەوە بینیم، نەخێر. ئەمە هیچ رووی نەداوە، تەنها چەند
مراوییەکن ئەیانەوێ لەمبەری شەقامەکەوە بپەرینەوە ئەوبەر. جا
هەرچەندە بە سەر خەتی پەرینەوەشدا نەئەپەرینەوە کەچی ئۆتۆمبێلی
هەردوولا بۆیان راوەستابوون و ئەوانیش، بێ پەروا و لەسەرخۆ ، بە
ئارەزووی خۆیان بەلەنجە و لار رێیان ئەکرد و مێش میوانیان نەبوو.
بەزەییم بە تەیر و تیور و باڵندە و حیواناتی لای خۆمانا هاتەوە.
پشیلەیەک لە هەر کونێکەوە دەربکەوێ دە مناڵ بە خرکە بەردەوە
دوای ئەکەون، وەک ئەوەی زینای کردبێ ، یان خیانەتی لە نیشتمان
کردبێ، رەجمی ئەکەن.
قەید و پەت ئەکەنە ملی سەگی بەستەزمان و پەتپەتێن و شەرەسەگی
دنیای پێئەکەن و بە برینداری و برسیەتی بەرەڵای ئەکەن. وای لێ
ئەکەن ئەو شوێنەی ئینسانی لێ بێ ئەو تووخنی نەکەوێ.
ئەو هاورێیەتی و ئولفەتەی گوایە لە بەینی ئینسان و سەگدا هەیە
لای ئێمە بەدرۆخراوەتەوە و قوڕ دراوە بە دەمی ئەوکەسەدا شتی وای
ووتووە.
کە کەسێک وەزعی زۆر شڕ ئەبێ و لەسەد لاوە بە دەست جەور و
دەرد و زوڵم و زۆری زەمانەوە گرفتار ئەبێ و هیچ دەسەڵاتێکی
نامێنێ پێی ئەڵێن سەیریکەن چۆن رسوا بووە ئەڵێی سەگی ناو
گەنمە. دیارە سەگی قوڕ بەسەر لە ناو پەڵە گەنمەکانا لە ترسی
مرۆڤ خۆی حەشار ئەدا.
ئەوەندەم نەمابوو بگەمە سەر لە نەرمەکەی قەراغ بەحر، زەلامێکم
بینی شۆرتێکی گوڵ گوڵی رەنگاورەنگی باق و بریقی لە پێیا بوو،
جووتێ نەعلی بەدوای خۆیدا بەکێش ئەکرد.
کورتەبنەیەکی قاچ باریک بوو، تووکەکانی قاچی ناشیرین،
کاسکێتێکی بەرەودوا لەسەر نابوو.
بلوزێکی تەنکی بێقۆڵی پرتەقاڵی لەبەرابوو، زەبتێکی زلی خستبوە
سەرشانی، هەڵتەک هەڵتەک لە پێشمەوە رێی ئەکرد.
لە دڵی خۆما ووتم: ئائەمە ئەجنەبی یە، یا حافێزەلا کورد نەبێ!!
هەنگاوەکانم کەمێ خێراتر کرد و پێشی کەوتم. ئاورێکم دایەوە،
سەیرم کرد چاویلکەیەکی رەشی زلی لەچاوایە نیوەی دەموچاوی
شاردووەتەوە. هۆقەیە بنێشتی لەدەمایە، قەوچەقەوچ خەریکی
بنێشت جووتنە.



نووسەری جوانەمەرگ: ئەکرەم عەلی

کە چاوی پێم کەوت ووتی فەیزوڵا چۆنی؟ ئەوە چی ئەکەی لێرە؟
ووتم دەک بەخێر نەیەیتەوە!! ئەمە تۆی جەعفەر؟! ئەی تۆ چی ئەکەی
لێرە؟
ووتی هاتووین بۆ سەر بەحر.
ووتم هاتووین یەعنی چی؟ ئەی ئەوانیتر کێن؟
ووتی خۆم و میوانەکانم. جا بیرم نەبوو هەفتەیەک زیاترە ماڵی
ناسیاوێکی لە فنلەندەوە هاتوون. ووتم ئەی میوانەکانت کوان؟
ووتی وان لە ماشینەکەیانا دانیشتوون، ئەڵێن دەرەوە ساردە!!
سەرم سوور ما. ووتم جەعفەر بەدرێژایی ئەمساڵ هیچ رۆژێک بەقەد
ئەمرۆ گەرم نەبووە، ماڵوێران ٣٠ دەرەجەیە، ساردی چی؟!
ووتی کاکە کابرا وا ئەڵێ، خۆ پێی ناڵێم درۆ ئەکەی!
ووتم بابە چۆن درۆ ناکا؟! ئاخر سارد نییە، ئەمەش مەکەن بە
بەزمەکەی کوردستان... لەچلەی زستاندا بەفر گەزێک لە عەرزدا بێ
بە ئەمری حیزب و بە بەیانێکی حیزبی دنیا گەرم کەن و بە هەموو
ئەندامان و لایەنگران رابگەیێنن کە ئیتر سەرما نەماوە و دنیا گەرم
بووە!
ووتی ئەرێ فەیزوڵا گیان لەم شوێنە خۆشەیش هەر لە کۆڵم نابیتەوە و
بە باسی سیاسەت و میاسەت مێشکم ئەئاوسێنی! دەلابە لابە...
رەحمەت لە بابت، بێڵە با سەیری دوو کچی جوان بکەین، بۆچی هەر
ئەتەوێ لە بنی هەمانەکە بەم؟
ووتم دەڵێدە لێدە.. توو قەبری جوانەمەرگەکەی نەنکت لە بنی ئەو
هەمانەیەش بدە بزانین چی تێدایە؟
ووتی کاکە کورت و موختەسەر بە کوردی بە کورتی ناسیاوەکەم حەز
ناکات ژنەکەی بچێتە سەر بەحر و ئەو هەموو ژن و پیاوە نیمچە
رووتە ببینێ، ئەڵێ حەرامە حەرام... ■

به بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

# شەو کۆڕێک لە سەر کێشەی ژنان

لەم سەردەمەدا کە گەشەی زانست و پیشەسازی و تێکنیک لەوپەڕی پەرەدایە، دیمەنی ئەو دیاردە ناشیرینانەی کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕێگر و تێکدەری پێشکەوتنەکان بوون زەقتر و ناسراوتر، دێنە بەرچاو. ئەمڕۆ لایەنە جۆربەجۆرەکانی زۆروێژیی و ستەم بەرانبەر بە ژنان خەریکە بە وردی دەدرێتە بەر ڕەخنە و تێبینی و، هەوڵی زۆر دەدرێت بۆ چارەسەری و بنبڕکردنی ئەو شێوە جووڵانەوە ناشارستانییەی کە ئینسان بەرانبەر بە ئینسان دەیکات. دیارە بە پێی ڕادەی پێشکەوتوویی کۆمەڵگاکان خەبات بۆ ناساندن و لەقاودان و نەهێشتنی دیمەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو چەوسانەوەیە گەشەی بەرز و نزم بە خۆیەوە دەبینێ، لە ئورووپا و ئەمریکا سەرکەوتنی بەرچاو هەیە و، ئەگەرچی ژنان بە تەواوی بە مافەکانی خۆیان نەگەیشتوون بەڵام بە باشی قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و تێکۆشان لە شێوازی جیاواز بە یەک بەرژەوەندا بەرەپێش دەچێت. ژنی کوردیش بەگشتی لەو هەوڵە بەرچاو و پێشکەوتووە بەجێ نەماوە، هەرچەند جارجار نوێنەرانی دیاردەی دواکەتوویی پیاومەزنی بە ڕەخسانی هەلی ناشیرین و کردەوەی نامرۆڤانە و ناشارستانییانە تەگەرەیەک دەخەنە پێش خێرایی ئەو ڕەوتە بەڵام ڕەوڕەوەی تێکۆشانەکە بە هێزە و دژایەتی نەیاران دەهاڕێ و ڕێگەی بەرەوپێش دەبرێت.

ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو سەکۆ و مەکۆی ئەو ڕاپەڕین و ململانێیە هەر ساڵ لە ساڵی پار بە شکۆتر و بەربڵاوتر خۆ دەنوێنێ و لێرە و لەوێ ئاڵای ئەو خەباتە ڕەوایە شەکاوەتر ڕادەگیرێت.

کۆمەڵە کوردییە خنجیلانەکەی شاری (لوند) لە باشووری سوید، ئەگەرچی ژمارەی ئەندامانی بە ورد و درشتەوە دەوروبەری ١٠٠ کەسە، بەڵام لە هەر هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەدا وەکوو ناوەندێکی هەڵسووڕ ئامادە و چالاکە. ئەمساڵیش وەکوو ساڵانی پێشوو، ٨ی مارس - ڕۆژی جیهانی ژنان و ڕۆژی تێکۆشان بۆ ڕزگاری ژنان لە کۆیلەیی کۆمەڵگای پیاومەزنیدا ژ بیر نەکرد و لە هەوڵێکی بەرچاو و جێگەی ڕێزدا بە ڕازاندنەوەی شەوکۆڕێک میوانداری سێ ژنی چالاک لە بوارە جیاوازەکانی تێکۆشاندا بوو کە بە باس و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان پەردەیەکی تریان لە سەر خەباتی ژنان لادا و ڕێگای تازەیان دەستنیشان کرد.

لەو کۆڕەدا «شەهلا دەباغی» شاعیر و چالاکی پرسی ژنان، «مەرزە جەوانمەرد» چیرۆکنووس و تێکۆشەر لە بواری کێشەی ژنان و، هەروەها «نەسرین شاکەلی» نووسەر و وێنەکێش و خوێندکاری کۆمەڵ و کۆمەڵناسیی زانکۆی لوند بەشداربوون.

شەهلا دەباغی، لە باسەکەیدا لە دەرگایەکی دا کە پێشتر کەس وا کراوە ڕووی تێنەکردبوو بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەو باسە نەختێ زۆرتر داخراوەیە و وەلانراوە. شەهلا کێشەی ژنانی لە ڕوانگەی چاولێکردن لە ژنان وەکوو جنس و شتوومەک خستە بەرباس. ئەگەرچی کاتەکەی کەم بوو بەڵام زیرەکانە بە چڕی و پڕی پێشێلکردنی مافەکانی ژنانی وەکوو بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خستەڕوو و پەنجەی تاوانی بۆ ئەوجۆرە هەڵسوکەوتە ڕاکێشا کە لە ڕوانیندا ژنان وەکوو شتێک دەبینن کە بۆ کڕینیش دەبێت...

«مەرزە جەوانمەرد»، بە خوێندنەوەی چەند لە چیرۆکەکانی پەردەی لە سەر زۆر لایەنی نادیار و شاراوەی زۆروێژیی و ستەم بەرانبەر بە ژنان لادا کە وەکوو شتێکی باو و پەسند لە ناو کۆمەڵگادا چەسپاوە و خەڵکی بە ژن و پیاوەوە بە ڕێژەوە دەڕواننە ئەو دابونەریتە پڕ لە زوڵم و زۆرییە. (دولی) و پاڵەوانەکانی تری نێو چیرۆکەکانی مەرزە پەیکەری داتاشراو نەبوون، نموونەی ڕاستەقینەی ژنی چەوساوەی کۆمەڵگابوون کە لە چیرۆکەکاندا ڕێیان پێدرابوو باسی خۆیان بکەن و خوێنەر بە باشی لە ژیانیان تێ بگات.

«نەسرین شاکەلی» کە بەهاری ئەمساڵ کۆمەڵ و کۆمەڵناسیی زانکۆی لوند تەواو دەکات، وێنەکێشێکی توانایە و شارەزاییەکی باشی هەیە لە ئەدەب و مێژووی گەلەکەیدا، بەشدارێکی تری ئەم کۆڕە بوو. نەسرین باسەکەی بە هەلومەرجی ژنان لە کوردستان و هەندەران دەست پێکرد و بە شێوەیەکی زانستییانە و ئاکادێمیک کۆمەڵگای پەنابەرانی کردە سێ بەشەوە، ئەوانەی کە زۆر و جوان لە کۆمەڵگای تازەدا جێدەگرن و بە تەواوی دەبنە هاووڵاتیی ئەو کۆمەڵگایە. ئەوانەی کە لە کۆمەڵگای تازەشدا هەر کای کۆن بە با دەکەن و واز لە دابونەریتی کۆن ناهێنن، سێهەم ئەو بەشەی کە دابونەریتە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای خۆیان لە بیر ناکەن و دیاردە باش و بە نرخەکانی کۆمەڵگای تازەش بە شانازییەوە وەردەگرن کە ئەم گرووپە پەسندترینە.

لە بەشی دووهەمی کۆڕەکەدا تێبینی و پرسیاری ئامادەبووانی شەوکۆڕەکە خرایە بەرباس و لێکدانەوە و، کەش و هەوایەکی زۆر خۆش و گەرم و بە کەڵک پێکهات کە چێژ و سوودی باشی بە کۆڕگێڕان و ئامادەبووانی شەوکۆڕەکە بەخشی.

کارگێڕانی کۆمەڵەی کولتووری کوردیی شاری لوند بە پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ بەو سێ ئازیزە، سپاسی زۆر و پێزانینی خۆیان دەربڕی، پاشان بە دابەشکردنی لقەگوڵ ڕێزگیرا لە سەرجەمی ژنانی ئامادەبوو لەو شەوەدا و، بە خواردنی شێو لەلایەن کۆمەڵەوە بەخێرهاتنکران، ماوەی شەوکۆڕەکەش تا کۆتایی بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی تێپەڕبوو.


دەوروبەری ٧٠ کەس بەشداری ئەو شەکۆڕە بوون و کاتێکی خۆش و بە سوودیان بردەسەر و لە کۆتاییدا داوایان لە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە ئەوە بوو کە لە داهاتوودا بە گرتنی کۆڕی جیاجیا بۆ هەرکام لەو سێ ژنە هێژا و تێکۆشەرە مەودا بدرێت کە بەربڵاوتر بۆچوونەکانیان شیبکەنەوە و ئەزموون و لێکۆڵینەوەکانیان ڕابگەیێنن.

مالموێ: شاهۆ




**باخچەی پیتەکان:** (سی. دی)یەکی فێربوونی زمانی کوردی یە، کە کاک «دیلان سالح» بە شارەزاییەکی تەواو بەرهەمی هێناوە. ئەو پرۆگرامە بە یارمەتی مولتیمیدیا و نوێترین تەکنیکی کۆمپیوتەر دەتوانێ منداڵانی کورد و تەنانەت گەورەساڵانیش بە شێوەیەکی خۆش و ئاسان، فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی (سۆرانی و کرمانجی) بکا، پرۆگرامەکە، لە سەدان وێنەی جووڵاوە و ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووە. پرۆگرامەکە بەم ئادرێسە داوا دەکرێ:

**Kitab -i Arzan**
Helsingforsgatan 15
164 78 Kista - Sweden
Tel&fax: +46(0) 8 7527709
E-mail: arzan@telia.com




**ناوی کتێب:** پاییز و گریان(هۆنراوە)
**دانەر:** ئەشرەف شەیدای هاشمی
**قەوارە:** مام ناونجی، ١٦٦ لاپەڕە
**وێنە:** نەسرین قلیج ئەرسەلان
**چاپ:** چاپی یەکەم ٢٠٠٢ سوید
**چاپخانە:** کتێبی هەرزان
مافی لە چاپدانەوە پارێزراوە.
**ئادرێسی داواکردن:**

**Kitab -i Arzan**






# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687



**Postgironr**: 443 5022-1

No. 34 Spring 2002 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**NO 34 Spring 2002**

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

GZING / S. Chireh

Valstavägen 62 2tr

195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50

**Mobile**: 070-2359687